هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

# ژانـرەکانی ئـەدەب لـەگۆڤـاری

# هەتــاودا

**نامەیەکە**

**پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر–**
**وەك بەشێك لەپێویستییەکانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردیدا**

**لەلایەن**

**عبدالصمد قادر غفور** بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی – کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر–٢٠٠٦م

**بەسەرپەرشتی**

**پ.د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان**

**خەرمانان ٢٧١٥ کوردی**  **شوال ١٤٣٦ کۆچی**  **ئاب٢٠١٥ زاینی**

# راپۆرتی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بەناونیشانی (ژانرەکانی ئەدەب لەگۆڤاری هەتاودا)، بەسەرپەرشتی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەکراوە وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ.د ئیبراهیم ئەحمەد شوان

سەرپەرشتیار

مێژوو: / / ٢٠١٥

---

بەپێی ئەم پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

لەبەشی زمانی کوردی

مێژوو: / / ٢٠١٥

# راپۆرتی لیژنەی گفتوگۆ

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکە دا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بەپلەی ( ) پلەی ماستەری لە ئەدەبی کوردییدا پێ بدرێت.**

**ناو: پ. د. عەبدوڵڵا عزیز ئاگرین**
**عوسمان دەشتی**
**مێژوو: / / ٢٠١٥**
**سەرۆکی لیژنە**

**ناو: پ.ی.د.**
**مێژوو: / / ٢٠١٥**
**ئەندام**

**ناو: پ.ی.د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا**
**مێژوو: / / ٢٠١٥**
**ئەندام**

**ناو: پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان**
**مێژوو: / / ٢٠١٥**
**ئەندام و سەرپەرشتیار**

**لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسندکرا**

**ناو: پ.ی.د شادان جمیل عباس**

**ڕاگری کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین**

**مێژوو: / / ٢٠١٥**

# پێشکەش

- بە دایکی ئازیزم و گیانی باوکم کە هەمیشە ئاواتیان بۆ ئەم ڕۆژە دەخواســـت.
- بەخوشـــك و براکانـــــــم.
- بـەگیانی (گیـــوی موکریـانــــــی) هـەموو ژیـانی لە پێناوی خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و میـژووی کـورد تەرخان کرد.
- بە هەموو ئەو کەسانەی لەم توێژینـەوەدا یارمـەتییان دام.

# سوپاس و پێزانین

- سەرەتا سوپاس و ستایش بۆ خوای مەزن و دلۆڤان کە توانای پێبەخشیم بۆ جێبەجێکردن و ئەنجامدانی ئەم نامەیە.

هەروەها سوپاسی بێ سنوورم ئاراستەی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە دەکەم :

- سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین- کۆلیژی زمان- بەشی زمانی کوردی و سەرجەم مامۆستایانی ئەم بەشە، کە لە هەردوو قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەر هاندەر و پاڵپشتمبوون تا بەو ئامانجە بگەم.
- مامۆستای پایە بەرزو بەڕێزم سەرپەرشتیاری نامەکەم (پ.د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان)، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ، بە پشوویەکی درێژو لەسەرخۆ بە سەرنج و تێبینییەکانی ڕێنمایی کردم و بە زانیارییەکانی ئاسۆی هیزری فراوانتر کردم لە پێناو بەدەستهێنانی کارێك، کە بەهاو سوودی گشتی هەبێت، کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بێت.
- مامۆستایان سۆران مامەند – سەرهەد حەسەن – عەونی ئەمین – شاخەوان فەرهاد- نەبەز کەریم- دڵشاد حەسەن.
- هەموو ئەو کەسانەی کەیارمەتییان دام بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

# پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی کوردی

ئـــەم توێژینـــەوە بـــە ناونیشـــانی(ژانرەکانی ئـــەدەب لـــە گۆڤـــاری هەتاودا)هەولدانێکـــە بـــۆ شـــیکردنە وەوهەلســـەنگاندنی ژانرەئەدەبیـــەکان لـــە گۆڤـــاری هـــەتاو لـــە ڕووی چـــەندێتی وچۆنیە تییەوە.

ئـەم توێژینەوەیـە لـە پێشـەکی و سـێ بـەش پێکهـاتووە، هـەر بەشـێکیش لـە چـەند تـەوەرێك پێکهـاتووە، بـەم شـێوەی خـوارەوە، بەشـی یەکـەم:باس لـەبارودۆخی سیاسـی و ڕۆشـنبیری شـاری هـەولێر کـراوە، لـەدوای جـەنگی دووەمـی جیهـانی هـەتا داخسـتنی گۆڤـاری هەتاولـە پێـنج تـەوەردا، یەکـەم: بـارودۆخی سیاسـی شـاری هـەولێر. دووەم: بـارودۆخی ڕۆشـنبیری شـاری هـەولێر. سێیەم:چـی لـە سـەرگۆڤاری هـەتاو نووسـراوە. چـوارەم:گیوی موکریـانی ئـــەدیب وڕۆژنامـــەنووس. پێنجەم:پەیوەنـــدی ئـــەدەب و ڕۆژنامـــە نووســـی. بەشـــی دووەم: تایبـــە ت کـــراوە بـــە ژانـــری شـــیعر، دابەشـــکراوە بـــۆ دووتـــەوەر، یەکـــەم: پـــۆلینکردنی شـــیعرەکان بـــەپێی مەبەستەکانیان(سیاســـی، بۆنە،کۆمەلاَیـــەتی، وەســـف، دلَـــداری، لاواندنـــەوە، ســـتایش، ئـــایینی، ســـروود). دووەم: پـــۆلینکردنی شـــیعرەکان بـــە پێـــی ڕێبـــازە ئەدەبییەکان(کلاسـکی، ڕۆمانسـیەت، ڕیـالیزم ) بەشـی سـێیەم:باس لـەژانرە ئەدەبییـەکانی تـر کـراوەو دابەشـی چـەند تـەوەرێك کـراوە، یەکـەم: وتـار. دووەم:ڕەخنـە و لێکۆلَینـەوە. سـێیەم:نامەی ئـەدەبی. چـوارەم:کورتە چـیرۆك لـە ڕووی نـاوەڕۆك و تـەکنیك و زمانـەوە. پێنجەم:چـــیڕۆك شـــیعر. شەشـــەم:ژیننامەی ئـــەدەبی. حەوتەم:پەخشـــانە شـــیعر. هەشتەم:دراما. نۆیەم:ئەدەبی مندالان. دەیەم:ئەدەبی سەر زارەکی.

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك ولیستی سەرچاوەکان کۆتایی پێ هاتووە.

# نـــــاوەرۆک



| بـــابـــەت | لاپـــەڕە |
| --- | --- |
| ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار | أ |
| ڕاپۆرتی لیژنەی تاوتوێکردن | ب |
| پێشکەش | پ |
| سوپاس و پێزانین | ت |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی کوردی | ج |
| ناوەڕۆك | چ-ح |
| پێشەکی | ١-٢ |
| بەشـــــی یەکەم | ٣ -٥١ |
| تەوەری یەکەم/ باروردۆخی سیاسی شاری هەولێر ١٩٥٤-١٩٦٠ | ٣ |
| تەوەری دووەم/باری ڕۆشنبیری شاری هەولێر ١٩٥٤-١٩٦٠ | ١٤ |
| تەوەری سێیەم/چی لەسەر گۆڤاری هەتاو نووسراوە | ٢٧ |
| تەوەری چوارەم/گیوی موکریانی ئەدیب و ڕۆژنامەنووس | ٣٤ |
| تەوەری پێنجەم/پەیوەندی ئەدەب و ڕۆژنامەنووس | ٤٤ |
| بەشـــــی دووەم/ | ٥٢-١٢٥ |
| ژانرەکانی ئەدەب لە گۆڤاری هەتاودا | ٥٢ |
| شیعری کوردی لە گۆڤاری هەتاودا | ٥٤ |
| تەوەری یەکەم/ شیعرەکانی گۆڤاری(هەتـــاو) بەپێی ناوەڕۆك | ٦٣-١٠٨ |
| شیعری سیاسی | ٦٣ |
| شیعری بۆنـــە | ٧٣ |
| شیعری کۆمەڵایەتی | ٧٨ |
| شیعری وەسـف | ٨٤ |
| شیعری دڵداری | ٩١ |
| شیعری لاواندنەوە | ٩٥ |
| شیعری ستایش | ١٠٠ |
| شیعری ئایینی | ١٠٢ |
| سروود لەگۆڤاری هەتاودا | ١٠٤ |
| شیعری وەرگێڕدراو لەگۆڤاری هەتاودا | ١٠٦ |

| | |
|---|---|
| تەوەری دووەم/شیعرەکانی گۆڤاری هەتاو بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەکان | ١٠٩-١٢٥ |
| کلاسـیـــک | ١٠٩ |
| ڕۆمانسـیزم | ١١٤ |
| ڕیـــالیـــزم | ١١٩ |
| بەشـــی سێیەم/ ژانرە ئەدەبییەکانی تری گۆڤاری هەتــاو | ١٢٦-٢١٤ |
| تەوەری یەکەم/ وتــار لەگۆڤاری هەتاودا | ١٢٦ |
| وتـاری سیاسـی | ١٣٠ |
| وتـاری کۆمەڵایەتی | ١٣٣ |
| وتـاری مێژوویی | ١٣٦ |
| وتـاری زمانــی | ١٣٩ |
| وتـاری زانستـی | ١٤٤ |
| وتـاری ئەدەبی و هونەری | ١٤٦ |
| تەوەری دووەم/ ڕەخنەو لێکۆڵینەوە | ١٤٩ |
| تەوەری سێیەم/ نامە ی ئەدەبی | ١٥٦ |
| تەوەری چوارەم/ کورتە چیرۆکی هونەری | ١٦٥ |
| کورتە چیرۆکی هونەری لە گۆڤاری هەتاو لەڕووی ناوەرۆکەوە | ١٧٠ |
| تەکنیك و زمانی چیرۆکەکانی گۆڤاری هەتاو | ١٧٧ |
| چیرۆکی وەرگێڕدراو لە گۆڤاری هەتاو | ١٨٢ |
| تەوەری پێنجەم/چیرۆکە شیعر | ١٨٥ |
| تەوەری شەشەم/ژیننامەی ئەدەبی | ١٩١ |
| تەوەری حەوتەم/پەخشانە شیعر | ١٩٤ |
| تەوەری هەشتەم/درامـــــا | ١٩٧ |
| تەوەری نۆیەم/ئەدەبی منداڵان | ٢٠١ |
| تەوەری دەیەم/ئەدەبی سەرزارەکی فۆلکلۆر | ٢٠٨ |
| ئەنجـــــام | ٢١٥ |
| سەرچاوەکـــــان | ٢١٧-٢٢٨ |
| کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | أ |
| کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | A |

# پێشەکی

ڕۆژنامەنووسی کوردی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵداوە، خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردی کردووە، ڕۆڵی هەبووە لەپەیدابوون و گەشەسەندنی ژانرە ئەدەبییەکاندا، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان ڕۆژنامەگەری و ئەدەبدا بێتەکایەوە و تاکو ئێستاش ئەم پەیوەندییە بەردەوامی هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوە بەناوی (ژانرەکانی ئەدەب لەگۆڤاری هەتاودا)دا هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر ئەم گۆڤارە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو ژانرە ئەدەبییانەی، کە لەدوو توێی گۆڤارەکە دان لە ڕووی چەندێتی وچۆنیەتییەوە و ڕۆڵی گۆڤارەکە لەبەرەوپێشبردنی ژانرە ئەدەبییەکاندا دەردەخا.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە، کەڕۆژنامەگەری بەشێوەیەك بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەو مێژووی ئەدەبی کوردی، جێی خۆیەتی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی ناوگۆڤارو ڕۆژنامەکان بکرێت و دەرخستنی ڕۆڵی هەریەك لەو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییانەی، کەخزمەتییان بەئەدەبی کوردی کردووە کارێکی دروست وپێویستە. هەروەها وەفاداریشە بەرامبەر بەو کەسانەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەیان بەڕێوەبردووە، گۆڤاری (هەتاو) یش لەماوەی دەرچوونیدا خزمەتێکی زۆری ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی کردووە، کەچی ئەم گۆڤارە کەمی لەبارەوە نووسراوە بەتایبەتی لەڕووی باسکردنی ژانرە ئەدەبییەکان مافی تەواوی خۆی پێنەدراوە.

لێکۆڵینەوەکە پەیڕەوی لەڕێبازی(وەسفی – شیکاری)دا کردووە، لەڕووی (جۆرو چەندایەتیی)ەوە ژانرەئەدەبییەکان ڕیزبەندکراون و شیکراونەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و چەند ئەنجامێك و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بەعەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:** تایبەتە بەئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەبارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری شاری هەولێر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تاکو داخستنی گۆڤارەکە ودەرخستنی چەند لایەنێکی ژیانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری گیوی موکریانی وخستنە ڕووی ئەو نووسینانەی لەسەر گۆڤارەکە نووسراون، بەکورتیش پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی خراوەتە ڕوو.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بەژانری شیعر لەگۆڤارەکە، کەلەهەموو ژانـرەکانی تر زیاتر بلاْوکراوەتەوە.

شیعرەکانیش بەدوو شێوە پۆلێن کراون:-

١-دابەشکردنی شیعرەکان بەپێی مەبەست وناوەرۆکەکانیان بریتین لە بابەتەکانی:(سیاسی، کۆمەڵایەتی، دڵداری، لاواندنەوە، بۆنە، وەسف، ستایش، ئایینی، سروود).

٢-بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەکان (کلاسیزم، ڕۆمانسیزم، ڕیالیزم) باسکراون.

**بەشی سێیەم:** لەژانرە ئەدەبییەکانی تری ئەدەبی ناو گۆڤارەکە دەکۆڵێتەوەو هەریەکە و بەپێی جۆری خۆی مامەڵەی لەگەڵ کراوە وەک:چیرۆک: لەڕووی ناوەرۆک و زمان و تەکنیکەوە خراوەتە ڕوو.ژانری وتـــار بەپێی ناوەرۆکی وتارەکان دابەش کراوە(سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، زمانی، زانستی، ئەدەبی و هونەری). ژانرەکانی تریش وەک :(ژیننامەی ئەدەبی، نامەی ئەدەبی، ئەدەبی سەرزاری، دراما، چیرۆکە شیعر، پەخشانە شیعر، ئەدەبی مندالآن، ڕەخنەو لێکۆڵینەوە) باسکراون.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ژانرەکانی ئەدەب لە گۆڤاری (هەتاو)دا بێ کەم و کوڕی نییە، بەهیوای ئەوەم سوودێکم بەئەدەبی کوردی گەیاندبێ و کەلێنێکم لەکتێبخانەی کوردی پڕکردبێتەوە. هەروەها سوپاسی ئەو بەڕێزانەش دەکەم کەبەسەرنجەکانیان نۆبەرەکەم پوخت و دەوڵەمەنددەکەن.

........................................................

# بەشی یەکەم

**<u>بەشی یەکەم:</u>**

**تەوەری یەکەم/بارودۆخی سیاسی شاری هەولێر ١٩٥٤-١٩٦٠**

**تەوەری دووەم/باری ڕۆشنبیری شاری هەولێر ١٩٥٤-١٩٦٠**

**تەوەری سێیەم/چی لەسەر گۆڤاری هەتاو نووسراوە**

**تەوەری چوارەم/گیوی موکریانی ئەدیب و ڕۆژنامەنووس**

**تەوەری پێنجەم/پەیوەندی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی**

## تەوەری یەکەم /

## بارودۆخی سیاسی شـاری هەولێـــر ١٩٥٤ – ١٩٦٠

بەر لە هەموو شتێك بە پێویست دەزانرێ، ئاوڕێکی خێرا لە بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی شاری هەولێر بدرێتەوە، کە تیایدا گۆڤاری (هەتاو) دەردەچوو. شاری (هەولێر) وەکو شارێکی کۆنی مێژوو یەکێکە لە شارە گرینگەکانی کوردستان بە گشتی، لە هەمان کاتیشدا شارێکە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، کە گرنگی و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، بە درێژایی مێژووی وڵاتی عێراق هەر ڕووداوێك لە عێراق ڕووی دابێت، ئەوا ڕاستەوخۆ لە شاری هەولێر ڕەنگی داوەتەوە.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر تێکڕای جیهاندا هات، ئەو گۆڕانکاریانە (عێراق)یشی گرتەوە. ڕۆژی ٢٣ی شوباتی ساڵی ١٩٤٦ (تۆفیق سوێدی) یەکەم حکوومەتی دوای جەنگی دامەزراند، ئەم حکوومەتە نوێیە هەر لەگەڵ دەست بەکاربوونی دا چەند هەنگاوێکی نا، لەو هەنگاوانە ڕەتکردنەوەی حوکمی عورفی بوو لە عێراق، بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە نا ئارام و نائاساییەی وڵات، کە لە ئەنجامی شەڕدا خۆی سەپاندبوو، بگۆڕێ بۆ بارودۆخێکی هێمن و ئارام، هەروەها ئازادکردنی بەندکراوە سیاسییەکان و هەڵگرتنی سانسۆر لەسەر چاپەمەنی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و ڕێگەدان بە چەند پارتێکی سیاسی، لە هەمان کاتیشدا پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو پارتێکی دیموکراسی دامەزرا بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی لە ناوچە کوردیەکان لە چوارچێوەی عێراق دا [1] .

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە شاری بەغدا بە سەرکردایەتی (مەلا مستەفا)ی بارزانی دامەزرا، پارتێکی نەتەوەیی بوو ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەستی نەتەوایەتی لە پەرەسەندن دا بوو. لەلایەکی تر بیری مارکسی* لە عێراقدا بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی سەری هەڵدابوو، کە حیزبی شیوعی عێراقی

---

١- ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا ، هیمداد حوسێن بەکر ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ١٩٩٥ ، ل٢٤ .

*لە کوردستانی باشوور بەشێوەیەکی گشتی و لەشاری هەولێر بەتایبەتی بنەماڵەی حەیدەرییەکان دەوری سەرەکیان هەبوو لەگەشەپێدانی بیری مارکسی بەتایبەتی هەرچوار برا((عاصم حەیدەری "١٩٢١-١٩٧١"، جەمال حەیدەری "١٩٢٦-١٩٦٣"، موهەیب حەیدەری "١٩٣٣-١٩٦٣"، ساڵح حەیدەری" ١٩٢٢-٢٠٠١".

قامووسی ناوە نەمرەکانی کوردستان، ئامادەکردن و سەرپەرشتی مومتاز حەیدەری و هێرش سنجاوی و کاروان قاسم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٤،ل٣٨،٨٩،٤١٦،٥٤٩.

نوێنەرایەتی دەکرد. ئیتر لە دوای ساڵی (١٩٤٦) دوو ڕوانگەی جیاواز لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردیدا کاریان دەکرد. یەکێکیان نەتەوەیی ئەوی دیکەیان بیر و باوەڕی مارکسی بوو. ئەو دوو حیزبە لەناو شاری هەولێر جەماوەری زۆریان هەبوو، چەندین کەس لە سیاسەتمەندارانی ناو شاری (هەولێر) لەگەڵ ئەم دوو حیزبەدا کاریان دەکرد، کە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لەناو ئەم دوو حیزبەدا. هەروەها ململانێیەکی توندی ئایدۆلۆژی لە نێوانیانداهەبووە.زۆربەی سیاسەتمەندارانی ئەو سەردەمە لەناو حیزبی شیوعی و پارتیدا تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەیان پێك دەهێنا. یەکێك لەدیاردەکانی شاری هەولێر قۆستنەوەی بۆنەو ڕووداوە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان بوو لەلایەن ئەم دوو حیزبە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕە حیزبییەکانی خۆیان لە لیوای (هەولێر)دا. سەرپەرشتی و ئاراستەی خۆپێشاندان و گردبوونەوەکانییان دەکرد، کە لە دژی ڕژێمی پاشایەتی ئەنجامدەدران، هەرچەندە ناکۆکی ئایدیۆلۆژی لە نێوان ئەو دوو پارتە هەبوو، بەڵام هەموو کات لە دژی ڕژێمی پاشایەتی و باڵادەستی ئەو ڕژێمە یەکیان دەگرتەوە[1]. بەم شێوەیە ئەم دوو پارتە سیاسییە بەپێی بیروباوەڕ و سیاسەتی خۆیان خەڵکیان هاندەدا لە گردبوونەوە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان دا.

دوای ئەوەی (ساڵح جەبر) حکوومەتی نوێی لە (٢٩ی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤٧) دامەزراند، بارودۆخی خەڵکی عێراق بە گشتی ڕوو لە خراپی بوو، (ساڵح جەبر) دەیویست ڕێکەوتننامەیەکی نوێ لە جیاتی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠، کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەڵوەشابووەوە لەگەڵ بەریتانیادا مۆربکات، ئەوە بوودوای چەند کۆبوونەوەیەك لە(١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٤٨)لە بەندەری (پۆرتسمۆث) پەیماننامەی پۆرتسمۆث مۆرکرا، ئەم پەیماننامەیە لە بەرژەوەندیی بەریتانیادا بوو، ئەوەش ڕق و تووڕەیی جەماوەری هەڵساند. خۆپیشاندان و ناڕەزایی بێ جیاوازی نەتەوەیی و بیروڕای سیاسی هەموو لایەکی گرتەوە، بەم هۆیەشەوە شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی پۆلیس و خۆپێشاندەران لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراقدا دروست بوو. سەبارەت بە خەڵکی (هەولێر)و هەڵوێستیان بەرامبەر ئەو ڕێککەوتنامەیە، ئەوا ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لە خۆپێشاندانەکانی (بەغدا)، لەناو شاری (هەولێر)یش خۆپێشاندان ئەنجامدراوە، بە شێوەیەك هەموو چین و توێژەکان بەشدارییان کردووە. لەلایەکی تر باری خراپی ئابووری هۆیەکی تری خۆپێشاندان و ناڕەزاییەکانی ناو شاری هەولێر بووە، هەروەها

---

١- هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣)، شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، ٢٠١٢ ، ل٦٩-٧٠، ڕۆڵی کورد لەبزوتنەوەی ئاشتیخوازان لەعێراقدا(١٩٥٠ - ١٩٦٣)، د.مهدی محەمەد قادر، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٥،ل١٣، باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر (١٩٣٥-١٩٥٨)، گۆران سۆران فەیزی ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ،٢٠٠٦، ل٣٠-٣١.

ئافرەتانیش لە پاڵ پیاوەکان لە شاری (هەولێر و سلێمانی) بەشدارییان لە خۆپیشاندان و گردبوونەوە جەماوەریەکان کردووە[1]. بۆیە بە ناچاری لە ئەنجامی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکان (ساڵح جەبر) حکوومەتەکەی هەڵوەشاندەوەو حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی (محەمەد سەدر) لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ دامەزرا. سەرۆك وەزیران یەکەم هەنگاوی ئەوە بوو پەیمانی (پۆرتسمۆث) ڕەتبکاتەوە، تا ڕادەیەکیش بەهۆی ڕاپەڕینی(١٩٤٨)ەوە ئازادی بۆ خەڵك دەستەبەر بوو، بەڵام زۆری نەخایەند.

دوای ئەوەی ساڵی (١٩٤٨) جەژنی نەتەوەیی نەورۆز لە هەولێر بە جۆش و خرۆشەوە ئەنجامدرا، پێشتریش لەشاری هەولێر لە ساڵی ١٩٤٦دا ئاهەنگێکی گەورەی جەژنی نەورۆزی ئەنجامدرا بوو، کە خەڵکێکی یەکجار زۆر بەشداریی تیایدا کردبوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٧، هەولێر یەکەم شاربوو، بە فەرمی ڕێگای پێدراوە لەلایەن دەوڵەتەوە ئاهەنگی نەورۆز ئەنجامبدات، بەڵام دوای ئاهەنگی(١٩٤٨) ڕژێمی پاشایەتی ڕێگەی نەداوە بە ئاشکرا لە شاری هەولێر ئاهەنگی نەورۆز ئەنجامبدرێت، تا ساڵی ١٩٥٣ لە هەولێر جەژنی نەتەوەیی نەورۆز بە نهێنی ئەنجامدراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٣بە هەوڵ و کۆششی ئەندامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان تواندرا بە ئاشکرا ئاهەنگی نەورۆز ساز بکرێ. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لە ساڵی ١٩٥٣(محەمەد فازل جەمال)بوو بە سەرۆکی حکوومەت، کەسێك بوو بڕوای بە دیموکراسیەت هەبوو، بەڵام دوای ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٤ کە لەو ساڵەدا ئاهەنگێکی گەورە لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە، تا ساڵی (١٩٥٨) ڕژێمی پاشایەتی ڕێگای بەئاهەنگی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز نەداوە بەئاشکرا بکرێت. دووبارە ئاهەنگی نەورۆز بە نهێنی ئەنجامدراوە، تا سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، کە بووە هۆی لەناوبردنی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقدا و دەست پێ کردنی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی گەلانی عێراق[2] .

لە پایزی ساڵی (١٩٥٢) دا شۆڕشی ٢٣ی تەمموز لە میسر، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەو سەرکەوتنەی گەلی میسر بەدەستی هێنا، هەروەها لە ژێر کاریگەریی ئەو شۆڕشەدا جەماوەری کورد و عەرەب لە عێراق بەخۆ کەوتن بۆ ڕاپەڕینێکی نیشتمانی سەرتاسەری و لە کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا خوێندکاران دەستیان کرد بە مانگ گرتن و داوای حکومەتێکیان دەکرد داخوازییەکانی گەل جێ بەجێ بکات . لە شاری هەولێریش شان

---

١- أربيل، دراسة تاريخية في دورها الفكري و السياسي (١٩٣٩-١٩٥٨) ، أسماعيل شكر رسول، رسالة دكتوراه، كلية ألاداب ، جامعة صلاح الدين ، ١٩٩٩ ، ص١٠٩ .

٢- نەورۆزی ساڵانی ١٩٣٢-١٩٥٨ لە هەولێر، د. ئیسماعیل شوکر رسول، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی چوارەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخان، چاپخانەی (گرین گالۆری)، بەیروت ،لوبنان،٢٠٠٩ ل١٥٩٨-١٥٩٩ .

بەشانی هەموو شارەکانی دیکەی عێراق خەڵکی ڕژانە نێو شەقامەکان و هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی دەوری دیاریان هەبوو، لە ئاراستەکردنی خەڵکی بۆ هۆشیاری نەتەوەی وبەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵك لەبەرامبەر سیاسەتی چەواشەکاری ئینگلیز لە عێراقدا. لەدروشمەکانی خۆپیشاندەران داوای چاك کردنی باری گوزەران و پیادەکردنی دیموکراتی و هەڵبژاردنی پاك و بێ گەردیان دەکرد. ئەو بارودۆخە بەردەوام بوو تاکو لە ٢٢ی تشرینی دووەم حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی سەرۆك ئەرکانی سوپا فەریق (نوورەدین مەحموود) دامەزرا، لە یەکەم هەنگاوی ئەم حکوومەتە، ئەحکامی عورفی لە وڵات ڕاگەیاند، لە پاڵ ئەمەش هەندێ چاکسازی کرد[1]. سەبارەت بە هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد بەرامبەر بەرپابوونی شۆڕشی ٢٣ی تەمموزی میسر، ئەوا ڕاستەوخۆ پاڵپشتی خۆی بۆ ئەم شۆڕشەی گەلی میسری دەربڕی، ئەمەش لە ژێر کاریگەریی ئەو هەموو ستەم و نادادپەروەرییە بوو ڕژێمی پاشایەتی عێراق بەرامبەر بە کورد ئەنجامی دەدا [2].

لە ساڵی ١٩٥٣ دا ڕاپەڕینێکی گەورەی جوتیاران لە گوندەکانی ناوچەی دەشتی هەولێر لە دژی ئاغاو دەرەبەگەکان سەری هەڵدا، ڕاپەڕینەکە لە دژی زەوت کردنی زەوییەکانییان و زوڵم وستەم لەلایەن ئاغاو دەرەبەگەکانەوە و خراپی باری گوزەرانی جوتیارەکان بوو، لەکاتی ڕاپەڕینەکەش پیاوانی ئایینی پاڵپشتیان لە خەڵك دەکرد، دواتر حکوومەت پۆلیسی هێنا و ڕاپەڕینەکەی سەرکوت کرد، بەڵام ئەم ڕاپەڕینەی جوتیاران نیشانی دا، کە ئاستی ڕۆشنبیری خەڵك گەشەی کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، پارتە سیاسییەکان بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی، چالاکییەکی زۆریان لەناو جوتیارانی دەشتی هەولێر ئەنجامدەدا، لەوانە ڕۆژنامەی (بانگی فەلاح و دەنگی داس) لەلایەن حیزبی شیوعی بڵاودەکرایەوە، کەهانی خەڵکیان دەدا دژی دەرەبەگایەتی، پارتی دیموکراتی کوردستانیش ڕۆژنامەی (نرکەی جوتیار)ی لەناو جوتیاران بڵاودەکردەوە. بەم شێوەیە ئەم بڵاوکراوانە بوونە هۆکاری دروست بوونی هەستی شۆڕشگێڕی لەناو جوتیاراندا، ئەم ڕاپەڕینەش سەرەتایەك بوو بۆ شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە عێراقدا[3].

---

١- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم ، کەریم شارەزا ، گۆڤاری مێرگ ، چاپخانەی مێرگ ، ژ (٦٨) ، ٢٠١١ ، ل١١، ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. هیمدادی حوسێن، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل٢٨٨.

٢- جمال عبدالناصر و القضية الكردية في العراق ١٩٥٢-١٩٧٠، عبدالجليل صالح موسى، مطبعة محافظة دهوك، دهوك ، كوردستان ،٢٠١٣، ل٤٤.

٣- ڕۆشنبیرانی کۆیە (١٩٤٥-١٩٥٨) ، جەمال فەتحوڵڵا تەیب، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی هەشتەم، ٢٠٠٨، ل٣٤٢١ ، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ - ١٩٦٣ ، ل٨٥ .

له ٣-٨-١٩٥٤ دا (نوری سەعید) حکوومەتی دوازدەهەمی خۆی ڕاگەیاند، دوای یەك ساڵ لە پێکهێنانی ئەم حکوومەتە، واتە لە ساڵی (١٩٥٥) عێراق چووەتە نێو (پەیمانی بەغدا) ئەو پەیمانەش جارێکی تر عێراقی پابەندی سیاسەتەکانی بەریتانیا کردەوە، لە دژی ئەو پەیمانە خۆپێشاندان لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە. لە ساڵی ١٩٥٦ بەهۆی هێرشی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر ، شەپۆلێکی توندوتیژی بەغدای پایتەخت و شارەکانی تری عێراقی گرتۆتەوە و لە شاری هەولێریش خەڵك ڕژاونەتە سەر شەقام بە ڕێگەی ناڕەزایی و خۆپێشاندان ڕق و تووڕەیی خۆیان دژ بە هەڵوێستی حکوومەتی عێراق دەربڕیوە، کە هێز نانێرێ بۆ پاڵپشتی کردنی گەلی میسر، لە کۆتاییدا حکوومەت ناچار بوو هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ و هاوکاری سەربازی بۆ میسر بنێرێ. لەو کاتەشدا سەرکردایەتی کورد پاڵپشتی خۆی بۆ گەلی میسر دەربڕیوە[١].

هێزە نیشتمانپەروەرەکان لە ساڵی (١٩٥٧) بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانییان پێك هێنا، لەلایەکی تریش خۆڕێکخستنی (ئەفسەرانی ئازاد) و هێرشی سێ لایەنی بۆ سەر میسر و مەسەلەی فەلەستین و ڕۆڵی ڕێکخستنی قوتابیان و خەڵکی زەحمەتکێش و ئەو سیاسەتە ناڕەوایەی (نوری سەعید) بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی و پارتە سیاسییەکان، هەموو ئەمانە بوونە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە عێراقدا و ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی. گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوەکانی تر پێشوازییان لە شۆڕش کرد و پاڵپشتیان بۆ شۆڕشی ١٤ی تەممۆزی ١٩٥٨ دەربڕی. لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشدا خەڵك ڕژانە سەر شەقامەکان، کە خوێندکاران لە پێشەوەی جەماوەرەوە بوون، لە گۆڕەپانەکانی بەغدا و شارەکانی تری عێراق کۆبووبوونەوە.سەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەگەڵ تەواوی هێزە نیشتیمانییەکان دا ڕاستەوخۆ پاڵپشتی خۆیان بۆ شۆڕش دەربڕی. هەر لە ڕۆژی یەکەمدا خەڵکی کوردستان لە ژێر سەرپەرشتی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی بەشدارییان لە گردبوونەوە جەماوەرییەکاندا کرد بۆ پاڵپشتی لە شۆڕشی ١٤ی تەممووز، بەم بۆنەیەوە لە شارەکانی کوردستان:(هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، زاخۆ، کۆیە) خەڵکی ڕژانە سەر شەقامەکان و ناو گۆڕەپانەکانەوە بۆ ئاهەنگێران و خۆشی دەربڕین[٢].

گۆڤاری (هەتاو)یش، وەکو گۆڤارێکی کاریگەری ئەو کاتەی شاری (هەولێر)، کە خاوەنەکەی (گیوی موکریانی) بوو، لە یەکەمین ژمارەی خۆیدا دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز ، بەم

---

١- ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی ، ل ٢٩٢ .

٢- الحركة الطلابية الكوردية في العراق ١٩٢٦ – ١٩٧٠ ، ماجد حسن على ، رسالة ماجستير ، كلية الآداب ، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٨، ص١٢٣ .

شێوەیە لە وتارێك باس لەم ڕووداوە گرنگە دەکات:((لە ١٤ی ئەم مانگەدا لەشکری نەبەزی عێراق لە ژێر چاودێری قارەمانی ئازا و بەرزی نیشتیمان زەعیم الرکن (عەبدولکەریم قاسم) دا دام و دەزگای نیشتیمان فرۆشانی تێك و پێکداوە لە شوێنی ویدا جمهوریەتێکی عیراقی تێدا دامەزراند کەنەتەوەی کوردی عراقیشی تێدا بەشدارە. تەلگرافی پیرۆزباییان لە هەموو شارو دێهاتێکیەوە وەك بارانەیان بەسەردا دەبارێ. خاکی عیراق ئەمرۆکە لەبەر شادمانی و بەزم و ڕەزم وە بەهەشت دەچێ)) پاشان دەڵێ:((کەوایە لەم دەرفەتە گرنگەدا ئێمەش لە کانگەی دڵێکی پاکەوە پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش بەو دەوڵەتە مەرد و سەرکەوتووە دەکەین)) (ژ:١٣٦،ل١).

لە گۆڤاری (هەتاو) بەبۆنەی ئەم ڕووداوە مێژووییە، شاعیر و نووسەرانی کورد، چەندین وتار و شیعریان بڵاوکردۆتەوە، تیایدا خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن و باس لە گرنگی ئەم ڕووداوە دەکەن . شاعیرێك بەناوی (کاوە) لە هەولێرەوە، شیعرێکی لە گۆڤاری هەتاو بەم بۆنەیەوە بەناوی (بژی جمهوریەتی بەرزی عێراق) بڵاوکردۆتەوە، کە موژدەی ئازادی دەداتە گەلی کورد. دەڵێ :

(( ئەی کورد مژدەبێ لە کوردستانت — لە شاخی بەرز و لوتکەی بارزانت
مژدەبێ لە گشت گەلی کوردەوار — ڕووخا بە جارێ قەڵای ئیستعمار
ڕۆژی خۆشیە ئەی گەلی وڵات — پڕشەنگی شادی لەسەرمان هەڵات
بانگی بێ ترسی بانگی ئازادی — لە شار و لە دێ زۆر بە دڵشادی
پشت بە یەزدان و سوپای قارەمان — گەل ڕزگاری بوو لە دەس خوێنمژان))
(ژ: ١٣٨،ل١٦)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

هەروەها(مدحت بێ خەو)یش، موژدەی لەناو چوونی داگیرکەر ڕادەگەیەنێ، کە مەبەستی لەداگیرکەری ئینگلیزە، ئەو کات ڕژێمی پاشایەتی لە ژێر سێبەری ئینگلیزەوە لە عێراقدا حوکمی دەکرد، شاعیر دەڵێ :

((موژدەئەی گەل موژدەی شادی — موژدەی سەربەستی و ئازادی
موژدەی جەژنی چینی هەژار — موژدەی تۆ پینی ئیستعمار
موژدەی ڕۆژی جمهوریەت — ڕۆژی خەبات بەخشین هەڵمەت
هێزی سوپای جەنگی نەبەرد — خوێن مژانی نایە ژێر هەرد))(ژ: ١٣٩، ل١٢)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٨) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

حکوومەتی نوێی شۆڕش بە سەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم)، چەند هەنگاوێکی لە بەرژەوەندی میللەت نا، یەکێك لەو هەنگاوانە لە بڕگەی سێیەمی دەستووری کاتی کۆماری عێراق نەتەوەی کورد وەکو هاوبەشی نەتەوەی عەرەب لە کۆماری عێراق دانی پێدانرا (ژ:١٣٧، ل١) .

**لەلایەکی تر بڕیاری ئازاد کردنی ژمارەیەك گیراوی سیاسی، کە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی بە تۆمەتی سیاسیی زیندانی کرابوون درا ، ئەم هەنگاوەشی بۆ ئەوەنا، تانیەت باشی و پاکی خۆی بۆ گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی ڕابگەیەنێت، بەو مانایەی سیاسەتی عێراقی سەردەمی پاشایەتی بەسەرچوو. یەکێك لەو گیراوە سیاسیانە (شێخ ئەحمەدی بارزانی) بوو، بە ئازادکردنی ناوبراو، خەڵکی کوردستان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە تایبەتی خەڵکی شاری هەولێر. سەبارەت بەو ڕووداوە، گۆڤاری هەتاو بابەتێکی بەناوی (ئازادبوونی شێخ ئەحمەدی بارزان) بڵاوکردۆتەوە، تیایدا باس لەوە دەکات، کە شێخ ئەحمەد لە بەغداوە بە ڕێگەی کەرکوك بۆ شاری (هەولێر) گەڕاوەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی، کە خۆشی و بەزم و شادی بکەوێتە شاری (هەولێر)، لە بەشێکی دەڵێت:((بەڕاستی شادمانی و گوشادی و خۆشی و بەزم و ڕەزمێك کەوتبووە شاری هەولێرەوە کە لێلایی گەیاندبووە چاوی دوژمنانی کورد و بارزانیان)) (ژ:١٤٠، بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە).**

**یەکێکی تر لە دەستکەوتەکانی شۆڕش سەبارەت بە گەلی کورد، گەڕانەوەی سەرکردەی کورد(مەلا مستەفای بارزانی) بوولە یەکێتی سۆڤیەت، کە لە دوای ڕووخانی(کۆماری کوردستان)* لە ساڵی ١٩٤٧، خۆی و کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی پەنایان بۆ ئەم وڵاتە بردبوو ، ئەوە بوو لە لەدوای گەیشتنەوە و مانەوەی ماوەیەك لە(بەغدا) لەیەکەم سەردانیدا بۆ کوردستان لە٢٢ی تشرینی یەکەمی (١٩٥٨) دا بارزانی لە ڕێگەی کەرکووکەوە لە نێو ئاپۆڕەی جەماوەرێکی زۆر گەیشتە شاری هەولێر، ئەمەش سەبارەت بە شاری هەولێر، ڕووداوێکی گرنگی سیاسی و مێژووی بوو، بە گەیشتنی بۆ هەولێر ئەنجوومەنی شارەوانی ئاهەنگێکی پێشوازیکردنی لە باخچەی ماڵی موتەسەریف (پارێزگار) بۆ ڕێکخست، هەریەك لە موتەسەریف و سەرۆك شارەوانی و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی و پیاو ماقوڵانی شاری هەولێر وەك:عیزەددین فەیزی و پۆلیس**

---

***ئەم کۆمارە لە٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦لەشاری (مەهاباد) لەکوردستانی ڕۆژهەڵات دامەزراوە،هەرچەندە کەمتر لە سالێکی خەیاند،لە ١٩٤٧/١/٧ڕووخێندرا،بەڵام کاریگەریەکی زۆری کردە سەر هەستی نەتەوەیی و گیانی نیشتیمانی تاکی کورد بەگشتی و خەڵکی شاری هەولێر بەتایبەتی ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریکردنی چەند تێکۆشەرێکی شاری هەولێرو دەوەروبەری لەدروست بوونی ئەم کۆمارە، لەوانە:هەردوو ئەفسەر خەیرۆڵڵا عەبدولکەریم(١٩١٢ – ١٩٤٧) ومستەفا خۆشناو(١٩١٢-١٩٤٧)، کەلەگەڵ دوو ئەفسەری تر (عزەت عبدالعزیز و محەمەد قودسی) لە دوای ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد، لەڕۆژی١٩٤٧/٦/١٩لەبەغدا، لەسەردەمی حکومەتی (ساڵح جەبر)، لەسێدارەدران. ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم، ل٤٣٧٢-٤٣٧٤.**

جۆرج وهاشم عەبدولڕەحمان وگیوی موکریانی، بۆ پێشوازی کردن ئامادەبوون[1].

هەر بەم بۆنەیەوە گۆڤاری (هەتاو) چەندین بابەتی لە جۆری وتار وهۆنراوە، بلأوکردۆتەوە (علی ئاغای کاکەخانی دزەیی ١٨٩٨-١٩٧٠)[2]، بە شیعرێك لە گۆڤاری هەتاو بەناوی (شێری مەیدان هاتەوە)، بەم شێوەیە خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێ دەڵێ:

((موژدە بێتن شێری مەیدان جەرگی کوردان هاتەوە

ڕۆستەمی دەوران و مایەی فەخری کوردان هاتەوە

مستەفا و میر حاج* و ئەسعەدی** پڕ هۆش و بیر

تێکشکێنی ئیستعمار و چاوی کوردان هاتەوە

دەوری بائد حوکمی فاسد وا لە بن هاتوو نەما

چوونە خۆشی بووبە خۆشی مەردی کوردان هاتەوە))

(ژ: ٤٢، ل١٢)

کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووفە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)سەرواکەشی یەکیتی سەروایە.

یەکێکی تر لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز ، لەو ماوەیەدا دەرچوونی عێراق بوو لە(پەیمانی بەغدا)، ئەم پەیمانەش لەنێوان تورکیا و عێراق و ئێران بەسترابوو، بەشێوەیەك لەشێوەکان دژی کورد بوو، بۆیە بەهۆی گرنگی و بایەخی دەرچوونەکە بۆ گەلی کورد، لە شاری (هەولێر) لەپاڵ شارەکانی دیکەی عێراق ئاهەنگی خۆشی سازدراوە و شەقامەکانی ناو بازاڕی (هەولێر) بەپەڕۆ ودروشمی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازێنرایەوە، هەمووچین و توێژەکانی ناو شاری (هەولێر) و دەوروبەری بەشدارییان کردووە، لەم ئاهەنگانەی کە بەم بۆنەیەوە ئەنجامدراوە.

(گیوی موکریانی)لە گۆڤاری هەتاو بابەتێکی بلأوکردۆتەوە بەناوی(تێکچوونی پەیمانی شوومی بەغدا، ئەنقەرە، تاران). بەم شێوەیە دەنووسێت:((لە سەردەمی ئیستعماری شووم وخوێنمژدا

---

١ - هەولێر ، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٦٣ ، ل١٣١ .

٢- عەلی مەحموودی کاکە خان (١٨٩٧-١٩٧٠)، کەریم شارەزا،ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم، ل٤٤٨٢.

*- میرحاج ئەحمەد تاهیر ئاکرەیی لەساڵی ١٩١١لە دەڤەری بادینان لەدایك بووە،یەکێك لەو ئەفسەرانەبووە، کەلەساڵی ١٩٤٥ز چۆتە پاڵ شۆڕشی بارزان و ساڵی ١٩٤٦ بەشداری لەکۆماری مەهاباد کردووە، لەساڵی ١٩٤٧لەگەڵ مەلامستەفای بارزانی چووە بۆ سۆڤیەت، لەساڵی ١٩٥٨بەیاوەری بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، لەساڵی ١٩٨٨دا کۆچی دوایی کردووە. قامووسی ناوە نەمرەکانی کوردستان،ل٣٣٦.

**-ئەسعەد خۆشەوی لەساڵی ١٩١٨ لەدەڤەری بارزان لەدایك بووە، یەکێك بووە لەپێشمەرگە چالاکەکانی شۆڕشی بارزان، لەساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ بارزانی چووە بۆ سۆڤیەت و لەساڵی ١٩٥٨بەیاوەری بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، لەساڵی ١٩٧٨ دا کۆچی دوایی کردووە. قامووسی ناوە نەمرەکانی کوردستان،ل٣٤١.

پەیمانی سەعداباد و لە دوایی دا هی بەغدا و ئەنقەرە و تاران کە بۆ دەمار دەرهێنان و سەر پانکردنەوەی کوردان و خەفەکردنی هەستی نەتەوایەتی و وێرانکردنی کوردستان گرێ درابوو: ئایا کە پێشەوای دڵسۆز کاك عبدالکریم قاسم مزگێنی تێکدانی بڵاوکردەوە دەبێ نەتەوەی کورد بە تایبەتی شاری (هەولێر) چیانکردبێ؟! دەم ودەست بە هەزاران تەلگرافی پیرۆزبایی ولایەنگیری پێشکەشی پێشەواکرا و ناوبازاڕ و شەقامەکان بەپارچە قماش و دروشمی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازاندرایەوە........)) (ژ: ١٥٢، ل٣١).

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز، لە٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٠، (عبدالکریم قاسم) بەبۆنەی ئاهەنگی دامەزراندنی سوپای عێراق، لە وتارێکدا ڕایگەیاند مۆڵەت بە پارتە سیاسییەکان دەدات، چونکە پارتە سیاسییەکان لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی بەنهێنی کاریان دەکرد، لەناو ئەو پارتانە پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە، ئەوەبوو لە ٩ی شوباتی ١٩٦٠دا پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی فەرمی لە دەوڵەتی نوێی عێراق وەرگرت، ئەمەش بووە هۆی خۆشحاڵی تێکڕای خەڵکی کوردستان، هەمان ڕۆژ لەناو شاری (هەولێر) بووە خۆشی و ئاهەنگ گێڕان، لەناو بازاڕ و شەقامەکانیش بەبڵندگۆ موژدەی مۆڵەت وەرگرتنی پارتی بە خەڵکی شاری (هەولێر) ڕاگەیەنرا[1].

گۆڤاری (هەتاو) بەبایەخەوە گرنگی بەم بابەتە دەدات و چەندین پارچە شیعر و وتار و پیرۆزبایی لەناو گۆڤارەکە بڵاودەکاتەوە، یەکێك لەو پارچە شیعرانەی لە گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە، پارچە شیعرێکی (محەمەد ئەمین کاردۆخی) شاعیرە، لەشاری (هەڵەبجە)ەوە بۆ گۆڤاری (هەتاو)ی ناردووە، تیایدا هەستی دەروونی خۆی بەبۆنەی مۆڵەت وەرگرتنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەردەبڕێ و دەڵێ:

| | |
|---|---|
| (( موژدە وڵات وا خۆشتربوو | هەوری خەفەت نەما لاچوو |
| تیشکی ڕۆژی هیوا هەڵات | ئیجازەی پارت ئەمڕۆ کە هات |
| ئەوەی بۆ کورد زۆر پەرۆشە | جەژنی وەهای زۆر پێخۆشە |
| موژدەبی لە تۆ ئەی بــرا | ئیجازەی پارتی کورددرا)) (ژ:١٧٢، ل٨) |

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٨) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(ح.ر.سعید) وتارێکی بەناوی (ڕێگەدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان) بڵاوکردۆتەوە، ئاماژە بەوە دەدات، ئەمە هەنگاوێکی گرنگە و پارتی لەناو چینی جوتیارو کرێکار و چینی چەوساوەی

[1] – هەولێر لەنێوان ساڵانی (١٩٥٨– ١٩٦٣)، ل ٢٠٩، ٢١٢.

میللەتی کوردەوە هەڵقولاوە، پارتی ئەرکێکی گرنگی کەوتۆتە سەرشان ئەویش پاراستنی کۆماری نوێی عێراق و بەهێزکردنی برایەتی لەنێوان کورد و عەرەبە. (ژ: ۱۷۲،ل ۱).

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی ڕێگەی بلاْوکردنەوەیان پێدرا، بۆیە گەلی کورد هیوای زۆری بە کۆماری ساوای عێراق هەبوو، هەر زوو عبدالکریم قاسم جێگەی خۆی لە دڵی خەڵکی کوردستان کردەوە، بەلاْم ئەو بەڵێن و پەیمانانەی عبدالکریم قاسم بە کوردی دابوو زۆر بەردەوام نەبوو، هەر زوو لە زۆربەی بەڵێن و پەیمانەکانی بەرامبەر بەکورد پەشیمان بۆوە، ((حکومەتی عبدالکریم بەرەو گۆڕینی هەڵوێستی هەنگاوی دەهاویشت بەو نیازەی لەباوەشی دیموکراسیەت بڕواتە باوەشی نەیارانی گەل و نیشتمان ئەوەش ڕێڕەوێکی ترسناك بوو بۆ لە دەستدانی دیموکراتی))[1]. ئەمەش لەژێر کاریگەری عەرەبە شۆڤێنیەکان بوو، کە کاریگەریان بەسەر سیاسەتەکانی (عبدالکریم قاسم) هەبوو. بۆیە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ ەوە حکوومەتی (عبدالکریم قاسم) هەوڵی دژایەتی کوردی دەستپێکرد، هەروەها هەوڵیدەدا دووبەرەکی لەناو کورد دا دروست بکات.

لەلایەکی تر ئەوەی گەلی کوردی بێزار و تووڕەکرد، ئەو هەڵمەتە ڕاگەیاندنە بوو لەلایەن چەند ڕۆژنامەیەکی نزیك لە حکوومەت دژی گەلی کورد دەستی پێکرد، ئەویش بریتی بوو لە زنجیرەیەك وتار لە ڕۆژنامەکانی (بغداد والثورة) بەمەبەستی سوکایەتی و بێزارکردنی خەڵکی کوردستان بلاْوکرانەوە. بۆیە دەبینین (گۆڤاری هەتاو) لە بەرامبەر نووسینی ئەم ڕۆژنامانە بێ دەنگ نابێت. وەکو گۆڤارێکی گرنگی ئەو سەردەمەی (هەولێر) و کوردستان وەلاْمی ئەم ڕۆژنامانە دەداتەوە. لەژمارە (١١٦) ڕۆژنامەی (بەغدا) وتارێکی بلاْوکردۆتەوە، بنچینەی چەندین هۆزی کوردی وەکو (پشدەر، خۆشناو، بلباس )و فەرمانڕەواکانی (بادینان و بابان)ی بردۆتەوە سەر عەرەب. وەلاْمی گۆڤاری هەتاو لە (ژ:١٨٤،ل٥٦)، (ژ:١٥٨،ل٣)لە ژێرناوی (وەلاْم بۆ خاوەندی ڕۆژنامەی بەغدا)بلاْوکراوەتەوە، لەبەشێکی دەڵێ:((برا عەرەبەکانمان سامین و نەتەوەیی کوردیش لەپاکترین سەرچاوەی نەژادی ئاریانە، سامی و ئاریش لەلایەن زمان و ڕەنگ و بەرگ و ژیان و خاك و ئاو و هەوای ولاْتەکەشیانەوە جیاوازیەکی بێ ئەندازەیان هەیە))(ژ: ١٨٤، ل٥٦).

دواتر حکوومەت دەستی کردبـە کپکردنی ئازادییەکان بەتایبەتی لە بواری ئازادی ڕۆژنامەنووسی. ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی داخست، یەکێك لەو گۆڤارانەی بەر ئەو

---

١- بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧ دا، زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ساڵ(؟) ،ل ٢٦٣.

هەڵمەتە کەوت، (گۆڤاری هەتاو)بوو، کە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا گۆڤارەکە لەساڵی ١٩٥٤ تاکو ساڵی ١٩٦٠ (١٨٨) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

بیانووی داخستنی گۆڤارەکەش ئەوەبوو، خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە(گیوی موکریانی) وتارێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی( تورك و تورکمان لەعێراقدانییە)(ژ:١٨٢،ل ٣٥). بۆیە بەگوێرەی بڕیاری دادوەری سەربازی گۆڤاری هەتاو قەدەغەکرا، خاوەنی گۆڤارەکەش (گیوی موکریانی)، کە نووسەری ئەم وتارە بوو، ماوەی مانگێك خرایە بەندیخانەی شاری(حیللە)، دواتر بە کەفالەتی بڕی(٣٠٠) دینارو دورکەوتنەوە لە دەرکردنی گۆڤارەکە ئازادکرا[١].

---

١- هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٦٣)، ل ٢٤١.

## تەوەری دووەم/

# باری ڕۆشنبیری شاری هەولێر ١٩٥٤-١٩٦٠

بۆ ئەوەی لەبارودۆخی ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە تێبگەین، بەپێویست دەزانرێ باسی ئەم لایەن و هۆکارانە بکرێ، کە بەلای ئێمەوە بوونەتە هۆی بنیاتی ڕەوتی ڕۆشنبیری شاری هەولێر لەو سەردەمەدا، کە گۆڤاری هەتاوی تێدا دەرچووە.

خوێندن، یەکێکە لەبنیاتە سەرەکیەکانی ڕەوتی ڕۆشنبیری، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر باری ڕۆشنبیریی هەموو میللەتێکدا هەیە، لەکۆنەوە لەکوردستان و هەولێر بەتایبەتی تاکە مەڵبەندی خوێندن و زانست مزگەوت و قوتابخانە ئایینییەکان بوون. هەولێر بە مەڵبەندێکی گرنگی فێرکردنی زانایانی ئایینی ئیسلام دادەنرێت، ئەمەش بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆری حوجرە و قوتابخانەی ئایینی دەگەڕێتەوە، کە مامۆستایانی ئایینی وانەی ئایینی و زانستی تریان تێدا دەگوتەوە. هەولێر بەیەکەم شوێنی دەرکەوتنی خوێندنی ئایینی لەکوردستان دادەنرێ، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی یازدەیەمی زایینی و سەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچی، لەسەردەمی ئەمیر (ئەبو مەنسور سەرفەتەکین)ی ئەتابەگی. لەو سەردەمەدا (خدری کوڕی نەسری کوڕی عوقەیل (١٠٨٥-١١٧٧ز) پاش ئەوەی خوێندنی ئایینی لەشاری بەغدا تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە هەولێر، لەقەڵای هەولێر مزگەوتێك بەناوی (عوقەیل) بنیات دەنێ و لەناو مزگەوتەکە حوجرەیەك بۆ خوێندنی ئایینی دروست دەکات [١].

ئەم قوتابخانە ئایینیانە بایەخیان بەزانستە ئایینیەکان و زانستەکانی دیکە داوە، هەروەها بوونەتە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی گشتی. چەندان زانا و ئەدیب و شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیر و سیاسەتوان و کاربەدەست لەو قوتابخانە ئایینیانە پێگەیشتوون. زۆربەی ئەو زانایانە لەخزمەتی نەتەوەی کورددا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، کە بایەخیان بەلایەنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی نەتەوەی کورد داوە. شاعیرە کلاسیکییەکانی کوردستان و هەولێر بەتایبەتی دەرچووی ئەم قوتابخانە ئایینیانە بوونە[٢]. لەناو شاری هەولێر گرنگییەکی تایبەت بە قوتابخانە ئاینییەکان دراوە، خەڵك منداڵەکانیان ناردووە بۆ مزگەوت و قوتابخانە ئایینیەکان. بۆیە دەبینین چینێکی

---

١- ڕۆڵی زانایانی ئایینی لەژیانی سیاسی هەولێردا (١٩٤٥-١٩٧٥)، فاخر عالی عبابکر، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠١٣، ل١٤.

٢- بزاڤی ڕۆشنبیریی لەشاری هەولێر (١٩٥٨-١٩٧٥)دا، هۆشەنگ سالح محەمەد شەریف، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١١،ل٣.

دەست ڕۆیشتوو هەبووە، ئەوانیش دەوڵەمەند و ئاغا و بازرگانەکان بوون، لەنێو ئەم چینەدا ((هەندێ کەسایەتی هەبوون لەڕێگەی دروستکردنی چەندین مزگەوت و قوتابخانەی ئایینی توانییان جوڵانەوەیەکی خوێندەواری و ڕۆشنبیری دروست بکەن، بەتایبەتی ڕۆشنبیری ئایینی))[1] هەر چەندە لە قوتابخانە ئاینییەکان خوێندن بە زمانی عەرەبی و ئەدەبی فارسی بەزمانی فارسی بووە، زۆربەی ئەو بابەتانەی خوێندوویانە بابەتی ئایینی بوونە، بەڵام لەهەمان کاتیش دا گرنگییان بە ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی داوە، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی مزگەوت و تەکیەکانی شاری (هەولێر) باسی شیعرو ئەدەب و خوێندەواری دەکرا[2]، بەم شێوەیە قوتابخانە ئاینییەکان هەندێکیان بەردەوام بوون لەبواری فێرکردن و گەشەپێدانی بواری ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر تا بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، بەڵام دواتر وردە وردە ئەم برەوەی جارانیان نەما، پاش ئەوەی قوتابخانە فەرمییەکان ژمارەیان زیادی کرد.

هەروەها یەکێك لەبڕیارەکانی حکومەتی شۆڕشی چواردەی تەمووز کردنەوەی خولی پەروەردەیی بوو بۆ کۆمەڵێك مەلاو موستەعیدەکان بۆ ئەوەی بیانکات بەمامۆستای قوتابخانە فەرمیەکان[3]، هەرچەند بە((دەرکەوتنی خوێندنی فەرمی لەکوردستان دا خوێندنی حوجرەکان لاوازی تێکەوت، بەڵام نەبووە جێگرەوەی بە تەواوەتی، چونکە تاکو ئێستا خوێندنی فەرمی و خوێندنی حوجرە بەیەکەوە بەردەوامیان هەیە))[4]، بەڵام بەشێوەیەکی کەم، بەتایبەتی لەناوچەکانی دەوروبەری شاری (هەولێر)دا.

سەبارەت بەخوێندنی فەرمی، کە زۆرترین کاریگەری بەسەر باری ڕۆشنبیری شاری هەولێردا هەبووە، لەسەرتای سەدەی بیستەم لەم شارەدا قوتابخانەی فەرمی کراوەتەوە. بەڵام لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی ڕەوشی پەروەردە و خوێندن بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆیەوە نەبینیوە. هەر چەندە لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی بەگوێرەی دەستوور، هەموو نەتەوەیەك مافی خوێندن و نووسین بەزمانی خۆی هەبوو، بەڵام ئەو حکوومەتانەی هاتوونەتە سەر دەسەڵات لە کوردستان بەگشتی بەتەواوەتی ئەم بڕیارانەیان جێ بەجێ نەکردووە، هەموو کات کێشە و کۆسپیان بۆ خوێندن دروست کردووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی نەرێنی دەسەڵاتدارانی عێراقی

---

١- باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر ١٩٣٥-١٩٥٨، گۆران سۆران فەیزی، ل٤٧.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٥١-٥٢.

٣ - بزاڤی ڕۆشنبیریی لەشاری هەولێر (١٩٥٨-١٩٧٥) دا، ل٣.

٤- ڕۆڵی زانایانی ئایینی لەژیانی سیاسی هەولێردا (١٩٤٥-١٩٧٥)، ل٢٤.

بەرامبەر بەنەتەوەی کورد[1]. شاری هەولێر وەکو زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بەدرێژایی سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی بەبەردەوامی کێشەی کەمی ژمارەی قوتابخانە و مامۆستای هەبووە، لەگەڵ پێویستییەکانی کاروباری فێرکردن[2]. بۆ نموونە لەساڵی (١٩٥٢) ژمارەی قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان (٤٠) بوو. هەروەها هی کچان (٦) دانەبووە.[3] لەساڵی (١٩٥٤) ئەم ڕێژەیە بەرزبۆتەوە، ژمارەی قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان بووە بە (٦٠)دانە، هی کچان بووە بە (٨)دانە، لە کاتێك دا (٤) قوتابخانەی ئامادەیی هەبووە، کە (٣)دانەیان هی کوڕان بووە، (١) دانە هی کچان بووە[4].

لەلایەکی تر یەکێك لەو گیروگرفتانەی ڕووبەڕووی خوێندن بوویەوە لەهەموو ناوچەکانی کوردستان، ئەوەبوو لە قوتابخانە سەرەتاییەکان بەزمانی کوردی دەخوێنرا، بەڵام لەقۆناغی ئامادەیی بەزمانی عەرەبی دەخوێندرا، ئەم گۆڕانەش لەزمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی کێشەی بۆ قوتابییان دروست کردبوو، سەرباری ئەوەی کە بەپێی دەستوور هەموو نەتەوەیەك لەعێراقدا مافی ئەوەی هەبوو بەزمانی خۆی بخوێنێ. سەرباری هەموو ئەو کێشە و کەم و کورتیانەی لەبواری پەروەردە و خوێندن هەبووە، بەڵام قوتابخانە فەرمییەکان بەبەردەوامی لەشاری هەولێر زۆرترین کاریگەرییان بەسەر بواری ڕوناکبیری و ڕۆشنبیریی شاری (هەولێر)دا هەبووە، لەو قوتابخانانە بەدەیان نووسەر و شاعیر و ڕوناکبیر و سیاسەتوان و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی ناسراو پەیدابوون و پێگەیشتن لەشاری هەولێر، کەواتە قوتابخانەکان لەپاڵ پەروەردە و فێرکردن مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی گشتیش بوون.

پرۆسەی پەروەردە و خوێندن و فێرکردنیش لەو قوتابخانەدا لەلایەن کۆمەڵێك مامۆستای دڵسۆز و لەخۆبووردو پەروەردەییەوە بەڕێوەدەچوو[5]. بۆیە پێویستە ئاماژە بەدەوری ئەو مامۆستایانە بکەین، هەرچەندە ژمارەی مامۆستایان لەشاری هەولێر لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی زۆرکەم بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەورێکی سەرەکی و گرنگیان هەبوو لەپێشخستنی باری ڕۆشنبیری لەشاری هەولێردا، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە توانییان بەباشی قوتابییان پەروەردە و چالاك بکەن، بەهەوڵ و کۆششی خۆیان توانییان زمان و ئەدەبی کوردی لای قوتابیان

---

١- ڕۆژنامەی برایی، برایەتی (١٩٦٧-١٩٧٤)، ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئاریان ئیبراهیم محەمەد، بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠٥، ل٩٤.

٢- اربیل، دراسة تاریخیة في دورها الفكري والسیاسي، ١٩٣٩-١٩٥٨، ص٧٣.

٣- اربیل، دراسة تاریخیة في دورها الفكري والسیاسي، ص٧٤.

٤- ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، ل٤٨.

٥- باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨، ل٥٥.

خۆشەویست بکەن، کە لەدواتردا لەم شارەدا ئەم قوتابی یانە بوون بەتوێژێکی ڕۆشنبیر و نووسەر و ئەدیب و کار بەدەست.

لەسەرەتای پەنجاکان لەشاری (هەولێر) کۆمەڵەی مامۆستایان دامەزرا، ئەوەبوو لە ١٩٥٠/٤/٥ ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێك مامۆستای ڕۆشنبیر هاتە ئاراوە، کە لەیەکەم هەڵبژاردنی خۆی ئەم کۆمەڵەیە (عیزەدین فەیزی)ی* بەسەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژارد. ئەم کۆمەڵەیەش تا ڕادەیەکی چاك توانی دەوری خۆی لەبواری پەروەردە و ڕۆشنبیری بەباشی و پوختی ببینێت. بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی لەشاری هەولێر گەشەپێبدات، ئەویش بەئەنجامدانی چەندین چالاکی ڕۆشنبیری لەشاری هەولێردا[1]. لەبارەی ئەم کۆمەڵەیە (کەریم شارەزا) دەڵێ:((ئەو کۆمەڵەیە لەسێ ساڵی یەکەمی کارکردنیدا دەورێکی باشی هەبووە لەپێشخستنی خوێندن بەزمانی کوردی لەپارێزگای هەولێردا ئەویش بەکردنەوەی قوتابخانەی نوێ لەناو شار و دەرەوەی شار))[2].

جگە لەڕێکخراوی مامۆستایان دوو ڕێکخراوی قوتابییان لەشاری (هەولێر)دا ڕۆڵی کاریگەرییان لەناو قوتابیانی شاری هەولێردا هەبووە، ئەم ڕێکخراوانەش سەر بەپارتە سیاسییەکان بوون، لەچوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیاندا بایەخیان بەڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی داوە، (یەکێتی گشتی قوتابیان) ئەم ڕێکخراوە سەر بەحیزبی شیوعی عێراقی بووەو لەساڵی (١٩٤٨) دامەزراوە، (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان بوو و لە ساڵی (١٩٥٣) دامەزراوە، ئەم دوو ڕێکخراوە چەندین کار و چالاکی دیار و بەرچاویان لەناوشاری هەولێر ئەنجامداوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری کردۆتەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری قوتابیانی ناو شاری (هەولێر) و دەوروبەری[3].

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز عێراق کەوتە بارودۆخێکی تازەوە، گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهات لەهەموو ڕوویەکەوە، ڕۆشنبیری کوردیش بوژانەوەیەکی تەواوی بەخۆیەوە دیت،

---

١- یەکێتی نووسەران و دوو کۆڕ، عیزەدین فەیزی، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، هەولێر، ١٩٨١، ل١٦.

٢- دەوری مامۆستایانی هەولێر لە کۆمەڵە و سەندیکای مامۆستایان بۆ پێشخستنی خوێندن بەزمانی کوردی، کەریم شارەزا،گۆڤاری هەولێر،ژ(٧)،٢٠٠٠، ل٥٠.

٣- بزاڤی ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر (١٩٥٨-١٩٧٥) ل٨٩، الحركة الطلابية الكوردية في العراق ١٩٢٦-١٩٧٠، ص٧٦.

*-عیزەدین فەیزی لەساڵی ١٩١٧ز لە هەولێر لەدایك بووە دەورێکی گرنگی گێڕاوە لەبواری پەروەردەو ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر، لەساڵی١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە، عیزەدین فەیزی(١٩١٧-١٩٨٥)، کەریم شارەزا ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم،ل٤٥٣١.

چاپەمەنی کوردی زیاتر بوو، هەستی نەتەوایەتی و خوێندن و نووسین بەکوردی پەرەی سەند، بۆ ئەوەی بواری پەروەردە و خوێندن لەکوردستان پێشبکەوێ و گەشەی پێ بدرێ، ئەوەبوو حکومەتی(عەبدولکریم قاسم)، بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە ساڵی(١٩٥٨) لە بەغدا دامەزراند. ئەو بەڕێوبەرایەتییە توانی خزمەتێکی زۆری خوێندن بەزمانی کوردی بکات، ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لەکردنەوەی چەندین قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و هەروەها کردنەوەی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەکوردستاندا[1]. لەپاڵ کردنەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، کە بە یەکێك لەدەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز دادەنرێ بۆ بوژانەوەی ڕەوشی خوێندن و ڕۆشنبیری لەکوردستان، مامۆستایان و نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لەژێر سێبەری ئەو بارودۆخەی شۆڕشی ١٤ی تەمووز بۆ گەلی کوردی ڕەخساند بوو، ئەوەبوو کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کوردیان لەشارۆچکەی (شەقلاوە)ی سەر بەشاری هەولێر، لەڕێکەوتی ١٩٥٩/٩/١٠ بەستا.

ئەم کۆنگرەیە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، تیایدا نزیکەی (١٤٠)کەس لەڕۆشنبیر و مامۆستا و قوتابی و فەرمانبەر و مێژوونووس و ئەدیب و شارەزایانی بواری زمانی کوردی بەشداری ئەم کۆنگرەیە بوون، کە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان هاتبوون مامۆستا و ڕۆشنبیرانی هەولێر زۆرترین ژمارەی بەشداربووانی پێك هێنابوو، ئەم کۆنگرەیە بۆ ئەوە بەسترا، تا بایەخ بە زمان و ئەدەب و مێژووی کورد و وەرگێڕان و خوێندن لەقۆناغەکانی خوێندن و کاروباری مامۆستا و قوتابیان بدرێ، بۆ ئەم مەبەستەش چەند لێژنەیەك پێکهێنرا، دواتر چەند ڕاسپاردەیەك پەسند کران لەوانە:

١- چاپخانە بۆ چاپەمەنی کوردی لەهەموو شارێك دا هەبێ.

٢-کتێبخانە لە هەموو شوێنێك هەبێ.

٣- هەوڵی نەهێشتنی نەخوێندەواری بدرێ.

٤-هەوڵبدرێت یەکێتی زمانی کوردی بێتە کایەوە، واتە دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەیەکتر نزیك بکرێتەوە.

٥-زمانی کوردی لەناوچە کوردیەکان ڕەسمی بێت.

٦- مێژووی کۆن و نوێی کورد لەقوتابخانەی سەرەتای و ناوەندی بخوێنرێ.

٧-یارمەتی ئەو کەسانە بدرێ، کە لە بواری وەرگێڕان کاردەکەن.

٨- زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغەکانی خوێندن بخوێنرێ.

---

١- یەکێتی نووسەران و دوو کۆڕ، ل٢٣.

٩- فەرهەنگێکی کوردی کە هەموو شێوەکانی کوردی بگرێتەوە دروست بکرێ. گۆڤاری هەتاو، (ژ:١٦٣).

گۆڤاری (هەتاو) کار و چالاکی یەکانی ئەم کۆنگرەیەی لە(ژ:١٦٢-١٦٣) بڵاوکردۆتەوە، چونکە ئەم کۆنگرەیە خزمەتێکی زۆری بواری ڕۆشنبیری و فێرکردن و پەروەردەی لە کوردستان کردووە. گۆڤاری هەتاو بەم بۆنەیەوە پارچە شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە، کە لەلایەن مامۆستایەك بەناوی (خەلیل بەگ خۆشناو) لە کۆنگرەکەدا خوێندراوەتەوە. دەڵێ:

((سلاّوی چاکی کورد و کوردستان بۆ ئەم کۆنگرەی مامۆستای کوردان
جەژن و شادیە وا لە کوردستان شینو تازیەیە لەناو دلپیســـــان
بەڵێ کۆنگرەی کوردی کوردستان شکاندی پشتی کۆنەپەرستان
بروسکە بنێرن بۆ ئازادی خوازان میللەتی کوردیش واهاتە میدان))
(ژ:١٦٣،ل٢)

هەروەها کۆنگرەی دووەمیش لە ١٥-١٧ی مانگی ئابی ١٩٦٠دا بەسترا، ئەم کۆنگرەیەش هەر لەشارۆچکەی (شەقلاّوە) بەسترا. ئەم کۆنگرەیەش کار و چالاکی یەکانی لە(ژ:١٨٤-١٨٥) گۆڤاری (هەتاو) بڵاوکراوەتەوە، گۆنگرە چەندین بڕیار و پێشنیار و ڕاسپاردەی گرنگی لێ کەوتەوە، لەخزمەت ڕۆشنبیری و فێرکردن و پەروەردە بوون، لەوانە:

١- یارمەتی شاعیر و نووسەرانی کورد بدرێ.

٢-کۆکردنەوەی ئەدەبی میللی کوردی و گرنگی بە مێژووی کورد لە قۆناغەکانی خوێندن بدرێت.

٣-ئەدەبی کوردی لەقوتابخانەکانی عێراق بخوێندرێ.

٤-زاراوەی سۆرانی بکرێت بەبنچینە بۆ زمانی کوردی لەعێراقدا، بەزاراوەکانی تری کوردی لەبارەی ڕێزمان و وشەوە موتوربە بکرێت.

٥- ناردنی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوە بۆ پسپۆڕی لەبواری ئەدەبدا.

٦- دامەزراندنی چاپخانەیەکی تایبەت بۆبڵاوکردنەوەی چاپەمەنی کوردی و فەرهەنگێکی کوردی بۆ زمانی کوردی دابنرێت.

٧- کاربکرێت بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری. گۆڤاری هەتاو، (ژ:١٨٥).

سەبارەت بەبواری ڕۆژنامەگەری، کە بەلایەنێکی گرنگ دادەنرێ لەبنیاتی ڕەوتی ڕۆشنبیری لەناو هەموو میللەتێك. لەناو کوردیش سەرهەڵدانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بایەخێکی زۆری پێدراوە لەلایەن ڕۆشنبیرانی کورد، هەردەم

پێشەنگ بووە لەکاروانی ڕۆشنبیری. لەشاری (هەولێر)یش وەکو شارێکی دێرین و گرنگی کوردستان، هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەپێی بارودۆخ و تایبەتمەندیی شارەکە، کۆمەڵێك ڕۆژنامە و گۆڤاری تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە دەوری سەرەکییان لەبنیاتنان و پێشخستنی باری ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەو گڕو تین دان بەهەستی نەتەوایەتی و هوشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی لەدەردە کۆمەڵایەتی یەکان و هاندانیان بۆ خوێندەواری بینیوە، سەرباری ئەم هەموو ئاستەنگ و کەم و کورتیەی هاتۆتە بەردەمیان [1]. لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ڕۆڵی چەند کەسێکی ڕوناکبیر و نەتەوە پەروەری کورد بکەین، لەوانە(حوزنی موکریانی و گیوی موکریانی)برای، کە کەسانی بەتواناو بە ئەزموون بوون لەبواری ڕۆژنامەنووسی و چاپەمەنی، لەم ڕێگەیەوە خزمەتێکی زۆری ڕۆشنبیریی کوردییان کردووە، ئەمەش زیاتر هۆکاری نەتەوەیی پاڵنەر بووە، گرنگی و بایەخ بە بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی بدەن.

هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە حوزنی موکریانی و گیوی موکریانی دەوری سەرەکییان لەبزاڤی ڕۆژنامەنوسی و چاپەمەنی لەپارێزگای (هەولێر)دا هەبووە. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئامێری چاپ بەڕۆژهەڵاتدا، حوزنی موکریانی (چاپخانەی زاری کرمانجی) لەساڵی (١٩٢٥) لەڕەواندوز دامەزراند، لەهەمان کاتدا گۆڤارێکی بەناوی (زاری کرمانجی)لە ساڵی(١٩٢٦-١٩٣٢) دەرکرد، تەنیا (٢٤) ژمارەی لێ دەرچووە. پاش وەستانی گۆڤاری زاری کرمانجی، چاپخانەیەکی تر لەشاری (موصل) دەکڕن ساڵی ١٩٣٥ لەشاری (هەولێر) دایدەمەزرێنن ،ئەم چاپخانەیەش ناو دەنێن(زاری کرمانجی) و لە٢٢/١٠/١٩٣٥ تا ١٦/٥/١٩٣٦ گۆڤارێك بەناوی (ڕووناکی) لەناو شاری هەولێر دەردەکەن و تەنیا (١١) ژمارەی لێ بڵاودەکرێتەوە، ڕووناکی بەیەکەم گۆڤاری کوردی دادەنرێت لەناو شاری هەولێر بڵاوکرابێتەوە. دەرچوونی ئەم گۆڤارە وەرچەرخانێکی نوێ بوو لەمێژووی ڕۆژنامەنووسی شاری هەولێر بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی. دەرچوونی ئەم گۆڤارە وەکو شۆڕشێکی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر لەقەڵەم دەدرێ،دەوری لەپێشخستنی بواری ڕۆشنبیری وئەدەبی وهۆشیاری نەتەوایەتیدا هەبووە.

دوای وەستانی گۆڤاری ڕووناکی، ئەم چاپخانەیەی لەشاری (موصل) کڕی بوویان، پاش (١١)مانگ خاوەنەکەی بردیەوە بۆ موصل، لەبەر ئەوەی نەیان توانی ئەو قەرزەی لەسەریان بوو بیدەن بەخاوەنەکەی، تا ساڵی(١٩٤٧) گیوی موکریانی جارێکی تر چاپخانەکەی (موصل)ی

---

١- ڕۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر ١٩٣٥-١٩٧٥، عەبدوڵڵا ئەنوەر (سمکۆ)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٩.

هێنایەوە بۆ هەولێر، دوای ئەوەی قەرزەکەی دا بەخاوەنەکەی و لەهەمان کاتیش دا چاپخانەکەی ڕەواندزیشی هێنا بۆ هەولێر و کردنی بەیەك چاپخانەو ناوی نا (چاپخانەی کوردستان). بەم جۆرە ئەم چاپخانەیە چ لە ڕەواندز یان هەولێر دەورێکی کاریگەری بینیوە لەسەرهەڵدان و بەرەو پێشچوونی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەشاری هەولێردا، بەم شێوەیە سەرەتای ڕۆژنامەوانی لەشاری هەولێر دەست پێ دەکات، لەگەڵ ئەوەش ئەم چاپخانەیە دەیان کتێبی کوردی بەچاپ گەیاندووە، لەپاڵ چاپ کردنی چەندین گۆڤار[1]. بەم شێوەیە چاپخانەی زاری کرمانجی دواتر چاپخانەی (کوردستان)و دەرچوونی ئەم دوو گۆڤارە خزمەتێکی زۆری بەبواری ڕۆشنبیری کوردستان بەگشتی و هەولێری بەتایبەتی کردووە. لەم بارەیەوە (محمود زامدار) دەڵێ:((هاتنەکایەی (زاری کرمانجی) و لەپاشا (ڕووناکی) و چاپخانەی حوزنی نەمر و گیوی موکریانی، هەرایەکی گەورەی لەژیانی ڕۆشنبیری هەولێر و کوردا نایەوە و تاکە تاکە ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی شار و دەرەوەی شاری بۆ لای خۆی ڕاکێشاو پۆرەی پێ بەستن))[2]. دواتر لەساڵانی چلەکان لەناو شاری هەولێر چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی تر بڵاوکراوەتەوە، وەك هەفتەنامەی (گۆڤار)، ڕۆژنامەی (ئازادی) و گۆڤاری (تێ کۆشین) بەڵام ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە بەنهێنی لەلایەن پارتە سیاسی یەکان بڵاوکراونەتەوە[3].

لە ساڵی (١٩٤٨) لەپاش (١٢) ساڵ لەوەستانی گۆڤاری (ڕووناکی)، بۆ یەکەم جار لەناو شاری هەولێر ڕۆژنامەیەکی ئەهلی بەئاشکرا بەناوی (هەتاو) بڵاوکراوەتەوە، خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی((ئەمین رواندزی ١٨٩٨-١٩٥٥ز))بووە.ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی هەفتەنامەی ئەدەبی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام تەنیا (١) ژمارەی لێ دەرچووە[4]. لەپاڵ ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ناوشاری هەولێر، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دەرەوەی شاری(هەولێر)یش دەوریان لەگەشەسەندنی باری ڕۆشنبیریی شاری هەولێر هەبووە هەروەکو((هەر لەچلەکانیشدا گەلێ وردە بڵاوکراوەی نهێنی وسیاسی بەزمانی خۆمان هاتەکایەوە، سەرباری گەرم بوونی بازاڕی ڕۆشنبیری هەولێر بە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی(گەلاوێژ)و(ئازادی)و(ژین) و(دەنگی گێتی تازە)و(نزار)و (هتد...)))[5].لەپاڵ ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە، بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە غەیرە کوردییانەی دەگەیشتنە

---

١- ڕۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر ١٩٣٥-١٩٧٥، ل٤٠، هونەرەکانی پەخشان لەگۆڤاری زاری کرمانجی دا، مستەفا سالح مستەفا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٠.

٢- بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر، مەحموود زامدار، گۆڤاری بەیان، ژ(١٤)، ١٩٧١، ل٢٨.

٣- ڕۆژنامەوانیی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. هیمداد حوسێن، ل٢٦٩.

٤- ڕۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر(١٩٣٥-١٩٧٥)، ل١٢٥.

٥- بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر، مەحموود زامدار، گۆڤاری بەیان، ژ(١٤)، ل٢٨.

هەولێر، ئەمانەش کاریگەرییان هەبوو لەسەر ڕووناکبیران و ڕۆشنبیرانی ناو شاری (هەولێر)و دەوروبەری، بووەتە هۆی ئەوەی کاریگەری بە سەر ڕەوتی ڕۆشنبیری ناو شاری هەولێر دا هەبێت.[1]

لەگەڵ سەرەتای ساڵی پەنجاکان لەئەنجامی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و هاتنە پێشەوەی کۆمەڵێك ڕۆشنبیر، بزوتنەوەی ڕۆشنبیری بەتایبەتی بواری ڕۆژنامەنووسی لەشاری (هەولێر) چوەتە قۆناخێکی نوێوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵەی مامۆستایانی لقی هەولێر دامەزرا، گرنگترین دەسکەوتی ئەم کۆمەڵەیە دەرخستنی ڕۆژنامەی (هەولێر- اربیل) بوو. ئەم کۆمەڵەیە گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە ناتوانێت جووڵانەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ڕێك بخات و نووسینیش لەناوشاری (هەولێر)دا بەزمانی کوردی بڵاوبکاتەوە، بەبێ ئەوەی ڕۆژنامەیەکی تایبەتی بەخۆیەوە هەبێت، بەم جۆرە پاش چەند هەوڵ و تەقەلایەك گرنگترین هیوا و دەست کەوتی کۆمەڵەکە هاتەدی، ڕۆژنامەکە بەزمانی کوردی و عەرەبی لە (هەولێر) دەرچوو، بەشە کوردییەکەی کاریگەریەکی زۆری کردە سەرباری ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردستان بەگشتی و هەولێر بە تایبەتی.

زۆربەی نووسەران و ئەدیبانی ئەو کاتی هەموو شارەکانی کوردستان هەتا لەدەرەوەی عێراقیش بەنووسین بەشدارییان لەم ڕۆژنامەیە دەکرد[2]. لەبارەی دەوری ئەم ڕۆژنامەیە لەشاری (هەولێر)دا کەریم شارەزا دەڵێت:((لەگەڵ داهاتنی ساڵانی پەنجاکان هەولێر بزوتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی چاکی بەخۆیەوە بینی بەتایبەت دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی (هەولێر) زمان حاڵی کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر لە ١٩٥٠/١٢/١٦ ئەو ڕۆژنامە هەفتەییە بەزمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو. گەلێك وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری گشتی تێدا بڵاودەکرایەوە تا کۆتایی (١٩٥٣) بەردەوام بوو لەدەرچوون و گەلێك نووسەر و شاعیری کورد بەشدارییان لەنووسیندا دەکرد))[3]. ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەم سەردەمەدا چ لەهەولێرو چ لە دەرەوەی هەولێر، لەبەرکەمی کتێب بوو بوونە سەرچاوەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری، هەروەها دەوریان بەهێزکردنی گیانی نەتەوایەتی و خۆشەویست کردنی زمانی کوردی و لای تاکی کورد بوو، لەڕاستیشدا ئەم چاپەمەنییانە جێگەی کتێبیان دەگرتەوە[4].

---

١- باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر ١٩٣٥-١٩٥٨، گۆران سۆران فەیزی، ل١٤.

٢- یەکێتی نووسەران و دوو کۆڕ، عیزەدین فەیزی، ١٧، ٢٩.

٣- باری ئەدەبی و ڕووناکبیری پەنجایەکان لەهەولێر و کۆیە، مێژگەرد، گۆڤاری ڕامان، ژ(٤٠)، ١٩٩٩، ل١٥٣.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩، بزاڤی ڕۆشنبیریی شاری هەولێر (١٩٥٨-١٩٧٥)، ل٢٠، ٧٣.

لەلایەکی تر، یەکێکی تر لەو لایەنانەی دەوری سەرەکی هەبووە لەبەرەو پێشچوونی باری ڕۆشنبیریی لە شاری هەولێردا، کتێبخانەکانی شاری هەولێرن، کتێبخانەکان کاریگەرییان لە هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی خەڵك دا هەبووە. یەکێك لەو کتێبخانانە (کتێبخانەی گشتی هەولێر)ە، لە ساڵی (١٩٤٣)لەلایەن دەوڵەتەوە دامەزراوە، بەهۆی ئەوەی ئەو کتێبخانەیە ژمارەیەکی زۆری کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری لەخۆگرتبوو، بۆ کتێب خواستن و خوێندنەوەی کتێب خەڵکێکی زۆرهات و چۆی ئەو کتێبخانەیان کردووە.

ئەم کتێبخانەیە بەمەڵبەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری گشتی لەشاری (هەولێر) دادەنرێ، تاکو ئێستاش بەردەوامە[1]. یەکێکی تر لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی شاری (هەولێر)، کتێبخانەی (هەولێر)ە لە ساڵی (١٩٤٤) دامەزراوە، ئەم کتێبخانەیە بەوە ناسراوە زیاتر ئەو کەسانەی هاتووچۆی ئەم کتێبخانەیان کردووە هەڵگری بیروباوەڕی چەپ بوونە، چونکە خاوەنەکەی خۆی کەسێکی شیوعی بووە، کەناوی (شێخ محەمەد محەمەد ١٩٢٧-٢٠٠٢)ە، بە شێخەشەل ناسراو بوو، لەو سەردەمە خەڵکێکی زۆری ڕۆشنبیر بوون بە هەڵگری بیری مارکسیەت، بەتایبەتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی و سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت بەسەر نازیەت. ئەم کتێبخانەیە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری فرۆشتووە، زۆربەی ئەو کتێب و گۆڤارانەی فرۆشتوویەتی پەیوەندی بە بیروباوەڕی مارکسیەتەوە هەبووە،ئەم کتێبخانەیە ڕۆڵی دیاری لە وشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی دیوە، لەساڵی (١٩٥٤) داخراوە[2].

هەروەها یەکێکی تر لەکتێبخانە گرنگەکانی شاری (هەولێر) کتێبخانەی (سەربەستی)بوو کە لە ساڵی (١٩٤٧) کراوەتەوە، خەڵکێکی زۆر هاتووچۆی ئەم کتێبخانەیان کردووە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە ئەندام و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بوونە، چونکە ئەم کتێبخانەیە وەکو بنکەیەك وابووە بۆ ئەوان [3]، کتێبخانەی(باکور) هەبووە، لەساڵی ١٩٣٧-١٩٣٨ دا دروستکراوە، بە کۆنترین کتێبخانەی شاری(هەولێر) دادەنرێ، ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی فرۆشتووە، کە زۆری چاپەمەنی عەرەبی بوونە، هەروەها بریکاری گۆڤاری (گەلاوێژ) بووە لە شاری (هەولێر)،لەلایەکی تر لەسەر داوای سەربازە بەریتانییەکان ڕۆژنامەی (لەندەن تایمز)یشی

---

١- گەشتێك بەنێو کتێبخانەکانی شاری هەولێردا، گۆڤاری بارش، بەرهەم عەلی، ژ(٥)، ٢٠٠١، ل٦٦.

٢- شێخەشەل خاوەنی کتێبخانەی هەولێر، تاریق جامباز، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٠)، ١٩٩٨، ل١٨٣، قامووسی ناوە نەمرەکانی کوردستان،ل٨٧

٣- ڕۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر، ١٩٣٥-١٩٧٥، ل٧٥.

**لا دەست دەکەوت [1].**

**سەرەڕای ئەمانەش سێ کتێبخانەی تریش لەناوشاردا هەبوون ئەوانیش (کتێبخانەی ئایینی)، (کتێبخانەی عەسکەری)، (کتێبخانەی جیهاد)بوون، لەبەرکەمی چاپەمەنی کوردی لەو کتێبخانانەدا گۆڤار و ڕۆژنامەی میسری و عێراقی و سوری و لوبنانی دەفرۆشران[2]. هەروەها لەدوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموز چەند کتێبخانەیەکی تریش کراونەتەوە، کتێبی کوردی و عەرەبی و پێداویستی قوتابیانیان فرۆشتوە لەوانە کتێبخانەی (شۆڕش) و(ئازادی)[3].**

**لەلایەکی ترەوە لەناو شاری هەولێر چەند بنکەیەکی کۆمەلاّیەتی هەبوو، کە هەریەکێ لەو بنکانە بەپێی هەڵکەوتی خۆی دەور و کاریگەری لەسەرباری ڕۆشنبیری و ئەدەبی شاری (هەولێر)دا هەبوو، یەکێ لەو بنکانە (چایەخانەکان)ە وەك دەزگایێکی ڕۆشنبیری لەو سەردەمەدا خۆیان دەنواند.**

**کۆنترین چایەخانە لە شاری(هەولێر)مێژووکەی لەهەموویان کۆنترە چایەخانەی (مام ئەنیشتەی ئەرمەن) بووە، چایخانەکانی تری شاری هەولێر وەك: قاوەخانەی عەبۆ لەساڵی١٨٨٥ دروست کراوەو لەساڵی١٩٨٣داخراوە، چایخانەی عەلی فلەیح، لەساڵی ١٩٢٠ لەبن قەلاّی هەولێر دانراوە، چایخانەی حاجی مستەیل سەرەتا لە (کۆڕێ) دامێنی شارۆچکەی (مەسیف) دانراوە، پاشان گواستراوەتەوە ناو شاری (هەولێر) لەساڵی ١٩٤٩ لەبازاڕی دارتاشان دانراوە، چایخانەی بایز، گازینۆی عەنتەر تا ساڵانی حەفتاکان بەردەوام بووە. چایخانەی مەچکۆ لە ساڵی (١٩٤٠) لەلایەن (مەجید ئیسماعیل مستەفا) دروست کراوە، یەکێکە لەو چایخانە کۆنانەی تا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە و بە چایخانەی ئەدیب و ڕۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسان بەناوبانگە[4]. ئەم چایخانانە وەکو مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری گشتی وابوونە، تیایدا ڕۆشنبیر و نووسەر و ئەدیبان کۆدەبوونەوە و یەکتریان دەبینی، لەو سەردەمەدا دەزگایەکان و هۆیەکانی پەیوەندی کردن بەیەکترەوە وەکو ئەم سەردەمەی ئێستا نەبووە، بۆ ئەوەی نووسەر و ڕۆشنبیران و شاعیران بتوانن پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن ولەبارەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن و ئاگاداری بابەتەکانی یەکتربن. بۆیە دەبینین نووسەر و شاعیران و ڕۆشنبیران لەم**

---

١- باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر،١٩٣٥-١٩٥٨، ل٧٥، کرۆنۆلۆژیای هەولێر لەکۆنەوە تا ١٩٥٨، د.فەرهاد پیربال،چاپخانەی شەهاب،هەولێر،٢٠٠٨،ل١٠٢.

٢- باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر،گۆران سۆران فەیزی، ل٥٨.

٣- گۆڤاری هەتاو، (ژ:١٤١،ل٤١).

٤-چایخانە دێرینەکانی هەولێر، محەمەد سەعید کوردە،ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی شەشەم، ل٢٤٧٠-٢٤٧٤.

سەردەمەدا پەنایان بۆ چایەخانەکان بردووە و لەو چایەخانانەدا یەکتریان بینیوەو باسی ئەدەب و ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی لەنێوانیان دا کراوە. لەناو ئەو چایخانانەدا ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب دەست دەکەوت، کە بۆ خوێندنەوە دانرابوون، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەدیب و نووسەران و ڕۆشنبیران زیاتر خۆیان ڕۆشنبیر بکەن.[1]

لەلایەکی تر یەکێك لەبنکەو دەزگا و کۆمەڵایەتییە هەرە دیارەکانی شاری هەولێر (یانەی فەرمانبەران) بوو. ئەم یانەیە لەشاری (هەولێر) لەساڵی (١٩٢٨) کراوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی بنکەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، شوێنێکی ڕۆشنبیریش بوو، وەکو مەڵبەندێکی کلتوری دەوری دیاری لەڕەوتی ڕۆشنبیری شاری هەولێردا گێڕاوە. ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ڕۆشنبیر و نووسەران و ئەدیبانی شاری (هەولێر) هاتوچۆی ئەم یانەیان کردووە تیایدا گفتوگۆ و باس و خواس دەربارەی ئەدەب و ڕۆشنبیری بەگشتی کراوە، بەو ئامانجەی ڕەوتی ڕۆشنبیری لەشاری (هەولێر) بەرەو پێشبچی"[2].

سینەماکانیش وەکو ناوەندێکی دیکەی تازە ڕۆشنبیریی، کاریگەرییان بەسەر بزاڤی ڕۆشنبیریی شاری(هەولێر)دا هەبووە، بەتایبەتی لەوسەردەمەش هونەری سینەما(هونەری حەوتەم)شتێکی تازەبووە، بۆیە بەشێوەیەکی بەر فراوان ڕوویان لەسینەماکان دەکرد، بەدڵنیاییەوە کاریگەری کردۆتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی وئەدەبیش. لەڕێگەی سینەماوە خەڵك شارەزایی کلتورو فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی میللەتانی تر بوونە، یەکەمین سینەماش لەساڵی(١٩٤٥)دا دروست کراوە بەناوی سینەما(صلاح الدین) لەسەرەتادا هاوینی بوو، بەڵام دوای ساڵێك هۆڵی زستانیشی بۆ دروست کرا، دووەم سینەماش لەساڵی(١٩٤٦) بەناوی سینەما(حمراء) لەشاری (هەولێر)دا دروست کرا، دواتر سینەمای تر دروست کران لەوانە (جوندیان) و(سەفین)[3].

پارتە سیاسییەکانیش دەورێکی باشیان گێڕاوە، لەبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەناو جەماوەری شاری هەولێردا.بەتایبەتی پارتی(هیوا)تا ماوەیەك ڕۆڵێکی دیار و گرنگی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی گیانی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری لەشاری هەولێردا. بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی شاری (هەولێر) لەساڵانی چلەکان ئەندامی ئەو پارتە بوونە، توانییان لەڕێگەی ئەو پارتەوە خزمەتی ڕۆشنبیری و

---

١- بزاڤی ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر (١٩٥٨-١٩٧٥) ل٨١.

٢-هەولێر لەنێو ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠،مەهدی محەمەد قادر،چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٨،ل١٨١

٣-باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر ١٩٣٥-١٩٥٨، ل٤٨.

ئەدەبی کوردی بکەن.[1] لەشاری (هەولێر) بارودۆخی فیکری و سیاسی لەپەنجاکانی سەدەی بیستەم بریتی بوو لە ململانێی فیکری نێوان ڕۆشنبیرەکانی شیوعی و پارتی، لەلایەن ڕوناکبیرانی ئەم دوو پارتەوە جەماوەر ئاراستەدەکران، دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەکوردستان(پارتی دیموکراتی کوردستان)وەکو پارتێکی نەتەوەیی کوردی ڕاگەیاندرا، کە کاریگەری بەسەر هەستی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری نووسەر و شاعیران و ڕۆشنبیریی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی هەبوو. هەروەها سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت بەسەر نازیەتی ئەلمانی، بووە هۆی ئەوەی دروشمەکانی بیری سۆشیالیستی لەناوخەڵکدا پەرەبسێنێ، بەم هۆیەوە بارودۆخی ڕۆشنبیری بوژانەوەیەکی باشی بەخۆیـەوە بینی [2].

---

١- یەکێتی نووسەران و دووکۆڕ، ل٢٧.

٢- ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، هیمدادی حوسێن، ل٢٨٩.

## تەوەری سێیەم/

## چـــی لەســـەر گۆڤـــاری هەتـــاو نووســـراوە

گیوی موکریانی خاوەنی گۆڤاری (هەتاو) بوو، لە١٥ی مایسی ١٩٥٤دەستی کرد بەدەرکردنی ئەم گۆڤارە لەشاری هەولێر، هەموو ژمارەکانی لە چاپخانەکەی خۆی (چاپخانەی کوردستان) چاپکردوو. بە دووەم گۆڤاری ئەهلی شاری هەولێر لە دوای گۆڤاری ڕووناکی دادەنرێ. گۆڤارەکە لە هەموو ژمارەکانی خۆی بە گۆڤارێکی ئەدەبی هەفتەیی ناساندووە، بەڵام ناوەرۆکی گۆڤارەکە بە شێوەیەکی گشتی هەموو بابەتە ڕۆشنبیرییەکانی لەخۆ گرتووە. کەواتە تەنیا تایبەت نەبووە بە بواری ئەدەب، گۆڤاری (هەتاو) ئیمتیازەکەی ئەدەبی بووە، دوا ژمارەی ئەو گۆڤارە ژمارە (١٨٨)بووە، کە لەتشرینی دووەمی(١٩٦٠)بووە. گیوی موکریانی کەخاوەنی ئیمتیازی ئەم گۆڤارە بوو، هەر خۆشی خاوەن و هەڵسوڕێنەری گۆڤارەکە بوو. دەربارەی گۆڤاری هەتاو دەڵێ:((سەرم بەوە بڵند دەبی کە جێی "زاری کرمانجی و ڕووناکی" بگرێتەوە. هەتاو گڕی چاپخانەی کوردستانە کە (٤٢) ساڵە خزمەتی زمانی کوردی دەکا و بە پێنووسی بەندە هەڵدەسووڕێ کە لە سەرەتای ژیانمەوە تا ئەمڕۆ بەبێ ماندووبوون و پشوودان و ترسان بە تاکی تەنهایی و بە بێ دەست لە پشت دان و یارمەتی چرای ژیانی خۆم لە پێناوی خزمەتی زمانی کوردی دا سووتاندووە)) (ژ:٧٤، ل ١٦).

هەروەها بە بۆنەی چوونی گۆڤاری (هەتاو) بۆ ساڵی پێنجەم و بەردەوامبوون لە دەرچوونی گۆڤارەکە، لە هەمان کاتیش ترس لە داخستنی گۆڤارەکە لە ئارادا هەبووە. لەم بارەیەوە گیوی موکریانی دەڵێ: ((هەر وەکو لە ماوەی ئەو ساڵانەی پێشوودا تا ئەو ئەندازەیەی کە مەیدانی بووبی بە پێ ی توانا خزمەتی زمانی کوردی کردووە خوا یاربی لەمەش بەولاوە ئەگەر تێك نەدرێین ڕچەی ڕاستی خزمەت بەرنادەین چونکو هەتاویش و چاپخانەی کوردستان تەنها هی کورد و کوردستانن و کەسی تر ناناسن)) (ژ:١٣٠،ل ٦).

عەلائەدین سەجادی لە کتێبی(مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی خۆی، ئاماژەی بە(٧٨)ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی کردووە، لەوانەش گۆڤاری هەتاو. دەربارەی ئەم گۆڤارە تەنیا نووسیویەتی:

(( "هەتـــاو" گۆڤارێکی حەفتەیی بووە، لەشاری (هەولێر) خاوەن و سەر نووسەرەکەی "گیوی موکریانی" دەری کردووە، یەکەم ژمارەی لەمایسی ساڵی(١٩٥٤) دەرچووە، (١٨٨) ژمارەی دەرچووە، لەسەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٠) دوایی پێ هێنراوە))[١].

لە نووسینێك بەناوی (چاپخانەی کوردستان) کە لە لایەن (مەغدید حاجی) نووسراوە، دەربارەی گۆڤاری(هەتاو) نووسیویەتی:((کە گۆڤارێکی هەفتانەی ئەدەبی بووە نووسەری سەرەکی (گیوی موکریانی) بووە، خاوەنی ئیمتیازی فەرمی(ئیبراهیم عەزیز دزەیی) بووە دوای ئەو(محەمەد شەهابەددین دەباغ) بۆتە خاوەن ئیمتیازی، دوای ئەمیش ڕائیدی خانەنشین(جەلال قادر) بۆتە خاوەن ئیمتیازی، یەکەمین ژمارەی لە مایسی (١٩٥٤)دەرچووە و دوا ژمارەشی (١٨٨) هەر لە هەولێر لە ١٩٦٠/١٠/٣٠ دەرچووە))[٢]. ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە نووسەر کەوتۆتە هەڵەوە دەربارەی خاوەن ئیمتیازی ئەم گۆڤارە، چونکە (گیوی موکریانی) خۆی خاوەنی ئیمتیازی هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکە بووە، ئەو سێ کەسەی تر، کە ناوی هێناون، ئەمانە هەریەکەیان بۆ ماوەیەك سەرنووسەری گۆڤارەکە بوونە. لە ژمارە ١٥-٣٨، پارێزەر ئیبراهیم عەزیز دزەیی، ژمارە ٣٩-١٣٩ پارێزەر محەمەد شەهاب دەباغ، ژمارە ١٤٠-١٨٧ ڕائیدی خانەنشین جەلال قادر سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە.

دەربارەی ناونانی ئەم گۆڤارە بەناوی (هەتاو) (د. کوردستان گیوی موکریانی) دەڵێ: ((گیوی موکریانی بە مەبەست نێوی هەتاوی لەو گۆڤارە ناوە و هەر بە هیوای هەڵاتنی ڕۆژی ئازادی کورد بووە، وای بۆ چووە، لە چیاکانی کوردستانەوە بانگی سەربەخۆیی هەڵدەدرێت))[٣].

(گۆران سۆران فەیزی) لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی ( باری ئەدەبی کوردی شاری هەولێر لەنێوان ١٩٣٥- ١٩٥٨) بلاوکردۆتەوە، لە باسی ڕۆشنبیریی شاری (هەولێر)دا، لێکۆڵینەوەیەکی کورتی دەربارەی گۆڤاری هەتاو بلاوکردۆتەوە، باس لەوە دەکات، ئەو بارودۆخەی گۆڤاری هەتاو تیایدا دەرچوو، ئەدەب و ڕۆشنبیری لە هەولێر و لە کوردستان بەگشتی کەوتە قۆناغێکی نوێیەوە. ئەم زەمینەی لەو بارودۆخەدا خولقابوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی گۆڤاری (هەتاو) ببێ بە مینبەرێکی ئەدەبی، بتوانێت دەوری خۆی لەناو خەڵك دا بچەسپێنێت و تەکانێك بەباری ئەدەبی

---

١ - مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەججادی،بلاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٩١، ل٥٩١.

٢- چاپخانەی کوردستان، مەغدید حاجی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم، ل ٤٦٦٨.

٣- گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤-١٩٦٠، ئامادەکرن: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د. کوردستان موکریانی،چاپخانەی باز، پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای موکریانی، هەولێر،٢٠١٠، ل١١.

و ڕۆشنبیری بدات، هەروەها لێکۆڵەر وەك بەڵگەیەکیش بۆ بۆچوونەکانی دەڵێ:((لە شارێکی وەك (هەولێر)ی ساڵی ١٩٥٧ کە (٥١) کەس وەڵامی مەتەڵێکی* بڵاوکراوەی ناو ئەم گۆڤارە بدەنەوە مانای فراوانی جەماوەریی خوێنەرانی هەتاو بە ئاشکرا دەبەخشێت، لەئەنجامیشدا کاریگەریشی بۆ خزمەتی زمان وئەدەبی کوردیش دەردەخات))[١].

لە توێژینەوەیەکدا دەربارەی بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی لە شاری (هەولێر) لەنێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥)لە لایەن (هۆشەنگ ساڵح محەمەد شەریف) ئەنجام دراوە، توێژەر ئاماژە بەوە دەکات، کە گۆڤاری (هەتاو)لە بواری ڕۆژنامەنووسی ئاشکرا، لەپێشەوەی سەرجەم ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی شاری هەولێردا جێگەی خۆی گرتووە، کاریگەریی هەبووە لە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری شاری هەولێر لەم بارەیەوە دەڵێ:(( یەکێك بووە لە گۆڤارە بایەخدارەکانی بزاڤی ڕۆژنامەوانیی شاری (هەولێر)، کە بە هەوڵ و کۆششی (گیوی موکریانی) دەرچووە، هەر خۆشی خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری کارگێڕی و نووسینی گۆڤارەکە بووە))، هەروەها دەڵێ: ((گۆڤاری هەتاو بایەخی بە ئەدەبیاتی کوردی و بابەتی سیاسی و مێژوویی تایبەت بە کورد داوە. هەروەها هەوڵی داوە کە خوێنەران زیاتر هەوڵی خۆ ڕۆشنبیرکردن بدەن و زیاتر لە سۆراغی زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا دابن))[٢].

لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ڕۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر لە لایەن عەبدوڵڵا ئەنوەر(سمکۆ) ئەنجامدراوە، لێکۆڵینەوەکە ماوەی ساڵانی ١٩٣٥-١٩٧٥ دەگرێتەوە، باسێکی بۆ ڕۆژنامەوانیی ئەهلی تەرخانکردووە، لە باسەکەدا وەکو گۆڤارێکی ئەهلی باس لە گۆڤاری (هەتاو) دەکات، لێکۆڵەر ئاماژە بەوە دەکات، هەرچەندە گۆڤارەکە بە ئەدەبی خۆی پێناسە کردووە، بەڵام هۆکاری سەرەکی سیاسی و ئامانجی نەتەوەیی بووە، کە گۆڤارەکە دەرچووە، دوای ئەوەی ڕۆژنامەی(هەولێر-أربیل) لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی (١٩٥٣) دوا ژمارەی دەرچوو، ئیتر هیچ ڕۆژنامەو گۆڤاری تر لە (هەولێر) دەرنەچووە، تا ئەم بۆشاییە درێژەنەکێشێ و ڕۆژنامەوانیی کوردیی بەردەوام بێت ولەپاڵ بەرەو پێشبردنی ڕەوتی ئەدەب و ڕۆشنبیریی شاری (هەولێر) ئامانجە سیاسییەکە بپێکێت. هەروەها لە قۆناغی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە ئەنجامی لاتاریکبوونی ڕۆشنبیران و نووسەرانی هەولێر لە بەشداریکردن لە نووسینی بابەت بۆ گۆڤاری هەتاو ئاستی گۆڤارەکە لەڕووی بابەتەوە لاوازی پێوەدیارە، بەڵام قۆناغی دوای

---

١- باری ئەدەبی کوردی لەشاری هەولێر (١٩٣٥-١٩٥٨)دا، گۆران سۆران فەیزی، ل٨٢.

٢- بزاڤی ڕۆشنبیریی لەشاری هەولێر (١٩٥٨-١٩٧٥) دا، ل١١١-١١٢.

* گۆڤاری هەتاو، (ژ:١٠٠، ڕووی دووەمی بەرگی یەکەم).

شۆڕشی ١٤ی تەمموز دوای ئەوەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی شاری هەولێر و شارەکانی تری کوردستان، هەندێك ڕاستیان لەسەر خودی (گیوی موکریانی) بۆ ڕوون بووەوە، ئەوا ئاراستەکە پێچەوانە بووەوە و نووسەرانی کورد لە هەموو لایەکەوە بەرهەمی خۆیان بۆ گۆڤارەکە ناردووە[1].

سەبارت بەو شتانەی چەندین جار لە لایەن خەڵکانێکەوە بەرامبەر بە (گیوی موکریان)ی و گۆڤاری هەتاو گوتراوە، گوایا (گیوی موکریان)ی تۆمەتبارە بەوەی خزمەتی بێگانە دەکات، بەهۆی گۆڤارەکەیەوە دەیەوێ خزمەتی خەڵکانی بێگانە بکات، لەڕاستی دا نەك هەر (گیوی موکریان)ی بەڵکو برا گەورەکەشی (حوسێن حوزنی موکریانی) یش بەوە تۆمەتبار کراوە، کە گوایە خزمەتی بێگانە دەکات، بەڵام ئەگەر سەیری ڕابردووی ئەم دوو ڕوناکبیرە بکەین، دەبینین سەرتاپای ژیانیان لەخزمەتی ڕۆشنبیری وئەدەبی کوردی تەرخانکردووە. لەم بارەیەوە نووسەرێك بەناوی (ژاکاو)* نووسینێکی بڵاوکردۆتەوە لەگۆڤاری هەتاودا. لەبەشێکی دەڵێ:((ئەو کوردستانە گەورەیە تاقە گۆڤارێکی هەیە کە هەوڵ دەدات بۆ خزمەت وژیاندنەوەی وێژەو زمانە دواکەوتووەکەی خۆی هیواتان وایە بە قسەی پوچ و بێ مانا زیان بە هەتاو بگەیەنن و ئەو تاقانەشمان لەکیس بدەن))(ژ:٨٣،ل٣). لە ڕاستیدا گۆڤاری (هەتاو) تاقە گۆڤار بوو لەو سەردەمەدا تا ساڵی(١٩٥٨)**، کە لە کوردستانی باشور دەردەچوو، شاعیران و نووسەرانی کوردستان بە گشتی کردبوویان بە سەرچاوەی ڕۆشنبیری خۆیان و شیعر و بەرهەمەکانی خۆیان تیایدا بڵاو دەکردەوە، چونکە لەدوای دەرچوونی گۆڤاری (گەلاوێژ١٩٣٩-١٩٤٩)، هیچ گۆڤارێکی تر جگە لەم گۆڤارە لەسەردەمی پاشایەتی لە کوردستانی باشور دەرنەدەچوو.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی(ڕەنگدانەوەی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی وڕۆشنبیریی کوردی پەنجاکانی شاری هەولێر لەگۆڤاری "هەتـاو"دا)، کە لەلایەن (د. هیمداد حوسێن) ئەنجام دراوە، باس لە ڕۆڵی گرنگی گۆڤاری هەتاو دەکات لە ماوەی پەنجاکان لە شاری (هەولێر)دا، لە مەیدانی ئەدەب و ڕۆشنبیری، بەتاقە گۆڤاری دوای گەلاوێژی دادەنێ ودەڵێ:((ئەو گۆڤارە بەهەوڵی(گیوی موکریانی) چاوی هەڵێنا، لەو کاتـەدا کە تەنیـا چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی(ژین) لە سلێمانیەوە

---

١- ڕۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر ١٩٣٥- ١٩٧٥، عەبدوڵڵا ئەنوەر(سمکۆ)، ل ١٤٠، ل١٤٨-١٤٩.

* مەولوود حوسێن مەولوود ١٩٣٩-...؟، ئینسکلوپیدیای هەولێر، بەرگی هەشتەم،ل٣٤٩٥.

** لە١٥ی کامونی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ گۆڤارێکی تری کوردی بەناوی گۆڤاری (شەفەق) لەکەرکوك بەزمانی کوردی وعەرەبی دەرچووە، کەگۆڤارێکی ئەدەبی زانستی و کۆمەڵایەتی بووە، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری عبدالقادر بەرزنجی بووە، ساڵی ١٩٥٩ گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی ناوەکەی بووە بە (بەیان ) و( گۆران) ی شاعیر سەرپەرشتی کردووە، ساڵی ١٩٦١ گەڕاندراوەتەوە بۆ کەرکوك لەساڵی ١٩٦٢ دا داخراوە. شاری سلێمانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ – ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، هەوراز جەوهەر مەجید، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٢، ل١٦٦.

دەگەیشتە هەولێر،دەنا ڕۆژنامەکانی دی هەمووی عەرەبی و هی عەرەبە چەپەکان ونەتەوەییەکانی عەرەب و عێراقییەکان بوون....))[1].

عەبدولجەبار محەمەد جەباری، کتێبێکی بەناوی(مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی) بلاْوکردۆتەوە، تیایدا باس لەڕۆژنامەوانیی کوردی لەعێراق دەکات،دەربارەی گۆڤاری(هەتاو) لە خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و پێگەیاندنی ڕۆشنبیرە تازەکان دەنووسێ:

((ئەم گۆڤارە دەستێکی بالاْی هەیە لە پێگەیاندن و هاندانی ڕۆشنبیرە تازە هەڵکەوتووەکانی گەلی کورد، وە هەمیشە بە ئوسلوبێکی دڵ بزوینەر پاڵی بە لاوەکانەوە ئەنا بۆ هۆنینەوەی هەلبەست و بە زوری بەرهەمەکانیشیان لە گۆڤارەکە بلاْو ئەکرایەوە))[2].

شاعیری ناسراوی کورد(دڵزار) کە خۆی یەکێك بووە لەو شاعیرانەی شیعری لە گۆڤاری (هەتاو) دا بلاْوکردۆتەوە، لەبارەی گۆڤاری هەتاو و گیوی موکریانی دەڵێ:(( ئەم گۆڤارە ئەگەرچی لەڕووی هونەری و داڕشتنەوە بەهێز نەبوو، بەلاْم خزمەتێکی باشی زمان و ئەدەبی کوردی کرد، گەلێ شاعیر و نووسەری کوردی پێگەیاند))، هەروەها دەڵێ:((ئەمە جگە لەوەی کە مامۆستا گیو پێوەندی بە شاعیر و نووسەرانی هەموو بەشەکانی کوردستانەوە هەبووە))[3]. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە گیوی موکریانی لەناو کورددا کەسێکی ناسراو بووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ڕۆشنبیرێکی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەربووە.

لەبارەی پێشکەوتن و گەشەسەندنی بواری نووسین، لە مەیدانی پەخشان و شیعردا لەشاری(هەولێر) لەماوەی سالاْنی پەنجاکان، لەم بارەیەوە پرسیارێك ئاڕاستەی شاعیری ناسراوی کورد(پیربال محموود) کراوە، لە بارەی هۆکاری ئەم وەرچەرخانە، ئەویش بەم شێوەیە وەلاْمدەداتەوە ودەڵێ:((ئەم جۆرە وەرچەرخانە لەناو سنوری شاری(هەولێر)دا لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم ژمارەی (گۆڤاری هەتاو) سەری هەڵدا و شاپەڕ و باڵی بەسەر بواری ئەدەبی کوردیدا کێشا، لەناو شار و لە دەوروبەریدا..... ))[4].

(نزار جرجیس) عەلی کتێبێکی بەناوی (صحافة أربیل) بلاْوکردۆتەوە، تیایدا باس لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەکات، کە لە شاری هەولێر دەرچوون. دەربارەی گۆڤاری هەتاو دەنووسێ، گۆڤارەکە دەستپاك بووە لە گەیاندنی پەیامە ڕۆشنبیرییەکەی، دڵسۆز بووە لە پێشکەشکردنی

---

١ – ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. هیمداد حوسێن، ل ٢٩٠.

٢– مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ، عبدالجبار محمد جباری، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧٠، ١٠٤.

٣– باری ئەدەبی و ڕوناکبیری پەنجاکان لە هەولێر و کۆیە، مێزگەرد، گۆڤاری ڕامان، ژ(٤٠)، ل ١٥٣.

٤– هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧.

خزمەتی ئەدەبی کوردیدا. لە قۆناغێکدا گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردی پێویستی بە هۆکارێك بووە، بۆ دەربڕینی ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی لەلایەن نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرەکانی، هەتاو توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر نووسەر و شاعیر و ئەدیب نەك تەنیا لە شاری (هەولێر)، بەڵکو لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەشداریکردنی ئەم هەموو نووسەرە ناسراوەی کورد پایەیەکی بەرزی بە گۆڤارەکە بەخشیوە، بەهۆی لایەنە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و نەتەوەیەکەشی، گۆڤارەکە لە دڵی نووسەران و ئەدیبان و خوێنەرەکانی خۆشەویست بووە[1].

لە لێکۆڵینەوەیەکی کورت بە ناونیشانی(چەند تیشکێك بۆسەر گۆڤاری هەتاو)، کە (ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا) چەند زانیاریەکی دەربارەی گۆڤاری هەتاو بلاۆکردۆتەوە، لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە. هەروەها ئاماژەی بەوەداوە، گۆڤارەکە بەهۆی هۆکاری سیاسی و هەستی نەتەوەیی یەوە بلاۆکراوەتەوە، بە تایبەتی دوای وەستانی ڕۆژنامەی (هەولێر- أربیل)، کە لە ساڵی (١٩٥٠-١٩٥٣) بلاۆکراوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ڕۆشنبیرییەی لە شاری هەولێر دروست ببوو، بەردەوام نەبێت و جوڵانەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بەردەوام بێت[2].

(جەمال خەزنەدار)یش لە کتێبەکەی بەناوی (ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی)[3]، وەکو گۆڤارێکی کوردی لە شاری (هەولێر) ئاماژەی بە گۆڤاری هەتاو داوە، چەند زانیاریەکی دەربارەی گۆڤارەکە بلاۆکردۆتەوە. لە لایەکی تر (د. کەمال مەزهەر) لە کتێبەکەی (تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا)[4]، لە کۆتایی کتێبەکەی لەم لیستەی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دروستکردووە، ئاماژەی بە گۆڤاری هەتاو داوە، کە گۆڤارێکی وێژەیی یە لە هەولێر دەرچووە، لەلایەن گیوی موکریانی سەرپەرشتی کراوە.

سەبارەت بە گرنگی گۆڤاری هەتاو لە بواری ڕۆشنبیری لە ساڵانی پەنجاکان دا، دوکتۆر (مارف خەزنەدار) لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنووسێ:((دیارترین جموجۆڵی ڕۆشنبیری و خوێندەواری کوردی لە ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی و کۆواری (هەتاو)ی هەولێر و بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا خۆی پیشان دەدا))[5] .

---

١- صحافة أربیل، نزار جرجیس علي، دارالحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٨، ص ١٧٥-١٧٧.

٢- لەبارەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە ، ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨، ل ٧١.

٣- ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، جەمال خەزنەدار، بەغدا، ١٩٧٣، ل ٦٢.

٤- تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردی دا، کەمال مەزهەر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٢٤١.

٥- ڕۆژگاری من(١٩٤٩ - ١٩٦٠)، دوکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر، ٢٠٠٩ ، ل١٢٣ .

لەلایەکی تر چەند شاعیرێکی کورد بە شیعر باسیان لە گۆڤاری هەتاو کردووە. (بەنگینە ١٩٠٨-....)[1] لەشاری سلێمانی دەڵێ:

(( گیانی شیرینم گۆڤاری هەتاو          بە بوونت شادبووم ئەی گوڵی گوڵاو
خۆت نیشاندام لە شاری هەولێر          بە ڕوناکی تۆ دڵان ئەبێ تێر)) (ژ:١٧، ل ٩).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(مەسعود کەتانی) لە شاری (ئامێدی) دەڵێ:

(( شەڤ چ تاری بوو مەڵێ دەرکەت هەتاڤ          روون کری لمن هزر و دل فکر و هەناڤ
ئەو چ مهڤانە لکوردستانێ هەر          کر سلاڤ هات و مەژی وەرگرت سلاڤ
کرا بە جەژن و خۆشی سەیرو سەما          ناڤ دلێت مە پێ ڤەبون ئەو گاڤ بەگاڤ))
(ژ:١٢٩،ل١٠).

کێشی شیعرەکە ڕەمەلی شەشی مەحزووفە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلن) سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

(عەلی ئەسکەندەر) لەجوانڕۆ بەم شێوەیە وەسفی گۆڤاری هەتاو دەکات و دەڵێ:

(( هەتاوە گۆڤاری تایبەتیمان          یەکەم مامۆستای کوردی پەتیمان
تاقە چراکەی کوردو کوردستان          زاخاوی مێشکی بێ هۆش و مەستان))
(ژ:١٥٠،ل١٢).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

---

١ -کەشکۆڵی گیو، گیوی موکریانی، بەرگی دووەم،پێداچوونەوەو ئامادەکردنی:د.کوردستان موکریانی، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان،١٩٨٨،ل٤٣.

تەوەری چوارەم/

## گیــوی موکریانی ئەدیب و ڕۆژنامەنووس

یەکێك بوو لەڕابەرانی بواری ڕۆژنامەگەری لەشاری(هەولێر)، کە زیاتر لەنیو سەدە خزمەتی ئەدەب و بواری ڕۆژنامەگەری و زمانی و مێژووی کوردی کردووە. ڕۆڵێکی کاریگەر و دیاری هەبووە لەبەرەو پێشچوونی باری ڕۆشنبیریی شاری(هەولێر)، ناوی تەواوی (عەبدولڕەحمان سەید لطیف شیخ ئیسماعیل)موکریانی یە. لەساڵی (١٩٠٣) لەشاری (مەهەباد)ی کوردستانی ڕۆژهەلأت لەدایك بووە. لەساڵی(١٩١٣) لەگەڵ برا گەورەکەی ئەدیب و ڕۆژنامەنووس ومێژوونوسی ناوداری کورد (حوسێن حوزنی موکریانی) چۆتە شاری (حەلەب) لەوڵاتی سوریا. لەشاری (حەلەب) خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی تەواوکردووە، لەساڵی (١٩٢٤) چووە بۆ وڵاتی لوبنان بۆ خوێندنی پزیشکی، پاش ئەوەی ساڵێك لەو وڵاتە دەمێنێتەوە، خوێندنەگەی تەواو ناکات و دەگەڕێتەوە بۆلای کاکی (حوسێن حوزنی موکریانی) لە سوریا، بەڵام لە لوبنان فێری بنچینەکانی زمانی فەڕەنسی دەبێت. لەوڵاتی سوریا لەشاری (حەلەب) یارمەتی براکەی دەدات لەکاروباری ئەو چاپخانەیەی کە لەساڵی (١٩١٥) دایمەزراندووە.

دوای ئەوەی کە حوزنی موکریانی چاپخانەکەی لەساڵی (١٩٢٥) لەسەرداوای (سەید تەهای شەمزینی)کەئەو کات قایمقامی (ڕەواندز) بوو دەهێنێت بۆ شاری ڕەواندز لە کوردستانی باشوور، گیوی موکریانی لە ساڵی(١٩٢٦)لەدەرکردنی(گۆڤاری زاری کرمانجی)دا یارمەتی حوزنی موکریانی دەدات، هەروەها لە ساڵی(١٩٣٥)بەشداری لەدەرکردنی (گۆڤاری ڕووناکی)دەکات، کە ئەم گۆڤارەش (حوزنی موکریانی) خاوەنی بوو.

پاش ئەوەی حوزنی موکریانی لە ساڵی(١٩٤٧) کۆچی دوایی دەکات، (گیوی موکریان)ی دەبێت بەخاوەنی چاپخانەکە و لەشاری (هەولێر) لەژێر قەڵات دایدەمەزرێنێ. لەپاڵ پیشەی وێنەگری پەرە بە چاپخانەکە دەدات و ئامێرێکی نوێی چاپ دەکڕێت، دوایی ڕاپەڕینە نیشتیمانیەکەی کانوونی دووەمی ساڵی(١٩٤٨)گەلانی عێراق هەندێ سەربەستی و دیموکراتی لە وڵاتــدا بەدەستهات، لەســایەی ئەو سەربەستی و ئازادییــە ناوی چاپخانەکـە لەلایـــەن

گیوی موکریانی)یـــەوە لە(زاری کرمانجی)یەوەدەبێ بەچاپخانەی(کوردستان)[*] ، ئەوناوەش تاکو سالّی (١٩٦٣) بەم شێوەیە مایەوە، بەلاّم لەو سالّەدا (گیوی موکریانی) بەهۆی تۆمەتی سیاسی دەستگیرکراو بەرەو باشوری عێراق دوورخرایەوە، بەمەش حکوومەت ناوی چاپخانەکەی گۆڕی و ناوینا(چاپخانەی هەولێر)، تا بەیاننامەی (١١)ی ئاداری سالّی (١٩٧٠) بەم ناوە مایەوە. دیسان (گیوی موکریانی) ناوەکەی کردەوە بە کوردستان، لەسەرەتای سالاّنی (١٩٨٠) دیسان ناوەکەی بوو بە چاپخانەی هەولێر، لەپاش کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکوومەتی بەعس لە هەرێمی کوردستان جارێکی تر ناوەکەی بۆوە چاپخانەی کوردستان[1]. لەسالاّنی ١٩٦٠-١٩٦٣ لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و کوردایەتی چەندین جار دەستگیرکراوە، لەشارەکانی (هەولێر، بەغدا، کوت، حلە و موسەیب).

لەگەلّ دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە ١٩٧٠/٢/١٠ دا بووەتە ئەندامێکی دیاری ئەم ڕێکخراوە، لەسالّی(١٩٧٣) بە ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کورد لە(بەغدا) هەلّبژێردراوە. (گیوی موکریان)ی بەردەوام بووە لەخزمەت کردنی بواری ڕۆشنبیری کوردی، لەمەیدانی ڕۆژنامەگەری و چاپگەری و نووسینی کوردی، تا دوا هەناسەی لەژیانی پڕ ناسۆر و دەردەسەری و ناخۆشی و نەخۆشی، هەر لەخزمەتی وشەی کوردی و چاپەمەنی و چاپخانەی کوردستان بووە، تا لە ١٩٧٧/٧/٢٤ کۆچی دوایی دەکات لە هەولێر بە خاك دەسپێردرێت [2].

---

١- صحافة اربیل، نزار جرجیس علی، ص٢٠٧، چاو پێکەوتن لەگەلّ کوردۆ موکریانی، گۆڤاری ڕامان ،ژ٢٣، ١٩٩٨،ل٦٨.

٢- لە یادی گیوی موکریانی دا، کەریم شارەزا، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٨،ل٨، گیوی موکریانی ١٩٠٣-١٩٧٧، کریم شارەزا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دەیەم ،ل٤٦٦٩.

*حوزنی موکریانی لە(١٩٣٥)ویستویەتی گۆڤارێك بەناوی ڕووناکی لەهەولێر دەربکات، نەی ویستوە دەستکاری چاپخانەی زاری کرمانجی لەشاری ڕەواندز بکات، بۆیە چاپخانەیەك بە قسط لە موصل دەکڕی و لە شاری هەولێریش بەناوی(زاری کرمانجی)دایدەمەزرێنێ، بەلاّم دوای یازدە مانگ لەبەر ئەوەی (حوزنی موکریانی) نەی توانی ئەو(٥ )پێنج دینارە قەرزەی لەسەری ماوە بدات بە خاوەنی چاپخانەکە، پارەشی نەبووە ئەم قەرزە بدات بەخاوەنەکەی بۆیە بۆی بردۆتەوە، هەرچەندە داوای لە شارەوانی هەولێر کردووە، ئەم قەرزەی بۆ بدەن، لەبەرامبەر ئەمە چاپخانەکە پێشکەش بەشارەوانی هەولێر دەکات، بەلاّم ئەوان ڕازی نەبوونە، تا سالّی(١٩٤٧)پاش کۆچی دوای(حوزنی موکریانی) (گیوی موکریانی) قەرزەکە بەخاوەنی چاپخانەکە دەدات و جارێکی تر چاپخانەکە دەهێنێتەوە بۆ هەولێر، لەلایەکی تریش چاپخانەکەی ڕەواندزیش تالاّن دەکرێ و(گیوی موکریانی)یش ئەو پاشماوەی کەماوەتەوە دەیهێنێت بۆ هەولێر و بە دەستوری ڕەسمی هەموویان بەناوی(چاپخانەی کوردستان)دا دەمەزراندووە. گۆڤاری هەتاو،(ژ:١،ل١)،(ژ:١، ٢٠).

## – گیوی موکریانی و ڕۆژنامەنووسی

پەیدابوونی ئامێری چاپ لەئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا شۆڕشێکی مەزنی لەبواری ڕۆشنبیری لە هەموو جیهان بەرپاکرد، ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی بەرەو سەردەمێکی نوێ برد، چونکە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر بەرەو پێشبردن و گەشەسەندنی بواری ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری بەگشتی هەروەها ((هاتنە ئارای چاپخانە، سیستەمی ڕۆشنبیریی لە دەستنووسەوە گواستەوە بۆ سیستەمی کتێب و ڕۆژنامەگەری))[1] .

هەرچەندە لەناو کورددا ئامێری چاپ درەنگ پەیدابووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کیانێکی سیاسی بۆ میللەتی کورد، لە کاتێك دا کە هەموو میللەتانی دەوروبەری کورد ئامێری چاپیان هەبووە، کورد ئامێری چاپی نەبووە. بۆیە یەکێکی وەکو (حسێن حوزنی موکریانی) بیر لەدامەزراندنی ئامێری چاپ دەکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، (حوزنی موکریان)ی وەکو ڕووناکبیرێك بیری لەوە کردۆتەوە، کەڕێگەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ خزمەت کردنی بواری ڕۆشنبیری میللەتەکەی وبڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و ڕوناکبیری لەناو میللەتەکەی خۆیدا. دیارە چاپخانەش گرنگی زۆری هەیە لەچاپ کردنی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و نامیلکە و هەموو نوسراوێکی دی.

ئیتر بەهۆی ئامێری چاپ چالاکی ڕۆژنامەنووسی و چاپەمەنی لەکوردستاندا بوو بە چەکی خەبات بەدەستی ڕۆشنبیر و ڕوناکبیرانی کوردەوە، بەهۆیەوە ڕۆڵی گرنگیان لەخزمەت کردنی ڕۆشنبیری و کەلتوری کوردیدا گێڕا. ڕوناکبیری کورد(حوسێن حوزنی موکریانی) لەساڵی (١٩١٤) لەوڵاتی ئەڵمانیا ئامێرێکی چاپ دەکڕێت، هێناویەتی لە(حەلەب) ساڵی (١٩١٥) لەبازاڕی (سویقە) دایمەزراندووە و خستویەتیە کار و دەستی بەچاپ کردنی کتێبی کوردی کرد، یەکەمین کتێب کە لەو چاپخانەیە لەچاپ درا (مەم و زینەکەی ئەحمەدی خانی)بوو، هەروەها جگە لە چاپ کردنی کتێب حوزنی لەو ساڵانەی لە (حەلەب) بوو، چەند ڕۆژنامەیەکی بەنهێنی دەرکرد لەوانە (کوردستان، چیای کرمانج، دیاربکر، سۆران، ئارارات، بۆتان) بەڵام ئەم ڕۆژنامانە هیچ کامیان (١٠) ژمارەی تەواو نەکردووە ئاشکرابوونەو ڕاگیراون، چونکە ئەم بڵاوکراوانە هەموویان بەنهێنی دەرچووینە[2].

---

١– شیعری نوێی کوردی (١٨٩٨–١٩٥٨)، فەرهاد پیربالْ، دەزگای (کوردستان)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٣٦.

٢–چاپخانەی کوردستان و ٦٢ ساڵ تەمەن، چاوپێکەوتن لەگەڵ گیوی موکریانی، ڕۆژنامەی (بیری نوێ)، ژ(٢٦٣)، نیسانی ١٩٧٧، ل٦، یادێکی پیرۆز، عوسمان شارباژێری، گۆڤاری هەتاو، ژ(١٨٦)، ل٦.

بەم شێوەیە(حوسێن حوزنی موکریانی) بەدامەزرێنەری یەکەم چاپخانەی کوردی تەمەندرێژ لەمێژووی پەیدابوون و دامەزراندنی چاپخانەی کوردی دادەندرێ، سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و ڕێگرەکانی بەردەمی بەردەوام و بێ وچان لەهەوڵ و کۆشش دابووە، زۆری کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر و نووسەرانی کوردستانی عێراق لەم چاپخانەیە لەدایك بوون، کەواتە هێنان و دامەزراندنی ئەم چاپخانەیە بەسەرهەڵدانی قۆناغی بوژاندنەوە و گەشەکردنی ڕۆشنبیری کوردی دادەنرێ، بەهۆی کار و چالاکی یەکانی باری ڕۆشنبیری لەکوردستان دەگوازێتەوە بۆ بارودۆخێکی پێشکەوتوو و گەشەسەندوو[1] .

سەرەتای کاری(گیوی موکریانی)لەبواری ڕۆژنامەنووسی و نووسیندا دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی ئەو ئامێری چاپکردنەی کە(حوسێن حوزنی) لەساڵی (١٩١٥)لە حەلەب دایمەزراند، هەر چەندە (گیوی موکریان)ی لە تەمەندا بچوك بوو، بەڵام (حوزنی موکریانی) لەلای خۆی دایدەنێ بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە کاروباری چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، (گیوی موکریان)ی ئەزموون و شارەزایی لەبواری ڕۆژنامەنووسی و کاروباری چاپ کردن و هەروەها شارەزایی دەربارەی ئەدەب و مێژوو زمانی کوردی پەیدا بکات. ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی زۆر باش بۆ(گیوی موکریانی)، کەلەتەمەنێکی یەکجار بچوك تێکەڵ بەکاری ڕۆژنامەنووسی و چاپگەری و ئەدەبی دەبێت[2].

دوای ئەوەی لەشاری (حەلەب) چەندین ئاستەنگ و کێشە بۆ (حوسێن حوزنی موکریانی) دروست دەکەن، بەناچاری شاری (حەلەب)بەجێ دەهێڵن. لەساڵی (١٩٢٥)چاپخانەکە دەگوازنەوە بۆ عێراق، لە سەرەتا ماوەیەك دەچن بۆ شاری(بەغدا)، دواتر لەسەر داوای قایمقامی ئەو سەردەمەی شاری(ڕەواندز)چاپخانەکە دەگوازنەوە بۆ ئەم شارە لە سنوری پارێزگای هەولێر[3]. حوزنی موکریانی لەشاری (ڕەواندز) ناو لەچاپخانەکە دەنێ(زاری کرمانجی)، هەروەها بیر لەدەرکردنی گۆڤارێك دەکاتەوە بۆ ئەوەی خزمەتی باری ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردی بکات. ئەوەبوو گۆڤارێکی بەناو (زاری کرمانجی) دەرکرد، کە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و مێژوویی و هونەری مانگانە بووە، حوزنی موکریانی خۆی خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری گۆڤارەکە بوو، (گیوی موکریان)ی یارمەتی داوە لەدەرکردنی ئەو گۆڤارە، تا ژمارە(١٦) لە (١٩٢٩)بەڕێوەبەری کارگێڕی گۆڤارەکە بووە، گۆڤارەکەش لە (٢٤/ ٥/ ١٩٢٦ تا ٢٣ تەموزی ساڵی

---

١- هونەرەکانی پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجی دا، مستەفا ساڵح مستەفا، ل١٨.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ کوردۆ گیوی موکریانی، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٣)، ل٦٩.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ کوردۆ گیوی موکریانی، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٣)، ل٦٩.

١٩٣٢ بەردەوام بووە) [1]. گیوی موکریانی لەهەمان کاتدا نووسینەکانی خۆی لەم گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە. ئەم گۆڤارە دەورێکی باشی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەکوردستان بەگشتی بینیووە.

لەبارەی ئەم گۆڤارەوە گیوی موکریانی لەگۆڤـاری (هەتـاو) لە بابەتێك دا لەژێر ناوی (مێژووی دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان) بەم شێوەیە باسی ئەم گۆڤارە دەکات و دەڵێ:((ئیمتیازی گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی و هونەری و وێژەیی و مێژوویيمان بەناوی (زاری کرمانجی) وەرگرت کە سەرنووسەر و بەرپرسیار داماو (حزنی) و هەڵسوڕێنەری بەندە بوو تا تەمموزی ساڵی(١٩٣٢) ژیا لەماوەی (٧) ساڵاندا لەبەر بێ یارمەتی و دەست کورتی خۆمان ٢٥ ژمارەی لێ دەرچوو)). (ژ:١٦٩، ل٢٤)، ئەم گۆڤارەش بەیەکەم گۆڤار دادەنرێ لە سنوری پارێزگای (هەولێر) چاپ کرابێ. کەواتە ساڵی(١٩٢٦) بەساڵێکی گرنگ دادەنرێ لەمێژووی شاری (هەولێر) بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوری ڕۆژنامەگەری لەژیانی ڕوناکبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، گرنگی لە چەسپاندنی شارستانیەت و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە.

دوای وەستانی گۆڤاری زاری کرمانجی، (حوسێن حوزنی موکریانی) لە١٩٣٥/١٠/٢٤ گۆڤارێکی تر دەردەکات بەناوی گۆڤاری (ڕووناکی)، لەم کارەش دا(گیوی موکریان)ی یارمەتی برا گەورەکەی دەدات لە دەرچواندنی ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی هەفتەیی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئەدەبی کوردی بووە، تا ١٩٣٦/٥/١٦ بەردەوام بوو لەو ماوەیەدا تەنیا (١١) ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە(١،٢) لەشاری(موصل) چاپ کراوە، ژمارە (٣-٦)لەچاپخانەی زاری کرمانجی لەشاری (ڕەواندز) چاپ کراوە، ژمارە(٧-١١) لەهەولێر چاپ کراوە، ئەم گۆڤارەش بەیەکەمین گۆڤاری هەفتانەی ئەهلی ناوشاری(هەولێر) دادەنرێت، هەروەها ئەم گۆڤارە بەسەرەتای بزوتنەوەیەك و شۆڕشێکی ڕۆشنبیری ناوشاری(هەولێر) دادەنرێت.[2] گیوی موکریانی بابەتەکانی خۆی لەم گۆڤارەشدا بڵاوکردۆتەوە.

دوای وەستانی گۆڤاری(ڕوناکی)، تا ساڵی (١٩٤٨) هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێك لەشاری (هەولێر) دەرنەچووە، بەڵام لەڕۆژی (١١)ی ئەیلولی ١٩٤٨ دوای تێپەڕبوونی (١٢) ساڵ بەسەر وەستان و داخستنی گۆڤاری (ڕوناکی)، ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی ئەدەبی بەناوی (هەتـاو) لە شاری هەولێر

---

١- هونەرەکانی پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجی دا، ل١٦.

٢- ڕۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر١٩٣٥-١٩٧٥، ل١٢٥.

بلاْوكراوەتەوە، كە تەنیا(١) ژمارەی لێدەرچووە، ئەم ڕۆژنامەیەش بە یەكەمین ڕۆژنامەی ئەهلی ناو شاری(هەولێر) دادەنرێ [١] .

لە سەرەتای سالاْنی پەنجا شاری(هەولێر) گەشەسەندنێكی ڕۆشنبیری بەرفراوان بەخۆیەوە دەبینێ. لە ١٩٥٠/١٢/١٦ ڕۆژنامەیەكی پیشەیی زانستی و ویژەیی هەفتەیی بەناوی (ڕۆژنامەی هەولێر)لەلایەن كۆمەلْەی مامۆستایانی هەولێرەوە بلاْو دەكرێتەوە، دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە وەرچەرخانێكی تازە بوو بۆ شاری(هەولێر)، كە هەموو هەفتەی جارێك بە شێوەیەكی ڕێك و پێك كەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانی، تا ١٩٥٣/١٢/٢٨ بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا (١٤٠) ژمارەی لێ دەرچووە[٢]. لەگەلْ سەرهەلْدانی ئەم ڕۆژنامەیە وەرچەرخانێكی دیار لە بواری نووسین بە زمانی كوردی لەم شارە ڕوویدا[٣]. لەم ڕۆژنامەیەش دا(گیوی موكریان)ی دەوری هەبووە لە دەرچواندنی و هەروەها وتارەكانی خۆی لەناو بلاْو كردۆتەوە، بەتایبەتی ئەو وتارانەی، تایبەت بوونە بە مێژووی شاری(هەولێر)، دوای داخستنی ڕۆژنامەی (هەولێر) كەلێنێكی گەورە دەكەوێتە ناو بواری ڕۆشنبیری بە تایبەتی لە مەیدانی ڕۆژنامەنووسی.

(گیوی موكریانی)* هەر لەدوای داخستنی گۆڤاری(ڕووناكی)وەكو كەسێكی ڕوناكبیر و نەتەوەیی بیر لە دەرچواندنی گۆڤارێك دەكاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دەیەوێ، لەسەر هەمان ڕێبازی برا گەورەكەی(حوسێن حوزنی موكریانی) بڕوات و بەردەوام بێت لە خزمەت كردنی بواری ئەدەب و زمان و كەلتوری كوردی. لە گۆڤاری (هەتاو) دا گیوی موكریانی باس لە چۆنیەتی وەرگرتنی مۆلْەتی دەرهێنانی گۆڤاری هەتاو دەكات و دەلْێ:((لە ١٩٤٧ەوە چەندین جار داوای ئیمتیازی گۆڤارێكی وێژەییم كردووە وەلاْمم نەدەدرایەوە، بەلاْن پار میری دلْسۆز و میهرەبان سەعادەتی (ئیسماعیل حەقی) بەگی موتەسەریفی خۆشەویستی شاری(هەولێر)ومەعالی (سەعید بەگ قەزاز) وەزیری ناوەخۆ لە ڕووی دادپەروەرییەوە بەزەیی یان پێمداهات و لە ١٩٥٤/٤/٢٥ ئیمتیازی گۆڤارێكی وێژەیی بەناوی هەتاویان دامێ))(ژ:٢٠، ل ١).

خاوەنی ئیمتیاز و هەلْسوڕێنەر، بەڕێوەبەری كارگێڕی و سەرپەرشتی نووسینی هەموو ژمارەكانی گۆڤاری (هەتاو) گیوی موكریانی خۆی بووە. لەسەر بەرگی یەكەم و هەروەها لاپەڕەی

---

١- ڕۆژنامەوانیی كوردی شاری هەولێر ١٩٣٥ – ١٩٧٥ ، ل١٢٥ .

٢- ڕۆژنامەی هەولێر ١٩٥٠ – ١٩٥٣ ، محمود زامدار ، هەولێر ، ١٩٨٨ ، ل١٠، ٨٣ .

٣- باری ئەدەبی و ڕوناكبیریی پەنجاكان لە هەولێر و كۆیە ، گۆڤاری ڕامان ، ژ (٤٠)، ل١٤٨ .

*گیوی موكریانی دەربارەی گرنگی ڕۆژنامەو گۆڤار، لەژمارە(٩٤) گۆڤاری هەتاو دەلْێ:((ڕۆژنامەو گۆڤار زمانی هەستی گەل و چرای نیشتیمانن هەر ولاْتێكی لەوانەش بەشڕاوبی نەك تەنها وەك بەندینخانەیەكی تاریك دەچێ و بەس بەلْكو گۆڕستانێكی بێ هەستی ڕاستەقینەیە)).

یەکەمی هەموو ژمارەکانی گۆڤارەکەدا(هەتاو)بە گۆڤارێکی وێژەیی ناساندراوە، بە شێوەیەکی گشتی ماوەی دەرچوونی ژمارەکانی لە نێوان (١٠-١٥) ڕۆژ بووە. هەموو ژمارەکانی لە (چاپخانەی کوردستان) لە شاری هەولێر چاپکراوە. بەسەر زۆربەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە هەروەها گەیشتۆتە چەند شارێکی عێراق و دەرەوەی عێراقیش، واتە گەیشتۆتە دەستی زۆربەی خوێندەوارانی کورد. گیوی موکریانی وایکرد، کە گۆڤاری هەتاو ببێ بەهی هەموو نەتەوەی کورد، بۆیە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان (هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و ڕانیە و کۆیە و ڕەواندز و دهۆك و دەرەوەی کوردستان) لەلایەن نووسەر و شاعیرەکانەوە بابەتی بۆ نێردراوە. (گیوی موکریان)ی دەڵێ:((هەتاو گۆڤارێکی وێژەی یە، ئەو هەموو ڕەنج و ئەرکەشی بۆیە پێوە دەکێشین کە تەنها لە شەقامی خزمەتی زمان و وێژە و مێژووی کوردی دا هەنگاو بەرەو پێشەوە باوێت و لەوەش بەدەر ماوە و مەیدانی نییە کەموو زۆر پشو بدات لەو ڕووەوە تکایە هەر هەڵبەست و وتارێکی بۆ ئێمەی دەنێرن لە سنوری ناوبراو تێ نەپەڕی))(ژ: ١٢٧ ، ل١٣) .

هەتاو بەوە ناساندراوە، گۆڤارێکی وێژەیی بووە، بەڵام کە سەیری ناوەڕۆکی بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە دەکەین، دەبینین گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بووە، چونکە بە تەنها لایەنی ئەدەبی لە خۆی نەگرتووە، بابەتەکانی هەمەچەشنە بووە، بابەتی(زمانی وئەدەبی ومێژوویی و ئامۆژگاری، پزیشکی، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، هتد ... )لە خۆوە گرتووە. ئەمە سەرباری ئەوەی گۆڤارەکە بۆتە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێك نووسەر و شاعیری کورد لە ژێر ئەم چەترەدا.

لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤارەکە تا چەند ژمارەیەك زۆربەی بابەتەکانی نێو گۆڤارەکە لەلایەن (گیوی موکریانی) خۆیەوە نوسراون، بەڵام دواتر بە دەیان شاعیر و نووسەر بە بەرهەمەکانیان لاپەڕەی گۆڤارەکەیان دەوڵەمەند کردووە،لەلایەکی تر (گیوی موکریانی) خۆی هانی خەڵکی داوە، کە بابەت بۆ گۆڤارەکە بنووسن، بەشداری لە نووسینی ناو گۆڤارەکە بکەن، لەم بارەیەوە (جەوهەر غەمگین)ی شاعیر دەڵێ:((کە مامۆستا گیوی موکریانی ڕەحمەتی لە سەروبەندی دەرکردنی گۆڤاری(هەتاو)دابوو، بەدوای خوێندەوارەکان دا دەگەڕا و هانی دەدان کە بە کوردی بابەتی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی و شیعر و چیرۆك بنووسن و پەرە بە زمانی کوردی لەنێو شاری هەولێر بدەن، ئەویش لەو گۆڤارەدا بۆمان بڵاو دەکاتەوە، کە ناوی ناوە (هەتاو) و لەم نزیکانەش چاپی دەکات))[1].

---

١- دیوانە دەوڵەمەندەکەی (جەوهەر غەمگین)ی شاعیر ، مەسعود پەرێشان، گۆڤاری نووسەری نوێ ، ژ(٤٢) ، ٢٠٠٨ ، ل١٢٢ .

یەکێك لەو دیاردە ناشیرنانەی لە ڕۆژنامەگەری کوردی هەبووە، نەناردنی هاوبەشی (ئابوونە) لەلایەن بەشدارەکانەوە بووە، گۆڤاری(هەتاو)یش بەدەستی ئەم بابەتەوە نالاَندوویەتی، چونکە گۆڤاری (هەتاو) ئەهلی بووە، لەلایەن تاکە کەسێکەوە سەرپەرشتی کراوە، بەبێ یارمەتی لەلایەن دەوڵەت یان هەر کۆمەڵەیێك. (گیوی موکریانی)لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە یارمەتی نەدراوە، بۆیە دەبینین پەنای بردۆتە بەر بلاَوکردنەوەی (ڕیکلام)ی زۆر لە گۆڤارەکە، کە بەم هۆیەوە بتوانێت گۆڤارەکە بەڕێوە ببات. دەرکردنی گۆڤاری (هەتاو) لەلایەن (گیوی موکریان)ی هەوڵێکی تاکە کەسی بووە، بۆیە ئاسایی یە، پشت بە بەشداری مانگانە و ئەو ڕیکلامانە ببەستێ، کە لە گۆڤارەکە بلاَوی دەکردنەوە، سەبارەت بەوانەی هاوبەشی نانێرن، گۆڤارەکە لە چەند ژمارەیەك داوای لێکردوون، هاوبەشی یەکانیان بنێرن، بۆ نموونە لە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری (هەتاو) دا دەڵێ:((تکایە ئەوانەی پارەی هەتاویان لەلایە بەبێ خۆگرتن بینێرن. بۆ (٢٥) ملیۆن کەس زۆر شورەییە کە نەتوانن گۆڤارێکی(٢٠) لاپەڕەیی بژێنن))(ژ:٧٩، ل١). لەلایەکی تر (گیوی موکریانی) هەڕەشەی ناوهێنان لەوانە دەکات، هاوبەشییەکانیان نانێرن. دەڵێ:((.... هەر کەسێکی هەست بە دواکەوتنی نەتەوەکەی و حەز لە پێشکەوتن و زیندووبونەوەی زمانەکەی بکات، ساڵانەی ساڵێك لەسەریانە یا هی دوو ساڵ دەبێ بینێرێ دەنا هەتاویشی بۆ نانێرین و تەنها جارێکی لە هەتاودا ناویشی دەبەین))(ژ:١٦،ل١). کەواتە نەناردنی هاوبەشی بەشداربووان کێشەیەکی زۆری ئابووری بۆ (گیوی موکریانی) دروست کردبوو.

گۆڤاری هەتاو کە لە ١٩٥٤/٥/١٥ یەکەم ژمارەی لێ دەرچووە وبەردەوام بووە تا مانگی ١٩٦٠/١٠. لەو ماوەیەدا ئەم گۆڤارە بە هەوڵ و ماندووبونێکی زۆری (گیوی موکریانی) خۆی (١٨٨) ژمارەی لێ بلاَوکراوەتەوە. سەبارەت بە هۆکاری داخستنی گۆڤارەکە، (گیوی موکریانی) وتارێك بلاَو دەکاتەوە بەناوی (تورك و تورکمان لە عێراقی دا نییە، کەرکوك خاوێنترین شارێکی کوردستانە) (ژ:١٨٢،ل٣٥)، ئەم وتارە بۆتە هۆی وەستانی گۆڤاری(هەتاو) لەلایەن دەسەلاَتدارانی ئەو کاتی ولاَتی عێراق و دوورخستنەوەی (گیوی موکریانی) بۆ باشووری عێڕاق و زیندانی کردنی لە زیندانی حلە[1].

گیوی موکریانی خۆی کەسێکی ڕۆشنبیرو نەتەوە خواز بووە، زۆر بایەخی بەباری ئەدەبی کوردی و زمانی کوردی و مێژووی کورد داوە لەم بارەیەوە((د.کوردستان موکریانی)) دەڵێت:((ئەو باس و خواسانەی لەگەڵ باوکم باس دەکران لەبری ئەوەی باسێکی گشتی بێت،

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ کوردۆ گیوی موکریانی، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٣)،ل٧٢.

هەمووی باسی باری کوردو شاعیران و زمان و کێشەی کورد بوو))[1]. گیوی موکریانی لە پاڵ چالاکی یەکانی لە بواری ڕۆژنامەنووسی، خزمەتێکی زۆری لایەنی ئەدەبی و زمانی و چاپەمەنی کوردی کردووە. کتێبێکی زۆری لەچاپخانەکەی چاپکردوون، لەوانە چەندین دیوانە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی، کەخۆی پێشەکی بۆ دیوانە شیعرییەکان نووسیووە: وەك:((مەلای جەزیری و نالی و سالم و کوردی و حاجی قادری کۆیی و وەفایی و تایەر بەگی جاف و گەلێکی تر)). بەپێی توانین و بۆ چوونەکانی خۆی شیعرو شاعیریەتی هەڵسەنگاندوون و نرخی بۆ داناون[2]. لەبواری فەرهەنگ نووسی کاریگەری هەبووە، دەورێکی باڵای لەکاروانی مێژووی فەرهەنگ نووسی کوردیدا گێڕاوە، چەندین فەرهەنگی داناوە، کاتێکی زۆری لە کۆکردنەوەو لێکدانەوەی ووشەکان بەسەربردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شارەزاییەکی زۆری لەزمانی کوردی هەبووە و لەپاڵ ئەمەش چەندین زمانی بیانی زانیوە. لەو فەرهەنگانەش((ڕابەر، کۆلکە زێڕینە، مەهاباد، نۆبەرەی کوردستان)).

(گیوی موکریان)ی وەکو کەسێکی شارەزا لە زمان و ئەدەبی کوردی بانگهێشتی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد لە ڕۆژانی(١٠-١٣)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٨ کە لە(شەقلاوە) بەسترا، بانگهێشت کرابوو، دیارە ئەمەش بەڵگەی ئەمەیە(گیوی موکریان)ی کەسێکی ناسراوی بواری ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتی بووە لەکوردستان. لەم کۆنگرەیە دەبێت بەئەندامی لێژنەی زمان، لەم بارەیەوە دەڵێت:((لەڕووی ئەوەوە کە زمان سەرچاوەی بووژانەوەی نەتەوەیەکی دواکەوتووی وەکو ئێمەیە وە لەسەرەتای ژیانیشمەوە ئەرك و خزمەتی زمانی کوردیم لەهەموو شتێك پتر خستۆتە سەرشانی خۆم. لەم کۆنگرە پیرۆزەشدا کەبانگهێشت کرابووم لێژنەی زمانی کوردیم بۆ خۆم بە بەرژەوەندتر زانی)) (ژ: ١٦٣، ل١٨).

(د.جەمال نەبەز) دەربارەی ڕۆڵی گیوی موکریانی لەخزمەتکردنی زمانی کوردیدا ئاماژە بەوە دەکات، گیوی موکریانی لە ڕۆژگارێکی زۆر سەخت و دژواردا خزمەتی زمانی کوردی کردووە، کە لەکاتێکدا زمانی کوردی(( نەك هەر زمانی خۆ پێوە هەڵکێشان و نانپەیداکردن نەبوو، بەڵکو ئەوانەی کە خەریکی زمانی ئەنفالکراوی کوردیی دەبوون، ئەگەر نانێکیشیان ببوایە، نانیان دەبڕاو تووشی گرتن و زیندان و دەربەدەرییو بوختان و درۆ بۆ هەڵبەستن و گاڵتەپێکردنیش دەبوون بەڵام مامۆستا گیوی ورەبەرز بەو پەڕی ئازایەتیی و خۆبەخشییەوە، سەرەڕای هەموو هەژاری و دەستکورتیی و خراپەکارییەکی دوژمنانی دەرەوە و نێوخۆی

---

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ د.کوردستان موکریانی، گۆڤاری ڕامان ،ژ(٢٦)ئابی ١٩٩٨،ل٨٨.

٢- لەیادی گیوی موکریانیدا، کەریم شارەزا، ل٤٠.

بەرامبەری، شانی دایە ژێر ئەو ئەرکە گرانە))[١]. هەروەها نووسەرو ڕۆشنبیران و شاعیران، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری گیوی موگریانی و ئەمەشیان نەشاردۆتەوەو، دانی پێدادەنێن، کەلەڕووی ئەدەبی و نەتەوەییش کاریگەری (گیوی موکریان)یان بەسەرە[٢].

لەلایەکی تر چاپخانەکەی خۆی (چاپخانەی کوردستان) پاڵپشتێك بووە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی، لەماوەی ژیانیدا چەندین کاروچالاکی بۆ خزمەتکردنی ئەدەب و وشەی کوردی لەڕێی ئەم چاپخانەیەوە بەئەنجام گەیاندووە، ئەم چاپخانەیەشی وەکو مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری لیٚ کردووە، تیایدا ڕۆشنبیران و نووسەران کۆ دەبوونەوە، لەناو چاپخانەکەی کتێبخانەیەکی هەبووە، زۆر خەڵك سەردانیان کردووە، بۆ دەستخستنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی زیادکردنی ئاستی ڕۆشنبیریان، هەروەها چاپخانەکەی قوتابخانەیەك بوو بۆ فێربوونی زمانی کوردی بە باشی، بۆیە زۆر کەس چاکەی فێربوونی زمانی کوردی پەتی بۆ(گیوی موکریانی) دەگێڕنەوە، بەیەکێك لە هۆکارەکانی گەشەکردنی زمانی کوردی لە شاری(هەولێر)دا دادەنریٚ[٣].

لەبارەی کاریگەری چاپخانەی کوردستان بەسەر شاری هەولێردا، (دکتۆر مارف خەزنەدار) لەبیرەوەرییەکانی خۆی دادەڵیٚ:((ڕووی شارستانی هەولێر لە تروسکاییێکی دووکانە بچووکەکەی گیوی موکریانی دەبینرا کە لەسەری نووسرابوو (چاپخانەی کوردستان) ))[٤] .

---

١- هەفتەنامەی بەدرخان، د.جەمال نەبەز، خولی سێیەم، ژ(١٧٦-١٧٧)، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر،٢٠١٥/٥/٢٤،ل١.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ د.کوردستان موکریانی، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٦)،ل٢٨٩.

٣-گیوی موکریانی و چاپخانەی کوردستان ، ئیسماعیل بەرزنجی، ماڵپەڕی باس نیوز .

٤- ڕۆژگاری من (١٩٤٩-١٩٦٠)، د.مارف خەزنەدار، ل١٣٥ .

## تەوەری پێنجەم/

# پەیوەندیی ئـــەدەب و ڕۆژنامەنووســـی

دیارە هەردوو بواری ڕۆژنامەنووسی و ئەدەب دوو بواری لەیەکتر جیان، هەریەکەیان خاوەن شێواز و زمانی تایبەت بەخۆیەتی. ئەم دوو بوارە لەڕێگەی نووسینەوە دەردەکەون، هەردووکیان بۆ دەربڕینی ئاوات و خواستی مرۆڤ هاتوونەتە کایەوە. لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیدا پەیوەندییەکی بەهێز و توند و تۆڵ لەنێوان ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی سەری هەڵدا و دروست بوو، بەجۆرێك بەیەکەوە پەیوەست بوونە، بە ئاسانی لێك جیاناکرێنەوە، هەرچەندە ڕۆژنامەنووسی لەچوارچێوەی ئەدەبەوە سەری هەڵداوە، بەڵام بووە ئەو مینبەرەی، کە ئەدەب بە هەموو خەڵك بگەیەنێت، هەروەها ڕۆژنامەنووسی بووە بە هۆکارێك بۆ گەشەسەندنی ئەدەب و هێز و توانستی کاریگەری پێ بەخشیوە[1]. کەواتە ڕۆژنامەنووسی پێوەندییەکی بەهێزی بەڕەوتی ئەدەب و کار و چالاکی ڕۆشنبیری کۆمەڵەوە هەیە. زۆربەی ئەوانەی گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەرکردووە، شاعیر و ئەدیب بوون(( ڕۆژنامەنوسی بە هەوڵ و چالاکی شاعیر و نوسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیران سەری هەڵداوە و گەشەی سەندووە، ئەوان بوونەتە پێشەنگ و پێشڕەوی ئەم پیشە شارستانیەتە))[2].

ئەگەر سەیری ڕابردووی ڕۆژنامەنووسی کوردی بکەین، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا دەگاتە ئەم سەردەمەش، ئەم دوو بوارە بەشێوەیەکی وا ئاوێتەی یەکتر بوون، کە باس کردن هاتە سەر هەر بوارێکیان بەبێ باس کردنی بوارەکەی تر ناتواندرێ مافی خۆی بەتەواوی بدرێتێ. لەسەرەتای دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە(کوردستان ١٨٩٨) ئەدەب جێی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی کردۆتەوە و دەرکەوتووە. بەردەوام لەو قۆناغانەی کە ڕۆژنامەنووسی دەرچووە، ئەدەب لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەبیندرێ. ئەگەر یەکێ بیەوێ توێژینەوە لەبارەی هەر ژانرێك لە ژانرەکانی ئەدەب ئەنجامبدات، بەبێ لێکۆڵینەوە و گەڕان بەناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کارێکی نەشیاوە، بۆیە ناکرێ بەوردی و کارامەیی لە جوڵانەوەی ئەدەبی هاوچەرخ بگەین، ئەگەر بەوردی لە ڕەوتی جوڵانەوەی ڕۆژنامەگەری نەگەین[3]، چونکە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بوون بەسەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردی و دەتوانرێ بۆ توێژینەوەی

---

١- الصحافة الأدبية وجهة جديدة في الأدب المعاصروتاريخه، الدكتور شكري فيصل، القاهرة، ١٩٦٠، ص٥ .

٢-ڕۆژنامەنووسـی و بزوتنەوەی ئەدەبـی لەسایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسـی کـــوردا لە مێژووی هاوچەرخدا(١٩٢٢- ١٩٢٤)، محەمەد دلێر ئەمین میسری، چاپخانەی شارەوانی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١١٨.

٣- ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، هیمداد حوسێن، ل ٤٩.

ئەدەبی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و سوودیان لێ وەربگیرێ. بەم شێوەیە(( زۆربەی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی دوای(کوردستان) وەك ئەو بایەخیان بە ئەدەبی کوردی دەدا، بەو جۆرە بوون بەیەکێ لەسەرچاوە ڕەسەنە دەگمەنەکانی توێژینەوەی ئەدەبی کوردی))[1]. هەروەها بەشێوەیەکی تریش لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامەگەری بەبێ باسکردنی ئەدەب و جێگەی ئەدەب ناتوانرێ سەر لەبەری بوارەکە بەسەر بکرێتەوە.

لەسەرەتاوە ڕۆژنامەنووسی بۆ میللەتی کورد تایبەتمەندی خۆی هەبووە، چونکە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی کوردی بەهۆی هەستی نەتەوایەتییەوە بووە، بۆیە نەکراوە ڕۆژنامەنووسی تەنیا هەواڵ و دەنگ و باس و چەند هونەرێکی ڕۆژنامەنووسی لەخۆوە بگرێ. ڕۆژنامەنووسی کراوە بە چەکێك بۆ خەبات و داکۆکیکردن لە بواری ڕۆشنبیری و پاراستنی زمان و ئەدەب و کەلەپوری نەتەوە و پاراستن و تۆمارکردن و ڕزگارکردنی لە فەوتان. واتە ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆژنامەنووسی کوردی هەر لەسەرەتاوە تەنیا خزمەتکردنی چەند لایەنێك نەبووە، بەڵکو لە زۆربەی بوارەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی دا خزمەتێکی زۆری میللەتی کوردی کردووە، کەواتە ڕۆژنامەنووسی کوردی لەپاڵ جێبەجێکردنی پەیامی ڕۆژنامەنووسیدا، توانیویەتی خزمەتێکی زۆری بواری زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری گشتی کورد بکات، لە مێژووی بزوتنەوەی ڕۆژنامەنووسی کوردی دا ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و ئەرشیفێکی بەنرخی پاراستنی ئەدەبی کوردی و لە بەرەو پێش بردنی ئەدەبی نوێی کوردی دەوری گرنگی گێڕاوە.

ژانرە ئەدەبی یە نوێیەکان بەهەموو جۆرە جیاوازەکانی بۆ یەکەمجار لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە دەرکەوتن. بەدەرکەوتنی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە ڕۆژنامەنووسی نرخ و گرنگیەکی تایبەتیان پەیداکرد[2]. لەناو ئەدەبی کوردیشدا ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بوونەتە سەرچاوەی دەرکەوتنی ژانرە ئەدەبییەکان، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە ژانرە نوێکانی ئەدەبی کوردی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکراونەتەوە. دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) خزمەتێکی گەورە بوو بە ئەدەبی کوردی و کاریگەری لەسەر ڕۆژنامەنووسی کوردی دوای خۆی بەجێهێشت، چونکە ڕۆژنامەی (کوردستان) دوای خۆی جموجوڵێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی تازە و گەورەی دروستکرد. لەم جموجۆڵە ڕۆژنامەنووسیەشەوە چەندین ژانری ئەدەبی نوێ بۆ یەکەمجار هاتنە ناو ئەدەبی کوردییەوە. تەنانەت هەر لەسەر لاپەڕەی ئەو ڕۆژنامە

---

١- تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردی دا، ل ١٥٤.

٢- القصة القصيرة في مجلة الهلال ١٨٩٢- ١٩٨٠، الدكتور عوني أحمد صالح تخوخ، دار جليس الزمان، عمان، ٢٠١٤، ص٥.

و گۆڤارانەش پەرەیان سەندووە. لەم ژانرانەش (وتار) لە ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨، (چیرۆك) لە ڕۆژی کورد ١٩١٣، (شانۆنامە و شیعری نویٚ) لە ژین ١٩١٩، (شیعری منداڵان) لە کوردستان و ژین ١٩١٩، (ڕەخنە) لە تێگەیشتنی ڕاستی و ژیان ١٩١٨، ١٩٢٤، (شیعری سەربەست) لە گۆڤاری هاوار ١٩٣٢[١]. کەواتە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەسەرەتاوە خزمەتی زۆر لایەنی بزوتنەوەی ڕوناکبیریان کردووە، پێوەندییان بە گەشە و پێشخستنی ئەدەب بە گشتی و پەخشان بە تایبەتی هەیە. پێش بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان نووسەر و ئەدیبانی کورد زیاتر بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆیان بەشیعر دەربڕیوە، زۆر بەکەمی نووسینی پەخشان بەرچاو دەکەویٚ لە چاو ژانری شیعر. ئیتر دوای دەرچوونی (ڕۆژنامەی کوردستان) نووسەر و ئەدیبان لە پاڵ نووسینی شیعر و بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بە نووسینی پەخشانیش دەربڕیوە، بەم شێوەیە پەخشان نووسین چووەتە قۆناغێکی نوێوە، چونکە((نەك هەر لای کورد بگرە لای هەموو نەتەوەیەك ڕۆژنامە میمبەری بڵاوبونەوەی پەخشانە و پەخشان زاد و زەخیرەی ڕۆژنامەیە، هەمیشە ئەو کاتەی پەخشان گەشاوەتەوە کە ڕۆژنامە کەوتۆتەجم وجۆڵ وچالاکی))[٢]، کەواتە دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) گرنگییەکی تایبەتی هەبووە بۆ ئەدەب بەگشتی و بەتایبەتی بۆ ژانرەکانی پەخشان.

ئەگەر لە قۆناغەکانی پێشووتری ئەدەبی کوردیدا، پێش پەیدابوونی بواری ڕۆژنامەنووسی کوردی، ئەدیبەکان تەنیا شیعریان بۆ چینێکی تایبەت و دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە نووسیووە، ئەوا پاش پەیدابوونی ڕۆژنامەنووسی کوردی، ئەم بارە ئەدەبییە گۆڕانی بەسەرداهات. ڕۆژنامەنووسی ئەدەبی بردە ناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بەبیٚ جیاوازی، چونکە پێشتر ئەدەب تەنیا بۆ ئەو کەسانە دەنووسرا، ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواریان بەرزبوو، بەڵام ڕۆژنامەنووسی وایکرد ئەدەب بۆ ئەو کەسانەش بنووسریٚ، کە ئاستی خوێندەواریان نزم بوو، واتە ئەدەب بوو بە هی هەموو کەسێك. ئەمەش وایکرد، ئەدەب زۆر بەخێرایی لەناو جەماوەر بایەخ و گرنگی پەیدابکات، زۆرترین خەڵك لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. ئەو کەسانەش کە هەڵسوڕێنەر و بەڕێوەبەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بوون، زیاتر ئەدیب و شاعیرەکان بوون. ڕۆژنامەنووسی لەسەر دەستی ئەدیبەکان گەشەیکرد، کەواتە(( ڕۆژنامەنووسی لەدایك بووی ئەو

---

١- شیعری نوێی کوردی(١٨٩٨- ١٩٥٨)، فەرهاد پیرباڵ، ل ٤١.

٢- پەخشانی کوردی، عەزیز گەردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٧، ل٩ .

دنیا ئەدەبیە فراوانەیە لەسەرەتای مێژووی خۆیدا بەردەوام ئەدیبەکان بوونەتە دەسپێکی کاروانەکەی ))[1].

دیارە ڕوناکبیرانی کورد لەو گۆشەنیگایەوە ڕوانیوویانەتە کاری ڕۆژنامەنووسی ، کە باشترین ڕێگە بووە بۆ گەشەسەندنی ئەدەبییاتی کوردی و پێگەیاندنی نەوەی نوێی ڕوناکبیرانی کورد. ڕۆژنامەنووسی کوردی چاکەی زۆری بەسەر ئەدەبەوە هەیە، مەیدانی ئەدەبی کوردی فراوان کردووە، تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت، ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی کوردی بەیەکەوە خزمەتی ڕۆشنبیری و زمانی کوردی دەکەن. ئەدیبانیش لەڕێی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە خزمەتی بزوتنەوەی سیاسی و ئەدەبی کوردیان کردووە. جگە لەوەش نووسەر و ئەدیبانی کورد سەکۆی ڕۆژنامەنووسیان کردۆتە شوێنی گەیاندنی بیر و بۆچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی[2].

ئەمەش وایکردووە ڕۆڵی ئەدیبان لەپێشخستنی ڕۆژنامەنووسی بەڕوونی دەربکەوێ، بەو پێیەی لە سەردەمانی پێشوو لەبەر هۆکاری نەبوونی دەزگای چاپکردنی کتێب، کتێب بەکەمی بڵاوکراوەتەوە، بۆیە لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان باشترین دەرفەت بووە بۆ ئەدیبان، کە بەرهەمەکانیان تیایدا بڵاوبکەنەوە، بوو بە مەیدان بۆ مەشقی نووسەر و شاعیرانی نوێ، شیعر و پەخشان و بابەتی ئەدەبی یان تێدا بڵاودەکردەوە. نووسەر و شاعیران قەرزاری بواری ڕۆژنامەنووسین، چونکە لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە خۆیان بە جەماوەر ناساندووە و بەرهەمەکانیان بڵاوکردۆتەوە. ئاشکرایە لە سەردەمانێك هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زۆر لەبەر دەست نەبوون، هەروەها کتێب زۆر بەکەمی بڵاوکراوەتەوە، چونکە کتێب وەك سەردەمی ئێستا بە ئاسانی چاپ نەدەکرا، بۆیە لەو سەردەمانەدا باشترین ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لەلایەن نووسەر و شاعیرەکانەوە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بوون((ئەگەر ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەورێکی گەورەیان لەهاندانی نووسەرو شاعیراندا نەبینایە ....بەتایبەتیش لەو ڕۆژگارەدا کەدەوری کتێب لەکاری فیکری و کەلچەریدا ئەو بایەخەی نەبوو....بێگومان هەزاران ناو و هەزاران بەرهەمی

---

١-چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژین دا، هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسەین،چاپخانەی شڤان،سلێمانی،٢٠٠٧، ل١٩.

٢-ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری کوردی ١٩٧٥-١٩٩١، ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، چاپخانە و ئۆفیستی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٣، بين الأدب والصحافة، نزار جرجيس، گۆڤاری نووسەری نوێ، عدد(١١)، تشرينى الثاني،١٩٩٩،ص٨٠ .

بەپێزمان لەکیس ئەچوو و دەنگی هەزاران بەهرەداری کورد ئەکوژایەوەو کەسیش گوێی لێ نەئەبوو))[1].

لەسایەی ڕۆژنامەنووسییەوە شاعیر و نووسەرانی کورد ئاگاداری چالاکییە ئەدەبییەکانی یەکتر بووینە، هەر لەو ڕێگەیەشەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری یەکتر. لەلایەکی تر گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی یەکەمین سەرچاوە بوو بۆ خوێندەواری کورد، بۆ ئەوەی شارەزایی لە بابەت ئەدەبی بێگانەوە پەیدابکات، ئەویش بە وەرگێڕانی ئەدەبی بیانی(شیعر و چیرۆك و بابەتەکانی پەخشان) بۆ سەر زمانی کوردی، لە فارسی و عەرەبی و تورکی و ئینگلیزیی و فەڕەنسی یەوە، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی ئەدەبی کوردی و بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی ئەو دەقە ئەدەبییانەی، کە کێشەی نەتەوەیی و بیرو بۆچوونی مرۆڤایەتی لەنێویاندا ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها ڕۆژنامە وگۆڤارەکان بوونە هۆی زیندووکردنەوەی سامانی ئەدەبی پێشووی کورد و ڕزگارکردنیان لە فەوتان و کردنیان بەبنەمایەکی پتەو بۆ دامەزراندن و بەرزکردنەوەی کۆشك و تەلارێکی جوانتر لە جیهانی ئەدەبدا[2]. لەلایەکی تر ئەگەر گۆڤار و ڕۆژنامەکان نەبوونایە، ئەوا هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی، کە لە خەیاڵ و مێشکی نووسەران و شاعیراندا هەبوون، ڕووناکی یان نەدەدی، بەتایبەتی ژانرەکانی پەخشان، کە زیاتر لە شیعر پێویستییان بە لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەبووە بۆ بڵاوکردنەوە، ئەویش بەهۆی ڕووبەری فراوانی نووسینەکانیان، ئەگەر لەڕۆژنامە و گۆڤارەکان تۆمار نەکرابان، ئەوا لەبیر دەچوونەوەو لەناودەچوون.

لەهەمان کاتدا ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە هاندەرێکی زۆر گرنگ بوون بۆ نووسەر و شاعیران، کاتێك نووسەرێك یان شاعیرێك بۆ یەکەمجار دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، چونکە هەر لەسەرەتای ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، شاعیر و نووسەران سەرەتا بەرهەمەکانی خۆیانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاودەکردەوە، کاتێکیش شاعیر یان نووسەرێك، کە تازە دەستی بەکاری نووسین کردووە، بەرهەمەکەی خۆی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەبینی، ئەمە دەبووە هۆی هاندان و بەردەوامبوون لە نووسین.

لەم بارەیەوە (جەوهەر غەمگین)ی شاعیر. باس لەوە دەکات، پۆلی دووەمی ناوەندی بووە، گیوی موکریانی داوای لێکردووە بابەت بۆ گۆڤاری(هەتاو)بنووسێ، بۆ ئەوەی بۆی

---

١- گەشتێك لەنێو جیهانی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، مەحمود زامدار،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،١٩٨٨، ل٩٢.

٢- باری ئەدەبی و ڕوناکبیری پەنجاکان لە هەولێر و کۆیە، مێژگەرد، گۆڤاری ڕامان، (ژ:٤٠)، ل ١٤٩، مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار ، بەرگی یەکەم،چاپی دووەم،چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠، ل ٣.

بڵاوبکاتەوە. دەڵێ:((بابەتێکی ڕەخنە ئامێزی کۆمەڵایەتیم بۆی نووسی و ڕۆژی دواتر دامەدەستی، کەخوێندیەوە زوو پەسندی کردو لە ژمارەی دووی ئەم گۆڤارە نازدارەی ئەو ساش بۆی بڵاوکردمەوە، کەیفێکی زۆرم پێهات و بڕیارمدا لەسەر هەمان ڕێچکە دەست بەنووسینی شیعر بکەم، بەزمانی خۆمانەی کوردی))[1]. ئەم حاڵەتە تەنیا شاعیرو نووسەرانی کوردی نەگرتۆتەوە، بەڵکو نووسەران و شاعیرانی جیهانیش کەوتوونەتە ئەم بارودۆخە، بۆ نموونە شاعیری ڕووسی(یەڤجینی یە ڤتۆشینکۆ ١٩٣٣....)لەبیرەوەریەکانی خۆیدا، باس لەبڵاوکردنەوەی یەکەم شیعری خۆی دەکات، لەگۆڤارێکی ڕووسیدا لەم بارەیەوە دەڵێت:((گۆڤارەکەم کردەوە شیعرەکەی منی تێدابوو، ناوی منی لەژێرەوە نووسرابوو.......بەرزم کردوە ئاسمان و بەجادەدا ڕامدەکرد. زەوی لەژێر پێم دەکشایەوە. بووم بەبلیمەت چوومەوە ماڵێ. کەدایکم بینی، بەشانازیکردن بەم سەرکەوتنەوە گۆڤارەکەم لەبەردەم پانکردووە))[2].

لەمێژووی بزوتنەوەی ڕۆژنامەنووسی کوردی زۆر بەکەمی گۆڤارێك یاخود ڕۆژنامەیەکی تایبەت بووە بە ئەدەب و زمانی کوردی، بەڵکو زۆربەی ئەو بابەتانەی بڵاویان دەکردنەوە، دەکەوتنە ناو چوارچێوەی ڕۆشنبیری گشتی. ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەسەر لاپەڕەکانیاندا ئەدەب و بابەتی ڕۆشنبیری زۆرترین لاپەڕەیان داگیرکردووە، تا ئەمڕۆش لەگەڵ دابێت، کەوا زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان چەند لاپەڕەیەکیان بۆ بواری ئەدەب تەرخانکردووە، یان ئەوەتا پاشکۆی تایبەت بە بواری ئەدەبی تێدا بڵاودەکرێتەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی((لە ڕۆژی پەیدابوونیەوە، ڕۆژنامەنووسی کوردی شوێنی دیار بۆ ئەدەبی کوردی تەرخان کردووە(ڕۆژنامەی کوردستان) یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە لە ژمارە دوویەوە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی "مەم وزین"ی ئەحمەدی خانی))[3]. هەروەها لەسەردەمی ئێستاشدا ئەو لاپەڕانەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، کە لەبارەی ئەدەب و هونەر دەدوێن زیاتر دەخوێندرێنەوە، چونکە بەرهەمی ئەدەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان خوێنەری زیاتر هەیە، لەوەی لەناو کتێبێکدا بڵاوبکرێتەوە. ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان هەریەکەیان بەپێی قەبارە وسەردەمەکەی خۆی خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردییان کردووە.

---

١- دیوانەدەوڵەمەندەکەی((جەوهەر غەمگین))ی شاعیر، مەسعود پەرێشان، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ(٤٢)،ل١٢٢.
٢-بەرکوتێکی ژیانم، ژیان وچەپکە شیعرێکی هەڵبژاردە،یەڤجینی یە ڤتوشینکۆ، وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: عەزیز گەردی، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٨٧.
٣ – تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ل ١٥٤.

سەبارەت بە گۆڤاری(هەتاو)گۆڤارەکە لەم ڕووەوە توانیویەتی خزمەتی ڕۆشنبیریی کوردی لەڕووی زمان و وشەی کوردی و کەلتوری کوردی و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی بکات. گۆڤاری (هەتاو) هەڵقولاوی ناو واقیعی ژیانی کوردەواری بووە. دەربارەی جۆری بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە، مینبەرێکی کراوە بوو بۆ زۆربەی لایەنە ڕۆشنبیری وهونەری وئەدەبییەکان، لاپەڕەکانی گۆڤارەکە بووەتە گۆڕەپانی بلاْوکردنەوەی بەشێکی زۆری ژانرەکانی ئەدەب و بابەتی ڕۆشنبیری گشتی،لەپاڵ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی تر بۆتە ئەرشیفێکی گرنگ ودەوڵەمەند بۆ پاراستنی ڕۆشنبیری وکلتوری کوردی، بەرهەمێکی زۆری نووسەران وشاعیرانی کوردی لە فەوتان ڕزگارکردووە. گۆڤاری هەتاو جولاْنەوەیەکی باشی خستۆتە ناو ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمی کوردستان، کە گۆڤارەکەی تێدا دەرچووە.

گۆڤارەکە ژمارەیەکی زۆر شاعیر و نووسەری لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە. هەروەها گەڵێ شاعیر و نووسەری تازە بەهۆی گۆڤاری (هەتاو)ەوە دەرفەتی نووسین و بلاْوکردنەوەیان بۆ هەڵکەوتووە، لەڕێگەی ئەم گۆڤارەوە بەرهەمەکانی خۆیان بلاْوکردۆتەوە و خۆیان بە خوێنەرانی کورد ناساندووە، دواتر زۆربەیان بوونە نووسەرو شاعیری ناسراو، لەسەردەمی ئێستادا بە نووسەر و شاعیری ناسراو لەقەڵەم دەدرێن. لەوانە((لەتیف صادق بەرزنجی١٩٣٦-١٩٩٩[١]، عوسمان شارباژێڕی،جەلال جۆبار،تایەر ئەحمەد حەوێزی[٢]،ڕۆستەم حەوێزی[٣]،بوهان جاهید ١٩١٨-١٩٩١،پیربال مەحموود ١٩٣٤-٢٠٠٤،مەدحەت بێ خەو،جەوهەر غەمگین،مەجید ئاسنگەر ١٩٣٢-٢٠١٢[٤]، عوسمان عوزێری ١٩٣٥-١٩٦٦،کامەران موکری ١٩٢٩-١٩٨٦، شێرکۆ بێکەس١٩٤٠-٢٠١٣،کەریم شارەزا ١٩٢٨-٢٠١٥، ئەحمەد دڵزار،مەلا مەسعود بێبەش١٩٣٢-١٩٩٨،عومەردزەیی، عبدالرزاق بێمار"ع.بیمار"، کەمال غەمبار، کاکە مەم بۆتانی،ڕەئووف بێ گەرد،د.مارف خەزنەدار١٩٣٠-٢٠١٠،عەلی فەتاح دزەیی ١٩٢٨-١٩٩٢، مەسعود کەتانی،کامل ژیر،بورهان قانع،وریا قانع،عبدالخالق عەلائەدین"شەیدا"، محەمەد حەسەن مەنگوڕی،......هتد)).

دیارە لەو سەردەمە تاکە ڕێگەی بلاْوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبی لە لایەن نووسەر و شاعیرەکانەوە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بوون، ئەو بەرهەمانەی بلاْویان کردۆتەوە گوزارشتیان لە واقیعی ئەو سەردەمی کوردستان کردووە. کەواتە هەردوو بواری ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی وەکو

---

١ – قاموسی ناوە نەمرەکانی کوردستان، بەرگی یەکەم،ل٤٨٧

٢ – تایەر ئەحمەد حەوێزی"١٩١٩-٢٠٠٠:،کەریم شارەزا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر،بەرگی دەیەم،ل٤٥٩١.

٣ –شیعرەکانی ڕۆستەم حەوێزی شاعیر١٩١٣-١٩٩٩،د.کەمال مەعروف، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی هەشتەم،ل٣٤٠١.

٤ –گۆڤاری K٢١، ژ (١٥)،هەولێر،٢٠١٢،ل١٧٧.

**دوو بواری ناو چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری گوزارشتیان لە مەبەست و ئامانج و خەونەکانی مرۆڤی کورد کردووە، ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی هەموو کات بەیەك ئاڕاستە کاریان کردووە، کە ئەویش خزمەتکردن و گەشەپێدانی بواری ڕۆشنبیری کوردی بووە، بەو مەبەستەی بە هەموو مافە نەتەوەیی و ئازادییەکان بگەن.**

# بەشی دووەم

**بەشی دووەم: ژانرەکانی ئەدەب لە گۆڤاری هەتاودا**

- **شیعری کوردی لە گۆڤاری هەتاودا**
- **تەوەری یەکەم/ شیعرەکانی گۆڤاری (هەتاو) بەپێی ناوەرۆك**
- **شیعری سیاسی**
- **شیعری بۆنــە**
- **شیعری کۆمەڵایەتی**
- **شیعری وەسف**
- **شیعری دڵداری**
- **شیعری لاواندنەوە**
- **شیعری ستایش**
- **شیعری ئایینی**
- **سروود لەگۆڤاری (هەتاو)دا**
- **شیعری وەرگێڕدراو لە گۆڤاری (هەتاو)دا**
- **تەوەری دووەم/ شیعرەکانی گۆڤاری هەتاو بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەکان**
- **کلاسیـــــك**
- **ڕۆمانسیزم**
- **ڕیالیزم**

## ژانـــرەکانی ئـــەدەب لەگۆڤـــاری هەتـــــاودا

وشەی ژانــر لە(gener) هاتووە، ڕەگەکەی لاتینی یە، لەزمانی ئینگلیزی و فرەنسی و زمانەکانی تری ئەوروپی بەکاردێ، ماوەیەکیشە ئەم وشەیە هاتۆتە ناو زمانی کوردی[1]. بەمانای جۆر، چەشنی ئەدەبی دێت. لەکۆنەوە زاناو ڕەخنەگران هەوڵیان داوە جۆرەکانی ئەدەب دابەش و پۆلێن بکەن. هەر ڕەخنەگرو شارەزایەکی ئەدەبی ویستویەتی لەسەر بنچینەی بیروڕاکانی خۆی جۆرەکانی ئەدەب دابەش بکات،بیرو بۆچوونەکانیش بەپێی سەردەمەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، دیارە بۆ یەکەم جاریش لەسەردەمی یۆنانیەکانەوە ئەرستۆ(٣٢٢پ.ز)ئەم هەوڵەیداوە، جۆرەکانی ئەدەبی بەسەر سێ بەش دابەش کردووە(تراژیدیاو کۆمیدیاو داستان)، ئەم پۆلێن کردنەشی لەکتێبەکەی خۆی (هونەری شیعر) باس کردووە. بەگوێرەی تیۆرەکەی ئەرستۆ هەر جۆرێکی ئەدەبی جیاوازە لەجۆرەکەی تر، هەر ژانرێك کۆمەڵێ ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها لەڕووی سروشت و بەهاوە جیاوازن لەیەکتر. بۆیە ئەرستۆ پێداگری لەسەر ئەوە کردووە، نابێ جۆرەکانی ئەدەب تێکەڵ بەیەکدی بکرێن و دەبێت هەر جۆرێکی ئەدەبی بە سەربەخۆ بمێنێتەوە، ئەو ڕێبازەش بە (پاکی جۆرەکان) ناسراوە[2].

بەم شێوەیە تاسەدەی حەڤدەهەم ئەم تیۆرەی ئەرستۆ بەردەوام بوو، ئەدیب و نووسەران لەسەر پۆلێن کردنەکەی ئەرستۆ کاریان دەکرد، تالەو تیۆرەی ئەرستۆ داینابوو لانەدەن. بەڵام دواتر لەسەر بنەمای تر کار لەسەر ژانرە ئەدەبییەکان کرا، لەوانە(هیگل) شیعری بەسەر دوو جۆردا دابەش کرد (شیعری لیریك و شیعری داستان) دواتر ئەم دوو ژانرە بەنێویەکدا دەچن و ژانرێکی دیکە دروست دەکەن، کەپێیدەوترێت دراما. شیعری درامیش دوو جۆرە: تراژیدیا و کۆمیدیا، ئەمانیش کاتێك بەنێویەکدا دەچن، ژانری سێیەم دروست دەکەن، کەبریتی یە لەدرامای نوێ[3]. هەروەها (هیدسۆن) لەسەر بنەمای دەروون شیکاریدا کاری لەسەر ژانرە ئەدەبییەکان کردووە، پێی وایە ژانرەکانی ئەدەب بەپێی پێداویستییەدەروونییەکانــی مرۆڤ هاتۆتە کایـــەوەو

---

١- فەرهەنگی ئەدەبی، د.موحسین ئەحمەد عومەر، چاپخانەی (حەمدی)، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٩٨

٢- نظرية الأدب، رينيه ويليك واوستن وارين، ترجمة:محی الدين صبحي، الموسسة العربية للدراسات والنشر،بيروت،لبنان،١٩٨٧، ص٢٤٦.

٣- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١، ل٤٤.

بەشێك لەپێداویستییە خودییەکانی مرۆڤ تێردەکات[1]. هەندێکی تر لەزانایان لەگۆشە نیگای بایۆلۆژییەوە سەیری جۆرەکانی ئەدەب دەکەن، لەوانە (سیمۆند) وای دەبینیٚ، کە ژانرە ئەدەبییەکان بەهەندێك قۆناخدا ڕەت دەبن، کە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ لەپێگەیشتن و گەشەکردن ولەناوچوون نزیکە[2]. هەروەها(برۆنتێر) پێی وایە وەك ئەوەی کە هیچ شتێك لەناو سروشتدا لەناو ناچێت، بەهەمان شێوە لەئەدەبیشدا هیچ شتێك لەناو ناچێت، چونکە جۆری ئەدەبی وەك جۆری بایۆلۆژی وایە سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات و لەناو دەچێت، بەڵام لەناوچوونی شتە لەناوچووەکانی ژانرە ئەدەبییەکان، هەروەك شتە لەناوچووەکانی زیندەوەرەکان بەیەکجاری لەناو ناچن، بەڵکو ڕەگەزێك یان چەند ڕەگەزێکیان لێدەمێنێتەوە بۆ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی دەگوازێتەوەو ئاوێزانی ڕەگەزەکانی دەبێت و بەردەوام دەبێت[3].

لەسەردەمی ئێستادا پاکژی و بیٚ گەردی ژانری ئەدەبی ڕەت دەکرێتەوەو ژانرەکان ئاوێتەی یەکتر دەبن، هەر نووسەرێك دەتوانێت سنووری نێوان ژانرەکان ببەزێنیٚ و زۆرجاریش دەقی وامان دەکەوێتە بەرچاو هەموو ژانرەئەدەبییەکانی لەخۆ گرتووە[4].

---

١- تیۆری ئەدەب، شکری عزیز، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:د.سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر،٢٠١٠، ل٩٦.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

٣- تیۆری ئەدەب، شکری عزیز، ل٩٧.

٤- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل٤٤.

# شیعـــری کـــوردی لەگۆڤـــاری هەتـــاودا

شیعر وەکو ژانرێکی سەرەکی ئەدەب لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخی لەمێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا گێڕاوە، شیعر شتێکە کە لەهەست و سۆزی مرۆڤەوە هەڵدەقولێ، دەربڕی مەبەست و ناخی مرۆڤە لەلایەکی تر وەکو ژانرێکی سەرەکی ئەدەب کۆنترە لە پەخشان لەڕووی مێژووییەوە ((کۆنترین دەقی ئەدەبیات کە بە دەستمان گەیشتبێت هەڵبەستە نەك پەخشان))[1]. ژانری شیعر لەناو کورددا هەر لەسەدەی یازدەهەمەوە لەلایەن (بابەتاهیری هەمەدانی)یەوە نووسراوە، کە لەو سەردەمە هیچ ژانرێکی تری ئەدەبی لەناو ئەدەبی نووسراوی کوردیدا نەبووە، چونکە ژانرە ئەدەبیەکانی تر لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەناو ئەدەبیاتی نووسراوی کوردیدا سەریان هەڵداوەو گەشەیان کرد، ئەویش لەڕێگەی ڕۆژنامەنووسییەوە بووە، کە ڕۆژنامەی (کوردستان) لە٢٢ نیسانی (١٨٩٨ز) لەم ڕووەوە سەرقافلە بوو.

ڕووپەڕی ڕۆژنامەنووسی کوردی باشترین شوێن و هەوارگە بووە بۆ بڵاوکردنەوەی شیعری کوردی، چونکە بەهۆی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە شیعری کوردی چووە قۆناغێکی پێشکەوتوو و گەشەی سەندووە، کە شیعری کوردی بەهەموو لایەکدا بڵاوکردەوە و بەرهەمی شاعیرانی کۆن و نوێ ی بەخوێنەران ناساند. سەدان پارچە شیعری لەفەوتان ڕزگارکردووە، پێش سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی شیعر تەنیا بۆ چینێکی دیاری کراو دەنوسرا، بەڵام ڕۆژنامەنووسی ئەم دیوارەی شکاند، شیعری گەیاندە دەستی هەموو چینەکان، هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە زۆربەی شاعیرانی ناسراوی کورد لەڕێگەی ڕۆژنامەنووسی یەوە سەریان هەڵداوە و خۆیان پێ گەیاندووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیرانی کورد لەسەرەتاوە ڕوویان لەکاری ڕۆژنامەنووسی کردووە و هەندێکیان بوونەتە ڕابەر و بەرپرسی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەوانە ((شێخ نوری شێخ ساڵح، پیرەمێرد، گۆران، عەلی کەمال باپیر، شوکری فەزلی و هتد))[2].

گۆڤاری (هەتاو)یش وەکو یەکێك لەگۆڤارە گرنگەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی لەماوەی دەرچوونی کە بۆ ماوەی(٧)ساڵان دەرچووە، گرنگییەکی زۆری بەژانری شیعری کوردی داوە، لەو چوارچێوەیەش دا شیعری جۆراوجۆری لەنێو لاپەڕەکانی خۆیدا بڵاوکردۆتەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەو سەردەمەی کە گۆڤاری (هەتاو)ی تیادا دەرچووە، شیعر دەورێکی کاریگەری

---

١- پەخشانی کوردی، عبدالرزاق بیمار، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٨، ل٧.

٢ – دەوری ڕۆژنامەگەری کوردی لەژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گەلی کوردا، محمود زامدار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١١٣ )، ١٩٨٧، ل٢٤٢

**هەبووە لە ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی میللەتی کورددا، شان بەشانی گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمە بەشداری کارای هەبووە. لەم ڕووەوە گۆڤارەکە بایەخی بەشیعری سەردەمی خۆی و پێش سەردەمی خۆی داوە.**

**گۆڤارەکە بۆ زیندووکردنەوەی شیعری کۆن و بڵاوکردنەوەی شیعری هاوچەرخ و سەردەمی خۆیدا، گۆشەیەکی تایبەتی بۆ شیعری کوردی تەرخان کردبوو، بەناوی (باخچەی بوێژان). ئەم گۆشەیە لەژمارەی یەکەمەوە تا کۆتایی ژمارە بەردەوام بووە لەبڵاوکردنەوەی شیعری کوردی. لەهەموو ژمارەیەکی شیعری شاعیرانی کوردی بڵاوکردۆتەوەو جگە لەوەش گۆڤارەکە کورتەیەك لەسەرگوزەشتەی هەندێك لەشاعیرانی کوردی نووسیوەو بەخوێندەوارانی خۆی ناساندوون. ئەم گۆشەیە لەماوەی دەرچوونی گۆڤاری هەتاودا (٧٣٦) پارچە شیعری کوردی بڵاوکردۆتەوە*، کە بەبیر و هەست و سۆز و قەڵەمی شاعیرانی کورد نووسراون. دەیان شاعیری کوردی بەشدارییان لەنووسینی ئەم شیعرانە کردوو.**

**ئەو شاعیرانەی لەگۆڤاری (هەتاو)دا شیعریان بڵاوکراوەتەوە لەڕووی تەمەنەوە جیاوازییان لەنێوان دا هەبوو. هەندێك لەو شاعیرانە لە ژیان دا نەمابوون کە ژمارەیان (٤٥) شاعیرە. لەوانە (حاجی قادری کۆیی ١٨٦ -١٨٩٧، مەولەوی ١٨٠٦-١٨٨٢، سەیدی١٧٨٤-١٨٥٤، مەنفی...-١٩٢١، ئەدیب ١٨٧٤-١٩٣٢[1]، ئەدەب ١٨٥٩-١٩١٦، ئەختەر ١٨٣٨-١٨٨٨، میهری**، **

---

**١ - ئەزموونی شیعری موکریان و شوێنی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا،د.عوسمان دەشتی، چاپخانەی حاجی هاشم، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،٢٠١٣،ل١٦٤.**

***لەگۆڤاری (هەتاو) یەك شیعر بەزمانی عەرەبی لە(ژ:٩٢، ل٢٨)بڵاوکراوەتەوە، شیعرێکی شیوەنە، لەلایەن (شێخ محمود الرمضاني حسيني) نووسراوە.**

****لە گۆڤاری هەتاو، سێ کەس بەناوی(میهری) ناویان هاتووە، یەکێکیان ناوی(محەمەد مەلا عەبدوڵڵا)یە، لە ساڵی ١٨٨٩ز لەگوندی(دشەیی)سەر بەناوچەی جوانڕۆ لەکوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایك بووە، پارێزەربووەو لە(ئەستەنبۆڵ) ژیاوە، شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس بووە و شارەزایی لەزمان و مێژووی کورد هەبووە، خاوەنی (گۆڤاری کوردستان) بووە(١٩١٩-١٩٢٠) لە ئەستەنبۆل. شیعرو وتاری زمانی و مێژووی لەگۆڤاری(هەتاو) بڵاوکردۆتەوە، ساڵی(١٩٥٧ز)کۆچی دوایی کردووە.چەند باسێك لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، د.فەرهاد پیربال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٨٧.**

**-ئەوەی تریشیان، ناوی (محەمەد سعید کوڕی مەلاعبدالرحمن کوڕی مەلا یحیی مزوریە)، لە ساڵی ١٢١٠ك، (١٧٨٩ز) لەئامێدی لەدایك بووە، ساڵی ١٣٠٠ ك، (١٨٧٩ز)کۆچی دوایی کردووە، لەگۆڤاری هەتاو چەند پارچە شیعرێکی بڵاوکراوەتەوە، گۆڤاری هەتاو(ژ:٤٤، ل٩).**

**- ئەویتریشیان بە(میهری هەولێری) بەناوبانگە، ناوی(محمد شریف مەلا ئیبراهیم)، لەساڵی ١٩٠٣ ز لە هەولێر لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٤٢ز کۆچی دوایی کردووە، چەند شیعرێکی لەگۆڤاری هەتاو بڵاو کراوەتەوە. گۆڤاری هەتاو(ژ:٤٩، ل٩).**

وەلی دێوانە ١٧٤٥-١٨٠١،هیجری ١٨٩١-١٩٣٦،مەلای باتەیی١٨٧٥-١٧٠٦، مەلا مەعسوم دێلیژەیی ١٨٩٠-١٩٣٥، مەستورە ١٨٤٥-١٨٤٧).

بەشی زۆری شاعیرەکان لەژیاندابوون لەسەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە، کەژمارەیان (١٩٤) شاعیرە. هەروەها هەندێك لەو شاعیرانە لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە ناوبانگیان هەبووە لەوانە:((قانع ١٨٩٨-١٩٦٥، دلزار، مخلص دزەیی١٩١٠-١٩٨٥، کانی ١٨٩٧-١٩٥٧، کەریم شارەزا ١٩٢٨-٢٠١٥، عەلی کەمال باپیر١٨٨٦-١٩٧٤، هەژار موکریانی ١٩٢٠-١٩٩٠، کاردۆخی، هێمن موکریانی، شاهۆ١٨٨٢-١٩٧١، جاهید ١٩١٨-١٩٩١، ڕۆستەم حەوێزی١٩١٣-١٩٩٩، فانی١٩١٠-١٩٧٣، ناطق ١٨٨٨-١٩٦٧[١]، حبیب علی میرانی ١٩٠٠ - ١٩٨٤[٢]، بەنگینە١٩٠٨-....، مەلا ئەنوەری مایی ١٩١٣-١٩٦٣[٣]، میهری ١٨٨٩-١٩٥٧، مستەفا نەریمان١٩٢٥-١٩٩٤[٤]،مەلامحەمەد چروستانی ١٨٩٠-١٩٦٣،عبدولڕەحمان ڕاجی(ژیکۆ)١٩١٢-١٩٦٩، ئیبراهیم هۆشیار(هۆشیار)١٩١٦-١٩٩٤[٥]، نوری"شێخ جەلالی شێخ جەمیلی شێخ شاکری نەقشبەندیە" ١٩١٢- ١٩٩٥[٦]، ڕەمزی مەعروف١٩٠٢-١٩٧٦، زەکی ئەحمەد هەناری[٧]، عاصی ١٨٩٢-١٩٧٥)).

هەندێکی تر لەشاعیرەکان تازە هاتوونەتە ناو دنیای شیعر نووسین و لەڕێی ئەم گۆڤارەوە بەرهەمی شیعرەکانیان دەگەیاندە خوێندەوارەکانیان لەوانە (مەدحەت بێ خەو، جەوهەر غەمگین، عەلی فەتاح دزەیی، کەمال غەمبار، برهان قانع، وریا قانـع، محەمەد حەسەن مەنگوڕی، مەسعـــود کـەتـــانـــی، لەتیف صادق بەرزنجی، پیربالۆ مەحـــمود، کامـــل ژیـــر، کامـــەران مـــوکـــری،

---

١ - نامەنووسـینی ئـەدەبی کـوردی،جزمی یەکـەم، کـەمال ڕەئـووف محەمـەد(بابی لالۆ)،چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٤،ل٤٨٧.

٢ - ئینسکلۆپیدیای هەولێر،بەرگی هەشتەم،ل٣٤٨٢.

٣ - قامووسی ناوە نەمرەکانی کوردستان،ل١٢٦.

٤ - ئەدەبی نامەنووسینی کوردی،جزمی یەکەم، ل٥٣١.

٥ - ئیبراهیم هوشیار ١٩١٦-١٩٩٤، کەریم شارەزا،ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی هەشتەم، ل٣٣٣٦.

٦ - نوری ١٩١٢-١٩٩٤، کەریم شارەزا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی هەشتەم، ل٣٣٤٦

٧ - زەکی ئەحمەد هەناری ١٩٠٩-١٩٦٧،کەریم شارەزا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی هەشتەم،ل٣٣٣١.

**شێرکۆ بێ کەس[*]، مەلا مەسعود (بێ بەش)، ڕەئووف بێ گەرد، عەبدولڕەزاق بیمار، عوسمان شارباژێڕی، عوسمان عوزێری).**

**(باخچەی بوێژان) باخچەیەکی هەمەڕەنگ بووە لەشیعری کوردی، بەبێ جیاوازی شێوەزار و ڕێباز و مەبەستی شیعری، شیعری کوردی بڵاوکردۆتەوە، هەرچەندە زۆربەی شیعرەکان بە زاری کرمانجی خواروو نووسراون، بەڵام بەزارەکانی تریش شیعرمان بەرچاو دەکەوێ، لەکرمانجی ژووروو (ئەنوەر مایی، مەلا باتەیی، میهری، عبدالرحیم هەکاری، مەسعود کەتانی)، لەشاعیرانی شێوەی گۆران (مەولەوی، سەیدی هەورامی، وەلی دێوانە).**

**(گیوی موکریانی) کە خۆی خاوەنی گۆڤارەکە بوو، گرنگییەکی زۆری بە ئەدەبی کوردی داوە بەتایبەتی ژانری شیعر. لەم بارەیەوە دەوری هەبوو لەکۆکردنەوەی چەندین شاعیر لەدەوری ئەم گۆڤارە و زیندووکردنەوەی ناوی چەندین شاعیر و شیعرەکانیان و بڵاوکردنەوەی لەڕێگەی ئەم گۆڤارە و ناساندنیان بەجەماوەر، لەم بارەیەوە (گیوی موکریانی) ئامادەبوو، پاداشتی هەرکەسێك بکات، زانیاری بدابایە دەربارەی ژیان و شیعری شاعیرێك نەناسراوە یان ناسراوە، بەڵام زانیاری لەسەر کەمە، بۆ ئەوەی لەگۆڤاری (هەتاو)دا بڵاوی بکاتەوە، ئەدەبی کوردی بەم هۆیەوە دەوڵەمەند بکات.** (ژ:٨٧، ل١٢،١١).

---

*دەربارەی (شێرکۆ بێ کەس) گۆڤارەی هەتاو دەڵێ: ((هەتاو خۆی بەسەربڵند دەزانی کە شێرکۆی کوڕی بێ کەسی نەمر......بە هەموو لایەکی کوردستانی بەناسین بدا. سوپاس بۆ خودایە کەشوێنەواری ئەو قارەمانە نیشتیمان پارێزە چۆڵ نەبوو و بۆ زمانی کوردی مایەی بەختیاریتی یە کە شێرکۆ خەریکە بۆ ئەوەی کەگیانی باوکی کەیف خۆشبێ پیشەی بوێژێتی لەنێو خێزانە خانەدانەکەی خۆیاندا دەژێنێتەوە)) (ژ:٨٥، ل١١). یەکەمین شیعریشی، کە لە ناو گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە، شیعرەکە بەناوی (پەیڕەوی خیام)ە. کەلەسەر شێوەی شیعرەکانی (عومەر خەییام) گوتراوە .لەبەشێکی دەڵێ:

((بەرەو ئاواتمان بێ تالی نابی — ڕێگای ژیانمان بێ درك نابی
کۆشش و ڕەنجمان لەڕێگای ژیان — بزانە کەوابێ ئازار نابی
ئەو جوانەی بەناز عیشوە و غەمزە — دڵی دڵخوازی ئەخستە لەرزە
دیمان وشك بوو گۆڕا هەڵوەری — پلاری ژیان بەهەزار تەرزە)) (ژ:٨٥، ل١١).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەیە و، سەرواکەشی دووبەیتی یە.

– لەتوێژینەوەکی ئەدەبی بەناوی(ڕۆڵی ڕۆژنامەی برایی، برایەتی ١٩٦٧-١٩٧٤، لەپێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا، ئاریان ئیبراهیم محمد، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥،لەلاپەڕە (٣٣)دا هاتووە، د.عیزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێ: ((ئێستاش لەسەر ئەو ڕایەم کە یەکەم پارچە شیعری(شێرکۆ بێ کەس) پارچەیی(پار ئەم وەختە ئەشکەوتەکەی سەردیلمان) بووە، کەلەبراییدا بڵاوکراوەتەوە)).، بەڵام (شێرکۆ بێ کەس) دە ساڵ پێش دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە لەگۆڤاری هەتاو لە ٢٠/کانوونی دووەمی/١٩٥٧، لە(ژ: ٨٥، ل١١)شیعری بڵاوکراوەتەوە.

لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری (هەتاو)دا، گیوی موکریانی باس لەوە دەکات، شیعری ئەو شاعیرانە بڵاودەکاتەوە، زۆر ناسراو نیینە یان دیوانی چاپکراویان نییە. لەم بارەوە دەڵێت: ((هەلبەستەکانیش دەبی هی ئەو بویژانە بیت کەناویان کەمتر بیستراوە و دیوان و هەلبەستیان چاپ نەکرابی)) (ژ:١، ل٢١) .

لە شوێنێکی تردەڵێت:((بەتایبەتی بۆ ژیاندنەوەی ناوو یادگاری بویژە ناو دەرنەکەوتووەکانمان تەرخان کراوە))(ژ:١،ل١٠)، دیارە مەبەستی لەباخچەی بوێژانە، کە تایبەت کرابوو بۆ شیعر لە گۆڤارەکە، بەڵام ئەم ئامانجەی گیوی موکریانی کاری بۆ دەکرد بەتەواوەتی نەهاتەدی، لەم بارەیەوە دەڵێ:((هەر کەسێکی کە دیوانی چاپکرا تازە نەناوی و نە دیوانەکەی لەناو ناچن بەڵان یادگاری هەزاران بویژی کۆن و تازەی ترمان هەیە فریایەکی ئەوان بکەوین تا تەفروتوونا نەبوون هەزاران جار پەسندترە. لە سەرەتای هەتاوەوە دەمەویست هەر جارەی تەنها لەبوێژێکی ناو دەرنەکەوتووی کۆن وتازە بدویم کەچی لیشاوی بویژە تازەکانمان مەیدانیان نەدا))(ژ:٩٨، ل٢١).

لەگەڵ ئەوەشدا گیوی موکریانی تا ڕادەیەکی باش لەڕێگەی ئەم گۆڤارەوە توانیویەتی چەندین شاعیری کوردی نەناسراو یان کەم ناسراو بەخوێنەران بناسێنێت لەوانە (فکری موکریانی، مستەفا قەرەداخی، هەوایی(١٨٦٤-١٩٢٢)[1]، مەجدی، (کۆکەیی...-١٩٢٤ز)، هجری، ئەسعد[2]، عاشق،(سعیدی سلیم١٨٩٠ز-.....)، غرقی، مەجروم، هادی، صالح،مەنفی، فدایی .....-١٨٠٤ز،میهری(محەمەد سەعید ١٧٨٩-١٨٧٩ز)، میهری (محەمە دشەریف١٩٠٣-١٩٤٢ز)، (خاکی١٨٤٥-١٩٠٦ز)،ئەحمەدی کۆر،مەلامەعسوم دێلیژەیی١٨٩٠-١٩٣٥ز، ئەمین بەگی دزەیی سلیمـــان نەقیبی خانـــەقین (پاکـــی١٨٩٦-١٩٨١ز[3])، (حــــــەیدەری-سالاری سەعیـــدی)ی موکریانی١٨٧٢- ١٩٥٦ز[4]،... هتد).کەواتە گۆڤارەکە گرنگی داوە بەشیعری شاعیرە ناودارەکانی کورد و شیعری شاعیرە نەناسراوەکان و شیعری شاعیرە تازە دەرکەوتووەکانی ئــەو سەردەمە، کە ناوبانگیان زۆر نەبوو، یان هەر ناوبانگیان نەبوو لەمەیدانی شیعـــــری کوردی دا.

بەشی زۆری شاعیرانی ئەو سەردەمە شیعریان لەو گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە، گۆڤارەکە لەهەولێر دەرچووە، بەڵام بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان شاعیرەکان، شیعرەکانیان بڵاوکراوەتەوە، لەم بارەیەوە گیوی موکریانی دەڵێ:((دڵنیابن کە هەر هەڵبەست و وتارێکی لەهەر شوێنێکەوە

---

١- هەوایی ١٨٦٤-١٩٢٢، کەریم شارەزا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی هەشتەم،ل٣٣٢٨.

٢ -شێخ ئەسعەدی نەقشبەندی ئەربیلی ١٨٤٨-١٩٣١،د.عەبدوڵا حەداد، ئینسکلۆپیدیای هەولێر،بەرگی دەیەم، ل٤٣٤٧.

٣ - شاعیری دەشتی هەولێر پاکی، پیرداود مەخموری، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی هەشتەم،ل٣٣٥٥.

٤ - ئەزموونی شیعری موکریان و شوێنی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا،د.عوسمان دەشتی،ل١٧٣.

پێمان بگات ئەگەر نرخێکی وێژەیی هەبێ  بۆ زمانی نەتەوەی کورد بەکەڵك بێ پەخش دەکرێت و ناخرێتە پشت گوێ))(ژ:٧٨، ل١). بۆیە دەبینین لەتەواوی کوردستانی باشوور و چەند شارێکی عێراق وەکو (بەغدا و بەسرە و موصل) هەروەها لەکوردستانی ڕۆژهەڵات و شاری (تاران)ی پایتەختی وڵاتی ئێران و شاری (ئەستەنبۆڵ)ی پایتەختی وڵاتی تورکیا، شاعیرانی کورد بەشیعرەکانیان بەشدارییان لەگۆڤاری هەتاودا کردووە. هەرچەندە گۆڤارەکە بۆ کوردستانی ڕۆژئاواش چووە، بەڵام هیچ شاعیرێکمان بەرچاو ناکەوێت شیعری لە گۆڤاری هەتاودا بڵاوکردبێتەوە. بەم شێوەیە سیاسەتی گۆڤارەکەمان بۆ دەردەکەوێ، ئەویش بریتی یە لەخزمەت کردنی زمان و ئەدەبی نەتەوەیەك، هەموو سەردەمێك مەترسی لەناوچوونی لەسەربووە، بەهۆی کۆبوونەوەی ئەم هەموو ناحەز و دوژمنەی لەدەوری.

گیوی موکریانی ئامۆژگاری شاعیرە تازە پێشگەیشتووەکان دەکات، کە شیعر لە گۆڤاری (هەتاو)دا بڵاودەکەنەوە، شیعرەکانی خۆیان نیشانی شاعیرە بەئەزموونەکان بدەن وسوود لە ئەزموونەکانی ئەوان وەربگرن، هەروەها دیوانە چاپکراوەکانیش بخوێننەوە تاکو هەڵبەستەکانیان ڕێك وپێکبن. لەم بارەیەوە لەوتارێك بەناوی(ئامۆژگـــاری بـــۆ بوێژە بەرزەکانی هەتـــاو) دەڵێ:((هەرکەسێکی کەبیەوێ هەڵبەستەکانی سوارو تەڕو پاراو و ئاودارو ڕێك و ڕەوان وە لە هەموو لایەنێکەوە پەسندبکرێت پێویستە جار جارە هەلبەستەکانی نیشانی بوێژێکی لەخۆی پێشکەوتوو تر بدات وە هەمیشە دیوانە کوردیە چاپکراوەکانیش بخوێنێتەوە)) (ژ:٨٤،ل١٢). پێشتریش گیوی موکریانی داوای لە شاعیرانی گۆڤاری هەتاو کردبوو، شیعری قانع و گۆران و نالی و هی تر بخوێننەوە، بۆ ئەوەی هەتاو بەسوپاسەوە شیعرەکانیان بڵاوبکاتەوە. (ژ:٥٤، ل٢١). ئەمەش بۆ ئەوەی شاعیرە تازەکان بتوانن سوود لە ئەزموونی ئەم شاعیرانە وەربگرن.

بەهۆی ئەوەی (گیوی موکریانی) خۆی کەسێکی نیشتمانپەروەر و دلسۆزی زمان و ئەدەبی کوردی بووە، لەزۆر شوێنی ناو گۆڤارەکە دەبینین داوا لەشاعیرەکان دەکات، نازناوێکی کوردی بۆخۆیان دابنێن. لە بانگەوازێك بەناوی (بوێژەکانمان و هەتـــاو) دەڵێ:((هەر بوێژێکی سەرناو (لەقەب)ێکی بەزمانی کوردی بۆ خۆی نەدۆزێتەوە لەمە بەولاوە نە لەباخچەی بوێژانەو نە لە وەڵامی مەتەڵەکاندا هەڵبەستی بۆ پەخش ناکرێت)) (ژ:٦٤، ل٢٧). لەدوای چەند ژمارەیەکی تری ئەم بانگەوازە (گیوی موکریانی)ئەم بابەتە دەبەستێتەوە بەلایەنی هەستی نەتەوایەتی و ئاماژە بەوە دەدات هەر شاعیرێك خۆی بەکورد بزانێ و خەمی نەتەوەکەی بێ و هەست بە بەشخورانی مافی نەتەوەکەی بکات، دەبێ نازناوێکی کوردی بۆ خۆی دابنێ، دیارە ئەم هەڵوێستەی (گیوی موکریانی) بەڕەگەزپەرستی دانانرێ. چونکە زمان و ئەدەبی کوردی ئامانجی

دوژمنانی کورد بووە، بۆ ئەوەی لەناوی ببەن، ئاشکرایە کوردیش بەهۆی زمان و ئەدەبەکەی وەکو نەتەوەیەکی زیندوو ماوەتەوە. دەڵێت:((بویژێکی خۆی بەکورد بزانیٚ و هەست بەبەشخوران ودواکەوتنی نەتەوەکەی بکات دەبیٚ ناوێکی کوردی لەوێژە {ادب}دا بۆخۆی بدۆزێتەوە))(ژ:٦٩، ل١٢).

لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەدەبی کوردی بەرەو نوێبوونەوە هەنگاوی نا، ئەمەش لەئەنجامی ئەو گۆڕانانەی بەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردی داهات لەلایەك و لەلایەکی تریش گەڕانەوەی هەندیٚ نووسەری کورد، کەلەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لەتورکیا دەژیان، لەویٚ کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تازەی تورکی، لەهەموویان زیاتر(پیرەمێرد) (١٨٦٧-١٩٥٠) کاریگەری ئەدەبیاتی نوێی تورکی کەوتبووە سەر، هەندیٚ شاعیری تریش لەناوەوەی کوردستان لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەدەبی تورکی و فارسیەوە ئاگاداری ئەدەبیاتی دراوسیٚ یەکان بوون و کەوتنە ژێر کاریگەرییان لەوانە:((ئەوڕەحمان بەگی بابان، شێخ نوری ١٨٩٦-١٩٥٨، گۆران ١٩٠٤-١٩٦٢، ڕەشید نەجیب)[1]. نوێبوونەوەکەش ڕوخسارو ناوەرۆکی شیعری کوردی گرتەوە، لەڕووی ڕوخسارەوە شاعیرانی کورد زیاتر ڕوویان لەبەکارهێنانی کێشی برگە(پەنجە) ی خۆماڵی کوردی کرد، کەکێشی ڕەسەنی کوردییە، شیعری سەرزاری فۆلکلۆری کوردی و شیعری زاراوەی گۆران (هەورامی)بەم کێشە نووسراون، لەڕووی سەرواشەوە زیاتر جووت سەریان بەکاردەهێنا، ئەم سەروایەش بە هەمان شێوە لەشیعری هەورامی و شیعری سەر زاری فۆلکلۆری کوردی بەکارهاتووە. لە ڕووی زمانیشەوە، زمانی شیعر لەشێوازێکی قورسەوە گۆڕا بۆ زمانێکی ئاسان و تا ڕادەیەك نزیك لەتێگەیشتنی زمانی ڕۆژانەی خەڵك، ئەمەش بە بەکارهێنانی وشەو زاراوەی کوردی پەتی و ڕەوان، کە خەڵکی ئاسایی لەزمانی ڕۆژانە بەکاریدەهێنێت، بۆ وەر گرتنی ئەم وشانەش گەڕانەوە بۆ زمانی فۆلکلۆری کوردی، ئەمەش لەلای(پیرەمێرد)بەڕوونی هەستی پێدەکریٚ و (پیرەمێرد) هەوڵیداوە زمانی کوردی بەباشی پاککاتەوەو لە وشەی بێگانە و بەرەو کوردی پەتی ببات بەرەو کوردی پەتی ببات، ئەمەش لەژێر کاریگەری هەستی نەتەوایەتیدا بووە.

ئاوڕدانەوە لەکێشە سیاسی و نەتەوەییەکاندا بەشێوەیەکی زەق هاتە گۆڕیٚ و کێشە کۆمەڵایەتیەکان لایەنێکی بەر فراوانیان لەشیعر گرتە خۆ هەروەها لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، شیعر زیاتر بەرەو ئەوە چوو کە بەشداری لە گرفتەکانی سەردەم بکات و ببێتە پەیامێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی. شاعیرانی سەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە، هەولیان داوە

---

١- ڕێبازە ئەدەبیەکان، د.هیمداد حوسێن، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٢٥.

بەشداری ئازار و ناخۆشییەکانی گەلەکەیان بکەن، ناوەڕۆکی شیعرەکانیان لەخزمەتی کێشەکانی ڕۆژانەی میللەت بووە، بەتایبەتی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا، ویستیان ئەوە بووە کە بەشێوەیەکی ئاسان دوور لەتەمومژ پەیامەکانی خۆیان بەخەڵك بگەیەنن، واتە شیعرەکان ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەوسای کوردستان بوون، بۆ هۆشیارکردنەوەی خەلك بوو لە هەموو ڕوویکەوە، بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەو گوزارشتکردن لەهەست و نەستی خۆیان شاعیرەکان زمانێکی سادە و کوردی پەتیان بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی ئەرکی سەر شانی شاعیر گەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزەیە کە دەبێ بیگەیەنێتە خەڵك و ئەو گەیاندنەش تەنها لەڕێگەی ئەو زمانەوە دەبێت کە خەڵکی لێی تێ بگەن[1]. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر لەگۆڤاری (هەتاو) ڕەنگی داوەتەوە.

لەلایەکی تر ئەو شاعیرانەی شعرییان لەناو گۆڤارەکەدا بلاوکردۆتەوە، زۆربەیان پەیوەندیی دۆستایەتیان لەگەل (گیوی موکریانی)دا هەبووە یان لەڕێگەی گۆڤارەکەوە ناسیویانە و بەرهەمیان بۆ ناردووە، ئەویش شارەزاییەکی زۆری لەزمانی کوردی دا هەبووە، بەبێ گومان ئەو شاعیرانەش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی(گیوی موکریانی)،لە مەبەست وپەیامی (گیوی موکریانی) گەیشتوون، کە مەبەستی ئەوە بووە زمانی کوردی بەرەو کوردییەکی ڕەسەن و پەتی ببات، ئەمەش لەشیعری شاعیرەکان ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایێت، وشەی بیانی بەهیچ جۆرێك بەکارنەهاتبێت، بەڵکو بەڕێژەیەکی کەم وشەی بیانی لە شیعرەکان دا دەبینرێت، بەواتایەکی تر لای هەندێك شاعیر وشەی بیانی بەکارهاتووە، بەڵام لەچاو سەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە وشەی بیانی کەم بەکارهاتووە. نموونەیەك لەو شیعرانەی لەگۆڤاری (هەتاو) بلاوکراوەتەوە، کەتەواوی وشەکانی کوردین، هی(کامەران موکری)یە، بەناوی (ڕازی دەروون) لەشێوەی تازە* لەبەشێکی دەڵێ:

(( لێوم لەگول ناسکترە شیرین تر لەهەڵاڵە لاجانگم نازەنین تر
چاوم وەك نێرگسی کەژاڵ نازدارە ڕومەتم وەك گوڵاڵەی ئاڵ ئاودارە
پەنجەم وەك چوزەرەی ڕێواسی سپیە جوانیم ساکار ئارایشم بۆ چیە
بەژنم ڕێکە وەکو سەرو هەلچووە پەری جوانی لەباوەشما نوستووە
چەناگەم گول دەسو مەچەکم باسك نەرموشلن، ڕێکن، نەرمین و ناسك
کچە کوردم پێ ی بەخشیم کوردستانم بەهرەی جوانی بۆیە وەك پەری جوانم))
(ژ:٩٧،ل١٢)

---

١-بنیاتی هونەری لەشیعری ئەحمەد موختار بەگی جاف دا، سعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٣.

* لە گۆڤارەکە بەم شێوەیە نوسراوە، مەبەستی ئەوەیە شیعرەکە بەشێوەیەکی نوێ نووسراوە.

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١١) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

شاعیران لەژێر کاریگەری هەلّ و مەرجی ئەو سەردەمەی گۆڤارەکە تیایدا دەردەچوو بۆ مەبەستی جیاواز و هەمەجۆر شیعریان لە گۆڤاری (هەتاو)دا بڵاوکردۆتەوە، بەرهەمەکان ئەنجامی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری سەردەمەکە بوون. لەگۆڤاری هەتاو ژمارەیەکی زۆر شیعری تێدا بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی ناوەڕۆکی شیعرەکان زۆر بابەت و مەبەستی جۆراوجۆر بوونەتە هەوێنی شیعرەکان وەکو بابەتی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، بۆنەکان، بارودۆخە سۆزداریەکان و ڕووداوە ناخۆش و خۆشەکان).

## تەوەری یەکەم/ شیعرەکانی گۆڤاری (هەتاو) بەپێی ناوەڕۆک

### شیعـــری سیاســی

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی و لەناوبردنی نازیەت و فاشیەت سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت بووەتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی خێراو بەربلاّو ئایدۆلۆژیای مارکسی لەناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی تەشەنە بکات و کاریگەریەکی زۆری کردۆتە سەر شاعیرانی ئەو سەردەمە.هەروەها ڕووخاندنی کۆماری کوردستان لەساڵی١٩٤٧ ودامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی(١٩٤٦)و ئەو بارودۆخەی پاش جەنگی دووەمی جیهانی هاتە کایەوە، وای کرد بیری نەتەوایەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان لەکوردستان گەشەبکات. سەبارەت بەبیری نەتەوەیی لەشیعری کوردی، مێژوویەکی کۆنی هەیە و سەرهەڵدانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە، کە(مەلای جزیری١٥٦٧-١٦٤٠ز)و(ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٧ز) هەستی نەتەوایەتی خۆیان لەشیعرەکانیان دەربڕیوە، دواتریش لەسەدەی نۆزدەهەم (سالم ١٨٠٠-١٨٦٦ز) بەزەقی لایەنی نەتەوایەتی باس کردووە، بەتایبەتی کە باس لەڕووخانی میرنشینی (بابان) دەکات. ئەوجا لەنیوەی سەدەی نۆزدەهەم حاجی قادری کۆیی بەشیعرە ئاگرینەکانی باسی نەتەوایەتی لەشیعردا دەوڵەمەند کرد، (حاجی قادر١٨١٦-١٨٩٧ز) زۆر وەستایانە پەیامەکەی (ئەحمەدی خانی١٩٥٠-١٧٠٧ز) تەواوکردووە و ئاسۆیەکی ڕوناکتری پێ بەخشی، لەدواییدا بووەتە مامۆستای قوتابخانەی شیعری نەتەواویەتی لەناو ئەدەبی کوردیدا[1].

لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەدوای دەرچوونی ڕۆژنامەی(کوردستان)، شیعری سیاسی لەڕێی ڕۆژنامەنووسی کوردی بەشێوەیەکی بەربلاّو گەشەی کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کورد تێیدا ژیاوە، چونکە میللەتی کورد لەڕووی سیاسییەوە بەمافە نەتەوەیەکانی خۆی نەگەیشتووە و بێ دەوڵەت بووەو، بۆیە شاعیری کورد بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لەم مەبەستەی شیعر کردووە، ڕۆژنامەو گۆڤاری کردووەتە سەکۆیەك بۆ دەربڕینی بیروباوەڕە سیاسیەکانی بەشیعر، ئەمەش زیاتر بۆ وشیارکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی تاکی کورد بووە.

سەبارەت بە گۆڤاری (هەتاو) کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بلاّوکراوەتەوە، هەرچەندە گۆڕنکارییەکی زۆر بەسەر بارودۆخی عێراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی داهات بوو، بەلاّم گۆڤارەکە لەسەرەتادا واتە پێش شۆڕشی چواردەی تەمموز تا ڕادەیەك خۆی پاراستووە لەوەی شیعری سیاسی بلاّوبکاتەوە،بۆ ئەم مەبەستە گۆڤارەکە لەنوسینێك ئاماژەی بەوەداوە چەندین شیعری شاعیرانی بلاّونەکردۆتەوە، کەشیعری سیاسیین ڕوونیشی کردۆتەوە

---

١- حاجی قادری کۆیی و شیعری نەتەوایەتی، کەریم شارەزا، گۆڤاری چیا، ژ(٢)، س١، ١٩٧١ ، ل٢٦.

ئیمتیازی گۆڤارەکە سیاسی نییە، بەڵام خاوەنی گۆڤارەکە لەترسی داخستن نەیویستووە شیعری سیاسی بلأوبکاتەوە. لەبەشێکی نووسینەکە دەڵێ:((گۆڤاری هەتاو هی خۆتانەو ڕێگەی خزمەتی زمان و مێژوو و ئەدەبیاتی گرتۆتە پێش ڕێگایەکی وای نیشان مەدەن زوو بکوژێتەوە....))(ژ:٨، ل٣).

لەشوێنێکی تر گۆڤارەکە دەڵێ:((هەتاو گۆڤارێکی وێژیی یە، ئەو هەموو ڕەنج و ئەرکەشی بۆیە پێوەدەکێشین کەتەنها لەشەقامی خزمەتی زمان و وێژەو مێژووی کوردی دا هەنگاو بەرەو پێشەوە باوێت لەوەش بەدەر ماوە و مەیدانی نی یە کەم و زۆر پشوو بدات لەو ڕووەوە تکایە هەر هەڵبەست و وتارێکی کەبۆ ئێمەی دەنێرن لەسنوری ناوبراو تێ نەپەڕێ، چونکە بە چاپنەکرانی ئێوە پێ ی سەخلەت دەبن کە چاپیش کرێ داب و دەزگای هەتاوی پێ تێك دەچێ ئەویش ڕەوانیە چونکە بەهەر لاکەلاك و سەرەلەقەیەکی بی مانی لەنەمانی باشترە)) (ژ:١٢٧، ل١٣).

لەڕاستی دا ئیمتیازی گۆڤارەکە وێژەیی بووە، بەڵام گۆڤارەکە لەترسی لێپێچینەوەو داخستن نەیویستوە بابەتی سیاسی بلأوبکاتەوە، سەرەنجامیش هەر بەهۆی بابەتێکی سیاسی گۆڤارەکە داخرا، کەپێشتر ئەم بابەتەمان باسکردووە، سەرباری ئەمەش پێش شۆڕشی چواردەی تەمموز لەسەرەتای دەرچوونی گۆڤارەکە، تا ڕادەیەك شیعری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بلأوکردۆتەوە، بەڵام لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمموز ساڵی (١٩٥٨) بەشێوەیەکی بەرفراوان شیعری سیاسی بلأوکردۆتەوە، کەئەم شۆڕشە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر بارودۆخی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هێنا.

هەرچەندە لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بەسەر زۆربەی شیعرەکانی گۆڤاری (هەتاو)دا زاڵە، بەڵام بەشێوەیەکی زەق (٣١٥) شیعر لەناو گۆڤاری (هەتاو) دەکەونە ناو مەبەستی شیعری سیاسی. ڕێژەی شیعری سیاسی لەهەموو مەبەستەکانی تر زیاترە، دیارە ئەمەش وەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە، پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەیە، کە میللەتی کورد تێیدا ژیاوە. ئەو بابەتانەی لەناو مەبەستی شیعری سیاسی باسکران لەوانە:نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی شاعیر بۆ نەتەوەکەی و ڕووداوەکانی شۆڕشی چواردەی تەمموز، برایەتی کوردو عەرەب، باسکردنی ئاشتی، گەڕانەوەی بارزانی لەدەرەوەی وڵات و باسکردن لەمێژووی کوردو یەکخستنی هەموو بەشەکانی کوردستان و دروست بوونی دەوڵەتی کورد و بابەتی تر.

(کامەران موکری ١٩٢٩-١٩٨٦)وەکو کەسێکی نیشتمان پەروەر، لەوکاتەی هاتۆتە دونیاوە بەشی میللەتەکەی کوشتن و لەسێدارەدان بووە، گوێی بەئاخ و هاواری میللەتەکەی

زرنگاوەتەوە،بۆیە پەیمان دەدات، تۆڵە بکاتەوە و مافی زەوتکراوی میللەتەکەی خۆی وەربگرێتەوە و لەو پێناوەشدا ئامادەیە گیانی خۆی قوربانی خۆڵ و خاکی وڵاتەکەی خۆی بکات، بێگومان ئەویش کوردستانە دەڵێ:

چاوم هەلهێنا دیم ئەم میللەتە   دیمەنی ژینی قەنارە و پەتە
گوێم بەدەنگی ئاخ زرنگایەوە   دەمم بەهاوار هەڵهێنایەوە
بۆیە هەر ئەبێ پشکۆی تۆڵەبم   قوربانی خاك و هی ئەم خۆڵەبم))
(ژ: ١٨٥، ل١٢).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) برگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

مەلا مەسعود(بێ بەش١٩٣٢-١٩٩٨)هەستی خۆی بەرامبەربە کوردبوونی خۆی وکوردستانەکەی خۆی دەردەبڕێ، بەهۆی خۆشەویستی بۆ کوردستان هەموو شەو مەستە و بۆیە هەقی خۆیەتی هیچ کات پشوو نەدات و تا ماوە لەپێناوی کورد و خاکی کوردستان خەبات بکات، دەڵێ:

((کوردم بە کوردی بووم و خولقاوم   لەخاکی کوردی دروستـــکراوم
یانی کوردستـــان نیشتمانـــمە   بۆی تێ ئەکۆشم تاوەکو مـــاوم
سەرم سەرسام و مەستی مەی ئەوم   تاکو بەیانی بۆیـــــە ناخـــەوم
عیشقی لە سینەم نەقشی بەستووە   هەقم بەدەستە ئەگەر نەســرەوم
لەمەولا ناکەم باسی بادەومەی   باسی دڵداری و سازو عودو نەی
باسی نیشتمان ڕێی نەجاتمـە   نایدەم بەڕوتبەو تەخت و تاجەکەی))
(ژ:١٨٨،ل١١).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) برگەی و، سەرواکەشی دووبەیتی یە.

(عەلی کەمال باپیر ئاغا ١٨٨٦-١٩٧٤)*یش چەند ساڵێك پێش ئەم شیعرەی مەلا مەسعود (بێ بەش) لە شیعرێك دا دووعا لەو دڵانە دەكات، کەهەموو کات لە بیر و فکری نیشتمان نەبێت و خۆشەویستی نیشتمان سەرخۆشی نەکرد بێ و دەمێکیش وەسفی نیشتمانی نەکردبێ و بە بەستەی خۆش و گفتی شیرین گەنجەکانی ئامادە نەکاو نەیان جولێنێ بۆ ئەوەی بتوانن نیشتمان لەدەست داگیرکەر ڕزگار بکەن. ئەم هەستەشی بەم شێوەیە دەربڕیوە:

دڵێك بۆ بەرزی وطن نەدا جۆش   هەمیشە نەکا فکر و بیر و هۆش
بەعشقی وطن ئەو نەبی سەرخۆش   دائم پڕ نەبی لەنەشئە و خروش
ئەو دلە یاخوا بەر خەنجەر کەوێ
بەر تیر و شمشێر بەر نەشتەر کەوێ

---

*لەگۆڤاری هەتاو (زاڵ) نازناوی ئەم شاعیرە بووە.

دەمیٚ لە مدحی وطن نەدا دەم        بەقسەی شیرین لاوان نەکا جەم

نەیان بزوێنیٚ گەر زۆر گەر کەم        تا وطن دەرکەن لەدەست نامحرم

ئەو دەمە یاخوا پڕ ژەهری ماربیٚ

لە زەقنەبووت و زقوم سەرشاربیٚ)) (ژ:٢١،ل٩٠).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەی جووت سەروایەو قالبەکەشی تەرکیب بەندە.

(حەمە ڕەحیم سەعید) لەشیعرێکدا باس لەوە دەکات، سەدەی بیستەم چەرخی نەمانی جەورو ستەمەو نەتەوەکان مافی خۆیان وەردەگرن، بەلاٚم بۆ کورد کفرە باس لەمافەکانی خۆی بکات، هەرچەندە قوربانیەکی زۆریشی لەم پێناوەدا داوە بۆ ئەوەی لەژێر دەستی و داگیرکاری ڕزگاری بێت. بۆ ئەم مەبەستە دەڵیٚ:

((ئیمڕۆ  کە کەوا چەرخی بیستەمە        چەرخی نەمانی جەورو ستەمە

چەرخی هاوبەشی خۆشی ژیانە        چەرخی مافدانی نەتەوەکانە

نەتەوەی کوردیش ساڵەهای ساڵە        ژێر چەپۆکەیەو ژیانی تاڵە

دەست و مەچەکی هەزاران ڕۆڵەی        شکاو داڕزا لەپێناوی تۆڵەی

بەسەدان پیاوی ئازاو مەزنـــی        پەتی سێدارە خرایە گەردەنی

ئێستا بۆ چ کفرە کەبکەین هاوار        کورد ڕزگار بی لەسەرتا بەخوار)) (ژ:١٧١،ل١٦).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(وریا قانع)یش لەشیعرێك بەناوی (نامەیەك بۆ کوردی زمان) ڕوو لەو کەسانە دەکات، کەلایان شەرم و لەنگیە خۆیان بەکورد دابنێن و لەڕێگەی باو وباپیرانیان لایان داوەو ئامادەنینە خزمـەتی میلەتەکەیان بکەن. دەڵیٚ:

((ئەی ڕۆڵەی کوردی خاك دابەشکراو        لەسوریەو تورك وئێران مافخوراو

عەیبە حاشاکەی بڵیٚ ی من کوردنیم        حاشابی لەکورد من ئەجنەبیم

چاوت بەخاکی کورد کراوەتە تــۆ        زووانت بەکورد دێتە گفتوگۆ

ناخۆشە ڕێگەی باووباپیرانت        فەرامۆش بکەی لابەی لەبیرت

دەسکە بەخزمەت بۆ هۆزو گەلت        تادێنێتە دەس ڕێکەوت و هەلت))

(ژ:١٦٢، ل١٣).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

لەلایەکی تر (وریا قانع) لەشیعرێکی تر بەناوی (تاکەی) بەهەڵوێست دەربڕین و ناڕەزایی ئاماژە بەوە دەدات تاکەی ولاٚتەکەی دابەشکرابیٚ و سنوریان بۆ دانابیٚ، لەبەرهەمی ولاٚتەکەی خۆی نەخوات و هەروەها نەوێریٚ ناوی (کوردستان)لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیش بنووسیٚ و

ناوهێنانی کوردستان ببێت بەتاوان، شاعیر ڕاست دەکات، تابەم دوایانەش لەکوردستانی باکور، ناوهێنانی کوردستان تاوان بوو. شاعیر لەبەشێکی دەڵێ:

((تاکەی وولاتم بەش بەش کرابێ — بە زۆر سنووری تیا دانرابێ
بۆ تأمین کردنی پێکی بێگانە — سوود و سامانم بە زۆر برابێ
تاکەی نەوێرم ناوی کوردستان — بنووسم لەسەر پەڕەی ڕۆژنامان
لە ترسی زۆردار گورگی ناو کۆمەڵ — نەوێرم بڵێم بژی کوردستان
تاکەی تاوان بی ناوی کورد هێنان — یا هەرکەس وتی بژی کوردستان
هەر ئەبێ جێگەی کونجی زیندان بی — یا بەراتی بی ئازارو لێدان))

(ژ:١٨٥، ل١٣).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی دوو بەیتی یە.

(بورهان قانع) یش وەکو هەر شاعیرێکی نیشتمانپەروەری کورد، داوای ئازادی پارچەکانی کوردستان دەکا، ئەگەر چی خاکی کوردستان سەرتاسەری بۆ ڕۆڵەی کورد وەکو بەندیخانەیە، بەڵام شاعیر هیوای بەسەربەستی و ئازادی کورد هەیە دەڵێ:

((زمانم کوردەو بەکوردی ئەژیم — لەکوردستانم
هیوام ئازادی و سەربەستی کوردە — هــیواو ژیانم
ئەگەر چی ئێستا خاکی کوردستان — ئەمسەرو ئەو سەر
بەندیخانەیە بۆ ڕۆڵەی کــــوردی — ئازادی پەروەر
بەڵام باوەڕو چاو و دڵ هەموو — چاوەڕوان ئەکا
داوای ئازادی هەر چوار پارچەکەی — کوردستان ئەکا)) (ژ:١٦١، ل١٦).

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی هەشتی مەحزوفە(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعی)سەرواکەشی جووت سەروایە وقالبەکەشی موستەزادە.

کەمال عەزیز(ک.بێزار) یش وەکو کوردێکی خاوەن هیوا بڕوای وایە، کاروانی خەباتی کورد بەئامانج دەگات و کوردیش وەکو میللەتانی تر ئاڵای خۆی لەڕێزی نەتەوەکانی تر هەڵ دەکات. دەڵێ:

((کوردێکم خاوەنی هیوا — بەهێز و پڕتین و بڕوا
هاتوومەتە ناو کاروان — کاروانی ڕێگەی نیشتمان
لەگەڵ دڵسۆزەکانی کورد — کەبۆ ئەم گەلە بونە پرد
کاروان ئەڕوا ڕێ ئەبڕێ — ئامانجی هەر وەرئەگرێ
هەڵ ئەکا ئاڵای نیشتمان — تا ئەگاتە ڕێزی گەلان)) (ژ:١٦٨، ل١٢).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٨) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

گۆڤاری (هەتاو) شیعرێکی بەناوی(سنووری کوردستان)* بڵاوکردۆتەوە، گوایە ئەم شیعرە، شیعرێکی بڵاونەکراوەی (حاجی قادری کۆیی١٨١٦-١٨٩٧)یە، ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، ئەم شیعرە لەناو دیوانەکەی چاپ نەکراوە. شاعیر وەکو کەسێکی نیشتمانپەروەر و خەمخۆری کورد ڕوو لەهەموو کوردێك دەکات و بۆیان ڕوون دەکاتەوە، سنووری جوگرافیای کوردستان چ شوێنێك دەگرێتەوە، لەڕاستی ئەم شیعرە بۆ سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری (هەتاو) گرنگ بووەو لە سەردەمی ئەمڕۆی میللەتی کوردیش زۆر بەبایەخ و گونجاوە، پێویستە هەموو تاکێکی کورد شارەزای سنوری کوردستان بێت. دەڵێ:

کوردە دەزانی لەکوێ ساکنە خزمانی تۆ
گوێ گرە باپێت بڵێم مسکەنی قەومانی تۆ
کێوی تۆرۆس و عمقی حەوزەکەی ئەسکەندەروون
غەربییە تابحری ڕەش سەرحەدی مەیدانی تۆ
بەحری ڕەش و ئەردەهان، ئاوی ئەراسە بزان
حەددی شیمالە ئەمە کۆزی** بێچوولانی تۆ
ئەلوەندو*** کێوی ڕۆمی تا سەری ئاوی ئەراس
****سەرحەدی ڕۆژهەڵاتە جۆگەوو کێوانی تۆ
ئەهوازو کێوی حەمرین ژەنگارو ڕێی نوسیبین
*****بۆ طرفِ جنوبە روضە ی رضوانی تۆ
داخلی ئەم سنوورە دوانزە وولایەت هەیە
دەڵێن دوازدە ملیۆنە نفوسی کوردانی تۆ
******حاجی درۆیە ئەصلا نفوسیان نەنووسراوە
دەگاتە بیست ملیۆن بنووسرێ خزمانی تۆ)) (ژ:٦٨،ل٩).

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزوفە(فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن)، سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

*ئەم شیعرە لە(دیوانی ئەسیری)، ئامادەکردن وپێشەکی د.کوردستان موکریانی، هەولێر، دەزگای ئاراس،٢٠٠٦، ل٧٤، وەکو شیعری ئەسیری(١٨٩٥-١٩٦٢ز) تۆمارکراوە.

**لەدیوانی ئەسیری بەم شێوەیە هاتووە((حددی شیمالە ئەمە بۆ کۆچ جەولانی تۆ)).

*** لەدیوانی ئەسیری بەم شێوەیە هاتووە(( ئەڵوەن و گۆڵی ورمێ تاسەری ئاوی ئاراس)).

**** لەدیوانی ئەسیری ((سنووری ڕۆژهەڵاتە جۆگەو کێوانی تۆ)).

***** لەدیوانی ئەسیری بەم شێوەیە هاتووە((سنوورە بۆ جنووبی باغچەو وباغانی تۆ)).

****** لەدیوانی ئەسیری بەم شێوەیە هاتووە((حاشا درۆیە وترا نفوسیان نەنووسرا)).

لەلایەکی تر بابەتێکی تر لەکۆنەوە سەرنجی شاعیرانی کوردی ڕاکێشاوە، ئەویش بێگانە پەرستی یە و کارکردنە بۆ بەرژەوەندیی بێگانە، کەسانێك دژی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆیان دەوەستن، بۆ سوودی دوژمنی میللەتەکەی خۆیان کاردەکەن.

لەگۆڤاری (هەتاو)دا، شیعری وامان بەرچاو دەکەوێ، کە شاعیرەکان ڕەخنە لەم جۆرە کەسانە دەگرن و ئەوەش دەخەنەڕوو، کە لەکۆتایی دا هیچیان بۆ نامێنێتەوە جگە لە شکست هێنان لەم بارەیەوە شاعیرێك بەناوی (شبراوێژی) شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی(بێگانە پەرستی). لەبەشێکی دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ((داخی هەندێ ڕۆڵەی کورد | دەبوو بۆ گەل ببنە پرد |
| کەچی بە پێچەوانە | بۆ غەیر بوونە پەروانە |
| لەخاك و گەلی نەفرەت | ئەکا ڕۆژێ سەد کەرەت |
| بەکوێربوونەوەی ناوی | بەنەمانی چەند لاوی |
| زۆر لای خۆشە ئەمانە | بۆ خزمەتی بێگانە |

لەکۆتایی دەڵێ:

| | |
|---|---|
| (( لەکوردیا وا باوە | پەندی کوردی تەواوە |
| گەر بێگانە پەرست بی | دوایی ئەبی نشست بی)) |

(ژ:١٧٦، ل١١).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٧) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەموز، سەردەمێکی تازەی لەگەڵ خۆی هێنایەکایەوە، کاریگەریی کردە سەر هەست و سۆزی شاعیرانی کورد، بارودۆخێکی نوێی سیاسی هاتە پێش، کە شاعیرانی کورد زۆر دڵخۆش بوون بەم بارودۆخە و هیوایەکی زۆریان لا دروست بوو بۆ ڕزگارکردنی میللەتەکەیان لەدەست زولم و زۆرداری، چوون بەرەو ئایندەیەکی باش و ڕوون بۆ گەلەکەیان، شاعیرانیش لەناو ئەم ژینگەیە دەژیان، بۆیە ئەم هەستەی خۆیان نەشاردۆتەوە. (مدحت بێ خەو) لەم بارەیەوە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ((مژدە ئەی گەل موژدەی شادی | موژدەی سەربەستی و ئازادی |
| موژدەی چینـــی هەژار | موژدەی تۆپینی ئیستعار |
| بەهۆی سوپا و قارەمانان | خێڵی زۆردار هاتە نەمان |
| قەلای ئەمپریالیزمی گەڕ | قەلای غەدر و کوشتن و شەڕ |
| بناغەی هەلتەکا و ڕما | سیخوڕ نۆکەر دووڕوو نەما |
| بژی جەمهوریەتی پیرۆز | لەژێر ئالای سوپای دڵسۆز |
| بژی کورد وعەرەب تاسەر | بەرەو بەرزی بەدوری شەڕ))(ژ:١٣٩، ل١٢) |

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٨) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(عەلی فەتاح دزەیی ١٩٢٨-١٩٩٢) یش لەشیعرێك دەڵێ:

((بەیانی زوو بوو....
بانگی ئەدا
شۆڕش
شۆڕش
دانیشتوانی بەغدا
هێرش
تەخت و تاج:بخەنە ژێر پێ مەلیکخانە: بابتەپێ.

لەکوردستانی خۆشەویست هەر کوردێکی ئەو بانگەی بیست
لەهەموو دڵێکی تەنگا ئەو بانگەی پڕ لە ئاهەنگا
چەشنی گرمەی هەوری بەهار دەنگی ئەدایەوە سەد جار
خائنان بخەنە ژێر پێ جمهوریەت بابچەسپێ )) (ژ:١٣٩،ل٨).

ئەم شیعرە، تێکەڵە لە پەخشان و شیعر(شیعری پەخشاندار)ە، شیعرەکە کێشەکەی (٨)بڕگەی و، سەروای جووت سەروایە.

(ئەحمد شوکری ١٩١٠-١٩٨٩)[1]یش لەشیعرێك خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێ و پاش سوپاسکردنی یەزدان ئاماژە بەوە دەکات، ڕۆژە ناخۆشەکان ڕۆیشتن کە عێراق وەکو بەندیخانە وابوو بۆ خەڵك، ئیتر خەڵك لەمەولا بەئازادی و سەربەستی دەژین. لە بەشێکی دەڵێ:

((شوکری یەزدان ئاوات هاتەدی هەڵکرا ئالای بەرزی جمهوری
عێراق بۆ ئێمە بەندیخانە بوو لەمەو پێش دیلی دەس بێگانەبوو
ئەنجا موژدەبێ کەسستی و پەستی بەسەرچوو نەمابوو بەسەربەستی
ڕووی کردە ولات خۆشی و ئازادی لەمەولا ئەژین گشت لا بەئازادی))

(ژ:١٣٨، ل١٠).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

بابەتێکی تر لەم چوارچێوەیەدا زۆر گرنگی پێدراوە، ئەویش بابەتی (ئاشتی)یە، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بزووتنەوەی ئاشتیخوازان لەجیهان سەری هەڵدا، کەبەرقەرارکردنی ئاشتیان بەخەباتێکی سەردەمیانە زانیوە،کەخزمەت بەگەلان دەکات وڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. گەلی کوردیش لەگەڵ هەموو ئاشتیخوازانی جیهان هاوهەڵوێست بووەو ڕۆڵی گرنگی بینیوەو چالاکی بەرچاوی نواندووە، لەپێناو سەرخستنی بنەماکانی ئاشتی لەجیهان و عێراق و

---

١ -بیرەوەریەکانی ژیانم، مستەفا نەریمان، دار الحریة للطباعة،بغداد،١٩٩٤،ل١١١.

کوردستاندا[1]. شاعیرانی کوردیش بەشیعر ئاماژەیان بۆ ئەم باسە کردووە، دووبارە ئەم باسە هاتە گۆڕێ لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز، لەگۆڤاری (هەتاو)یش چ بەنووسینی وتارو بەباسکردنی چالاکیەکانیان بەنوسینی شیعر لەلایەن شاعیرانەوە ئاوڕ لەم بابەتە دراوەتەوە. شاعیرێك بەناوی (ر.م. زەنگی) لەم بارەیەوە دەڵێ:

((کۆتری ئاشتی بدە لەشەقەی باڵ یاریدەدەری تان گەورە و منالْ
پەرە ئەسێنێ ئاشتی ساڵ بەساڵ نۆکەرانی شەڕ بابکەن خەیالْ
سەرنگون ئەکرێ دەزگای شەڕکەران نامێنێ لەلات ترسی ڕاوکەران
ئەوسا کە ئاشتی جێ ی گرت لەجیهان ئەتۆش بەشادی بفڕە بۆ ئاسمان
لەم دێ بۆ ئەو دێ لەم شار بۆئەو شار بۆخۆت بگەڕێ بێ ترس و ئازار))

(ژ: ١٥٤،ل١٤).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) برگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(ئەحمە شوکری)یش لەشیعرێك بەناوی (کوردێکی ئاشتی خوازم) لەئاشتی دەدوێ و لەبەشێکی دەڵێ:

((ئاشتیخوازان جهان ئاوا ئەڵێن شەڕکەرو شەڕ هەڵگرین سەرناکەوێ
ئەو کەسانەی شەڕ فرۆشن بێ سەبەب پاشەڕۆژێ هەر ئەبێ خۆی بن کەوێ
تێکۆشن خزمەتی گەل کەن هەموو پیشەو زانین و لەش ساغیت بوێ
نەك چەکی شەڕ ڕوو بە ڕوویی یەك هەڵگرن نێرو مێ گیانی لەترسا نەسرەوێ))

(ژ:١٧٥، ل١٠).

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەلی شەشی مەحزووفە(فاعلن فاعلاتن فاعلاتن)، سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی و پەیدابوون و گەشەکردنی چەندین جۆری ئایدۆلۆژی لە ناو کوردستان و بلاْوبوونەوەی ئەم بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیانە لەناو چین و توێژی ڕۆشنبیرو نووسەران و شاعیرانی کورد، ئەمە وایکرد، جۆرێك لە ململانێ لەنێو ئەم چین و توێژەدا دروست ببێت، گەیشتووە بەو ئاستەی ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان لەم بارەیەوە شاعیری کورد (رمزی معروف ١٩٠٢-١٩٧٦) لە شیعرێك بەناوی (تاکەی ناکۆکی) ئەم باسەی خستۆتە ڕوو و دەڵێ:

((ئەگەر لوڕیین و گەر فەیلی وەگەر لەك هەموو وەك یەك لەیەك تیرەو تەبارین
هەموو دووچاری یەك دەردو یەك ئازار هەموو بێ زاری یەك خەم یەك جەخارین
بریندارێ دەمی تیغی سیاسی گرفتاری دەسی سەد حیلەکارین

---

١-ڕۆلی کورد لەبزووتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراقدا ١٩٥٠-١٩٦٣،ل٩.

ئەگەر بیخەیتە بەرچاوی حەقبین		ئەزانی گشت کە وەك یەك دەردەدارین
هەموو لا گەر یەمین و گەر یەسارین		لەکن بێگانە هەروەك یەك دیارین))
(ژ:١٨٤، ل١٤).

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی شەشی مەحزووفە(مفاعلن مفاعیلن فعولن)، سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بەهەزاران خەباتگێڕی کورد لەم پێناوەدا گیانی خۆیان فیدا کردووەو چوونەتە ڕیزی شەهیدان، زۆر لەشاعیرانی کوردیش یادی ئەو شەهیدانەیان کردۆتەوەو بەبیری ڕۆڵەکانـــــی کوردیان هێناوەتەوە، کە کەسانێك گیانی خۆیان بەخشیوە لە پێناوی خاکی کوردستان.

مەنگوڕ*(میرزا محمد امین) لەشیعرێك بەناوی (بیرەوەری شەهیدانی کورد) پاش ئەوەی یادی چەندین شەهیدی کوردی وەك(شێخ سەلامی بارزان، شێخ سەعیدی پیران، قازی مەحەمەد، سەدری قازی، عزەت عبدالعزیز، مصطفی خۆشناو، مەحەمەد قودسی، خیرالله عبدالكریم) دەکاتەوە. لە کۆتایی دا دەڵێ:

((ئەی ئەوانەی وا لەرێ ی ئازادی کوردو کورد زمان
خوێنی خۆتان کرد بەنەخشی داروبەردی نیشتمان
موژدەتان لێ بێ هەتا دووا ڕەوڕەوەی مێژووی جیهان
گەل بە ئێوەی بەخشی روتبەو ناوی بەرزی قارەمان
کـورد قەرزاری هونەرتانە بەگـــــەورەو بچوکیـــــەوە
هەر لە ئارارات و کرماشان هەتا کەرکووکیەوە)) (ژ:١٨١،ل١١).

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەڵی هەشتی مەحزووفە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، قاڵبەکەی تەرکیب بەندە.

---

*لەگۆڤاری هەتاودا دوو شاعیر بەنازناوی مەنگوڕ شعریان بڵاوکردۆتەوە یەکێکیان (میرزامحمد ئەمین١٩١٠-١٩٨٨). قامووسی ناوە نەمرەکانی کوردستان،ل٣٣٢. ئەویتریشیان(محمدحسن مەنگوڕی١٩٣٩-...) یەکێکە لەو ئەدیبانەی کەدەورێکی گرنگی گێڕاوە لەبواری ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر. ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی هەشتەم ،ل٣٤٩٢.

# شیعـــری بـــۆنــــــــــــه

بەو پێیەی شاعیری کورد وەکو تاکێك لەناو کۆمەڵەکەی خۆی ژیاوە، هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی هاتبێتە پێشەوە، کاریگەریی لەسەر شاعیرەکان کردووە . شاعیرانی کورد بەشداریان لە هەموو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانی و ڕۆشنبیرییەکان کردووە، بە شیعر ئەو هەستەی لە ناخیان دا بووە دەریان بڕیوە. لە گۆڤاری هەتاو (١٩٥) پارچە شیعری بۆنە لەم بارەیەوە بەرچاو دەکەوێ. کە لەلایەن شاعیرانەوە نووسراون، لەم ڕووەوە گۆڤاری (هەتاو) بووەتە سەکۆیەك بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرانە، بە تایبەتی ئەو شیعرانەی بۆ بۆنەی نەورۆز وتراون، کە ئەمەش بە کاریگەری (گیوی موکریانی) خۆی بووە، کە داوای کردووە شیعر بۆ ئەو بۆنەیە بنووسن. لەم بارەیەوە گیوی موکریانی دەڵێت:(( هەر کامێك لەبوێژەکانمان لەمڕۆوە تا دە ڕۆژی تر بەهەڵبەست هەستی خۆیان لەبارەی نەورۆزدا دەرنەبڕن و بەهاوارمانەوە نەگەن و هاودەنگمان نەکەن و ئێمەش ئەوان بەبێ هەست و بێگانەپەرست دەزانین))(ژ:٩٠،ل دیوی دووەمی بەرگی یەکەم)، لەشوێنێکی تر دەڵێ:((تکامان لە هەموو بوێژە تازەو کۆنەکانی کوردستان ئەوەیە کەهەر یەکەی پارچە هەڵبەستێکی کە شایەنی ئەو جێژنەی کەهەزاران ساڵە نەتەوەی کورد بەسەرو ماڵی خۆی پاراستوویەتی بهۆننەوەو بی نێرن، باخچەی بوێژان (٣) ژماران لەمانگی نەورۆزدا بۆ ئەم جەژنە پڕ شکۆیە تەرخان دەکات)) (ژ:٨٧،ل٢٨).

بۆیە دەبینین شیعرێکی زۆر بەبۆنەی نەورۆزەوە لە گۆڤاری هەتاو بڵاوکراوەتەوە. کەتێکڕای(٩٥) شیعرە. نەورۆز وەکو جەژنێکی نەتەوەیی کورد، یەکێکە لە گەورەترین بۆنەکانی گەلی کورد، بۆتە سیمای تێکۆشانی نەتەوەیی کورد لە کۆنەوە. بە ڕۆژی ڕزگاربوونی کورد لە دەست زوڵم و زۆرداری دادەنرێ . یەکەمین ڕۆژی نەورۆز بەسەری ساڵی نوێی کوردی دادەنرێ، هەردەم دوژمنانی کورد هەوڵیان داوە ئەم بۆنەیە لە کورد قەدەغە بکەن، بەڵام ئەم بۆنەیە لە هەست و نەستی خەڵکی کورد بە گشتی و شاعیران بە تایبەتی چەقیوە .

بە بۆنەی نەورۆز (پیربال محمود ١٩٣٤-٢٠٠٤) لە شیعرێکدا وەسفێکی جوانی ڕۆژی نەورۆز دەکات، کە ئاوێتەیە لەگەڵ هەستی کوردایەتی، کە سروشتی کوردستان لەم ڕۆژەدا، بەم دیمەنە جوان و دڵڕفێنەی هەستی هەموو مرۆڤێك دەبزوێنێ، شاعیریش وەکو کەسێکی هەست ناسك و دەروون پڕ لە کوردایەتی و لەسەر ئاوازێکی دڵبزوێن، تابلۆیەکی ڕەنگینی بە وشەی پەتی و ڕەوانی کوردی نەخشاندووە و لەبەشێکی دەڵێ:

(( هەڵسە نەورۆزە بچین بۆ سەیران — بۆ بەزم وخۆشی لە باخی گوڵاَن
ڕۆژی خوێناوی لەناو ئاسمان — سحر ئەبەخشێتە رووی مەتی گولان
بولبول بە ئاواز لەسەر هەر کێوان — سەمایە دەکا بۆ قەومی کوردان
هەڵسە ببینە لەسەر هەر گردان — بولبول ماچ دەکا لێوی گولاڵاَن
ئیمڕۆ (نەورۆزە) هەموو کوردستان — وەك بەهەشتێکە ئەی پەری جوان ))
(ژ:٢٢،ل٩)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(دڵزار) یش لەشیعرێکدا، موژدەی هاتنی نەورۆز بە میللەتی کورد دەدات ، لە هەمان کاتیش دا میللەت دڵنیا دەکاتەوە، کە ترسیان نەبێت، کە نزیکە ئاسۆی ڕۆژی سەربەستی و بەختیاری هەڵبێ. لەبەشێکی دەڵێ :

(( مژدەبی میللەت کە ئەمڕۆ جەژنەکەی نەورۆزتە
کاتی خۆشبەختی و سرور و ساتەکەی پیرۆزتە
وەختی شادی و غەش لە دڵ دەرکردنی گشت هۆزتە
موژدە ئەی کورد کە نەورۆز پێشڕەوی سەربەستیە
موژدە هێنی ڕۆژی ئازادی لە دیلی و پەستیە
قەومی کورد ترست نەبی هەرگیز بە قەد نووکی زەلێ
جەژنی نەورۆزیش وەکو (دڵزار) بە ئاشکرایی دەڵێ
قەومی کورد زۆری نەماوە ڕۆژی بەختیاری هەڵێ )) (ژ:٩٤،ل١٣).

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووفە (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، قالبەکەی تەرجیع بەندە.

بەبۆنەی بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە، کە ئاسۆیەکی نوێی بۆ گەلانی عێراق و بە تایبەتی گەلی کورد دەرکەوت، بەو ئومێدەی ئەم شۆڕشە ببێتە هۆی نەمانی زوڵم و ستەم لەسەر میللەتی کورد، ئەم شۆڕشەش بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆژگار و سەردەمێکی نوێ لە عێراق و کوردستان بێتە کایەوە و شاعیرانی کورد خۆشحاڵیی خۆیان بەم بۆنەیەوە دەربڕیوە. لەگۆڤاری (هەتاو) (٥٥) شیعر بەم بۆنەیەوە بڵاوکراوەتەوە.

شاعیری ناسراوی میللی کورد (قانع) بەم بۆنەیەوە نامەیەك بۆ گۆڤاری هەتاو دەنێرێت، نامەکە بە شیعر نووسراوە، کە باس لە ڕۆژگاریی (شارەزوور) دەکات، لەو ڕۆژەی شۆڕش سەری

هەڵداوە و سەردەمی پاشایەتی کۆتایی پێهاتووە ، لە هەموو لایەکەوە جەژنە و خۆشی و گۆرانی گوتنە و ناخۆشی نەماوە. شاعیر دەڵێ:

| | |
|---|---|
| (( هەتاو دەمێکە لە تۆوە دوورم | سەد خۆزگەت بە خۆم لە شارەزوورم |
| لە چواردەی تەمووز هەتاکو ئەمڕۆ | هەموو سارێژ بوون زامانی پرسۆ |
| هەتاو شارەزوور سەیری تەواوە | جەژنی میللەتە و شیوەن نەماوە |
| قاقای پێکەنین دەنگی گۆرانی | چەپلە رێزانە شەو تا بەیانی )) |

(ژ:١٤٤،ل١١).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

هەر بەم بۆنەیەوە لەشیعرێك(عوسمان شارباژێری) خۆشحاڵی دەردەبڕی، کە ئاسۆی ڕۆژێکی نوێ دەرکەوتووە، ئیتر میللەت ڕزگاری بوو لە پیاوکوژ و بەرتیل خۆر و دز و ناپاك، دیارە بەشی زۆر ئەوانەی لە وڵاتی عێراق لەسەردەمی پاشایەتی و دوای سەردەمی پاشایەتی حوکمی عێراقیان کردووە، خاوەن ئەم سیفەتانە بووینە. لەبەشێکی دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ((موژدەبێ ئەی گەل موژدەبێ ئەی گەل | وا ڕۆژی نوێمان هەڵات لەسەر کەل |
| سەر پاك رزگار بوین لە شەوی تار | لە دەست زۆردارو کلکی ئیستعمار |
| لە دەست بەرتیل و بڕین و کوشتن | لە دەست جەردەیی و زوڵم و خوێن ڕشتن |
| لە دەست ناپاك و دڵ پیس و جاسووس | لە دەست مرۆڤی بەدخوو بێ نامووس)) |

(ژ:١٤١،ل١١)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز پاش دورکەوتنەوەیەکی زۆر لە کوردستان کە نزیکەی (١٢) ساڵ بوو، سەرکردەی کورد (مەلا مستەفای بارزانی) لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە خاکی کوردستان، ئەم ڕووداوەش کاریگەریی لەسەر تەواوی خەڵکی کوردستان هەبوو بە تایبەتی هەست و سۆزی شاعیرەکانمان، بەم بۆنەیەوە شاعیرەکان خۆشی هەست و نەستی خۆیان بە شیعر دەربڕی و خەڵکیش بە شێوەیەکی گشتی بە ئاهەنگ گێڕان. لەم بارەیەوە (عوسمان هەمەوەند) دەڵێ :

| | |
|---|---|
| (( هاتەوە نێو کوردستان | سەروەری خاکی بارزان |
| وەتەن کەوتە ئازادی | بوو بە ئاهەنگ و سەیران |
| جیهانم وا ڕازاوە | دەرگای خۆشی کراوە |
| مژدەبی لێت کوردستان | گەڕایەوە ڕۆڵەی بارزان |
| بارزان خاکت زۆر جوانە | مستەفات لێ میوانە ))(ژ:١٤٢،ل١٠) |

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٧) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

دوای ئەوەی سەرکردەی شۆڕشی چواردەی تەمووز و سەرۆك کۆماری عێراق(عبدالکریم قاسم) لەئەنجامی هەوڵێکی کوشتندا بریندار دەبێت و ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت و دواتر لەنەخۆشخانە دێتە دەرەوە، بەو بۆنەیەوە هەندێك لەشاعیرانی کورد هەستی خۆشی خۆیان دەربڕیوە، لەم بارەوە لەگۆڤاری هەتاو چەند شیعریکمان بەرچاو دەکەوێت. لەوانە ئاری (سامی عبدولقادر ڕەواندزی)دەڵێ:

((ئەمرۆ جەژنی گەلمانە　　ڕۆژی شادی و ڕەندانە
سەرۆکی خۆشەویستن　　دەرهات لەتیمارخانە
عەبدولکەریمی نەبەز　　هەردەم بێ ترس و بێ لەرز
خەباتی کردووە و دەیکا　　لەپێناوی ژیانی بەرز)) (ژ:١٦٧،ل٩).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٧) بڕگەی و، سەرواکەشی دوو بەیتی یە.

پاش ئەوەی(عبدالکریم قاسم) لە٦ی شوباتی١٩٦٠ بڕیاریدا مۆڵەت بداتە پارتە سیاسییەکان، ئەوەبوو پارتی دیموکراتی کوردستان لە٩ی شوباتی ١٩٦٠ بەفەرمی مۆڵەتی کارکردنی وەرگرت، ئیتر بەم بۆنەیەوە خەڵکی کوردستان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوەو هەندێك لەشاعیرانی کوردیش بەشیعر هەستی خۆیان دەربڕیوە، لەگۆڤاری هەتاو بۆ ئەم مەبەستە چەند شیعرێکمان بەرچاو دەکەوێ، لەوانە (بێکەس موکری ١٩٢٦-.......)[1] دەڵێ:

((پێش نیوەڕۆ بوو کاتی چێشتانێ　　دەپێشکەوتن دا دیتم بەیانێ
بەیان چ بەیان موژدەیەکی چۆن　　گەشی کردەوە روحی بیست ملیۆن
ڕۆڵەی ئازادی میللەتی عێراق　　کاك کەریم قاسم مەشهوری ئافاق
دەو بەیانەدا وەهای فەرمووە　　کوردیش بەشدارەو وانەمردووە
دەبێ بەشداربی لەو خاکە　　قەومێکی ڕاست و گەلێك دڵپاکە
وئازادم کرد بزانێ جیهان　　پارتی دیموکرات لەناو کوردستان))
(ژ:١٧٢،ل١٠)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

بەبۆنەی ڕۆژی جەژنی کرێکاران (١)ی ئایار چەند شیعرێکمان لەگۆڤاری هەتاو بەرچاودەکەوێ، لەوانە (تاهیر بێکەس)* بەم بۆنەیەوە ڕوو لەکرێکاران دەکات و دەڵێت:

((بەسیە ئیتر شین و گریان دڵنیابەو پێکەنە
کۆتی سەختت واشکاوەبەرگی شینت داکەنە
جەژنی تۆ دوو جەژنە ئەمڕۆ جەژنی ئەیارو بەهار

---

١ -کەشکۆڵی گیو،گیوی موکریانی،ل١١٧.

*برای (فایەق بیکەس)ی شاعیرە.

کاتی شادی و ڕاپەڕینە بێرە بەر مەیدانی کار

ئەمڕۆ ڕۆژێکە ئەبێ گشت دەست دەست لەنێو دەست کەن هەموو

تا نەمێنێ دوو دڵی و ناحەزی ڕۆژانی زوو)) (ژ:١٥٧،ل١١).

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەڵی هەشتی مەحزووفە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، سەرواکەشی جووت سەروایە.

بەبۆنەی جەژنی قوربانیش چەند شیعرێکمان بەرچاو دەکەوێ، لەوانە(ئەحمەد داود کوردی) پیرۆزبایی لەخەڵکی کوردستان دەکات و بەتایبەتی لەبارزانی و هەروەها بەڵێن بەقازی محەمەد دەدات، کە تۆڵەی گیانی بکرێتەوە دەڵێ:

((بەبۆنەیی جەژنی قوربان جەژنە پیرۆزە بۆ کوردان

جەژنت پیرۆز بی کوردستان ئەی خاوەن گەرمێن و کوێستان

لەخاوەن شۆڕشی بارزان لەپاڵەوانی کوردستان

یادت دەکەین کاکە قازی بۆ تۆڵەت دەکەین گیان بازی ))(ژ:١٧٩،ل١٥)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٨)بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە

لەسایەی ئەو دەورەی گۆڤاری (هەتاو) لە سەردەمی خۆی هەیبووە، ئەمە وای کردووە، کە هەندێك لە شاعیران بەبۆنەیساڵیادی گۆڤاری (هەتاو) هەستی خۆیان دەربڕن، لەم ڕووەوە چەند شیعرێکمانە لە گۆڤاری (هەتاو) بەرچاو دەکەوێ. لەوانە(محمود خاکی)بەبۆنەی گۆڤاری (هەتاو)پێی ناوەتە ساڵی حەوتەمەوە.دەڵێ:

(( جەژنت پیرۆزبی گۆڤاری هەتاو

هەم لە خاوەنت هەزاران سلاّو

هەر بەردەوام بی پلەی ژیانت

لە بۆ خزمەتی گەلی کوردانت

سلاّو لە خۆت و لە کوردستانت

جەژنیان پیرۆزبی هەم نووسەرانت

هەتاو تۆ نەبی زەبونە ژیانم

روناك کەرەوەی ناو کوردستانم )) (ژ:١٨٠،ل١٢).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

بەلاّم بەداخەوە گۆڤارەکە ساڵی حەوتەمی تەواو نەکرد ، هەروەکو پێشتر باسمان کرد بە هۆکاری سیاسی گۆڤارەکە ڕاگیرا .

# شيعـــــرى كۆمــەلآيــەتـــــى

ئەم مەبەستە شيعريە لەڕووى كۆمەلآيەتييەوە دەربڕى واقيعى كۆمەڵگەيە، زادەى ڕووداوەكانى ئەو سەردەمە بووە، كەباس لەدەردە كۆمەلآيەتى يەكانى وەك هەژارى و نەخوێندەوارى و نەخۆشى و جياوازى چينايەتى و پێشێل كردنى ماف ئافرەت و چەندين دياردەى دواكەوتوويى تر دەكات، واتا شاعير هەست بەكێشە و گرفتەكانى كۆمەلەكەى خۆى دەكات و تێكەڵ بەئازار و ئێشى بارودۆخى كۆمەڵەكەى خۆى دەبێت و لەكۆتايدا شاعير بەشێوەيەكى هونەرى ئەم ئازار و ناخۆشييەى كۆمەلەكەى دەكات بەپارچە شيعرێك و بەم هۆيەوە گيروگرفتى كۆمەڵەكەى دەردەخا و چارەسەريشى بۆ دەدۆزێتەوە.[١]

شاعيرانى كورديش بەبەردەوام ڕەخنەيان لەگەلێ دياردەى دواكەوتوويى كۆمەڵەكەى خۆيان گرتووە وئاوڕيان لەگەلێ دياردەى دواكەوتووى وەك نەخوێندەوارى و نەخۆشى و هەژارى و هەڵس و كەوتى كۆمەلآيەتى بێ سوودى وەك يارى قومار و مەى خواردنەوە و دزى و بەرتيل دان داوەتەوە. لەلايەكى تر شاعيرانى كورد بەگوێرەى جۆرى ئايدۆلۆژياى خۆيان مامەڵەيان لەئەم دياردانەى كۆمەڵگە كردووە. گۆڤارى هەتاو(١٥٣)پارچە شيعرى دەربارەى ئەم مەبەست و ناوەرۆكە شيعريە بلآوكردۆتەوە، گۆڤارەكە ڕاستگۆيانە لەڕێى شاعيرەكانەوە بارودۆخى نالەبارى كۆمەلآيەتى ئەو سەردەم دەخاتەڕو و پەردە لەسەر لايەنە دزێ و ناشرينەكانى كۆمەڵگە هەڵدەداتەوە، ديمەنى ژيانى دواكەوتوويى كۆمەڵگەى كوردى نيشان دەدات. كەواتە شيعرەكانى گۆڤارەكە لەم ڕووەوە ڕەنگدانەوەى ئێش و ئازارەكانى كۆمەڵگەى كوردييە، كە بەهۆى دياردە دواكەوتووەكان پێيەوە دەناڵێنێ. ئەم شيعرانە وەكو پەيامێك وابوون بۆ هۆشياركردنەوەى خەڵك، ئەم هۆشياركردنەوەيەش كۆمەڵێك لايەن دەگرێتەوە.

يەكێك لەو لايەنانە كێشەى نەخوێندەوارى بوو، شاعيرانى كورد بەچاكى دركيان بەوە كردبوو، يەكێ لەو هۆكارانەى بووەتە هۆى دواكەوتنى كورد لەكاروانى زانست و ڕۆشنبيرى لەپاڵ هەموو دەردەكانى ترى كۆمەلآيەتى بابەتى نەخوێندەوارى يە، بۆيە بەبەردەوامى شاعيرانى كورد داوايان لەميللەتى كورد كردووە، ڕوو لە خوێندن بكەن، چونكە (خوێندن) لەهەموو سەردەمێكدا سەرچاوەى سەرەكى پێشكەوتنى ميللەتە، يەكێكە لە گرنگترين هۆكارەكانى دەتوانێ كۆمەڵگە ڕزگار بكات لە دواكەوتوويى، ئەمەش بووەتە هۆى ئەوەى شاعيرانى كورد هەر لەسەرەتاى

---

١ – النقد العربي الحديث في العراق، عباس توفيق، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٨، ص١٧٠.

سەدەی بیستەمەوە بەبەردەوامی ئەم بابەتە زۆر بەزەقی بورووژێنن. لەم بارەیەوە مەلا فەیزاللە (ئاوارە) لەشاری (سەقز)ی کوردستانی ڕۆژهەلآت، لە شیعرێك دا دەڵێ:

((برا شیرینەکەم گەر ئەهلی هۆشی لەخوێندن تاکو ماوی تێ دەکۆشی
ژیانی ئێوە محتاجە بەزانین هەتاکەی جاهل و ژێرباری خەلکین
یەکی نەیبی لەدونیا علم و عرفان دەبی ناوی نەبەی هەرگیز بە انسان
وەرە تێکۆشە ئەی ڕۆحی ڕەوانم ئەتۆی ئومێدو نوری چاوەکانم
ئیتر غافل مەبە هەرگیز لەزانین جهالت دوژمنی دونیایە هەم دیین))

(ژ:١٠١،ل١١).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١١) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

دیارە مەبەستی شاعیر زۆر ڕوونە، شیعرەکەی بەزمانێکی سادەی میللی دەربڕیوە، کە ئەم جۆرە دەربڕینە بەو زمانە میللی یە لەم سەردەمەدا زۆر باو بووە، هەر چەندە وشەی (عەرەب)یشی زۆر بەکارهێناوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری شاعیرەکە.

بابەتێکی تری ناو کۆمەڵگە شاعیرەکانی ناو گۆڤاری هەتاو باسیان لێوە کردووە، ئەویش مەسەلەی بەزۆر بەشوودانی کچ و وەرگرتنی شیربایی و نەبوونی ئازادی ئافرەت لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی خۆی، بەشێوەیەك کەخۆی بیەوێت، یان دانی کچێك بەکەسێك لەبەرامبەردانی پارەو پول بەدایك و باوکی کچە، ئەم دەردە کۆمەڵآیەتیەش لەشیعری نوێ ی کوردی بەشێوەیەکی بەرفراوان شاعیران باسیان لێوەکردووە.

شاعیرێك بەناوی محەمەد ڕەئووف (م. سادە) لەشاری (سلێمانی) بەزمانێکی میللی و سادە وکوردیەکی پەتی ئەم بابەتەی بەشیعرێك باس کردووە و ڕەخنەیەکی توند لەودایك وباوکانە دەگرێت، کەئامادەن لەبەرامبەر پارە و پول دا کچەکانی خۆیان بفرۆشن. لەبەشێکی دەڵێ:

(( ئەو دایك و باوکەی کەوا دلڕەقە کەوا بۆ پارە کاریان شەقە
هەمیشە چاویان لەپارەدارە کەوا کچیان لێ بکەن مارە
لەوشەی کیژیان هیچ گوێ ناگرن هەر تەنیا پارە بۆ پارە ئەمرن
هەر کەس خاوەنی پارە و تەلارە بەبێ چەنو چۆن کچ ئەکا مارە
ئیتر باکیژیش وەکوو مارنگاز تەپوتل بکا بەدلی ناسان))(ژ:٩٧،ل١١).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

یەکێکی تر لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی لەو سەردەمەی کە گۆڤاری هەتاوی تیادا بڵاوکراوەتەوە، تا ئەمڕۆشی لەگەڵ دابی بەردەوام کێشەی بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری دروستکردووە، ئەویش بابەتی مەی خواردنەوە و یاری کردن بەکاغەزی قومارە، لەڕاستیدا مەی خواردنەوە هەم زیانی تەندروستی بۆ مرۆڤ هەیە و لەڕووی ئابووریش زیانی زۆر بەمرۆڤ دەگەیەنێ سەرباری ئەوەی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دروستدەکات، بەهەمان شێوە یاریکردن بە کاغەزی قومار زۆر زیانی بۆ کۆمەڵگە هەیە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین شاعیران زۆر باسیان لەیاری کردن بەقومار کردووە، وەکو دیاردەیەکی دزێو باسیان لێوە کردووە، چونکە یارییەکە لەسەر بردنەوە و دۆڕاندنی پارەیە. لەم بارەیەوە (مەدحەت بێ خەو) دەڵێ:

((ئەی خواتەوە بەدرێژایی ژیان    دوورە لەلای ئەو بیرکردنی ژیان
سەرەڕای ئەوەی برسی و هەژارە    هەردەم سەرخۆش و دوستی قومارە
بۆ صحەت و لەش زیانی زۆرە    بەرامبەر بەگەل دائم سەرشۆڕە
هەردەم قەرزاری عالەم و بازاڕ    ئەبنە نمونەی جوین و لۆمەکار
قومار دەبی بەهۆی هەژاری    هەم خەم و خەفەت هەم دەردەداری
قومار ئەتکا بە پەند ریسوا    سووك لەلای عالەم ڕوو ڕەش لای خوا
جاتکام وایە لەگشت برایان    ئەم خووە پیسە لابەن لەلایان))(ژ:٦٧،ل١٠).

لێرەدا شاعیر، بەزمانێکی سادە و میللی و بەکێشی خۆماڵی پەنجەی (١٠) بڕگەی و جووت سەروا شیعرەکەی نوسیووەو، باسی لەهەردوو دیاردەی مەی و خواردنەوە و قومارکردن کردووە، زیانەکانی ئەم دوو دیاردەیەشی بەباشی خستۆتەڕوو.

(شێخ ڕەئوفی خانەقا)یش دەربارەی یاریکردن بەکاغەزی قومار دەڵێ:

((خەلقە عەهدم بێ کە ئیتر تا ئەبەد پۆکەر نەکەم
چی کرا چوو تێپەڕی ئەمما ئیتر خۆکەر نەکەم
کاری بەد کارانە کاری کەندو قولە مل شکێن
ساکەوابێ شێتییە گەر بێت و چاری سەر نەکەم
چاکە تەرکی کەم قومارو گێژ و سەرسامی خومار
پشت لە بەدکاری بکەم قەت ڕوو لەجێی پۆکەر نەکەم )) (ژ:٣١، ل٩)

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزوفە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

بابەتێکی تر لەکۆنەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردی بە بەردەوامی هەبووە، ئەویش کێشەی جیاوازی چینەکانی کۆمەڵە، بە بەردەوامی چینی جوتیار و کرێکار و هەژارەکان لەلایەن چینی دەرەبەگ و سەرمایەدارەکان، زوڵم و زۆردارییان بەرامبەر کراوە، بۆیە دەبینین شاعیرەکان هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بە بەردەوامی زۆر لەسەر ئەم بابەتە وەستاون، شاعیران بەباشی هەستیان بەو جیاوازیە و نایەکسانیە کردووە، بۆیە هەوڵیان داوە بە بەردەوامی لایەنگری لەچینی چەوساوە بکەن، لەژێر دەستی زوڵم وچەوساندنەوە دەربازیان بکەن، ئاشکرایە چەوساندنەوەی چینایەتیش ڕێگریەکی سەخت بووە لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی دا.

ئەم بابەتە شیعریە لەناو گۆڤاری (هەتاو)دا لەدوای شۆڕی ١٤ی تەمموز لە عێراقدا زۆر بەزەقی لەسەر ڕووپەڕی گۆڤاری(هەتاو)دا بەدەرکەوت، چونکە پێش شۆڕش دەسەڵاتی پاشایەتی لایەنگریەکی سەرسەختی ئاغا و دەرەبەگەکان بوون،کە خەلکی جوتیار و ڕەنجبەر بچەوسێننەوە. بۆیە شاعیران دڵخۆش بوونە بەم شۆڕشە و بەهیوای ئەوەی ئیتر جوتیار و کرێکار و ڕەنجبەر کە چینی سەرەکی کۆمەڵگەی کوردی پێك دەهێنن بەماف و داواکارییەکانی خۆیان بگەن، چیتر نەچەوسێنرێنەوە. لەم بارەیەوە(عبدالكريم رەباتی) لەیادی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ دەڵێ:

((ڕۆژی سەربەستی گەل و نیشتمانە
جەژنی ئازادی و خۆشی و ژیانە
لەم ڕۆژەدا بوو سوپای پالەوان
سەرەو ژێری کرد سوپای شاهانە
ئیتر ناتوانی زۆرداری بکا
ئیمپریالیزم لەم نیشتمانە
کرێکاران و جوتیار و فەلاح
ڕەنجیان لەمەولا هەر بۆ خۆیانە)) (ژ:١٥٨،ل١٣).

کێشی شیعرەکە کێشە پەنجەی(١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

دیاردەیەکی تری دواکەوتوویی ناو کۆمەڵگەی کوردی کە زۆر بلاوە و تا ئێستاش بەردەوامە و هەیە، بەتایبەتی لەناو خەلکی کەم خوێندەوار و ڕۆشنبیر، ئەویش بابەتی نوشتە و جادوو کردنە، زۆربەی ئەم کارانەش بەناوی ئایینەوە ئەنجامدراون و خەڵکی هەژاری پێ چەواشە کراوە، کە لەڕاستیشدا ئایین لەم کارە درێوەدا بێ بەریە، خەڵکانێکی دەروون نزم ئەم کارەیان کردووە، بۆ بەدەستهێنانی بڕێك پارە. بۆیە ئەم دیاردەیەش لەشیعری شاعیرانی کورد شوێنی دیارە و خراوەتەڕوو، لەم بارەیەوە گۆڤاری (هەتاو) چەند شیعرێکی لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە

بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵك لەم کارە دزێوە دوورکەوتنەوە لێی. لەم بارەیەوە(عبدالکریم ڕەباتی) لە شیعرێك دا دەڵێ:

((تاکەی بەنوشتە و جادو و دەست بڕین ڕاو ڕووت ئەکەن بەناوی ئایین
هەرچی بەوجۆرە کەپەیای ئەکەن دەرخواردی ماڵ و مناڵی ئەدەن
تەواو بزانن گشتی حەرامــە چونکە فێڵبازی و ماڵی نەفامە
بۆ واز ناهێنن لەگەڵی هەژار ئێوەش وەك مەردووم بکەن ئیشوکار
هەرچی کە یەزدان بیکا ئارەزوو خۆ هەڵناوەشێ بەنووشتەوجادوو))
(ژ:١٣٧،ل١٠).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی(١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری(هەتاو) دا، چەند شاعیرێك بە شێوازی گاڵتەوگەپ ڕەخنەیان لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەگرت، لەهەمان کاتیشدا ئەم جۆرە شیعرانە چێژ بە خوێنەر دەبەخشێ، کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە دەروونی هەست بە ئاسوودەیی دەکات.

(ڕەئووف بێ گەرد)لە شیعرێکی گاڵتە جاڕی باس لە(سینەما) دەکات، کە چۆن پەیدابوونی لەم سەردەمەدا کاری کردۆتە سەر کۆمەڵگەی کوردی. هەر چەندە شاعیر بەشێوەیەکی خراپ باس لەسینەما دەکات، کە کاریگەری خراپی کردۆتە سەر کۆمەڵگە، بەڵام خراپییەکە بۆ سینەما نەگەڕاوەتەوە، بەڵکو بابەتەکە لەکۆمەڵگەی کوردی تازەبوو. خەڵك نەیانزانیوە بە شێوەیەکی تەندروست و ڕێك و پێك مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە بکەن. شاعیر دەڵێ:

((داخو دەردی سینەما تەپلی دلانی گشت دڕاند
دەنگی بێ هۆشی ئەوە وا عالەمی گشت تێ چراند
گشت کەسی نابووت و مفلس کردوە کاك سینەما
جەهلو نادانی لەنێودا خستو زانینی فڕاند
علم و زانست و ئەدەب هیچی نەما شوشەی شکا
تۆزە تۆزە مەکتەبیش بوو خۆ ئەویشی واتڕاند
کووچە و کۆلان و جادە گشتی هەر باسی ئەوە
تفلی شیر خۆریش بەباسی سینەما زار هەڵچڕاند.
داخەکەم کاك سینەما وای کردوە لەم عصرەدا
بێ حەیایی باوە ئاوی شەرم و حلمی گشت تکاند)) ( ژ: ٨٤، ل٩)

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەڵی هەشتی مەحزووفە( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)،سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

(کەریم شارەزا)پێنج خشتەکیەکی لەسەر شیعرێکی قانع بەناوی(فلس لەم ڕۆژگارەدا) دروست کردووە، بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی باس لەدەوری پارە لە کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤ دەکات، کە چ کاریگەریەکی لە سەر بارودۆخی کۆمەلایەتی مرۆڤ هەیە، هەر چەندە شیعرەکە بۆ سەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە نووسراوە، بەڵام پارە لەهەموو سەردەمێك کاریگەری زۆری لەسەر کۆمەڵگە هەیە. شاعیر لەبەشێکی دەڵێ:

((حەز بکەی کێوان ئەخەیتە جوولە جوول و زەلزەلە
کاتی شایی چاوەش و لۆتی ئەهێنیە هەلهەلە
وێنە و ڕوخسار ڕەنگت دلگرە هەی کاکەلە
هەی بەقوربانی زڕەت بم ڕۆژی سەودا و مامەڵە
تۆ لە شیر و خەنجەر و بڕنە و گەلێ ئازاتری)) (ژ:٨٣،ل١١)

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەڵی هەشتی مەحزووفە( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

(بێ خەو)ی شاعیر باسی چەندین دیاردەی دواکەوتووی ناو کۆمەڵگەی کردووە، وەك باوەڕ بەنووشتەکردن و چوونە سەرگۆڕی پیاو چاك و پاڕانەوەی لێی و تەمبەڵی و کارنەکردن و نەناردنی مندالێ بۆ قوتابخانە، بەتایبەتی ڕەگەزی کچ، کەئەو سەردەم و لەئێستاش دا هەندێك خێزان کچەکانیان نانێرن بۆ قوتابخانە، بەلایانەوە وایە کچ نابێت بخوێنێ. لەم بارەیەوە دەڵێ:

((بیری کۆنەپەرستی لەنێومان گەلێك باوە
کەبوویتە پەردەیی ڕەش ڕووناکی پێ گیراوە
بێ هۆشن ئەکەن باوەڕ بەنووشتەو کشتەکوفالێ
ئەفەوتێنن سەرومالێ بەو بیرە کزو خاوە
ئێشك ئەگرن تابەیان بۆ منالی تازەبوو
نەوەك شەوە بەدزی منالێ وونکا لەو ناوە
چەشنی بوت پەرستی زوودارو بەرد دەپەرستن
بەرزە شێخو میرو بەگ تەکیەو دیوان بەباوە
یا بێ کارو زەغەل لەمالا دائەنیشن
ئەڵێن خوا کەریمە رزق بۆمان نوسراوە
منالێ ناردن بۆ خوێندن گەلێ لەلایەن گرانە
ئەڵێن کچ چۆن بخوێنی عەیبە و حیاڕژاوە)) (ژ:١٠٧،ل١٣)

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی هەشتی مەقسور( مفاعیلن مفاعلن مفاعیلن مفاعلن).سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

# شیعـــری وەســـــــــف

مەبەستێکی کۆنی شیعری کوردی یە، شاعیرانی کۆنی کورد(کلاسیك)بەهۆی بەکارهێنانی هونەری ڕەوانبێژی وەسفی هەموو شتێکیان کردووە. دەربارەی وەسف د.مارف خەزنەدار دەڵێ:((وەسف بۆ مەبەستی وێنەگرتنی دولبەر لەڕووی جوانیی ئەندامی لەشیەوە بەکاردەهێنرێ، هەروەها باسکردنی کێشانی دیمەنی سروشت جێگەیێکی دیاری لەهونەری وەسف دا هەیە، جگە لەوە وەسف خەریکی ڕووداوەکانی سروشتیشە وەکو ئاژەڵ و زیندەوەرو ڕووەك، بۆ جەنگ و سوارچاکیش بەکاردەهێنرێت))[1]. کەواتە بەگوێرەی ئەم ڕایە وەسف وێنەگرتنی هەموو بابەتەکانی سروشتە، هەروەهاوەسف تێکەڵ بەهەموو مەبەستەکانی تری شیعر دەبێت، بۆ نموونە کاتێ شاعیر وەسفی یارەکەی خۆی دەکات، لێرەدا بابەتی دڵداری و وەسف تێکەڵ بەیەکتر دەبن، یان شاعیر لاوانەوە بۆ کەسێکی خۆشەویستی خۆی دەکات لەکاتی کۆچی دوایی کردنی، لێرەدا شاعیر بەدڵنیاییەوە لەگەڵ شین کردن بۆ کەسی کۆچ کردوو وەسفیشی دەکات، بۆ مەبەستە کانی تریش بەهەمان شێوەوایە، کەواتە ((وەسف وەك دیاردەیەکی ئەدەبی، دەشێ لەناو هەموو جۆرە شیعرێك بدۆزرێتەوە))[2].

لە گۆڤاری (هەتاو)دا (١٤٠) شیعری وەسف بلاّوکراوەتەوە، کەبەشێوەیەکی زەق هەست بەبوونی (وەسف) دەکەین لەم شیعرانەدا. کوردستان خاوەن سروشتێکی دڵڕفێن و جوانە. ئەم دیمەنە جوانانەی سروشتی کوردستان کاری کردۆتە سەر ناخ و دڵی هەموو شاعیرانی کورد، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی شاعیرانی کورد بەهۆی ئەو هەست و سۆزەی بەرامبەر سروشتی کوردستان هەیانبووە، جوانترین شیعر دروست بکەن. وەسفکردنی دیمەنە جوانەکانی سروشتی کوردستان لای زۆربەی شاعیرانی کورد بەهۆی خۆشەویستیان بووە بۆ کوردستان.

لە گۆڤاری (هەتاو) ژمارەیەکی زۆر شیعر دەربارەی وەسفی سروشتی کوردستان لەلایەن شاعیران بلاّوکراوەتەوە، کە گرێدراون بە هەست و سۆزی نیشتیمانی، ئەمەش بووەتە سیمایەکی شیعری کـوردی بەتایبەتـی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی، هەستـــی نەتەوایەتـــی (ناسیونالیستی)لە کوردستان بە گشتی لە بەرزبوونەوەدا بوو، بەتایبەتی لای نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد، بۆیە دەبینین شاعیران لە وەسف کردنی دیمەنە ڕەنگینەکانی

---

١ – مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار،بەرگی یەکەم، ل١٩٧.

٢- فەرهەنگی ئەدەبی،د.موحسین ئەحمەد عومەر ،٢٠١٢،ل١٧٧.

سروشتی کوردستان لای شاعیران بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت بوو، بۆ ئەوەی ولآتەکەیان لا خۆشەویست بێت و ئامادەبن قوربانی لەپێناو بدەن [1].

(وریا قانع) وەسفێکی جوانی سروشتی کوردستان دەکات، ناوی دار و بەرد و کانی و خاك و خۆڵی کوردستان دەکاتە تابلۆیەکی ڕەنگین ، پەیوەستی دەکات بە هەستی کوردایەتی خۆیەوە. لەبەشێکی دەڵێ :

(( کوردێکی کوردستانم — بەهەشتە نیشتیمانم
دار و بەردم ڕەنگینە — ئاوی کانیم شیرینە
زەویم زۆرە بۆ جوتیار — کانم هەیە بۆ کرێکار
هەر زیوە خاکو خۆڵم — وەك زێڕە شاخو دۆڵم
زۆر خۆشە وەك بەهەشتە — جێگەی سەیران و گەشتە
هەر کوردی کوردستانم — فیداکاری نیشتیمانم ))(ژ:١٥٩،ل١٠).

لەڕووی ڕوخسارەوە، زمانێکی یەکجار سادەو ئاسان و وشەی سوك و پەتی کوردی بەکارهێناوە، کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٧) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(شێرکۆ بێ کەس)یش وەکو شاعیرێکی تازە پێگەیشتوو، وەکو لاوێکی کورد لە وەسفی بەهاری کوردستان، وێنەی بەهارمان بۆ بە وشەی ناسك و ڕەسەنی کوردی لەسەر ڕیتمێکی دڵ بزوێن بۆ دەکێشێ، جوانی بەهار تێکەڵ بە هەست و نەستی کوردایەتی خۆی دەکات. دەڵێ:

(( لەگەڵ ئاوازی بەجۆشی بەهار — دەنگی شمشاڵ لا لێوی ڕێبوار
جریوە و جوکەی مەلی لەسەردار — کەفو و شەپۆلی جۆگەی ناو نزار
گوشادی و خۆشی ژیان ئەنوێنی — پەستی لا ئەدا خەم ئەڕەوێنی

دواتر شاعیر بەردەوام دەبێت و دەڵێت :

(( ئێوارەی فێنك کە هێشتا ئاسمان — تێیدایە پەخشانە تیشکی ڕۆژی جوان
سروشت یەك پارچە شادیە بۆ گیان — ئاوابی خاکو ئاوی کوردستان))(ژ:٩٣،ل١٤).

ئەم شیعرە لەسەر کێشی پەنجەی(١٠) بڕگەی و، سەروای جووت سەروا نووسراوە.

(جاهد)یش وەسفی هاوینە هەواری پیرمام (مصیف صلاح الدین)ی کردووە و لە بەهاران دا دەبێتە شوێنێك بۆ گەشتیاران، دیارە شارۆچکەی (پیرمام) بەیەکێك لەشوێنە دڵڕفێنەکانی کوردستان دادەنرێ. بۆیە شاعیر بە وشە تابلۆیەکی ڕەنگینی لە وەسفی ئەم شوێنە کێشاوە، کە بەڕاستی شایستە بەو شوێنە دڵگیرەی کوردستانە. دەڵێ:

---

١- دیلان شاعیرو ئازادیخواز،دڵشاد عەلی،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،١٩٨١،ل٨.

((چریکەی بولبول لەباخ و گوڵزار    دیسان وا منی هێناوە گوفتار
بەفری بلوری سەر شاخانت    هەوری سەر پۆشی سەرو سەیوانت
منظرەی بەرگی شینی سەرزەویت    گردو ئاقاری بڵندو نەویت
مەوج و شەپۆلی بوخارو تەمت    هەزاران خەفەت لادە با غەمت
نەقشە هەموو لات بەقەصرو قصور    خوا هەڵناگرێ هیچ نیتە قصور))

(ژ:٣٣،ل١١)

شاعیر بەکێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەروای جووت سەروا ئەم شیعرەی نووسیوە.

(کەمال حسن خۆشناو) وەسفی شاری (شەقلاوە) دەکات، ئەم شارە یەکێکە لە شارە جوانەکانی کورد، کە بە شوێنێکی گەشتیاری بەناوبانگە و لەهەمان کاتیش دا چیای سەفین بەسەری دا دەڕوانی، ئەوەندەی تر شارەکەی ڕەنگینتر کردووە، بۆیە سەرنجی شاعیری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوەو ئەویش بەبووکی کوردستان ناوی دەبات، بەبڕوای شاعیریش کورد دەبێت شانازی بەشاری (شەقلاوە)بکات، دەبێ ناویشی بگاتە هەموو جیهان و خەڵك بزانن شارێکی ڕەنگین هەیە بەناوی (شەقلاوە)، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و ئەوکاتە بە دەردەکەوێ، کە لە پاریس و لوبنانیش جوانترە. لەم بارەیەوە دەڵێ:

((دەمی ئێوارە ئەی کوردی دلێر    لەسەر چیایەکان بوەستە وەك شێر
بڵێ هەربژی کورد و کوردستان    کەوا هەیەتی شەقلاوەی جوان
شارێکی خۆش و هەوا سازگار    سەفینی ڕەنگین بە دار و نزار
داری هەنار و هەرمی و بەڕوو    هەر هی کوردانە و بۆی ئەبن ماندوو
ئەمجا شەقلاوە بەڕاستی جوانی    بووکی شارانی لە کوردستانی
باسی تۆ ئەبێ بگاتە جیهان    ناگاتە جوانیت پاریس و لوبنان ))

(ژ:١٥٨،ل١٧)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(دڵـــزار)ی شاعیریش شعرێکی بەناوی (کوردستان) بەشێوازێکی جوان نووسیوە، جوانی سروشتی کوردستان بووەتە هەوێنی ئەم شیعرەو لەڕێگەی وەسفی سروشتی کوردستانەوە هەستی نەتەوایەتی خۆی دەربڕیوە. دەڵێ:

((کوردستانی جوان ئێجگار شیرینی    بێ شك بەهەشتی سەر ڕووی زەمینی
خاوەند غلمان و حوری نەخشینی    دائیم ڕازاوەو جوان و ڕەنگینی
هەوێنی ژینی
سەراسەر شاخو یاخو گوڵزاری    پڕ لەسوولاوو کانی و ڕووباری

یانەو هێلانەی قومری و هوزاری　　نەخشاوی دەستی پەروەردگاری
بووکی بەهاری
دایکی دڵنەرمی ڕۆڵەی کوردانی　　لانەی شێرانی زەندو بابانی
خاکی پیرۆزی زازاو سۆرانی　　ڕاوگەو هەوارگەی لوڕو گۆرانی)) (ژ:١٤٧،ل١٤)

شاعیر بەکێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەروای جووت سەروا ئەم شیعرەی نووسیوە و بەقالبی (موستەزاد) بەشێوازێکی نوێ داڕێژراوە.

لەناو گۆڤاری هەتاودا چەند شیعرێکمان بەرچاو دەکەوێ، کەبۆ وەسفی جوانی ئافرەت نووسراون، لەکۆنەوە شاعیرانی کورد دەستێکی باڵایان هەبووە لەوەسفکردنی جوانی ئافرەت و بەشێوەی هونەری ڕەوانبێژی سەرنج ڕاکێش جوانی ئافرەتیان دەرخستوە.

(حەبیب عەلی میرانی) لەشیعرێك بەناوی (کچی کوردی لەچك زەرد) وەسفی کچێکی کورد دەکات، کراس شین و لەچك زەرد، بەڵام پێناچێ ئەو کچەی شاعیر وەسفی جوانییەکەی کردووە یاری شاعیر بێت، بەڵکو پێدەچێت هەربەرێکەوت ئەو کچەی دیبێ. لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێ:

((کچی کوردی لەچك زەرد کراس شین　　بەهای ماچێکی نابی ملکی بەرلین
بەبێ دەرمان و حیلە لێوی ئاڵە　　لەبۆنی زولفیە ڕەیحان و نەسرین
بەقامەت عەرعەرە سەروەچنارە　　لەشەرمی خۆی پەنادا ماهو پەروین
دەمی ئاوی حیاتە حەوزی کەوسەر　　نەسیبی کێ ئەبێ دەرمانە بۆ ژین
خەیاڵی خاڵەکەی بەینی دوو ئەبرۆ　　پەشێوی زوڵفەکانی چین لەسەر چین
بۆسوری سێوی کوڵمی نەقشی چاوی　　هەزاران شێخی لاداوە لەسەر دین))
(ژ:١٠٢،ل١٣).

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی شەشی مەحزووفە(مفاعلن مفاعیلن فعولن)، سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

وریـــا (حمە علی) یش شیعرێکی بەناوی (بۆ جوانێکی لادێ) لەسەر کێشی (٨)بڕگەی و، سەروای جووت بڵاوکردۆتەوە، دیارە شاعیریش بەڕێکەوت کچێکی لادێی جوانی بینیووە، سەرنجی ڕاکێشاوەو هەست و سۆزی شاعیرانەی جوڵاوەو، شاعیر لە شاران گەڕاوە و زۆر کچی جوانی دیتووە، بەڵام جوانییەکەیان تەنیا ئارایش کردن بووە، کەچی جوانی ئەو کچەی دیویەتی جوانییەکەی سروشتی یەو خودا پێی بەخشیوە. دەڵێ:

((پشتێند هەیاسە زیوەکە كچە لەڕێ تەڕیوەکە
بۆ ئەسلەمێتەوە لە من؟ ملوانکە شۆر قۆڵ بەبازن
ئەزانی بۆ؟والەسەر خۆم سەیرت ئەکەم ئەی گیانەکەم
لەشاران زۆرم جوان دیوە سەرنجم لەم و لەو بڕیوە
کامی کەهەر ئێجگار جوانە هەر ئارایشت هەر دەرمانە
جوانیەکەی تۆ نەخشی خوایە هەمیشە وەك ئێستا وایە
سیحری لادێ کلەو خەنە هەردووکیشی لەتۆ ونە)) (ژ۱۳۰:،ل۱۲).

جگە لەو شیعرانەی بۆ وەسفی سروشتی جوانی و کوردستان و ئافرەت نووسراون، شیعرێکی ترمان بەرچاو دەکەوێ، تێدا وەسفی ئاژەڵ کراوە. ئەم شیعرە لەلایەن(کانی) نووسراوە و شاعیر وەسفێکی جوانی کەرەکەی خۆی دەکات، پێشتریش لەشیعری کۆنی کورد ئەم جۆرە وەسفەمان بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە (نالی)یەکێك لەبەناوبانگترین شیعرەکانی، وەسفی (کەرەکەی) خۆیەتی لە دێرێکی دەڵێ:

هەی کەرێکم بو، چ پەیکەر؟طی کەری هەورازو لێژ
سینەپان و، موچە کورت و شانە بەرزو، گوێ درێژ[1]

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەلی هەشتی مەقصورە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

شاعیری ناوداری کورد(شێخ ڕەزای تالەبانی)یش بەجوانترین شێوە وەسفی ئەو (ئێستر)ەمان بۆ دەکات، کەلەلایەن میرێکەوە بۆی ڕەوانە کراوە. لەبەشێکی دەڵێت.

میر بەسەد منەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت
دەست و پاسست و سەقەت ئەندامی هەروەك عەنکەبووت
خاوەنـــی ئالیکی نالێم پێ نـــەداوە موتلەقـــا
داویەتی ئەمما وەکو بیستوومـــە قووتی لایـــمووت[2]

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەلی هەشتی مەقصورە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

---

١ – دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مودەریس و فاتح عبدالکریم،چاپـی پێنجـــەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە،١٣٨٤هەتاوی، ل٢٢٤.

٢ – دیوانی شێخ رەزای تالەبانی، کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ، ئومێد ئاشنا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٤، ل٤٤.

(کانی)شیعرەکەی بەشێوەی قالبی(تەرجیع بەند)هونەرێکی شیعری کۆنی کوردی نووسیووە، شیعرکە لە پێنج بەند پێکهاتووە، نیوە دێرەکەش، کەدووبارە دەبێت لەهەموو بەندەکان بریتی یە لە(قوربانی گونت بێ دەنی مشرەب کەرەدێزە) دەڵێ:

(( هەیتم کەرەکی دێزە چ عیفریت و بەهێزە

وەك جووتی ئەکا راستی خەتی ڕیزی لەڕێزە

جۆی ناوێ بەرەڵای کە لەناو پوشو پەرێزا

قوربانی گونت بێ دەنی مشرەب کەرەدێزە

وەك ئەسپە سەرو گەردەنی قیت و جوانە

باکی نییە هەرچەنی بکەی باری گرانە

ئەمسالی نییە قەتعی لەناو قەومی کەرانە

قوربانی گونت بێ دەنی مشرەب کەرەدێزە

پشت کوڕو کەفەل خڕسمی کورت چارپەلی ئەستوور

مووی کلـــکی درێژو قەوی یە لایقی طنبـــور

(کانی) هەیە وەلداشی وەکو ئەم کەرە مغرور

قوربانی گونت بێ دەنی مشرەب کەرەدێزە))(ژ:٢٧،ل١٠).

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەلی هەشتی مەقسورە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

دیارە بەدڵنیایەوە (کانی) کەوتۆتە ژێر کاریگەری شیعرەکەی (نالی)، کانی لەهەندێك وەسفەکانی تاڕادەیەك لاسایی (نالی) کردۆتەوە. دەربارەی شیعرەکەی (نالی)، د.مارف خەزنەدار ڕای وایە، مەبەستی (نالی) لەوەسفی کەرەکەی ویستویەتی دەری بخات، کە کەرەکەی زۆر باشترە لەهەندێك مرۆڤی بێکەڵکی ناو کۆمەڵگە[1]. سەبارەت بەشیعرەکەی (کانی)یش هەروەکو لەناو گۆڤارەکە ڕوون کراوەتەوە، مەبەستی شاعیر لەوەسفی کەرەکەی، مەبەستی چەند کەسێکی دەروون نزم بووە، بۆیە کەرەکەی پێ باشتربووە لەو جۆرە کەسانە. سەبارەت بە شیعرەکەی (شێخ رەزا) بەپێچەوانەی (نالی و کانی) لەوەسفی ئێسترەکەی، کە میرێك بۆی ناردووە، بەشێوەیەکی خراپ باسی کردووە، دیارە ئێسترەکەش ئەو سیفەتانەی تێدا بووەو شاعیر مەبەستی ئەوە بووە قرچۆکی میر بسەلمێنێت، کەئەم جۆرە ئێسترەی بۆ ناردووە.

لەلایەکی تر چەند شیعرێکمان بەرچاو دەکەوێ، تیایدا وەسفی گۆڤاری(هەتاو) لەلایەن شاعیران کراوە، دیارە لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی گۆڤارەکە لەو سەردەمەدا لەگۆڕەپانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا هەیبووەو بۆتە سەکۆیەك بۆ نووسەرو شاعیران بۆئەوەی بابەتەکانیان لەڕێگەی ئەم

---

١- مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خەزنەدار، بەرگی سێیەم ،ل٢٤٥.

گۆڤارەوە بڵاوبکەنەوەو، لەلایەکی تریش بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو بابەتە ڕۆشنبیری و ئەدەبیەی بڵاوی کردۆتەوە بۆتە هۆی ئەوەی گۆڤارەکە خۆشەویست بێت لەلای شاعیرو نووسەرانی کورد، (عوسمان شارباژێڕی)وەسفی هەردوو(ڕۆژنامەی ژین) لەسلێمانی و(گۆڤاری هەتاو) لە هەولێر دەکات، بەئەستێرەیان دەچوێنێ، لەڕاستیشدا ئەستێرەی سەردەمی خۆیان بووینە لەبواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردیدا، چونکە لەو سەردەمەدا نەڕاگەیاندن وەکو ئێستا پێشکەوتوو بووەو نەچاپ و چاپەمەنی زۆر بڵاو بووە. شاعیر دەڵێ:

((هەتاوی شیرین هاوشانەکەی ژین ئێوەن ڕووناکی کوردی دڵ غەمگین
ئێوەن هەول ئەدەن بۆ خاکی کوردان بۆ شیعرو ووتار ئێوەن هیوامان
ئێوەن ئەستێرەی سەرکەلی کوردان لەتاریکی شەو ئەدەن نەجاتمان
ڕۆژنامەو گۆڤار چرای وڵاتن زانین ئەبەخشن بۆ گەل خەڵاتن)) (ژ: ٩٠،ل١٠)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

# شیعــــری دڵـــــــداری

بابەتی دڵداری بەدرێژایی مێژووی شیعری کوردی بەشێوەیەکی بەرفراوان لەناو ئەدەبی کوردیدا جێگای خۆی کردۆتەوە، پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە. یەکێك بووە لە بابەتە سەرەکییەکانی شیعری کوردی((شیعری دڵداری، یەکێکە لە کۆڵەگەکانی ئەدەبیات و شیعر دەنگی شیعری دڵداری ڕۆژهەڵاتیش لەناو هارمۆنیای شیعری مرۆڤایەتیدا ئاوازێکی بڵندە، لەبەر ئەوە شاعیر و دیوان بێ سۆزی دڵداری ناگونجێت))[1]. شیعری دڵداریش ئەو شیعرەیە کە پڕیەتی لەسۆز و هەست و خۆشەویستی، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەناخ و هەست و چێژی کەسایەتی شاعیرەوە هەیە، ((دەربڕین لەو هەست و سۆزە دەکات کە پیاو بە ئافرەتەوە دەبەستێتەوە، وێنەی خۆشەویستی پیاوی تیایە و وەسفی ڕوخساری ئافرەت و ڕەوشت و ئەو خۆشەویستیەی لەنێوانیاندا ڕوودەدات دەکات))[2].

لەناو گۆڤاری هەتاویش ژمارەیەکی زۆری شیعر لەم بابەتە بڵاوکراوەتەوە، تێکڕای(٩٠) پارچە شیعرە، بەشی زۆری ئەو شاعیرانەی لە گۆڤاری (هەتاو) شیعریان بڵاوکردۆتەوە، بەشی زۆریان خۆیان لەقەرەی ئەم بابەتە داوە، هەندێك لەشیعرەکان لە قاڵبی غەزەلی کۆنی شیعری کلاسیك بەدەرکەوتوون، کە پڕن لە جوانکاری و وردەکاری و وشەبازی و ڕازاندنەوەی ڕوخسار، تیایاندا بەهرەی ڕەوانبێژی خاوەنەکانیان بەدەردەکەوێ، ئەو غەزەلانەش بەکێش عەروز و سەروای یەکگرتوو نووسراون، هەندێك لەو شیعرانە هی شاعیرە کۆنەکانن، کەپێش دەرچوونی گۆڤارەکە نووسراون لەوانە (حاجی قادر، ئەختەر، هجری، منفی، فکری، عاشق، هتد). هەندێکی تریان هی ئەم شاعیرانەن لەسەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە شیعریان نووسیووە، گۆڤاری هەتاو شیعرەکانی بۆ بڵاوکردوونەتەوە لەوانە (مەلا مەسعود "بێ بەش"، هوشیار "سید ابراهیم"، دلزار، مخلص دزەیی، میهری، حبیب علی میرانی ، عەلی کمال باپیر، ڕەئووف بێ گەرد، عەلائەدین سید حوسێن برزنجی، جاهید،مەحەمەد شوکر خەلیفە، سەید ئەنوەر سەید ئەحمەدی حوسێن کۆیی "دەرویــّش ").

(مخلص دزەیی ١٩١٠-١٩٨٥) لەغەزەلێك دەڵێ:

((سەروی باڵای دوڵبەرم سەیری بکەن چۆن هەڵچووە
من دەڵێم سەروە کەچی خۆخ و هەناری گرتووە

---

١- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٥٠.

٢- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، دکتۆر شوکریە ڕەسول، چاپخانەی خوێندنی باڵا، ١٩٨٩، هەولێر، ل٤٠.

بێ و بەچاوی من تەماشای زوڵف وڕووی ئەم شۆخەکەن
هەر دەڵێی باقەی گوڵ و ڕیحانە لێکی بەستووە
هود هودی بایی سەبا بۆچی دەبێ تاخیربی
چاوەڕوانی نامەی جوابم ئاخۆ یار چی فەرمووە
وابەهێزی کارەبای حسنی دڵی کێشام بەتاو
سادە خیلتان بم عیلاجی شاردنەوەم کەن تازووە))(ژ:٥٢،ل١٠)

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەڵی هەشتی مەحزووفە( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)،سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

شاعیر وەسفێکی جوانی یارەکەی خۆی کردووە، لەهەمانکاتیشدا چاوەڕێی وەڵامی یارەکەی دەکات، تاکو بزانێ یارەکەی دەرهەق بەو چی گووتوە. هەوڵی ئەوەش دەدا خوێنێکی زۆر لەچاوی خۆیدا بڕژێنێتە سەر زەوی، تا سەر زەوی ڕەنگی سوور دەبێت. بۆ ئەوەی هەرکەسێك دیتی، بزانی ئەوا لەداخی بێوەفایی یارەکەی ئەم خوێنەی لەچاو هاتووەتەدەر.

لەلایەکی تر چەندین پێنج خشتەکی لەناو ئەو گۆڤارە بڵاوکراوەتەوە، کە ئەم هونەرەش یەکێکە لەهونەرەکانی شیعری کلاسیکی، لەوانەش پێنج خشتەکییەکی مەلامەسعود(بێ بەش)ە لەسەر شیعرێکی(محمد شكر خليفه)یە، لەبەشێکی دەڵێ:

((هەموو دەم ئاهو ناڵەم دێ لەدەست دەردی دڵی زارم
نەماوە صبرو ئارامم بەعشقی ئەو گرفتارم
هەتا مردن لەئەم عەشقە بە قطعی نابێ ڕزگارم
دڵم کەوتۆتە ناو داوی بەچاوی مەستی سوێند خوارم
بەبێ هۆشم سەراسیمە لە عشقی واخەفەتبارم)) (ژ:١٨، ل٩).

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی هەشتی تەواوە(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)،سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

دیارە هەردوو شاعیر کەوتوونەتە ناو دونیای خەم و ئازار، بەدەست دەردی عیشقەوە دەناڵێنن و هەتا کۆتایی تەمەنیش دەربازیان نابێت لەم عیشقە.

شیعری تری دڵداری لەگۆڤاری (هەتاو) بڵاوکراونەتەوە، کەلەسەر کێشی خۆماڵی کوردی و جووت سەرواو بەزمانێکی سادە و دوور لەگرێ و ئاڵۆزی پڕ لەهەست و سۆزی ڕۆمانسیەت داڕێژراون، ئەگەر سەیری ئەو شیعرانە بکەین هەست دەکەین، جیاوازیەکی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەو شیعرانەی بەشێوازی غەزەلی کلاسیکی نووسراون. ئەو شیعرە دڵداریانە لەسەر کێشی

پەنجەی خۆماڵی و بەشێوازێکی نویٚ نووسراون، زۆری شیعرەکان بابەتێك لەیەکتریان نزیك دەکاتەوە، ئەویش بێوەفای یـارە بەرامبەر بەشاعیر، یارەکەی شاعیر پاش خۆشەویستی و چەند ساڵ پێکەوە دواتر ڕێگەی بیٚ وەفایی گرتۆتەبەر. لەم بارەیەوە (عوسمان عوزێری ١٩٣٥-١٩٦٦) دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ((بیٚ وەفا بۆچی وەهات لیٚ کردم؟ | شادی و بەختیاریت لەدل لابردم؟ |
| کوانی بەڵێن و قسە و پەیمانت؟ | کوا خۆشەویستی و نامەی جارانت؟ |
| کوا پێکەنین و بزەی سەر لێوت؟ | زەردەخەنەکەت پرچی پەشێوت؟ |
| کوانی ئاوازەی دلەی پڕ مەیلت؟ | ئاخ و ئۆفەکەی دەروونی کەیلت؟ |
| کوێرا بەزوویی هەمووت لەیادچوو؟ | بەڵێنی خۆشی و ڕابواردنی زوو))؟ |

(ژ:١٠٢،ل١٦).

دیـارە لـەم شـیعرەدا ڕازو نیـازی شـاعیر گلـەیی کردنـە لـەیار بەهەسـت و سـۆزێکی پـڕ ڕۆمانسیانە و بەزمانێکی سادە، کە غـەم و پـەژارەی شاعیر خەفـەت خواردنـە بـۆ ڕۆژانـی ڕابـردوو. ئەم شیعرە لەسەر کێشی پەنجەی(١٠) بڕگەی داندراوەو، سەرواکەشی جووت سەروایە.

نەجمەدینی کوڕی مەلا ڕەسولی دێلێژە(ئاری ١٩١٠-١٩٦٨)[1]یش لەدووری خۆشەویستەکەی بەو شێوەیە هەستی خۆی دەردەبڕێت. لەبەشێکی دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ((بولبول ژیانم بولبول ژیانم | ئەی گوڵی تازەی ناو گوڵستانم |
| بولبول حەیاتم بولبول حەیاتم | هەتاکو مردن هەر بەتەماتم |
| هەروەختێ کەدیت دیجلە هەڵساوە | بەغدا بەجاریٚ داخورشاوە |
| بزانە ئـەوە فرمێسـکـی منــە | لەدووریت گیانە جەرگم کون کونە |
| پێکات جەرگ و دڵ تۆ بە چاوی ڕەش | لەبرینم ئەتکێ تك تك خوێنی گەش)) |

(ژ:١٠،ل١٣)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

دیارە دوورکەوتنەوەی یار بەهۆی پارەو سامان لای زۆر شاعیرانی نوێی کورد بەشێوازێکی ڕۆمانسیانە باس کراوە، یەکێك لەو شاعیرانە(کامەران موکری)یە، لای(کامەران موکری)ئەو هۆکارەی وای کردووە، یارەکەی لێی دوربکەوێتەوە ببێتە خەیاڵ(پارەیە). کامەران لەشیعرێك دا بەناوی (هێلانەی ئارامی دڵ) لەتابلۆیەکی ڕەنگین، کە لەسەرەتادا وەسفی یارەکەی بەشێوەیەکی جوان دەکات، دواتر بەهەستێکی ڕۆمانسیەت باسی ئەوە دەکات، کە چۆن (دراو)یارەکەی لیٚ دوورخستۆتەوە، ئەمەش لەلایەکی تر لایەنی چینایەتی دەخاتەڕوو، چونکە

---

١ -مێژووی ئەدەبی کوردی،د.مارف خەزنەدار، بەرگە حەوتەم،ل١٤١.

شاعیر لەڕووی چینایەتی هەژارەو کەسێکی چینی دەوڵەمەند بەهۆی (دراوە)وە یارەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. لەبەشێکی شیعرەکەی دەڵێ:

((قژی خاو، پرچی زەردی کاڵ　　گەردەنی ناسك کولمی ئاڵ
چاو هێلانەی ئارامی دڵ　　پەنجەی ناسك دەسی وەك گوڵ
لارو لەنجەی ورد و نەرم　　بزەو سەرنجێکی گەرم
بۆچی وون بوون بەخەیاڵ　　خەیاڵیش نەیما پەڕو باڵ!
ئەی پەری ئاسمانی ڕماو　　چی بکەم لەگەل زڕەی دراو
تۆی فڕان بۆ کۆشکی سامان　　ناتگاتێ نە ئاخ نەگریان
تۆ ڕۆیی خوات لەگەل ئازیز　　دلت وەکو گولی پایز)) (ژ:١٠٣، ل١١).

لەڕووی ڕوخسارەوە شاعیر تەنیا وشەی کوردی بەکارهێناوە، کەبۆ سەردەمی نووسینی ئەم شیعرە شتێکی تازە بووە، شیعرەکە لەسەر کێشی پەنجەی(٨) بڕگەی و، سەروای جووت سەروا نووسراوە.

# شیعـــــری لاوانـــدنـــــەوە

بابەتێکی ئەدەبی و مەبەستێکی شیعرییە، ئەم مەبەستە شیعریە مێژوویێکی کۆنی هەیە لە ناوەڕۆکی شیعری کوردی. کە لە هەست و سۆزێکی پاکەوە هەڵدەقوڵێت ((شیعری لاوانەوە بریتی یە لەو جۆرە شیعرەی کە هەست و سۆزی ماتەم و دڵتەنگی خاوەنەکەی پیشان دەدات لە بارەی مردنی کەسێك .... یان لەبارەی لەناوچوون و وێران کردن و نەمانی شار و شوێنێکەوە بوترێت، واتە، مەرجە بۆ کەسی مردوو یان شتی لەناوچوو نووسرابێت))[1]. کەواتە ئەم شیعرە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ناخ و دەروون و سۆزی شاعیرەوە هەیە، لە کاتێك دا کە شتێکی خۆشەویستی خۆی لە دەست دابێت، بە ئاوازێکی غەمگین هەست و سۆز و وەفای خۆی لە چوارچێوەی وێنەیەکی دڵتەزێن دەربڕیوە. شاعیرانی کوردیش ئەم مەبەستە شیعرەیان دەربڕیوە، کە لە کاتێك دا کەسێکی ئازیزیان مردبێت جا ئەو کەسە ڕەنگە کەسێکی نزیك یان سەرکردەیەك یان شاعیرێك یان ڕۆشنبیرێك بێت، هەندێك جاریش ئەو کارەساتە سروشتیانەی کە بەسەر شار و شارۆچکەکانی کوردستان داهاتوون یان ئەوانەی کە دوژمنان بەسەر کوردستانیان داهێناوە، ئەوانە هەست و سۆزی شاعیرانی کوردی لە ناخەوە هەژاندووە.

لە ناو گۆڤاری (هەتاو)یش شاعیران لە ڕێی ئەم گۆڤارەوە غەم و دڵتەنگی و وەفا و خۆشەویستی خۆیان دەربارەی چەندین کارەساتی جەرگبڕ دەربڕیوە،کە بەسەر خۆیان و میللەتەکەیان داهاتووە. (٦٥)پارچە شیعر لەگۆڤارەکە دەکەونە ناو ئەو مەبەستە شیعریەوە.

مەلا مەسعود (بێ بەش)لە شیعرێکدا شیوەن بەبۆنەی کۆچی دوایی ڕووناکبیری کورد (ڕەفیق حیلمی ١٨٩٨-١٩٦٠) دەکات، لە دەروونێکی پاك و ڕاستگۆیانە، هەست و سۆزی خۆی ئاوێتە کردووە بە ستایش کردن و پیاهەڵدان. بە دڵنیایی کە لەو کاتە دەروونی پڕ بووە لە غەم و ژان بە لەدەستدانی ئەو ڕووناکبیرەی کورد، ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە کوردی هەموو دونیا خەمبارن بەهۆی کۆچی دوایی ڕەفیق حیلمی. لەبەشێکی شیعرەکە دەڵێ:

((گەلی کوردی هەموو دنیا ئەمێستا مات و خەمبارە
ئەناڵێنن لەشیوەندان ئەگەر ئەغیارو گەر یارە
فراقی ئاگری بەردە دەروونی کوردی بێچارە
حیسابی ناکرێتن کورد ئەمەنە پڕ دەردو ئازارە
دەبا دووبارە شیوەن کەین بڵێین مرد هەر لەکوردا مرد

---

١- لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووداد ، ئاشنا جەلال ڕەفیق ،چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٤ ، ل٢٠ .

کەزاتێکی وەهامان چوو لەزانست و ئەدەبدا ورد)) (ژ:١٨٤،ل١١).

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی هەشتی تەواوە(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)، قالبی شیعرەکە تەرجیع بەندە.

بۆکۆچی دوایی شاعیری ناسراوی کورد(شێخ سەلام)شیعرێکی لاواندنەوە بڵاوکراوەتەوە، کەلەلایەن (محەمەد خامۆش) نووسراوە، شاعیر لەداخی ئەم کۆستە، قسە لەگەڵ دڵی خۆیدا دەکات و پێی ڕادەگەیەنێ ئیتر بەسە خۆشی و بەزم، ئێستا کاتی شیوەنکردنە. لەبەشێکی دەڵێ:

((ئەی دڵ لەمێژە شادو بەختیاری سادەی ووچانە
ووچانێك بگرە بەشینو زاری دەستم دا مانە
شینێکی گەرم شەپۆر قوڕ پێوان زایەلەو ڕۆ ڕۆ
ژیانم ناوێ بێزارم لەژیان کۆستمە ئەمڕۆ
شینێکی پڕ سۆز نەك هەر گریان بی یافرمێسکی چاو
لەناڵەناڵت جگەر بوریان بی بۆ کۆستی ناکاو
کۆستی ئەمڕۆمان یەکجار گرانە پڕ دەردو کەسەر
بەتەنیا من نیم کۆستی کوردانە هەی خاکم بەسەر)) (ژ:١٥٥، ل٩).

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەلی هەشتی تەواوە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن)، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(پیربااڵ محمود ١٩٣٤-٢٠٠٤)یش لەکاتێکدا دەزگیرانەکەی کۆچی دوایی دەکات، دونیا بەتەواوەتی لەبەرچاوی ڕەش دەبێت و بەدڵێکی بریندارەوە گلەیی لەچەرخ و ڕۆژگار دەکات، کەدەروونی پڕکردووە لە خەم، دیارە شاعیریش لەسەرەتای تەمەنی بووەو لەهەمان کاتیشدا شاعیر بووە بۆیە ئاساییە لەبارودۆخێکی وادا بەم شێوەیە هەستی پڕ لەناسۆری خۆی دەربڕێ و بڵێ:

((لەسەر گۆرت دەناڵێنم وەکو بولبول هەتا ماوم
کەتۆ مردی منیش دونیا هەموو ڕەش بوو لەبەر چاوم
دڵم هەردەم بریندارە زووخاڵە جەرگی سووتاوم
دەبا گوم بی لەپاشی تۆ لەسەر لەوحی و جوود ناوم
فەلەك چەرخت سەراژێر بی لەبۆ ڕەحمت نیە بۆ من
لەبەر چی هەوڵ ئەدەی هەردەم بەخەم پڕکەی دەروونی من
گوڵێکم بوو لەدونیادا ئەویشت برد لەباغی من
دەبا چەرخت سەراژێربی لەپاشی ئەو لەپاشی من (ژ:١٤، ل٧).

کێشی شیعرەکە هەزەجی هەشتی تەواوە (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)، سەرواکەشی (دووبەیت)یە.

دوای ئەوەی قوتابیەکی پۆلی پێنجەمی وێژەیی بەناوی سەعید صالح لەکاتی چوونیان بۆ سەیران لەکاتی مەلەکردنیان دەخنکێ و گیان لەدەست دەدات، بەم بۆنەیەوە(کەمال غەمبار)لەشیعرێکدا بەناوی (شیوەن بۆ سەعیدی هاوڕێم) دەڵێ:

((ئاخ ئەی گەردوونی بێ ویژدان چیت کرد بەڕۆڵەی بەستەزمان
لێت تاڵکردین خۆشی سەیران ئاهەنگت گێڕا بە گریان
تارانی سەعیدی هەژار
چی بوو ئەی گەردوونی غەدار؟!
بۆ وا زوو خونچەت هەلوەران خونچەی تازەی باخی ژیان
ڕۆڵەی دوا ڕۆژی کوردستان ڕاپێچت دا لە بۆمان
ڕۆلەی دایکێکی لێ قەوماو
کردت بەخۆراکی نێو ئاو))(ژ:١٢٦ل١٧)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٨) بڕگەی و، قاڵبەکەشی تەرکیب بەندە.

لە مێژووی خەباتی سیاسی کوردا، چەندین سەرکردە و ڕابەری بەتوانا بەدەرکەوتن و هەموو ژیانیان تەرخان کردووە بۆ میللەتەکەیان و لەو پێناوە کۆششی زۆریان کردووە بۆ ئەوەی کورد بگات بە مافە بەدی نەهاتووەکانی، یەکێك لەو سەرکردانە (شێخ محموودی حەفید) بووە . بۆیە دەبینین لەو کاتەی کە کۆچی دوایی دەکات، بە هەستێکی ڕاستگۆیانەی پڕ لە وەفا و خۆشەویستی و ئازار و خەمەوە شاعیرانی کورد سۆزی ناخی دەروونی خۆیان بەرامبەر لە دەست دانی (شێخ محموودی حەفید زادە) دەربڕیووە .

لەم بارەیەوە (حاجی مەلا صالح) کە مامۆستایەکی ئایینی شاری (هەولێر)بووە، بە هەست و سۆزێکی کوردانە و پڕ لە ئازار و ژان، کە نائومێدیەکی زۆری پێوە دیارە و بە زمانێکی میللیانەو بەشیعرێك هەستی خۆی دەربڕیوە. لەبەشێکی دەڵێ:

(( تاجی سەری کورد سەروەری ساداتم ڕۆ مایەی عزی وطن دافعی ئافاقـــم ڕۆ
با بگریەن لە هەموو لاوە مسکین و ذلیل قوڕ بەسەر خۆکەین بڵێین راهی نجاتم ڕۆ
وا دەگریین هەرچی ئەهلی دینی ئیسلامە دلێن ئەی محبـی وطــن و عباداتـــم ڕۆ
کورد و کوردستان زەلیلە پاشی شێخ قرەداخ شارەزور کرکوك و هەولێر تانەجـڕۆ))

(مخلص دزەیی)یش بەچوارینەیەك، هەستی خۆی دەردەبڕێ و کوردو کوردستان بەبێ کەس و هەتیو دادەنێ لەدوای کۆچی(شێخ مەحموود حەفید زادە)و ساڵی کۆچ کردنەکەشی بەساڵی کۆچی تۆماردەکات، دیارە ئەمەش لەشیعری کۆنی کوردی باو بووە. دەڵێ:

((فلك لەرزی زەمین تاسا کەشێخ محمود وەفاتی کرد
هەتیومان کوردو کوردستان کەشێخ بوو چوون غەباتی کرد
لەتاریخی هەزارو سێ سەدو حەفتاو شەشی هجری
لەدونیا بردی بۆ جنت لەوێ مەولا خەڵاتی کرد)) (ژ:٧٧،ل١٢).

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی هەشتی تەواوە(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

کارەساتی لافاو، کە لە ساڵی (١٩٥٧)لە سلێمانی ڕوویدا، ئەم ڕووداوە سروشتی یە بووە هۆی ئەوەی کە ناخۆشی و ئازارێکی زۆری لێبکەوێتەوە، کە بووەتە هۆی لە دەستدانی گیانی چەند کەس و زەرەر و زیانێکی زۆر بەر ماڵ و موڵکی خەڵکی سلێمانی بکەوێت. ئەم ڕووداوە ویژدانی شاعیرانی کوردی بزواندووە و بێ کاردانەوە نەوەستاون. گۆڤاری(هەتاو)یش گرنگیداوە بەو ڕووداوە و بە بڵاوکردنەوەی ئەو شیعر و نووسینانەی دەربارەی ئەم ڕووداوە نووسراون .

لەم بارەیەوە مەلا مەسعود (بێ بەش)لە ڕێی گۆڤارەکە، سۆزی دەروونی خۆی لە بەرامبەر ئەو کارەساتە دەربڕیوە و داوا لە هەموو کوردێکیش دەکات. کە بەپێ ی توانا یارمەتی خەڵکە لێقەوماوەکە بدات. لێرەدا شاعیر زیاتر مەبەستی خەڵکی شاری هەولێرە، چونکە لەوکاتە لە شاری (هەولێر) یارمەتی و کۆمەك کۆدەکرایەوە بۆ بەهانا چوونی خەڵکی سلێمانی. دەڵێ:

(( بەلافاوی غەزەب دیسان ئەوا شاری سلێمانی
سەرا سەر کەوتە ناخۆشی دڵی کردم بە بریانی
فەلەك چەرخت سەراژێر بی چیە ئەم کینە ئەنوێنی
لەگەڵ ئەم شارە نازدارە بەبێ ئینصاف و وجدانی
هەزار ماڵی هەژارانت لەناو بردوە بەبێ باکی
چەلادینی گەلێ لاوت بە ناحەق کردە قوربانی
لەسەر هەر کوردی کوردپەروەر کە خۆی کورد دائەنێ هەردەم
بەقەد ئیمکان بدا یاریدە پێویستە لەسەر لە شانی
بە خوێنی ئاوی فرمێسکی ئەوەندەی پێ کرابێ بەش
بنووسین تا لە چاپدا بۆی هەتا گیوی موکریانی )) (ژ: ١١٣،ل١٠)

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی هەشتی تەواوە(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)،سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

دڵســـــۆز(کەمـــــاڵ نامـــق احمـــد) یش، دەڵـــــێ:

((لەناکاو شادی گەڕا بەشیوەن　　فەرقی لانەبوو فەقیر دەوڵەمەن
وەك گەڵا ڕێزان بۆ کۆڕی مردن　　لافاو بەتین بووئەیبرد دەیکوشتن
قەت نەبووساڵێ دەروون بێ غەم بێ　　ئەم کوردەواریە دڵی بێ تەم بێ
هەر ڕۆژە دەردێ ئەدا بەسەردا　　بەرگی ماتەم ئەکەم بەبەردا))

(ژ:١١٣،ل٨).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

هەر لەبارەی ئەو کارەساتە سروشتیانەی کە بەسەر کوردستان داهاتووە. ئەمجارە کارەساتێکی سروشتی (بومەلەزە)لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ساڵی (١٩٥٧) ڕوویدا، ئەم کارەساتەش ناخ و دەروونی شاعیرانی کوردی هەژاندووە، (شێرکۆ بێ کەس)ی شاعیر لە دڵ و دەروونێکی پڕ غەمەوە، تێکەڵ بە هەستی پاکی کوردایەتی لە چوارچێوەی بارێکی ڕۆمانسیانە، هەستی ناخی زامداری خۆی لەشیعرێکی دەربڕیوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە شاعیرانی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستانبن یان لە تاراوگە بن، لەگەڵ ئێش وئازارەکانی هەموو خەڵکی کوردستانن. لەبەشێکی شیعرەکەی دەڵێ:

(( دیسان دێری شین بە فرمێسك چنراو　　ئاگری شیوەن بە ئاخ خۆشکراو
سۆزی ناسۆری نغمە هەڵبەستراو　　یادی دێرینی بە غەم هەڵچنراو
دەروونی تاساو ئاواتی نێژراو　　ئاسمانی لێلی بە تەم سەرگیراو
سەر لە نوێ ماتەم وەکو مەیل بکا　　کۆڕی شیوەنمان گەرم و گوڕ بکا
بە نغمەی ماتەم دڵمان پەست بکا　　کوردی دۆزیەوە تیا شین بکا))

(ژ:١١٩،ل٩)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١١) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

# شیعـــــری ســــتــایــش

ستایش وەکو مەبەستێکی ئەدەبی شیعری کۆنی کوردی تاسەردەمی ئێستاش بەرچاومان دەکەوێت، جگە لەناو شیعر لەناو چیرۆك و ڕۆمان و وتاریش هەست بەستایشس دەکەین. ستایشکردن جیاوازە لەگەڵ بابەتی وەسفکردن، وەسف کردن بەشێکە لەستایش کردن، ستایش کردن تەنیا بۆ مرۆۋ دەبێت، ئەو مرۆڤەش دەبێت کەسایەتیەکی پلەوپایەکی بەرزی ئایینی یان سیاسی یا کۆمەلأیەتی یا زانستی هەبێت. لەشیعری کوردی هەندێك جار شاعیر بۆ بەرژەوەندی و سوودی تایبەتی خۆی ستایشی کەسێکی کردووەو پێی هەڵگوتووە یان هەندێ جاریش خۆشەویستی بۆ کەسەکە هەبووە، چونکە ئەو کەسەی ستایشی کردووە، کەسێك بووە سوودی بۆ کۆمەڵگەو دەوروبەری خۆی هەبووە.

لەگۆڤاری (هەتــاو) ژمارەیەك شیعر بلأوکراوەتەوە، کەژمارەیان دەگاتە(٤٧) شیعر بۆ ئەم مەبەستە نووسراون. (عوسمان عوزێری) لەشیعرێك ستایشی (گیوی موکریانی) خاوەن گۆڤاری (هەتاو) دەکات، بەرامبەر ئەو هەولأنەی داویەتی لەپێناوی خزمەت کردنی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی. دەڵێ:

((مامۆستای بەنرخ گیوی موکریانی — تۆی مامی ئێمە ڕۆحی ڕەوانی
لەکردەوەی تۆ ئێجگار مەمنوونم — لەناو کورداندا بۆتۆ مفتونم
چونکو تۆ وەکو ئەستێرەی وێژە — دەریای ئەدەبت خستۆتە گێژە
دائم هەولْ ئەدەی بۆ بەرزی کوردان — کەوەك تۆ دەرچن نەوەی نەبەردان))

(ژ:٨٧،ل١٢)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) برگەی و، سەروای جووت سەرایە.

مەلا مەسعود(بێ بەش) یش لەشیعرێك ستایشی پزیشکێك دەکات بەناوی (محمد سەعید بکر)، دیارە ئەو پزیشکە جگە لەوەی لەبواری پیشەکەی خۆی زۆر زاناو شارەزا بووە، لەهەمان کاتیشدا کەسێکی باش و سەخی بووە بەرامبەر خەڵکی هەژار، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی شاعیر ڕای وایە لە(حاتەم طی)یش سەخیترە. دەڵێ:

((ئەی پزیشکی پر شرف پڕ عقل و پر علم و هونەر
یکسەر تشخیصت نەساغی دەست بەجێ ئەیکاتەدەر
نیتە هامتا شای پزیشکان یێکەمینی ییکەمین
ناسك و بەرزو نەجیبی خانەدان و موعتەبەر
بۆ نەکەم وصفت بەچاکە ئەی کەسی ئەولادی کەس
بۆ لەبحری جەوهەری تۆ دەرنەیێنم دوڕ بەدەس

نەقصە تشبيهت بەحاتەم کەم لەمەيدانی سەخا

حاتەم طيم نەديوە حاتەمی تۆم ديوە بەس)) (ژ:٧٨،ل١١)

کێشی شيعرەکە کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووفە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، سەرواکەشی دوو بەيتی يە.

هەروەها لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووز بەسەرکردايەتی(عەبدولکەريم قاسم) زۆر شاعيری کورد ستايشی ئەو سەرکردەيان کردووە، لەوانەش شاعيری کورد(عوسمان هەمەوەند)لە ستايشی عەبدولکەريم قاسمدا، دەڵێ:

(( چرای ئازادی تۆ کردت ڕەوشەن عراقت دەرکرد لەچنگی بۆگەن

ڕۆڵەی شۆڕشی چواردەی تەموزی لای کورد و عەرەب گەلێ عەزيزی

شێری مەيدانی قەڵاو سەنگەری بەسام و هەيبەت وەك ئەسکەندەری

بەدەست و شمشێر وەکو ڕۆستەمی لەڕووی سەخاوەت ئەڵێی حاتەمی))

(ژ:١٥٤،ل١٣).

کێشی شيعرەکە کێشی پەنجەی(١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروايە.

## شیعـــــری ئایینـــــی

بەو پێیەی زۆرینەی گەلی کورد موسڵمانن و ئایینی ئیسلامیش لەناو کلتوورو فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواری ڕەگی داکوتاوە، تێکەڵ بەهەست و خوێنی مرۆڤی کورد بووە. بۆیە ئاساییە شاعیری کورد هەستی ئایینی خۆی بەشیعر دەربڕێ، بۆیە دەبینین هەر لەدەست پێکردنی نووسین شیعر بەکوردی لەلایەن (باباتاهیری هەمەدانی یەوە)، ئاوڕی لەومەبەستە شیعریە داوەتەوە، لەدوای ئەو شاعیرەش شاعیرانی کورد شیعری ئایینیان نووسیووە و ئەو لایەنەی شیعرەیان فەرامۆش نەکردووە[1]. ناوەرۆکی شیعرە ئایینیەکانیش بەزۆری ستایش و پاڕانەوە لەخوداو وەسف و ستایشی پێغەمبەر(دروودی خودای لێبێت) بووە، هەروەها باسکردن لەقورئان و فەرموودەو وەسف و ستایشکرنی کەسایەتیە ناسراوەکانی ئیسلام ناوەرۆکی شیعری ئایینیان پێکهێناوە.

لەگۆڤاری (هەتـاو)دا شیعرێکی کەمی ناوەرۆك ئایینی بلأوکراوەتەوە، کەتەنیا(١٠) شیعر بلأوکراوەتەوە. نوری(شێخ جەلال شێخ جەمیل ١٩١٢- ١٩٩٥) ڕووی لەپێغەمبەر(دروودی خودای لێبێت) دەکات، ستایشی دەکات داوای لێدەکات، ڕۆژی دوایی بێ ئومێدی نەکات لەشەفاعەتی خۆی. لەبەشێکی دەڵێ:

((فقیرو بێ کەس و مل کەچ و زەبون و عاجزو زارم
ئومێدم وا لەدەرگەت هەر عطایە یارسول الله
لەبۆ هەر کەس و جوودت مەنبەعی جودوسخایە
ظهورت بۆ هەموو عالەم ضیایە یارسول الله
غریب و بێ کەسە(نوری) بەغیری تۆ نیە مأوای
کەزاتت شافعی ڕۆژی جزایە یارسول الله)) (ژ:٢١،ل١٢).

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی هەشتی تەواوە(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)،سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

لەشوێنێکی تر پێنج خشتەکیەکی(حاجی عبدالله) عاصی لەسەر شیعرێکی مەلا مەسعود (بێ بەش)ی نووسیووە، هەردوو شاعیر دڵ پڕ غەم وزامدارن، بەهۆی ئەم هەموو گوناهەی کردوویانە، بۆیە ڕوو لەپێغەمبەر(دروودی خودای لێبێت)دەکەن، داوای لێ دەکەن لە ڕۆژی دادگای

---

١- لێکدانەوەو ساغکردنەوەی بەشێك لەدیوانی موخلیس، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی: سپیرێز، دهۆك، ٢٠١٠، ل١٦٢

کردن لەبارەگای خودا ببێ بەتکاکاریان، چونکە تەنیا ئەو ڕێگەی پێدراوە ئەم کارە بکات لەڕۆژی دادگایی کردنی مرۆڤ لەلایەن خودا. لە بەشێك لە شیعرەکە دەڵێ:

((ڕوو ڕەشو هەم بێ کەس و دڵ پڕ غەم و هەم قوڕ بەسەر

زامدارو دڵ بەئێش و بێ نەواو پڕ کەدەر

ڕوو لەکێ کەم چاوەکەم ئەی شافعی یوم الخطر

علت و دەردی گوناهم سەروەرم زۆرە مەگەر

واپزیشکی شافعی تۆبێ دەوا کـا دەردەکەم)) (ژ:٥٨،ل١١)

کێشی شیعرەکە کێشی ڕەمەلی هەشتی مەحزووفە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

لەپێنج خشتەکیەکی (موخلیس) لەسەر شیعرێکی (حەزین ١٩٠٥-١٩٦٣)[1] نوسیووە، هەردوو شاعیر بەهەمان شێوە هەست بەگوناهدەکەن، ئەم هەست بەگوناهکردنەش توشی غەمی کردوونە، چونکە شتێکی ئەوتۆیان بۆ ڕۆژی گەورە، کەلێپێچینەوەی خودایە لەگەڵ بەندەکان نەکردووە، بۆیە ڕوو لەمەدینەی پێخەمبەر(درودی خودای لێبێت) دەکەن، بۆ ئەوەی لەم ڕۆژە چارەنووس سازە ببێ بەتکاکاریان لەبارەگای خودا. ڕووکردنی شاعیران لە پێخەمبەر(درودی خودای لێبێت) تەنیا بۆ گەورەیی پێخەمبەر(درودی خودای لێبێت)و شەفاعەتکردنیانـە لەڕۆژی دوای دا. لە بەشێکی شیعرەکە دەڵێ:

(( چم لەخۆم کرد چم نەکرد بۆ ئاخیرەت نەفعی بدات

چاك وەیە سەرهەڵگرم بۆ خۆم بکەم تەرکی وڵات

بچمە رەوزە هەربگرییێم بانگ بکەم لەحزەو سەعات

یا رەسوولی مەدەنی جانیمە خۆم خستە پەنات

شەرمەزارو ڕووسیاهم بێکەسم ڕووحم فیدات)) (ژ:٧١،ل١١).

کێشی شیعرەکە لەبەحری رەمەلی هەشتی مەحزووفە( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن).

---

١ – لێکدانەوەو ساغکردنەوەی بەشێك لەدیوانی موخلیس، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی: سپیرێز، دهۆك، ٢٠١٠، ل١٧٢.

## ســــــروود لەگۆڤـــــــاری هــەتـــــاودا

ژانرێکی دیکەی شیعری کوردییە، کە لە شیعری کۆنی کوردی نەبووە، لەسەر دەستی(زێوەر ١٨٧٥-١٩٤٨)ی شاعیر هاتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوەو کۆمەڵێك سروودی بۆ قوتابیان و منداڵانی کورد داناوە، (زێوەر)یش لەژێر گاریگەری ئەدەبی عوسمانی ئەم ژانرە شیعریەی نووسیووە[١]، بەڵام لە ئەدەبیاتی جیهانیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەگەڵ نوێبوونەوەی شیعری کوردی هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردی یەوە، لە ئەدەبیاتی جیهانی لە سەرەتاوە پەیامێکی پیرۆزی ئایینی هەبووە، بەڵام لەناو کورددا بەهۆی ئەو بارودۆخەی کورد تیا ژیاوە، کە پڕ بووە لە چەوسانەوە، ئەوا سروود زیاتر پەیامێکی سیاسی هەبووە، سرودە کوردییەکان بە شێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش تەعبیریان لە بارودۆخی ژیانی کورد کردووە، سروودەکان بە زمانێکی ئاسان داڕێژراون بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەبەر بکرێت، بەتایبەتی لەلای قوتابیان و منداڵان، ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بەبیری نەتەوەیی و نیشتیمانیەوە پەروەردە بکرێن[٢].

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە(سروود)زیاتر هاتە ناو شیعری کوردی، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانەی کە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان داهات، کە شاعیرەکانی کورد لە ڕێی سروودەکانەوە هەستی نەتەوەیی میللەتیان بەرز دەکردەوە و هانیان دەدان بۆ تێکۆشان و خەبات و خۆڕاگری و وشیارکردنەوەی ڕۆڵەکانی میللەت لە ڕووی سیاسیەوە. سەبارەت بە گۆڤاری هەتاو کە چەند سرودێکی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کەژمارەیان (٣٦)سرووده هەموو ناوەڕۆکەکانیان دەچێتە ناو چوارچێوەی نەتەوەیی و نیشتمانی. (عوسمان شارباژێری) لە سرودێکی جوان دا دەڵێت :

((لاوی کوردین دڵسۆزین پێشمەرگەی گەل و هۆزین
ڕۆڵەی ئەم کوردستانەین بۆ چاوی دوژمن تانەین
مەرد و چوست و چالاکین لە قوربانی بێ باکین
هەرگیز لێ ی نەترساوین بۆ سەربەستی کولاوین
بۆ ڕزگاری کوردستان گڕی خەبات و هەستان
خوێن خۆری ئیستعمارین دژی چینی زۆردارین

---

١- سروود و گۆرانی نیشتمانی وبەرەنگاری کوردی لەکرمانجی خوارووودا(١٩٣٤-١٩٩١)، عبدالواحید ئیدریس شەریف، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی کۆیە،٢٠٠٨، ل٥٥.

٢- فەرهەنگی ئەدەبی، د. موحسین ئەحمەد عومەر ، ل١٧٢ ، شیعری نوێ ی کوردی، فەرهاد پیربال، ل٨٧ .

دوژمنی فاشی و نازین                پاڵپشتی ئاشتی خوازین )) (ژ:١٨٦،ل١٢).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی(٧) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

شاعیرێکی تر بەناوی (ڕزگار) سروودێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (تێکۆشینی قوتابی)، کە هانی قوتابیانی کورد دەدات، بەباشی خوێندنەکەیان ئەنجام بدەن، چونکە گەر میللەتێك لاوەکانی نەخوێندەوار و نەزان بن، ئەوا بێگومان ئەو میللەتە دواکەوتووە و خۆشی لەناو ئەو میللەتەدا نابێت و بە پێچەوانە ئەگەر قوتابیان بە باشی کارەکانی خۆیان ئەنجامبدەن، ئەوا میللەت سەرفراز دەبێت و نیشتیمانیش زیاتر پێشدەکەوێ ئاوەدانی دەکەوێتە ناوی. لەبەشێکی دەڵێ :

(( ئەی قوتابی ژێر زووکە تیَ کۆشە                گەنج کە نەزان بی گەلی بیَ هۆشە

بە دلْ بخوێنە کاکی قوتابی                خۆشی و شادی ژین بیَ خوێندن نابی

زۆرچاك تێکۆشە بۆ نیشتیمانت                ڕووناکی کەوە ڕێگەی ژیانت ))

(ژ:١٣،ل١١).

کێشی شیعرەکەکێشی پەنجەی(١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(شەفیقە علی)* شیعرێکی بەناوی(دایك) بڵاوکردۆتەوە، کەدەکەوێتە چوارچێوەی سروود، تێداخۆشەویستی خۆی بەرامبەر بەدایك دەردەبڕیَ، بەڵێنی پیَ دەدات هیچ کات لەیادی نەکات، دیارە باس کردن لەدایك بەشیعر بابەتێکی تازە بووە لەئەدەبی کوردی لەسەردەمی دەرچوونی گۆڤاری هەتاودا. لەبەشێکی دەڵێ:

((بابە تۆ بلێم دایکی شیرینم                تۆی خوشی و ژیان و هێزی بینینم

زۆرم خۆش ئەویَ ی دایکی دڵسۆزم                ڕووناکی چاوم و ژیانی بەسۆزم

تۆ هەولْ ئەدەی کەبمکەی دڵخۆش                پەیمانت دەدەمیَ نەتکەم فەرامۆش

هەروەك دارێکی سێبەرداری تۆ                وەك ئاوی پاکی ناو ڕووباری تۆ))

(ژ:١١٦،ل١٦).

کێشی شیعرەکەکێشی پەنجەی(١١) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

---

* (لەیـــــلان) .

# شیعـــری وەرگێـــڕدراو لە گۆڤـــاری (هەتـــــاو)دا

وەرگێڕان پرۆسەی گۆڕینی بابەتێکە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر((ڕەنگە لەسادەترین پێناسەیدا، بڵێین گەیاندنی زانیارییە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر))[1]، کە بەشێوەیەك بتوانرێ وەرگێڕ ڕەچاوی ناوەڕۆك و مەبەستی دەقە وەرگێڕدراوەکە بکات. وەرگێڕان لە ئەدەبی هەموو میللەتان دەوری گرنگی لەبەرەو پێش بردن و دەوڵەمەندکردنی ئەدەب بینیووە، هونەری وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەمێژووی مرۆڤایەتی بۆ لەیەکتر نزیك بوونەوە و لەیەك گەیشتنی میللەتان. میللەتە جیاوازەکان پێویستیان بەوە بووە ئاڵ و گۆڕی کەلتور و ڕۆشنبیری لەگەل یەکتر بکەن، لەوەوە زانینی زمان و وەرگێڕان دەوری خۆی گێڕاوە.[2] ئەدەبیش وەکو لایەنێکی گرنگی ڕۆشنبیری لەچوارچێوەی هونەری وەرگێڕان بێ بەش نەبووە، چونکە ئەدەبی هیچ نەتەوەیەك نابێ لەبازنەیەك دا بسوڕێتەوە، بەڵکو دەبێ سوود لەگۆڕان و بەرەو پێشچوونی ئەدەبی نەتەوەکانی تر وەربگرێ، خزمەتی ئەدەبی نەتەوەیی بکات ((هەر ئەدەبێك هەناسەی ئەدەبەکانی تری بۆنەیەت و سەر لەنوێ خۆی دانەڕێژێتەوە کروشکە دەکات و هەڵدەپڕوکێ))[3].

هونەری وەرگێڕان لای کوردیش ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە بەوەرگێڕانی ئەدەبییاتی بێگانە بۆ سەر زمانی کوردی، بۆ پەیداکردنی شارەزایی و زانینی نوێترین بابەتی ئەدەبی لەجیهان دا. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نووسەر و شاعیرانی کورد بەهۆی وەرگێڕانەوە ئاگایان لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر بێت و ئەدەبیاتی خۆیان دەوڵەمەند بکەن و بەرەو پێشەوەی ببەن. وەرگێڕانیش وەکو چالاکیەکی هونەری لەگەل سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی کوردی بەشێوەیەکی بەرفراوان پەرەی سەند و شان بەشانی ژانرەکانی تری ئەدەب بەرەو پێشچووە. پانتاییەکی بەرفراوانی نێو لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی گرتووە. شیعری کوردیش وەکو ژانەرێکی سەرەکی ئەدەب قەرزاری ڕۆژنامەگەرییە، چونکە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بایەخیان بە وەرگێڕانی شیعری بێگانە داوە بۆسەر زمانی کوردی، ئەمەش بووەتە هۆی دەوڵەمەند کردنی زمانی شیعری کوردی، کە بەم هۆیەوە کۆمەڵێك زاراوە و ووشەی تازە لەژێر کاریگەریی زمانە ڕۆژئاوایی و دراوسێکانەوە دەکەونە ناو زمانی نووسینی کوردییەوە، ئەمەش لەبەرژەوەندی شیعر و پێشکەوتنی شیعردا بووە[4].

---

١ – ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لەپێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، د. هیمداد حوسێن، ل١٥٨.

٢ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

٣ – ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیز گەردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٧،ل٣.

٤ – شیعری نوێی کوردی، فەرهاد پیربال، ل٤٤.

سەبارەت بەشیعری وەرگێڕدراو لەگۆڤاری (هەتاو)دا، دەبینین ژمارەیەکی کەم شیعری وەرگێڕدراو لە گۆڤارەکە بەرچاو دەکەوێ، ژمارەکە لەچاو زۆری ژمارەی گۆڤارەکە یەکجار کەمە. کە تەنیا (٢١) پارچە شیعری وەرگێڕدراومان بەرچاو دەکەوێ، لەکاتێك دا گۆڤاری (هەتاو) (١٨٨) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕانی شیعرەکانیش لەلایەن(عبدالرزاق بیمار، محمد فیدا، پیربالْ محمود، ج.خەسرەو) بووە. ئەم شیعرانە بەزمانێکی کوردی پاراو وەرگێڕدراون و وەرگێڕەکان توانیویانە سیما و خەسلەتی ئەدەبی لە شیعرەکان بپارێزن ودەقەکە تام و چێژ لەدەست نەدات. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەمانە بەخۆیان شاعیر بوونە. (پیربالْ محمود) شیعرێکی (حسێن مەردان ١٩٢٧-١٩٧٢)ی شاعیری عێراقی بەناوی (بەهار و برسیەتی)وەرگێڕاوە، کەبەزمانێکی پەتی کوردی وەرگێڕانەکەی ئەنجام داوە، لەبەشێکی شیعرەکەدا دەڵێت:

(( من لەدوی گەرمایی ناگەڕێم

من لەدوای ئاوریشم ناگەڕێم

بەڵام لەبرسیاتی دەگەم

ئەو برسیاتیەی کە بە دەرونمەوە نووساوە!

ئەو برسیاتیەی کەلەناو زگم دا دەجولێ!

ئەو برسیاتیەی کەلەناو سەرم دا دەسوڕێ!

لەهەموو چەشنە برسیاتیکی دەگەم. )) (ژ:٢٢،ل١٥)

(ج.خەسرەو)یش شیعرێکی شاعیری ئەمریکی (هنری لانگ فلو ١٨٠٧- ١٨٨٢) بەناوی (ئاوازی ژیان) وەرگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی. کە ناوەڕۆکی شیعرەکە باس لەفەلسەفەی ژیان دەکات ئەم جۆرە مەبەستەش لەو سەردەمەدا بۆشیعری کوردی نوێ بووە، لەبەشێکی شیعرەکە دەڵێت:

(( ئامانج و تاسەی هیوای ژیانمان — هەر خۆشی نەبی و کات بەسەربردن

یاوێل و شەیدایی هەمیشە لەزەت — یان لەبێزاری خەفتدا مردن

بەڵکو ئاواتی پیرۆزی تاسەر — کردەوەی بەرزە ڕێ ی چاکە گرتن

کە پێ ی ڕۆژ بەڕۆژ نزیك بینەوە — لەخواو تەواوی هەرگیز نەمردن))(ژ: ٨٢، ل١١)

(محەمەد فیدا)پارچەیەك شیعری بەناو(فەلسەفەی سەعدی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کە شیعرەکە دەخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەیت، وەرگێڕ زۆر بەوردی و سەلیقەوە کاری وەرگێڕانەکەی ئەنجامداوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە مەبەست و چێژی دەقەکە بەباشی بگوازێتەوە بۆ سەر زمانی کوردی. دیارە ئەم شیعرەی شاعیری ئێرانی(سەعدی)ناوەڕۆکەکەی باس کردنە لەفەلسەفەی ژیان و هاوڕێیەتی کردنی مرۆڤی باش لەژیان دا لەبەشێکی دەڵێ:

ڕۆژێ لەگەرماو خۆم ئەشووت بەدڵ
هاوڕێیەك پێ ی دام لەپڕ تۆزێ گڵ

کە بۆ لووتم برد بۆنی زۆر خۆش بوو
بەو بۆنە خۆشە دل سەرخۆش بوو

پێم ووت تۆمسکی یاخۆ گولاوی
یا لەگەڵ گولا تێکەڵ کراوی

پاشان (گڵەکە) وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

((ووتی گلێکی بێ نرخ و بەهام
با بۆت بەیان کەم بۆ ئێستە وەهام

لەماوەی ژینا هاوڕێ ی گوڵان بووم
وەك بولبولی شێت لەسەر چلان بووم

هاوڕێیەتی گوڵ کاری تێ کردم
بۆنی خۆش کردم بەم حالەی بردم))

(ژ:١٢٠،ل١٠)

## تەوەری دووەم/ شیعرەکانی گۆڤاری(هــەتـــــاو) بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەکان

## کلاسیـــــــــک

لە سەدەی شانزەهەم دوای سەردەمی ڕاپەڕین لە ئەوروپا ئەم ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییە سەری هەڵدا، ئەم ڕێبازە تەنیا ئەدەبی کۆنی بە ئەدەبێکی بەرز دادەنا، بۆیە داوای دەکرد، کە هەموو نووسەران و شاعیران لاسایی ئەدەبی گریك و ڕۆمانی بکەنەوە، واتە لەسەر بنەمای زیندووکردنەوە و لاسایی کردنەوەی ئەدەبیاتی گریکی و لاتینی کۆن بڕۆن و ئیلهامیان لێ وەربگرن. بەم شێوەیە بوو بە سەرەتای هاتنە ئارای ڕێبازە ئەدەبییەکان، کە شێواز و بنەمای تایبەت بەخۆی هەبوو، کە دەبوو نووسەر و شاعیران پەیڕەوییان لێ کردبا، ئەم ڕێبازە تاکو سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیەت لە ئەوروپا و جیهان دا بەردەوام بوو[1] .

سەبارەت بە ئەدەبی کوردیش، ئەوا زۆربەی شارەزایانی مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕایان وایە کە شیعری کوردی هەر لە سەدەی یازدەهەمەوە واتە هەر لە (بابە تاهیری هەمەدانی ١٠٠٠ – ١٠٥٨) یەوە، کە بە کۆنترین شاعیری کورد تاکو ئێستا دادەنرێ و بە دیالێکتی (لوڕی) زمانی کوردی شیعری نووسیوە، جێگای ئاماژە پێکردنە شیعرەکانیشی بە قاڵبی دوو بەیتی نووسیون، تاکو دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە شیعری (کلاسیك) دادەنرێ[2].

یەکێك لە خاسیەتەکانی شیعری کلاسیکی کوردی لاسایی کردنەوە و پێڕەوکردنی ڕێ و شوێنی شیعری کلاسیکی عەرەبی و ئیسلامی بوو . دەبوو پابەند بە چەند دەستوور و بنەمایەك با، کە شاعیر نابوا خۆی لێ لابدات، بە شێوەیەکی سەرەکی بە کێشی (عەرووز) پابەند بوو، ئەم کێشە (خلیل بن احمد)ی فەراهیدی بە بەدۆزەرەوەی لەناو عەرەب دادەنرێت، ئەم کێشە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام ، لە ڕێگای زمانی عەرەبی یاخود زمانی فارسی هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، هەموو شیعری کلاسیکی کوردی بەم کێشە نووسراون، جگە لە شاعیرانی ئەدەبیاتی (گۆران). بەڵام شاعیرانی کورد کوتومت بەبێ دەسکاری ئەم کێشانەیان بەکارنەهێناوە، بەڵکو بەپێی سروشتی زمانی کوردی گونجاندوویانە. لە ڕووی سەرواشەوە پەیڕەوی یەکێتی سەروای کردووە، کە دێری یەکەم بووەتە بناغەی سەرجەم سەرواکانی کۆتایی دێرەکان. لەڕووی زمانیشەوە زمانێکی تێکەڵ لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی یە، هەروەها زۆربەی زاراوەکانی

١- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د.ئازاد عبدالواحد کریم ،چاپخانەی ئاڤێستا،چاپی دووەم، کەرکوك، ٢٠١٣،ل١٢

٢- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د.هیمدادی حوسێن ، ل٧٢، ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیربال، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس ،٢٠٠٤،ل٤٦ .

شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتیان تیا بەدی دەکرێت. لەلایەکی تر شیعری کلاسیکی کوردی سوودی لە هەموو ئەو هونەرانە بینیووە، کە لە شیعری کلاسیکی عەرەبی و ئیسلامی دا هەبووە. وەکو: غەزەل و قەصیدە، پێنج خشتەکی وچوارین و مولەمەع و هتد ... هەروەها هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە فراوانی بەکارهێناوە وەك : لێکچواندن ، خواستن ، خوازە، درکە، ڕەگەزدۆزی، جوانی بایس و هتد ... هەروەها لە هەڵبژاردنی مەبەستەکانی شیعردا پێڕەوی شیعری میللەتانی ڕۆژهەڵاتیان کردووە وەك (وەسف و ستایش و دڵداری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و لاواندنەوە) .

شیعری کلاسیکی کوردی لە خزمەت چینی هەژار و جوتیار و زەحمەت کێش دا نەبووە، بۆیە دەبینین بە زمانێك شیعرەکان وتراون کە خەڵکی جوتیار و هەژار بە ئاسانی تێی نەگەیشتوون. چونکە لە شیعری کلاسیك ئەم بڕوایە لە ئارادا هەبوو کە دەبوو شیعر بۆ چینی باڵادەست و ئاغا و دەوڵەمەند و خوێندەواری بەرز بنووسرێ، بۆیە دەبینین شاعیرەکان زۆر خەریکی وردەکاری و جوانکاری وشەی شیعری بوونە[1].

بەڵام لە شیعری کلاسیکی کوردی دا کە ڕەنگە تا ڕادەیەکی زۆر لە بەرهەمی تری ڕۆژهەڵاتی جیا بکاتەوە، ئەویش بوونی باسی وڵات و نیشتمانپەروەرییە کە زۆر زوو لە شیعری کوردیدا سەری هەڵداوە[2]. ئەمەش لەوە بە دەردەکەوێ، کە شاعیرانی کلاسیك هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی خۆیان دەربڕیوە و یان زۆرجار لە ئەنجامی دورکەوتنەوە لە وڵات تووشی نامۆیی و غوربەت بووینە کە ئەمەش لە شیعرەکانیان دا ڕەنگی داوەتەوە .

گۆڤاری هەتـاو کە ژمارەیەکی زۆر شیعری نوێی کوردیی بڵاوکردۆتەوە لە سەردەمی دەرچوونیدا شیعری شاعیرانی وەکو( شێرکۆ بێ کەس و کەریم شارەزا و کامەران موکری و پیرباڵ محمود و دڵزار و وریا قانع و ... هتد). لە پاڵ ئەمەش دا هەندێك شیعری کلاسیکی بڵاوکردۆتەوە، لەوانە شیعرێکی (حاجی) بڵاوکردۆتەوە، گۆڤارەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەم شیعرە لە دیوانەکەی بڵاونەکراوەتەوە. لەبەشێکی شیعرەکە دەڵێ :

((بە تەخمین وەسفی فیردەوس و جەهەننەم بۆ چ دەکا واعیز
لە سایەی وەسڵ و هیجرانت بەخۆم دیتومە دەیزانم
لە سیڕڕی حیکمەتی چاوت گەیشتم باعیسی ڕوحە

---

١- ڕۆڵـی گۆڤاری هیـوا لەپێشخستنی هونـەرەکانی ئـەدەبی کوردیـدا، د.هیمـداد حوسـێن ، ل٧٢،٧٣، شـێواز لـە شـیعری کلاسـیکی کـوردی، حەمـەنوری عومـەر کـاکی، مەلبەنـدی کوردۆلـۆجی، سـلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧٦

٢- شیعری تازەی کوردی، د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ(١٠٥) ، ١٩٨٤،ل١٩٤ .

تەبەسسوم ماوە تێ ناگەم لە فەهمی ڕەمزی حەیرانم
ئەبو زەیدی دەکا ڕوحم لەگەڵ ماچی دەمت ئەمما
دەترسم وەك نیشانم دا بڵێ هیچەو پەشیمانم
کەدوێنی هاتی فەرمووت بێنەهاتم مەسڵەحەت وابوو
ئەوێستە چاوەکەی من چی دەفەرمووی بەندە فەرمانم)) (ژ:٦٣، ل١٠-١١)

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی هەشتی تەواوە(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)،سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

شیعری شاعیرێکی تری کلاسیکی بلاّوکردۆتەوە بەناوی (فدایی) کە خەڵکی موکریانی کوردستانی ڕۆژهەلاّتە ئەمەش لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیە دابووە، کە (گیوی موکریانی) خاوەنی گۆڤارەکە لە سەرەتاوە بەرنامەی بۆ دانابوو ، کە ئەو شاعیرە کلاسیکیانەی کە دیوانیان چاپ نەکراوە بەرهەمەکانیان بلاّوبکاتەوە بۆ ئەوەی لەناو نەچن. لە شیعرەکەدا دەڵێ:

(( دڵی بردم بە عیاری لەبی ئال چاوی بە خماری
تەماشای سیحری لێوانی تەماشای مەکری چاوانی
هەژار و بێ کەس و بێ دەرو پەناه و ملجام هەر تۆی
دەسا ڕوحمێ بە حالم کە بە شوکرانەی کە سولطانی
لە دونیا و ئاخرەت دا هەر دلێکم بوو ئەویشت برد
ئەرێ کێ جەوری وای دیوە لە خزم و قەوم و خویشانی
ئەرێ واعیظ مەدە پەندم هەموو بێهودیە چونکی
فدایی تەرکی ناکا تا هەیە سەودایی جانانی ))(ژ:٨٥، ل٩)

کێشی شیعرەکە کێشی هەزەجی هەشتی تەواوە(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)،سەرواکەشی یەکێتی سەروایە.

گۆڤارەکە شیعری چەند شاعیرێکی بلاّوکردۆتەوە، کە لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە ، پەیڕەوییان لە ڕێبازی کلاسیکی کردووە واتە بەردەوام بووینە لە نووسینی شیعری کوردی لە چوارچێوەی ڕێبازی کلاسیکی چ لەبارەی ناوەڕۆك و چ لە بارەی داڕشتن و ڕوخسارەوە، لەبارەی کێش و سەرواوە دەچنە چوارچێوەی ئەدەبیاتی ڕێبازی کلاسیکی لەوانە((موخلیس دزەی، مەلا مەسعود "بێ بەش"، ڕۆستەم حەوێزی، بورهان جاهید، حەبیب عەلی مەنمی میرانی، ناطق، عەلی کەمال باپیر، عاصی، دلزار، کانی، عەبدولڕەحمان ڕاجی"ژیکۆ"، شاهۆ، ڕەمزی مەعروف، مەلا محەمەدی چروستانی،پاکی، میهری، ئیبراهیم هوشیار، نوری، عەلائەدین سەید حوسێن بەرزنجی، فانی، دەروێش، ڕەئووف بێ گەرد ... هتد)).

مەلا مەسعود(بێ بەش) لە غەزەلێك دا پابەندی بنەماكانی شیعری كلاسیكی بووە، لە ڕووی كێش كێشی عەرووزی بەكارهێناوە و یەكێتی سەرواشی پەیڕەو كردووە، كە بە شێوەیەكی جوان هونەری ڕەوانبێژی بەكارهێناوە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی دەروونی بەرامبەر بە یارەكەی. دەڵێ :

((هەتاكەی ژەهری دووری تۆ بنۆشم شوخی عیارم
هەتاكەی بی بە قوربان نەی صفتناڵەی دڵی زارم
هەتاكەی بۆ وصاڵی لەیلەكەت گیانە منی مجنون
بچی بۆ عرشی ئەعلا چاوەكەم فەریاد و هاوارم
هەتاكەی غرقی تۆفانی سروشكی خوێنی چاو بم
سەفینەی نوحی وصلی تۆ مەگەر بێت و بكا چارەم
هەتاكەی بەختی ڕەشی دولبەر وەكو شاماری زوڵفی تۆ
وەها ڕەش بی عەكس بێنێ دوو شەشی بەختەكەی زارم)) (ژ:٧٣، ل١١)

كێشی شیعرەكە كێشی هەزەجی هەشتی تەواوە(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)،سەرواكەشی یەكێتی سەروایە.

گۆڤاری هەتاو ئەو جۆرە شیعرانەشی تیا بڵاوكراوەتەوە، كە بە ناوەڕۆك تازەیە و ڕوخسار كلاسیكیە، واتە لە ڕووی بیناسازی شیعری كلاسیكیەوە هەموو مەرجەكانی پارستووە، لەناو قالبی كلاسیكی ناوەڕۆكی تازەی داهێناوە، هەرچەندە ئەم جۆرە شیعرە لەسەردەمی مەلای جەزیری و خانی و شاعیرانی تری كلاسیكی كوردا هەبووە، بەڵام لەلای حاجی قادری كۆیی و دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی كوردستان ئەم جۆرە شیعرە بەشێوەیەكی زەق پەرەی سەند، لە شیعرێك كە بە هەمان شێوە بە ناوەڕۆك تازە و بە ڕوخساری كلاسیكیی(شاهـۆ) دەڵێ :

(( پێم بلێن یاران بزانم بۆچی وا داماوە كورد
بۆچی وا گێژ و پەرۆشە ڕەوتی لێ شێواوە كورد
ماڵ و میراتی بە ناحەق بۆچی وا دابەش كرا
بۆ چ لەناو جەمعی بەشەردا بێ بەش و بێ ناوە كورد
كردەوەی خۆیە وایە ڕۆژی ڕەوشەنی لێ بوو بەشەو
كەوتە ناو چاڵاوی خەم بنوارە چۆن خنكاوە كورد
تیرە تیرە و بڕبڕن ئەمیان ئەوی لا هیچ نییە
بۆیە بەم حاڵە هەموو دەم قەبری بۆ كەنراوە كورد
ڕێی بە بەختی خۆی نەبرد ڕۆژێ بچێتە ڕێزی خەلق

داخی داخانم له هاورێی دائیما جێماوه کورد ))( ژ: ١٥٠،ل ١١ )

شاعیر زمانێکی پاراو و سادەی کوردی بەکارهێناوە،. کێشی شیعرەکە کێشی هەشتی ڕەمەلی مەحزوفە(فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)، سەرواکەشی یەکێتی سەروایە، وشەی (کورد)یشی کردووە بە پاش سەروا. لەم دێرانەدا شاهۆ هۆی سەرەکی دواکەوتوویی و مەینەتی کوردی نیشان داوە، هۆکارەکەی لە ئەنجامی کردەوەی خۆی دەزانێ، کە خۆی دەوری هەبووە لە هەموو ئەو دواکەوتنەی لە میللەتانی تر.

# ڕۆمانسیـــــــزم

یەکێکە لەڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەب، کە دوای ڕێبازی کلاسیك لە ئەوروپا سەری هەڵدا، سەدەی نۆزدەمیش بە سەدەی نەشونماکردنی دادەنرێ. بە شۆڕشێکی ئەدەبی دادەنرێ دژ بە بنەما و یاسا باوەکانی ڕێبازی کلاسیك، واتە ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بۆ ڕزگاربوون لە کۆت و پێوەندی ڕێبازی کلاسیك هاتۆتە کایەوە((ئەو کۆت و بەندانەی تێکشکاند کە کلاسیکیەکان چەسپاندبوویان بەسەر ئەدەب و هونەر و نەهێشتنی ئەو قاڵبانەی شیعری کەلەبچە کردبوو، سنورەکانی بەزاندو، یاساکانی ڕەتکردەوە، جاڕی ئازادی ئەدەبیدا بۆ والآکردنی دەروازەکانی داهێنان ))[1].

ڕۆمانسییەکان پشت لە ئەقڵ دەکەن و پەنا بۆ خەون و خەیاڵ دەبەن لە جیهانی خەیاڵ و خەون دەژین، واتە لەم لایەنەوە بەپێچەوانەی کلاسیکیەکانن، لەبەرئەوەی لای کلاسیکیەکان ئەقڵ بنەمایەکی سەرەکییە لە ئەدەبدا. واتە لە ڕۆمانسیەتدا سۆز و خەیاڵ بەسەر ئەقڵدا زاڵە. سۆز یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی شیعر بەتایبەتی لای شاعیرە ڕۆمانسیەکان و بایەخێکی زۆر بە هەست و سۆزەکانیان دەدەن، بۆ دەربڕینی بیر و مەبەست و هەڵچوونەکانی خۆیان، بە نووسینی شیعر. لەلایەکی تر ڕۆمانسییەکان گرنگی بەتێڕوانینی هەست و سۆزی تاکەکەس دەدەن. واتە دەبڕی هەست و سۆزی خودییە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە لە دەوروبەر و کۆمەڵگە و کێشە و گرفتەکانی خەڵکەکانی دەوربەری خۆی دابڕابێ. شاعیری ڕۆمانتیکی لەڕێی هەست و سۆزی خودییەوە کێشەو گرفتەکانی دەوروبەری خۆی دەربڕیوە، نەك لەڕوانگەی ئەقڵەوە.

کەواتە گرنگی بە ڕۆڵی تاکە کەس دەدات بۆ داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی. هەروەها سروشت ڕەگەزێکی تری شیعری ڕۆمانسییە، لە سروشت دا هەست بە ئارامی و جوانی دەکەن، ئەمەش ئیلهامی پێ بەخشیوون. یەکێکی تر لەبنەما سەرەکییەکانی ڕۆمانسیزم خەم و پەژارە و ڕەشبینییە. ئەمەش خۆی لە دوریی یار و تەنیایی و هەستکردن بە بێبەش بوون لە ژیان و نامۆیی و غوربەت دەبینیەوە، خەم و ڕەشبینی بووەتە سیمایەکی دیاری ڕێبازی ڕۆمانتیکیی[2]، هۆی ڕەشبینییەکەش بارودۆخی خراپ و ئاڵۆزی ژیانی شارەکانی سای تەکنەلۆژیاو نەمانی بەها ژیارییە باڵاکان بوو لەسیاسەت وبازاڕ و کەنیسەو......هتد.

---

١- ڕزگار عومەر فتاح، ڕۆمانسیزم لە شیعری (هێمن و محمد نوری)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل١١.

٢- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د. ئازاد عبدالواحید کریم،ل٦٠.

سەبارەت بەسەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسییەت  لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆدوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی* . ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵات و کوردستان داهات بەتایبەتی. ئەم گۆڕانکاریانە لەبارەی ئەدەبیش بەدەرکەوتن، ئەدەبی کوردی بە لاسایی کردنەوەی ئەدەبی تورکی گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینی، لەم بارەیەوە (گۆران) کە بەیەکێ لە ڕابەرانی شیعری نوێ ی کوردی و ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردی دادەنرێ، دەڵێ: ((نووسەر و شاعیرانی ئەوسا بەتایبەتی شێخ نوری و ڕەشید نەجیب و من پێکەوە بەئەدەبی تورکی موتەئەسیر بووین ))[١].

لێرەدا دەتوانین بڵێین شاعیرانی کورد لەوانە(( گۆران، شێخ نوری شێخ صالح، ڕەشید نەجیب، پیرەمێرد)) لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی نوێی تورکی شیعری کوردییان نوێ کردۆتەوە. بێگومان شاعیرە تورکەکانیش کەوتبوونە ژێر کاریگەریی شاعیرە ئەوروپییەکان.

هەروەها ئەم شاعیرانە بەهۆی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەدەبی خۆماڵی بەتایبەتی شیعری شاعیرانی ناوچەی هەورامان، کە شیعرەکانیان لەسەر کێشی خۆماڵی(پەنجە) دانراوە، هەروەها خاسیەتی ڕۆمانسیەت لەشیعرەکانیان دا بەدی دەکرێت. وەکو باسی جوانی سروشت و خۆشەویستی و دورکەوتنەوە و غەم و ڕەشبینی و نامۆیی بەتایبەتی لە شیعرەکانی(بێسارانی، مەولەوی، وەلی دێوانە) گەڕانەوەش بۆ کلتوری ناوچەی هەورامان شیعری کوردی بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ برد و لە دەست کێشی عەرووز و یەکێتی سەرواو دەستورەکانی دی ڕێبازی کلاسیکی دەرهێنا، شیعری کوردی ڕووی کردە بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی کوردی و بەکارهێنانی زمانی پەتی کوردی و پاککردنەوەی لە وشەی بیانی و بەکارهێنانی جووت سەروا.

ئەدەبیش بەرەو ڕێبازی ڕۆمانسییەت چوو بۆیە شێواز و ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت، کە جیاواز بوو لە ئەدەبیاتی پێشتر، هەر بۆیە کە باس لە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەدەبی کوردی دەکرێ،یەکسەر بە تازەبوونەوەی ئەدەبی کوردییەوە دەبەسترێتەوە،

---

١- دانیشتنێك لەگەڵ – گۆران– دا، چاوپێکەوتن، عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری بەیان، ژ(٢) ، شوباتی ١٩٧٠، ل٣٠.

* ئەگەر سەیری ئەدەبی ڕۆمانسیی کوردی بکەین، دەبینین ڕۆمانسیەت بەرلەوەی وەکو ڕێباز بێتە ناو ئەدەبی کوردی، ئەوا لەناو شیعری شاعیرانی کۆنی کوردی هەست بەسیماو خاسیەتەکانی ئەو ڕێبازە دەکەین، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی بەشێوەی هەورامی شیعرییان نووسیوە.

هەرچی بەرهەمی ئەدەبی کوردیش کە پێش ڕۆمانسیزم هەبووە دەچێتە خانەی ئەدەبی کلاسیزمی کوردییەوە[1].

سەبارەت بەشیعری ڕۆمانسیەت لە گۆڤاری هەتـاودا، هەرچەندە لەسەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە قۆناغی ڕۆمانسیەت بەرەو کزی دەچوو، بەڵام لەناو شیعرەکانی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (هەتــاو)دا زۆر نموونەی شیعری شاعیران هەن، کە سیما و خەسڵەتی ڕێبازی ڕۆمانسیەت لەناو دەقە شیعرییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە.

(شێــرکــۆ بێ کــەس) لەشیعــرێك دا بەناوی (فرمێســك ویـــادی) دەڵــێ:

(( لە شەوەزەنگی بێ تیشکی ژینا — لەدڵی چۆڵی ئامانج فریومــــا
بە فرمێسکی چاو کرۆشتوی لێوما — ئەلێم بەو جوانەی هۆی ئێستای قینما
کوانێ ڕۆژانێ ڕابردووی شادی؟ — گەشتی بەهار و دڵداری و کانی
جارجار ڕووی جوان بە مۆنی و ماتی — یا چاوەڕوانی لە لا ڕێیی کانی
کوا هیوا و نیازنامەی پڕ پەیمان — گفتوگۆی شیرین بە دڵ وگیان گیان
جوانی ڕوخسارت وەك مانگی تابان — نەما ئاوا بوو دڵشادی جاران
کوا چاوەڕووانی سەرنجی پڕ مەیل — بزەی سەر لێوی مەستی پڕ لە کەیل
جوانتر ڕازاوە لە زین و لەیـل — ئێستاش فرمێسکە بەخوڕ وێنەی سەیل))
(ژ:٩٠،ل٩)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی(١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

دیارە شاعیر، تووشی نائومێدی بووە لەئەنجامی عەشقێکی ناکام، گریانێکی بەکوڵ لەناخیەوە دێ. کاتێ خۆشەویستەکەی بێوەفایی لەبەرامبەر نواندووە تووشی ڕەشبینی بووە. خۆشەویستی لای ڕۆمانسیەکان ڕەگەزێکی گرنگە و بایەخی زۆریان پێداوە، ئەمەش لە بەرهەمەکانیان درکی پێ دەکرێ. لەلایەکی تر شاعیر باسی شەوی کردووە، لەلای شاعیرە ڕۆمانسیەکان باسی شەو بەشێوەیەکی بەرفراوان هەستی پێ دەکرێت، هەربۆیە((بەلای ڕۆمانسیەکان شەو تاکە سەرچاوەیە کە تیایدا هەست بە حەسانەوە و هێمنی ڕۆح و دەروونــــی دەکەن و لە خەم ئازارەکانی ڕۆژگار دوریان دەخاتەوە))[2].

---

١- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د. هیمداد حوسێن، ل ٢٧، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لەپێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردی دا ، هیمداد حوسێن، ل٧٧.

٢ – ڕێبـازی ڕۆمانسـیزم لەشیعری کوردیـدا، ڕێـزان محەمـەد غـەفور، نامـەی ماسـتەر، زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٥،ل٢١.

شاعیرێـــــکی تر بەنــــاوی (ج.م.ع) لەشیعـــرێکدا دەڵــێ:

| | |
|---|---|
| بێ کەس و هاوڕێم بێزار و خەمبار | دڵشکاوی یار |
| ڕەنگ زەرد و بێ تین وەك گەلای پایز | کوژراوی ئازیز |
| پەپولەی پایز وەك منی داماو | گێژو ڕوو شێواو |
| گیانی تیا ماو تیا نەمـــاو | سەرخۆشی زوخاو |
| هەروەکو داری بەساردی پایز | بێ هێز و سەرکز |
| بێ مەیل و کەیفم بێ بزەی جاران | چون وێلی شاران |
| ئازیز منیش وەك کێو و دەشت و هەرد | وشکم و ڕەنگ زەرد |
| لە دوریت گەڵێ بۆت پەشۆکاوم | هێز لێ بڕاوم))(ژ:٦٢،ل١٠) |

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٥) بڕگەی و، سەرواکەی جووت سەروایەو قالبەکەشی موستەزادە.

دیارە شاعیر دوای ئەوەی کە خۆشەویستەکەی لێی دوردەکەوێتەوە، تووشی ڕەشبینی دەبێت و خۆی بە گەڵای پایز دەچوێنێ، کە لەم وەرزەدا ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ و بێ توانا دەبێت و بە ئاسانی دەکەوێتە سەر زەوی. شاعیر خۆی بە سروشتی پایز دەچوێنێ، چونکە دیمەنی پایز لای شاعیرانی ڕۆمانسی نیشانەی لێکدابڕان و گریان و توانەوەی گیانەو دورکەوتنەوەیە، ئەم دیمەنەش ناخی شاعیران دەهەژێنێ. شاعیریش بە شیعر گوزارشتی لەم خەمەی خۆی کردووە، ئەمەش جۆرێکە لە ئارامی دەروونی بۆ شاعیر، لەکاتێکدا یارەکەی بێ وەفا بووە بەرامبەری، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە شاعیر بێ هیوا بێت، چونکە خۆشەویستی لای شاعیرانی ڕۆمانسی پلەیەکی بەرزی هەیە و پاك و بێگەردە.(عەبدولڕەزاق بیمار)یش دەربارەی پایز بەهەستێکی ڕۆمانسیانە لەشیعرێکی ئازاد* دەڵێ:

((پایـــــز

من وەکو ئەم پایزە ڕەنگ زەردەمە

وائەشێوێنی قژی زەرد بەودەمە

ناوچەوانی، پانی بێ گەرد لۆچ ئەکا

هەل ئەکێشێ ئاهی سەرد

گەردەلوول وبا لەسنگی چەشنی بەرد

دا ئەڕوشێنێ دەروونی گەرم وگوڕ

رای ئەدا بۆ ئاسمانی ساردوسڕ

هەڵ کە ئەی باو گەردەلوول

*- لەگۆڤاری هەتاوسێ شیعری ئازاد بڵاوکراوەتەوە کە دوویان لەلایەن (عبدولڕەزاق بیمار) ەوە نووسراون.

لوول بده پڕشنگی ڕۆژی هەڵڕژاو
کۆکەوە هەوری ڕەشی باران لە چاو
بابگریەت گوڵ لەگەڵ دڵدارەکان
کڵپە کا دڵ
روو گرژ ڕووبارەکان
نەرمە بارانێك بەسەر بەرزونەویی
پاکی زەوی)) (ژ:٨٢، ل٨)

لە شیعرێکی تر بەناوی (یادی نیشتمان)لەلایەن شاعیرێکەوە بەناوی (ا.رزگار) نووسراوە، ئەم شیعرە لە شاری (ڕومادی) نووسراوە، کە تیایدا شاعیر گفتوگۆیەکی هێمنانە لەگەڵ ڕووباری(فوڕات) ئەنجامدەدا، دیارە شاعیر هەست بە دورە ولآتی و غوربەت ونامۆیی دەکات ئەمەش وایلێکردووە، کە هەست و سۆزی تێکەڵ بە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی بکات، ئەمەش هەر لەناونیشانی شیعرەکە هەستی پێ دەکەین. بۆیە ڕووباری (فوڕات)ی هەڵبژاردووە، چونکە ئەم ڕووبارە سەرچاوەکەی لە کوردستانی باکورەوە هەڵدەقوڵێ. شاعیر هەم گەڕاوەتەوە بۆ سروشت و هەمیش بۆ ڕابردوو، لە هەمان کاتیشدا هەست بە غوربەت و نامۆیی دەکات، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەشوهەوایەکی ڕۆمانسی دروست بێت. شاعیر لەبەشێکی شیعرەکە دەڵێ:

(( ئاوەکەی فورات هەردووك غریبین      هەردووك محتاجی چارەی طبیبین
تۆ و یلوو رەنگ سوور وێلی بیابان      منیش شەیدای خاکی کوردستان
کوا رۆژەکانی دیاربەکر و وانت      ئەملا و ئەو لات بوو لە کوێستانانت
کوانرکە و هاژەت بەسەر کێوانا      دەست لەملی بەردان لەناو چەمانا
داربەروو گوێز و سەروو سنەوبەر      لە پیشوازی دا وەستان سەرانسەر))
(ژ:٥١، ل٩)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) برگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

# ڕیـــــالیـــــزم

یەکێکە لەڕێبازە گرنگەکانی ئەدەب، وەك بزوتنەوەیەکی ئەدەبی سالْی(١٨٥٠)لە فەڕەنسا سەریهەڵداوە، بە ڕێبازی دوای ڕێبازی ڕۆمانسییەت دادەندرێ. زاراوەی (Realisme) واتە: حاڵەتی بینینی واقیع بەو شێوەیەی کە هەیە[1]. ڕیالیزم وەکو ڕێبازێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە[*]، کە جیای دەکاتەوە لە ڕێبازەکانی تری ئەدەبی، دیارترین سیمای ئەوەیە، کە دورە لە خەیاڵ[**] و فانتازیا و باس لە واقیع دەکات بەو شێوەی کە هەیە[2].

ڕیالیزم هەموو بابەتێکی ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە شایستە دەبینێ، بۆ ئەوەی ببێتە ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانی، باس لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ دەکات و باسی واقیعی ژیان و ئێش و ئازاری خەڵك و چینی ژێرەوە و زیاتر باسی چینی کرێکار و هەژار و مافخوراوەکان و چینی زەحمەتکێش و ئەو جوتیار و هەژارانە دەکات، کە بەدەستی دەرەبەگ و ئاغا و چینی سەرمایەدارەکان دەچەوسێنرانەوە. بە زمانێکی ئاسایی باس لە بابەتەکانی ئێستای کۆمەڵگە دەکات، زۆر گرنگی بە ڕازاندنەوە و جوانکاری زمان نادات(( ریالیزم لە ئەدەبدا بریتیە لەوەی کە هەموو شتێك چۆن دێتە بەرچاو، لە چ بار و وێنەیەکدا بێت بەو جۆرە دەربخرێت، بەبێ ئەوەی لە دەریای ئایدیالیزم و ئەندێشەدا بخنکێنرێت))[3].

هەر بابەتێك کە لەژێر سێبەری ڕێبازەکە بنووسرێت،دەبێت باس لە واقیع بکات، بەبێ ئەوەی ڕەنگدانەوەی ناخی نووسەری تێدا بێت و بکەوێتە ژێر کاریگەریی ناخی نووسەرەوە، چونکە بەپێی بیروڕای نووسەر و شاعیرانی ئەم ڕێبازە دەبێ ئەدەب لەخزمەتی کۆمەڵگە دابێت و کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ دەربڕێ. کەواتە ڕێبازی ڕیالیزم لە ئێستادا دەژی و باسی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم دەکا.

سەبارەت بەسەرهەڵدانی ڕێبازی ڕیالیزم لەئەدەبی کوردیدا، ئەگەر تەماشای شیعری کلاسیکی کوردیی بکەین لەلایەن هەندێ شاعیرەکانەوە بەتایبەتی(خانی وسالم و حاجی قادر و شێخ ڕەزا و هتد....). لەبەرهەمە شیعریەکانیان هەست بەبوونی سیماکانی ڕیالیزم دەکرێ،

---

١- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د. فەرهاد پیربال، ل ٨٥، فەرهەنگی ئەدەبی، د.موحسین ئەحمەد عومەر، ل١٤٣.

*هیچ ڕێبازێکی ئەدەبی نەی توانیوە ڕێبازەکەی پێش خۆی بەتەواوی بسڕێتەوە، بۆیە دەبینین هەریەکەیان هەندێك لەسیفەتەکانی ڕێبازی پێشووی خۆی تیایەو هەمووی ڕەتناکاتەوە.

**بەم فراوانیە لەخەیاڵ دوورنی یە، واتە زۆر خەیاڵ بازی ناکات، دەنا دەقی ئەدەبی بێ خەیاڵ بنیات نانرێت.

٢- الأدب ومذاهبة، د.محمد مندور، مطبعة دار النهضة، مصر، ١٩٥٧،ص ٩٠.

٣- دڵدار و شیعری ڕیالیزم، کەریم شارەزا، گۆڤاری نووسەری کورد، ژ(١٢) ، خولی دووەم، ١٩٨٣، ل ٩.

چونکە شیعری ئەم شاعیرانە ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵی کوردی تیا بەدی دەکرێت. لەلایەکی تر هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەگەڵ تازەبوونەوەی شیعری کوردی و سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسییەت لەگەڵی، لای زۆربەی شاعیرانی کورد تاڕادەیەك ڕەگ و ڕیشەی ڕیالیزم تێکەڵ بەهەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاوێتە بەکێشە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دەکرێت، چونکە بەرهەمەکانیان پەیامدار بووە. دواتر لەسالأنی چلەکان لەلایەن چەندین شاعیرەوە، ڕیالیزم بەرەو فراوان بوون چووە، بەتایبەتی لەلای (گۆران)ەوە، چونکە ئەم شاعیرە باس لەلایەنی چینایەتی و مرۆڤایەتی کۆمەڵگە دەکات و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەدیاردە کۆمەڵایەتییەکان دێنێتە ناو شیعرەوە، ئەمەش لەژێر کاریگەری خوێندنەوەی ئەدەبیاتی بێگانە بووە، لەم بارەیەوە گۆران دەڵێ:(( پاش ئەم ماوە، کە سەر مەستی ئەدەبی تورکی و فارسی بووین، بەرە بەرە ئەدەبی تازەی عەرەبی و ئینگلیزی هاتنەکایەوە و بڵاوبوونەوە، هەروەها( تیاری) سیاسی و کۆمەڵایەتی کەوتە ناومانەوە من بە تەئسیری ئەم ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە))[1].

چەسپاندنی ڕێبازی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا پەیوەندی پتەوی بەو گۆڕانکارییە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیانەی دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هەیە، چونکە بەهۆی ئەم بارودۆخەی لەدوای ئەم جەنگەوە هاتەکایەوە ڕیالیزمی ئەدەبی لەناو کورددا بەتەواوی گەشەی کرد و گەیشتە لوتکە. ڕووخانی کۆماری کوردستان و ڕاپەڕینە گەورەکەی کانوونی دووەمیساڵی(١٩٤٨) لەعێراقدا ئەمانە هەموویان کاریگەریی زۆریان لەسەر شاعیران هەبووە، ڕووبەڕووی بارودۆخێکی تازەی کردوونەتەوە. دواتر سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمموز ئەدەبیاتی کوردی بەتەواوی بەرەو ئاڕاستەی ڕیالیزمی برد[2]، ئەمەش بەتەواوی لەگۆڤاری (هەتاو)دا ڕەنگی داوەتەوە، کە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە کاریگەریەکی زۆری بەسەر دەروون و ناخی نووسەر و شاعیرانی گۆڤارەکەوە هەبووە، ئەو ڕووداوە وای کردووە بەتەواوی بەرەو ئاڕاستەی ڕیالیزمی بچن.

لەلایەکی تر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، کە بووە هۆی ڕووخانی فاشیەت و نازیەت و سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت، کە پەیڕەوی لە بیروباوەڕی مارکسی دەکرد، ئەم بیروباوەڕە بانگەشەی نەهێشتنی چەوسانەوەی مرۆڤی دەکرد و داوای یەکسانی و دادپەروەری دەکرد، ئەمە وای کرد بەشێوەیەکی بەرفراوان بەجیهاندا و بەتایبەتی بەناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا

---

١ –دانیشتنێك لەگەل– گۆران– دا، چاوپێکەوتن، عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری بەیان، ژ(٢)، شوباتی ١٩٧٠، ل ٣٠.

٢– ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لەپێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، هیمداد حوسێن، ل ٥٤.

بڵاوبێتەوە. لەناو ئەو میللەتانەشدا میللەتی کورد بوونی هەبوو، وەکو میللەتێکی چەوساوە و مافخوراو. بۆیە دەبینین ئەو بیرو باوەڕە زۆر بەخێرایی لەناو بیرو باوەڕی نووسەرو ڕۆشنبیرانی کورد بەتایبەتی شاعیر و چیرۆکنووسەکانمان جێگای خۆی کردەوە، وەکو ئایدۆلۆژیەکی تازە هاتە نێو گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردییەوە. هەروەها حیزبی شیوعی لەم لایەنەوە دەوری سەرەکی گێڕاوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئایدۆلۆژیایە تازەیە. لەلایەکی تر بەهۆی گۆڕانکاریە سیاسیەکان و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان وای کرد، کە هەستی نەتەوایەتی ببوژێتەوە و گەشە بکات لەناو چینی ڕۆشنبیرانی کورد، بەتایبەتی لەلایەن شاعیرە کوردەکانەوە هەست بەم لایەنە بەڕوونی دەکرێت.

دەتوانین بڵێین بیرو باوەڕی مارکسی و هەستی نەتەوایەتی دەوری سەرەکیان گێڕاوە لە بەرەو پێشبردنی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی شیعر بەرەو ڕیالیزم[1]. لەلایەکی تر لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، بارودۆخێکی تازە ڕەخسا بۆ بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری، کە بەهۆیەوە خەڵك وشیار کرایەوە، بەتایبەتی لە لایەنی ڕۆژنامەگەری، کە ژینگەیەکی باش دروست بوو بۆ سەرهەڵدانی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار کە ((سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێبازی ڕیالیزم و ئەدەبی هاوچەرخ دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار))[2]، کە تیایدا ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگە یان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و بابەتەکانی سەردەم و ڕۆژ بەشێوەی شیعر یان چیرۆك لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بڵاوکراونەتەوە، کە لەم ڕێگەیەوە ڕەخنەیان لەدیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگە دەگرت، ئەمەش لەخۆیدا بردنی ئەدەبیاتی کوردییە بەرەو واقیعیەت و ڕێبازی ڕیالیزم.

لەسایەی ئەو بارودۆخەی کەدروست ببوو، وەکو پێویستی قۆناغەکە وایکرد شاعیران باس لە واقیعی کۆمەڵگەکەی خۆیان بکەن، بە شیعرەکانیان تەعبیریان لەو واقیعە دەکرد کە تیایدا دەژیان، کە بارودۆخی سەردەمەکە دروستی کردبوو. لەڕووی ناوەڕۆکەوە بابەتە شیعرییەکان گۆڕانکاری گەورەیان بەسەرداهات، شاعیران باسی ئەو بابەتانەیان دەکرد کە پەیوەست بوون بەسەردەمەکەی خۆیان[3]. بابەتەکانیش لایەنی نەتەوەیی ودەردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ لە کێشەی نێوان دەرەبەگ و جوتیار و نەخوێندەواری و هەژاری و چەوساندنەوەی ئافرەت و

---

١- ڕیالیزم لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، ١٩٤٦-١٩٧٠،عەباس محەمەد قادر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی،سلێمانی، ٢٠١٠ل ١٩٥.

٢- گۆڤاری هیوا(١٩٥٧-١٩٦٣) بەشداری لە بزوتنەوەی ئەدەبی هاوچەرخدا، محمد دلێر امین محمد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ (١)، ١٩٩٩، ل ١٥.

٣- ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا،ل ٤٥.

بارودۆخی چینی کرێکاران و چەندین بابەتی ڕۆژانەی چینی زەحمەتکێش و هەژارانیان دەگرتەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ڕیالیزمی کوردی ببێتە وێنەی زیندووی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

شاعیرە ڕیالیستیەکان گرنگیان بەبەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی نەداوە و خۆیان بە وشەکاری و جوانکاری ماندوو نەکردووە، زیاتر گرنگیان بەشێوازی سادە و ساکار داوە، لەگەیاندنی ئەو پەیامەی کە مەبەستیان بووە بیگەیەنن بۆ کۆمەڵانی خەڵك. لەو لایەنەش پەنایان بۆ زمانێکی بێ گرێ و گۆڵ و پەتی کوردی بردووە، لە زمانی ئاڵۆز و قورس دوورکەوتوونەتەوە ئەمەش بۆ ئەوەی کە خەڵکی بەئاسانی بتوانن لێیان تێ بگەن، چونکە ئەوان بۆ هەموو خەڵکیان نووسیووە، هەرچەندە بەکارهێنانی زمانی سادەی خەڵك بەیەکێك لە سیماکانی ڕیالیزم دادەندرێ، بەڵام لە سەرەتای نوێبوونەوەی شیعری کوردی و سەرهەڵدانی ڕۆمانسییەت لە سەرەتای سەدەی بیستەم شاعیرانی کورد وردە وردە بەرەو زمانێکی پەتی و سادە و دوور لە ئاڵۆزی هەنگاویان ناوە و لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی و چوونی ئەدەبی کوردی بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرەو ڕیالیزم، زمانی شیعری کوردیش بەشێوەیەکی خێرا هەنگاوی بەرەو زمانێکی پەتی و سادە و زمانی ئاسایی خەڵکی بردووە، بەوەش ئەوەیان دەرخستووە، کە ئەوان هەموو خەڵکی بە جەماوەری خۆیان دەزانن، بۆ ئەوان دەقە ئەدەبییەکانیان نووسیووە.

سەبارەت بەشیعرەکانی ناو گۆڤاری (هــەتـــاو) ئەوا زۆربەی زۆری دەقە شیعرییەکانی گۆڤارەکە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە، چونکە سەردەمەکە قۆناغی ڕیالیزمی کوردی لە لوتکەدا بووە، شاعیرەکانیش لەم سەردەمە، کە لەم گۆڤارە بابەتەکانی خۆیانیان بڵاوکردۆتەوە، ئێش و ژانی میللەتی کوردیان بەزمانێکی سادە دەربڕیوە، هەروەها ڕەخنەیان لە دیاردە کۆمەڵایەتییە دزێوەکان گرتووە، لە ڕێی دەقە شیعریەکان هەوڵیانداوە خەڵك هۆشیار و ئاگادارکەنەوە. لە شیعرێك دا بەناوی (ئاو و کارەبای هەولێر) کە لەلایەن ( لطیف شێخ صادق بەرزنجی) نووسراوە، شاعیر دەڵێ:

((هەولێر لە داخت حالمان نەماوە سەبەبی دەردمان کارەبا و ئاوە
بە ڕۆژ بێ ئاوی بەشەو تاریکە بەدەس ئەم کارە خەڵکی خەریکە
کۆلان و شەقام تاریکن بەشەو ڕووناکی نیە هەتا وەختی خەو
لەپێش ئێستاکە چەند ساڵە وایە من هەروام دیوە ئەم کارەبایە
نەوەك کارەبا خراپتر بوو ئاو جار بەجار ئەدرێ هەروەکو شەکراو
زۆر گەڕەك هەیە لەچوار ڕۆژ یەکجار ئەگەر بۆیان بێ بەدووسەد هاوار))(ژ:١٣،ل١٠)

کێشی شیعرەکەکێشی پەنجەی (١٠)بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

دیارە نەبوونی کارەبا و ئاو لەو سەردەمە، کێشەیەکی ڕۆژانەی خەڵك بووە، دابینکردنی کارەبا و ئاویش پێویستییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی بوون، نەبوونی کارەبا و ئاویش خەڵکی بێزارکردووە، هەرچەندە بەپێی ناوەڕۆکی شیعرەکە کارەبا و ئاو هەبووە، بەڵام بەپێی پێویست نەبووە، بۆیە دەبینین ئەم گرفتەی ڕۆژانەی خەڵك بووە بە هەوێنی ئەم شیعرە لەلایەن شاعیرەوە، ئەمیش بەزمانێکی سادە و بێ ئاڵۆزی تەعبیری لەم بارودۆخە کردووە و مەبەستی شاعیر لە هۆنراوەکە زۆر ڕوونە.

لەلایەکی تر مەسەلەی ئافرەت بابەتێکی نوێ بووە لەلایەن شاعیرەکانەوە، کە بەشێوەیەکی نوێ باسیان لە ئافرەت دەکرد و تەواو پێچەوانەی شاعیرانی پێشتر، شاعیرانی سەر بەڕێبازی ڕیالیزم داوای مافەکانی ئافرەتیان دەکرد، بەلایانەوە ئافرەتان بەشێکی گرنگن لە کۆمەڵ و دەتوانن هاوشانی پیاوان بەشداری لە بنیاتنانی کۆمەڵ بکەن، باسیان لەکێشە و گرفتی ئافرەت دەکرد، هەوڵیان دەدا کە چارەسەری ئەم کێشانە بکەن، کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە، چیتر هەر باسی ڕووخساری ئافرەت و جوانیەکانی نەکرێ. لە گۆڤاری هەتاو شیعرێکی( بێ خەو) بەر چاو دەکەوێ. لەم ڕووەوە لەبەشێکی شیعرەکە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| ((ئافرەتە نیوەی گرنگی گەلان | باخچەی ئادەمیزادە لەجیهان |
| ئافرەت دارێکە بۆ بەرزی ژیان | دێنێتە بەرهەم ڕۆڵەی پالەوان |
| ئافرەت سەرچاوەی رەوشتی جوانە | خاوەنی ماف و کار و فەرمانە |
| بەرامبەر کاری لاری بێگانە | خەباتی گەرمی بەبێ وەستانە |
| جیاوازیان نیە ئافرەت وپیاو | بەبێ یەکتری کار نایێ تەواو |
| بەسەرچوو ڕۆژی بێ دادی گلاو | مافی بێ ناوی ئافرەت هاتە ناو |
| ڕۆژی ئازادی روونی پرشنگدار | قەلاچۆی خستە ناو خێلی زۆردار |
| بژی خەباتی ئافرەتی بەکار | بژی ئاسایش بمرێ ئیستعمار)) |

(ژ:١٥٠،ل١٣).

کێشی شیعرەکەکێشی پەنجەی (١٠)بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

باسکردن لەکێشەی جوتیار، بووە بەدیاردەیەك، کە زۆربەی شاعیرانی کورد باسی ئەم مەسەلەیان کردووە، چونکە ئەم چینە گرنگەی کۆمەڵ بەبەردەوامی لەلایەن چینی ئاغا و دەرەبەگەوە چەوسێنراوەتەوە و مافی خوراوە و تەنیا ماندووبوونی بۆ ماوەتەوە، لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەممووز ئەم بابەتە بەڕوونی لەلایەن شاعیرەکانەوە باسکراوە، چونکە ڕژێمی پاشایەتی بەهەموو شێوەیەك پاڵپشتی ئاغا و دەرەبەگەکانی دەکرد، نەمانی حوکمی پاشایەتی و هاتنەکایەی سەردەمێکی نوێ، بووە هۆی ئەوەی کە تاڕادەیەك مافی زەوتکراوی جوتیاران

بەردەستە بکرێت. لەگۆڤاری (هەتـــاو) چەند شیعرێکمان بەرچاو دەکەوێ. لەم بارەیەوە(بورهان قانع) لەبەشێکی شعرێکددا دەڵێ:

(( هۆ کاکەی جووتیار دونیا پشکنیو — لەبەری رەنجت اسراحەت نەدیو
چەوساوەی دەسی زۆرداری پیاوکوژ — ماندوو بوو لەدەست بێکاری خوێنمژ
ملکەچی دەرگای خان و ئاغا ومیر — هەی ئارەق رێژی دڵ مات و زیر
خۆ باش لەبیرتە کاتی رابردوو — ئەبرانە پای دار یەك یەك و دوو دوو
لەبیرت نایە لەدوای دارکاری — ئەهاتیتە دەر بەگریە وزاری
کەوابوو کاکەی فەلاح و جوتیار — پایەی نیشتمان نەتەوەی هوشیار
فەرامۆش نەکەی زرەی زنجیرت — کەلەپچە و لێدان نەچی لەبیرت
ئەمرۆ تۆی پایەی نیشتمان و گەل — ڕۆژی ئازادیت هەڵهات لەسەر گەل
تێکۆشن بەدڵ زۆر بەجەسوری — بۆ پاراستنی یاسای جمهوری))

(ژ:١٤٧،ل١٢).

کێشی شیعرەکەکێشی پەنجەی (١٠)بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

دیارە شاعیر ڕووی لەجوتیاران کردووەو داوایان لێدەکات، کە ڕۆژانی ڕابردوو لەبیر نەکەن، کە تووشی چ دەرد وبەلاَ و چەوسانەوەو ناخۆشیەك بوونە لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەکانەوە، ئێستاش کە شۆڕشی ١٤ی تەمموز سەری هەڵداوە ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ جوتیاران هێناوەتەکایەوە، کە لەلایەن دەسەلاَتی نوێوە شتی باش بۆ جوتیاران کراوە بۆیە پێویستە ئاگاداری ئەم کۆمارەبن.

(هەژار موکریان ١٩٢١-١٩٩١)یش لەشیعرێك دا باس لەچینی کرێکار دەکات و ئێش و ئازارەکانی بە دەست چینی سەرمایەدارەوە دەخاتە ڕوو. کرێکار شەو و ڕۆژ کاردەکات، شتی زۆر بەرهەم دەهێنێت، بەلاَم لە هەمان کاتدا نان نییە بیخوات، شوێن نییە تیایدا بخەوێت، هەموو کات برسی و بێ جل و بەرگ و بێ ماڵە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خاوەن کارەکان واتە سەرمایەدارەکان مافی تەواو نادەن بەکرێکارەکانیان لەبەرامبەر ئەم هەموو کارەی ئەنجامی دەدەن. ئەمەش وای کردووە جیاوازی چینایەتی دروست بێت، چونکە خاوەن کارەکان زۆر دەوڵەمەند دەبن و کرێکارەکانیش زۆر هەژار. شاعیر لەبەشێکی دەڵێ:

((ئەی سەرمایەدار پیسی پارە زۆر — سپی لەش، دڵڕەش، زگزلی خوێنخۆر
چۆن من شەو و ڕۆژ ئارەق بڕێژم — قەت تامی چەوری و شیرینی نەچێژم
من گەنم چێن بم شك نەبەم نانی — چدینێك ئەمە بەڕاست ئەزانی
دەست کاری من بیت کوشك و سرات — کەچی جێی خەوێك لە من ببی قات
ئاوریشمی بەرتان من رستم چنیم — ئێوەم پۆشتە کرد هەر بۆ خۆم هیچ نیم

تاكەی دارتاش بم بیٚ دەركە و كورسی          جۆلاَ و جوتیاربم بیٚ دەرپیٚ و برسی))

(ژ:١٤٣،ل٢٩)

كێشی شیعرەكە كێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواكەشی جووت سەروایە.

گۆڤاری هەتاو چەندین شیعری بلاَوكردۆتەوە، بەشێوەیەكی میللیانە باس لەكێشەی هەژاری دەكەن، لەوانە تۆفیق حاجی ئیبراهیم ( بیٚ چاو )، كە خۆی كەسێكی نابینا بووە، باس لە هەژاری و ژیانی هەژاری خۆی دەكات وەك دەردێكی كۆمەلاَیەتی، كەچۆن ئەو كەسانەی تووشی نابینایی بوونە بەدەردی هەژاری دەنالێنن. شاعیر بۆ ئەم مەبەستە بەزمانێكی پەتی و كوردانە هەستی ناخی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕیوە. شاعیر ڕەخنە لە كۆمەڵگە دەگرێت، كە چۆن بەچاوێكی سووك تەماشای نابینایان دەكەن. شاعیر دەڵیٚ:

(( هەژاری بۆتە دەردێكی گران          دەمی ژەنوەتە ژینی بیٚ چاوان
ئەتوانم بلێم لە سەدی دوانی          هەتا سەر ناژی بە كامەرانی
هەژاری وەها پەرەی سەندووە          باوك و فرزەندەی لەیەك كردووە
چونكە دەسكەوت و دەرامەتی كوێر          وای لیٚ هاتووە چۆتە كۆلی شێر
هەریەك بە جۆریٚ ڕۆژ تا ئێوارە          تەقەلا ئەدەین بۆ نان و پارە
سەرەڕای ئەمەش لە كاتی گەڕان          لەشت بكەوین گرژ ئەبن لێمان
ئەلێن كوێرینە بۆچی ناسرەون          خوا چی بۆ ناردن بیخۆن بخەون))

(ژ:٧٣،ل٩).

كێشی شیعرەكە كێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواكەشی جووت سەروایە.

# بەشی سێیەم

## بەشی سێیەم/ ژانرە ئەدەبییەکانی تری گۆڤاری هەتـاو

- تەوەری یەکەم/ وتار لە گۆڤاری هەتاودا
- وتاری سیاســی
- وتاری کۆمەڵایەتی
- وتاری مێژوویی
- وتاری زمـــانی
- وتاری زانستی
- وتاری ئەدەبی و هونەری
- تەوەری دووەم/ ڕەخنەو لێکۆڵینەوە
- تەوەری سێیەم/ نامەی ئەدەبی
- تەوەری چوارەم/ کورتە چیرۆکی هونەری
- کورتە چیرۆکی هونەری لە گۆڤاری (هەتاو)دا لەڕووی ناوەرۆکەوە
- تەکنیك و زمانی چیرۆکەکانی گۆڤاری (هەتاو)
- چیرۆکی وەرگێڕدراو
- تەوەری پێنجەم/چیرۆکە شیعر
- تەوەری شەشەم/ ژیننامـــەی ئەدەبی
- تەوەری حەوتەم/ پەخشانە شیعر
- تەوەری هەشتەم/ درامـــا
- تەوەری نۆیەم/ ئەدەبی منـــداڵان
- تەوەری دەیەم/ئەدەبی سەرزارەکی فۆلکلۆر

## تەوەری یەکەم/

### وتـــار لەگۆڤـــاری هـــەتـــاودا

وتـــار ژانرێكی سەرەكی ئەدەبیە و بە شێوەی پەخشان دەنووسرێت، لەلایەن چەندین كەسەوە پێناسەی بۆ كراوە، یەكێك لەوانە دەڵێ:((بریتیە لە پارچە نووسینێكی ئەدەبی كە بە شێوەی پەخشان دەنووسرێ، هەڵگری بیرۆكەیەكی دیاركراوە لە ئایدیا و دونیا بینی نووسەرەكە لەخۆ دەگرێت و بە شێوەیەكی متمانە پێكراو لە ڕێگەی زمانێكی ڕەوانەوە هەوڵی قەناعەت پێكردنی خوێنەر دەدات))[1].

دكتۆر(هیمداد حوسێن)یش لە بارەی وتـــار دەڵێ:((هونەرێكی ئەدەبییە، نووسەر بە شێوەیەكی كورت و وورد و سەرنج ڕاكێش خوێنەر بۆ خۆی ڕادەكێشێ. بابەتێكی ژیانی ڕۆژانە دەوروژێنێ و بیروڕای خۆی تێدا دەخاتەڕوو))[2]. كەواتە بە گوێرەی ئەم پێناسانە وتار ئامانجی سەرەكی سەرنج ڕاكێشان و تێگەیاندنی خوێنەرە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم بیرۆكەی هەیەتی دەربارەی بابەتێكی دیاریكراو بە ئاسانی بۆ خوێنەری بگوازێتەوە. بۆ ئەمەش دەبێ وتارنووس لە ڕووی زمانی نووسینەوە خۆی دوور خاتەوە لە ئاڵۆزی وشەی قورس و پشت بە زمانێكی ڕەوان و سادە و ئاسان ببەستێ، هەروەها هەر نووسەرێك شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە، كە هەست و سۆز و خودییەتی لەوتارەكەیدا بەدەردەكەوێت((نووسەر هەرگیز ناتوانێ سۆزداری تایبەتی خۆی بشارێتەوە ))[3].

سەبارەت بە مێژووی دەركەوتنی وتاری كوردی، ئەوا پەخشان بە گشتی و ژانری وتار بە تایبەتی پەیوەندییەكی بەهێزی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی هەیە((بە گشتی هونەری وتار نووسین لە ڕۆژهەلاَت مێژووەكەی بەستراوە بە مێژووی چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسییەوە))[4]. كەواتە ئێمەی كوردیش وەك گەلێكی ڕۆژهەلاَت دەبێ سەرهەڵدانی یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی(كوردستان١٨٩٨)، بكەین بە سەرەتای سەرهەڵدانی وتاری كوردی لەم ڕووەوە(د.شوكریە ڕەسول) دەڵێ:((لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامە وگۆڤاری تازەدا پەخشانی كوردی دەستی بە پەرەسەندن كرد و بابەتی تازەی

---

١- وتارناسی، سالار عوسمان حوسێن ، نامەی ماستەر ، كۆلێجی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر ، ٢٠٠٩، ل١٠ .

٢- ڕۆژنامەنووسیی كوردی سەردەمـــی كۆمـــاری دیموكراتی كوردستان ، د. هیمداد حوسێن ، دەزگاو چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٢، ل٢٥٤ .

٣- ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، د.شوكریە ڕەسول، چاپخانەی خوێندنی بالاَ، هەولێر، ١٩٨٩،ل ١٣٨.

٤- ڕۆژنامەنووسیی و بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەكەمین دەستەلاَتی سیاسی كورددا لەمێژووی هاوچەرخدا ١٩٢٢-١٩٢٤، ل١٢٧ .

پەخشان هاتنە کایەوە. لە وتاری سیاسی یەوە کە بە ئوسلوبێکی ئەدەبی ئەنووسرا بۆ وتاری کۆمەڵایەتی و پارچەی ئەدەبی تا چیرۆکی کوردی سەری هەڵدا))[1]. هەروەها (محمود زامدار) لەبارەی پەیوەندیی وتار بە ڕۆژنامەنووسی یەوە دەڵێ:((وتاریش وەك ڕەگەز و ژانرێکی جوان و سەرپەڕی ئەدەبی، لە تەك ڕۆژنامەدا پەرەی سەند و یا ڕاستی یەکەی ئەم گەشەی بە ناوەڕۆکی ڕۆژنامە دەدا و دەوری دیاری کراوی خۆی ئەبینی))[2]. بەڕای شارەزایانی بواری ئەدەبی کوردی پێش سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی  کوردی هەوڵی وتار نووسین لەناو ئەدەبی کوردیدا هەبووە، بەڵام  لە ڕووی هونەری یەوە سادە و ساکار بووینە لەوانە: نووسین و وتارەکانی ناو – کتاب صرف لسان کردی– عەلی تەرەماخی کە لە ساڵی(١٥٩١ – ١٥٩٢)[3]نووسراوە، یان پەخشانەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩ – ١٨٦٧) هەروەها (عەقیدەی کوردی) یەکەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩ – ١٨٢٧) و (مەولودنامەکە)ی شێخ حوسێنی قازی (١٧٩٣ – ١٨٧١) وپەخشانەکەی(عەقیدا ئیمانێ) ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ – ١٧٠٦)[4]، کە ئەم هەوڵانە بە سەرەتای پەخشان نووسینی کوردی دادەنرێن.

بەڵام وتاری هونەری کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨) پەل و پۆی هاویشتووە و گەشەی کردووە ((هەر بۆیە وا پێویستە ڕۆژنامەی کوردستان وەك دەروازەیەك بۆ دەسپێکردنی وتاری هونەری کوردی بناسین، چونکە زۆربەی توێژەران پێیان وایە وتاری هونەری لەنێو ڕۆژنامەدا پێدەگات))[5].

ئیتر لە دوای پەیدابوونی ئەم ژانرە ئەدەبییە بە شێوەیەکی هونەری لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، نووسەرانی کورد بە شێوەیەکی بەرفراوان پەنایان بۆ ئەم ژانرە بردووە. هەوڵیاندا ئیتر هەموو شتێك تەنیا بە شیعر دەرنەبڕن، بەڵکو بە وتاریش بیر و بۆچوونەکانی خۆیان بخەنە سەر کاغەز و بیخەنە بەردەم خوێنەرانیان. ئیتر نووسەران کەوتنە وشیارکردنەوەی خەڵك و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵ  بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە سەخت و دواکەوتووەی کە کۆمەڵگەی کوردی تیایدا دەژیا. لەلایەکی تر وتارنووس لەڕێی وتارەوە چاکتر دەتوانێ کێشەکان

---

١– زمان و ئەدەبی کوردی – پەخشان – ، د.شوکریە ڕەسول، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ، ١٩٨٧، ل٣٤ .

٢– دەوری ڕۆژنامەگەری کوردی لە ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گەلی کورددا ،مەحموود زامدار ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٣)، ل٢٣٥ .

٣– وتارناسی، ل٤٧ .

٤– ئەدەبی کۆنی کوردی، د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، چاپی دووەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٢٥٨، ٢٦٠، ٣٢٦، ٣٢٩ .

٥– وتارناسی، سالار عوسمان حوسێن، ل٤٨ .

شیکار و شرۆڤە بکا و بیهێنێتە بەردەم خوێنەران. بەم شێوەیە ئەو قورسایی و بارگرانیەی لەسەر شیعری کوردی هەبوو، بەهۆی پەیدابوونی ژانری وتار لە ڕۆژنامەنووسییەوە ورده ورده بەرەو کەمبوونەوە دەچوو، کەواتە دەوری ((وتارنووسی لێ هاتوو لە هوشیار کردنەوە و وروژاندنی هەست و هۆشی بیری خوێنەر و گوێگر لە دەوری شاعیر و چیرۆك نووس پتر نەبێت کەمتر نییە))[1].

سەبارەت بە گۆڤاری هەتاو، وتـار لەم گۆڤارەدا پشکی شێری بەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەی وتار ژانرێکی سەرەکی ئەدەبە، بە پەخشان دەنووسرێ، لە هەمان کاتیشدا کۆڵەکەیەکی سەرەکی ڕۆژنامەنووسی یە. یەکێکە لە هونەرەکانی نووسینی ڕۆژنامەوانی، بۆیە دەبینین لە گۆڤاری (هەتاو)یش کۆڵەکەی بنەڕەتی گۆڤارەکە بووە، کە وەکو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پێش خۆی گرنگییەکی زۆری پێدراوە.

گۆڤارەکە لە هەموو ژمارەکانی دا وتاری هەمەجۆری پێشکەش بە خوێنەرانی کردووە، لە چەند ژمارەیەکی سەرەتای گۆڤارەکەدا زۆربەی وتارەکان لەلایەن خاوەنی گۆڤارەکە(گیو موکریانی)نووسراون، بەڵام دواتر چەندین نووسەر و ڕۆشنبیری بەناوبانگی کورد، چەندین نووسەری تازە پێگەیشتوو بە نووسینی وتـار لەم گۆڤارەدا بەشدارییان کردووە، چونکە لەو سەردەمەدا گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بەدەگمەن بوونی هەبووە، بۆیە هەندێ لە نووسەرەکان ڕوویان لەم گۆڤارە کردووە بۆ ئەوەی وتارەکانیان بۆ بڵاوبکاتەوە، لەوانە:((مەجید ئاسنگەر، قانع، مارف خەزنەدار، عبدالرزاق بیمار، ڕۆستەم کۆیی، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، شاکر فتاح، عمر ساقی، ڕەئوف بێگەرد، کاکە مەم بۆتانی، عەبدولقادر قرگەیی"ع. قرگەیی"١٨٩٨-١٩٧٥[2]، مغدید، جەمال نەبەز، مستەفا نەریمان، میهری، حەمەڕەحیم سەعید، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، زەکی ئەحمەد هەناری، د. تاهیر بەهجەت مەریوانی، د. مەردان عەلی، جیهان عومەر، جیهان صدیق، مەجید عومەر ئەندازیار، لطیف صادق بەرزنجی، مەلا محمود قادر (کزەل)، عەبدولخالق عەلائەدین (شەیدا)، گیوی موکریانی، محمد فیدا)). هەروەها تاکە نووسەری کورد، وتاری بە کرمانجی ژووروو (سەروو) نووسیووە (مەلا ئەنوەری مایی) بوو، ئەوانی تر هەموویان بە کرمانجی خواروو (سۆرانی) وتارەکانیان نووسیووە.

---

١- گەشەکردنی هونەری وتاری ڕۆژنامەگەریی کوردی لە زاری کرمانجی و پەیژەدا، کەریم شارەزا، گۆڤاری کاروان، ژ (١٢٢)، ١٩٩٨، ل١٢٦.

٢- ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی هەشتەم، ل٣٤٩٨.

گۆڤاری هەتاو چەندین وتاری وەرگێڕدراوی تیایدا بڵاوکراوەتەوە، کە پەیوەندییان بەلایەنی مێژووی کورد و زانست و تەندروستی و سیاسەتەوە هەیە. بۆیە دەبینین گۆڤارێکی دەوڵەمەند و هەمەڕەنگە، ڕەچاوی گەلێ لایەنی گرنگی ژیانی کردووە، هەر لە وتاری سیاسی و ئەدەبی و مێژوویی و زمانی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستی و هونەری ناوەڕۆکی وتارەکان پێك دەهێنن. ئەو وتارانەی لە گۆڤاری هەتاودا بڵاوکراونەتەوە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کردوومانە بە شەش جۆر، هەوڵ دەدەین یەکە یەکە باسیان بکەین.

# وتـــاری سـیاســـی

وتـــاری سیاسی مەودایەکی فراوانی لە ڕۆژنامەنووسی کوردی داگیر کردووە، ئەمەش پەیوەند بووە بەو بارودۆخەی کە کوردی تێدا ژیاوە، نووسەرانی کورد ویستوویانە لەڕێی ئەم جۆرە وتارە تاکی کورد ئاگادار و وشیارکەنەوە لە ڕووی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی. بۆیە دەبینین سیمای نیشتمانپەروەری و پێداگرتن لەسەر ماف کورد بۆ بەدەستهێنانی داخوازییە نەتەوەییەکانی لە ناو وتارەکان ڕەنگی داوەتەوە.

لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری هەتاو گۆڤارەکە ئاماژەی بەوە کردووە((ئیمتیازی هەتاو تەنها ئەدەبی یە هەر وتارێکی لەو ڕادەیە دابی بە سووپاسەوە پەخش دەکرێت))(ژ:٧، ل١)، هەروەها گۆڤارەکە لە وتارێك بەناوی (لەبابەت وتارە پەخش نەکراوەکان) ئاماژەی بەوە داوە، کە گۆڤاری هەتاو ئیمتیازەکەی سیاسی نیە، بۆیە هیچ وتارێك و هەڵبەستێکی سیاسی بڵاوناکاتەوە، دیارە ئەمەش لە ترسی داخستنی گۆڤارەکە بووە لەلایەن دەسەڵاتەوە. لە بەشێکی وتارەکە دەڵێ:((لە هەر چەشنە زانیاری وێژە و هونەرێکی بدوێ سا بە لەهجەی کوردی هەر شوێنێکی بێ بە سوپاسەوە پەخشی دەکەین گۆڤاری هەتـــاو هی خۆتانە ڕێگەی خزمەتی زمان و مێژوو و ئەدەبیاتی گرتۆتە پێش ڕێگەیەکی وا نیشان مەدەن زوو بکوژێتەوە))(ژ:٨، ل٣).

بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی چواردەی تەمموز لە عێراقدا و ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، جۆرێك لە ئازادی بۆ گەلانی عێراق و بە تایبەتی بۆ گەلی کورد پەیدابوو، نووسەرەکانی گۆڤاری(هەتاو) نەیانتوانیوە خۆیان لەو بارودۆخە نوێیە بە دوور بگرن، بۆیە دەبینین بە شێوەیەکی بەرفراوان وتاری سیاسی دەربارەی شۆڕشی چواردەی تەمموز و پەیوەندی نێوان کورد و عەرەب و کێشەی نەتەوەیی کورد و بارودۆخی عێراق و جیهان باس کردن لە ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی و ماف گەلان و ماف مرۆڤ لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هەتاو بڵاوکراونەتەوە، هەر زوو دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز نووسەرەکان کەوتنە هەوڵی نووسینی وتاری سیاسی بۆ پاڵپشتی لە شۆڕش و کۆماری نوێی عێراق، (گیوی موکریانی) خۆی کە خاوەنی گۆڤارەکە بوو لە ژمارەی یەکەمی دوای شۆڕش، وتارێکی بەناوی (جمهوریەتی عێراق) بڵاوکردەوە، لە وتارەکەی دا ستایشی ئەم شۆڕشە دەکا و ڕژێمی پاشایەتی بە نۆکەری داگیرکەران دادەنێ. لە بەشێکی وتارەکەی دەڵێ:((ئەوا لە سایەی خواوە لە عیراقی نەتەوەی کورد و عەرەب لە خەوی نەگبەتی ووشیار بوونەوە ئەو کەند و کۆسپانەی ببوونە بەرگر و بەرهەڵستی پێشکەوتن و کامەرانی لەناوبران، ئەوانەی کە پارێزگاری زنجیرەی زۆر و بێ دادی ئیستعمار بوون تەفر و توونا کران، ئەو لاو و پیاو و ژنە مەردانەی کە تەنها باسی کوردایەتیان کردبوو بە

هەزاران شلتاخ و بوختان و شەق و قامچی بێ دادیەوە خرابوونە زیندانەوە ئەوا دەستە دەستە ئازاد دەکرێن)) (ژ:١٣٧، ل٧) .

لە وتارێك لە ژێر ناوی (نیشتمان پەروەری واجبێكی شەرعی یە) لەلایەن (مەلا محسن خەمبار) بلاوكراوەتەوە، نووسەری ئەم وتارە دەیەوێ بە بەلگەی ئایینی بیسەلمێنێ، دەبێ مرۆڤ گیانی خۆی لە پێناوی میللەت و نیشتمانەكەی ببەخشێ، ئەمەش نیشانی ئەوە دەدا كە خەلكی كورد كاریگەرن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام. دەلێ:((ئێمە كە گەلی كوردین نابێ لەوە بترسێین بلێین دوژمنانمان زۆرە هەرچەندە دوژمن زۆر بێ هەر ئێمە لەسەر حەقین و ئەوان لەسەر ڕێگەی ناحەقن ئەبێ هەر حەق بەسەر ناحەق سەربكەوێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئەفەرموێ هەر كەسێ لە ڕێگای نیشتیمانا بكوژرێ شەهیدە كەوا بوو با لە كوشتن هیچ نەترسێین مادام شەهید بین)) (ژ:١٧٩، ل٩) .

(ڕەئووف بێ گەرد) وتارێكی بەناوی (ڕەگەزپەرستی) بلاوكردۆتەوە، لەم وتارەدا نووسەر ڕەخنە لەو كەسانە دەگرێت، كە كورد بە ڕەگەزپەرست دادەنێن، چونكە كورد داوای ماف نەتەوایەتی خۆی دەكات، بێ گومان كوردیش وەكو هەموو گەلانی تر خاوەنی هەموو جۆرە مافێكی نەتەوایەتیە و میللەتێكی سەربەخۆیە، بەلام بۆ گەلی كورد ئەگەر داوای ماف خۆی بكات بە ڕەگەزپەرست تاوانبار دەكرێت، لە كاتێك دا ماف خۆیەتی وەك میللەتانی تر سەربەخۆ بژی و نیشتمانە دابەش كراوەكەی ببێتەوە یەك پارچە. دەلێ:((جا ئەگەر نەتەوەی كورد بۆ یەك گرتنەوەی نیشتمانەكەی وە لە پێناوی وەرگرتنەوەی ماف نەتەوایەتی و چارەنووسی خۆیدا تێ بكۆشێ ئایا ئەمە گرتنی ڕێگای ڕاستە یان ڕەگەزپەرستی كوێرانەیە؟ بەلام ئایا مەبەست لە تێكۆشانی كورد لەم پێناوەدا خۆ گەورەتركردنە بەسەر نەتەوەیەكی تردا و یان شانازی كردنە بە ڕەگەزی خۆی یان میللەتی كورد ڕقی لە هیچ میللەتێك هەیە كە لە ڕەگەزی هیند و ئەورووپی (ئاری نەبیت) ..... بێ گومان ئەمانە هەموو لە نیشتمان پەروەرانی میللەتی كورد دوورە ... بەلكو تەنها مەبەستیان وەرگرتنەوەی ماف نەتەوایەتی كوردە)) (ژ:١٨٢ ، ل٩) .

لەناو گۆڤاری هەتـاودا (١٣٥) وتاری سیاسییمان بەرچاودەكەوێ، كە لێرەدا ئاماژە بەناوی هەندێك لە وتاری سیاسی تر دەكەین:

-چواردەی گەلاوێژ، لطیف بەرزنجی، ژ:١٥٩، ل ١٤.

-دیموكراتیتی دەبێ چۆن بێ؟، ئازاد، ژ:١٦٠، ل ١٩.

-نەتەوەی كورد و تێكۆشانی، محمد علی كاكی، ژ:١٥٦، ل١٥.

-پشتگیری گەلانی ژێر دەستە، کاکە مەم بۆتانی، ژ:١٥٦، ل٤.

-خەباتی گەلی کورد ناپسێ، حمەڕەحیم سعید، ژ:١٧٠، ل٢٢.

-شۆڕشی چواردەی تەمووز، عەبدولخالق عەلائەدین، ژ:١٤٠،ل٩.

وتاری سیاسی وەرگێڕدراویش لە گۆڤارەکەدا بەرچاو دەکەوێ، ناوەڕۆکی وتارەکان پەیوەندییان بە بابەتە سیاسی یەکانی سەردەم و کوردەوە هەیە لەوانە :

- ئاشتی، وەرگێڕ:عمر ساقی ، ژ:١٦٧ ، ل٥ .

- ئاشتی و ڕزگاری نیشتمان، وەرگێڕ: کاکە مەم بۆتانی ، ژ:١٤٥ ، ل٨ .

- ئاشتی خوازان چیان ئەوێت ، وەرگێڕ:عاصم حەیدەری ، ژ:١٤٦ ، ل٢٠ .

- بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی کورد و تەگەرەی، د.س.ع. شەمزینی، وەرگێڕ لە عەرەبییەوە: مەجید ئاسنگەر، ژ:١٦٨، ١٦٩، ١٧٠، ١٧١، ١٧٣، ١٧٦، ١٨٣، ١٨٦.

## وتـــاری كـــۆمـەڵایـەتـــی

وتـــاری كۆمەڵایەتی چەندین دیاردەی كۆمەڵایەتی وەكو هەژاری و نەزانی و نەخوێندەواری و داب و نەریت و كێشەكانی ئافرەت بوونەتە هەوێنی وتارە كۆمەڵایەتییەكان. ڕۆژنامەنووسی كوردی هەرگیز درێغی نەكردووە لەڕووبەڕووبوونەوەی داب ونەریتە دواكەوتووەكانی كۆمەڵ، ڕۆژنامەگەری((وەك چاودێر ڕەخنەی كۆمەڵایەتی لە دیاردە دزێوەكان دەگرێت، هەوڵی بەرەو پێش چوونی كۆمەڵ دەدات و ئامانجی كۆمەڵگایەكی تەندروستە))[1].

گۆڤاری (هەتاو)یش وەكو ئەركی سەر شانی خۆی (١٣٢) وتـاری كۆمەڵایەتی لەناو لاپەڕەكانی خۆیدا بلاْوكردۆتەوە. ناوەڕۆكی وتارەكان ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەو بارودۆخەوە هەبووە، كە كۆمەڵگەی كوردی تێیدا ژیاوە. نووسەری وتارەكان بەباشی هەستیان بە هەموو كەم و كورتی و بارودۆخی دواكەوتوویی كۆمەڵایەتی كردووە. دەستنیشانی كێشە و گیر و گرفتەكانیان كردووە و هەوڵی چارەسەركردنشیان داوە. بە ئامانجی ئەوەی ژیانی كۆمەڵایەتی خەڵك بەرەو ژیانێكی باشتر ببەن. گۆڤاری هەتاو بایەخێكی زۆری بە كێشەی ئافرەت داوە، بۆ ئەم مەبەستە گۆشەیەكی بەناوی (بەشی ئافرەت) كردۆتەوە، لە ژێر ناوی ئەم بەشە (٤٥) وتار بلاْوكراوەتەوە، بە مەبەستی خستنەڕووی كێشە و گیروگرفت و ئازارەكانی ئافرەتان و چارەسەركردنیان و پێدانی مافەكانیان لەناو كۆمەڵ دا .

وتارێك لەلایەن(زێبـــا عبدالواحـد خـــەبات)بلاْوكراوەتەوە، نووسەری وتـــارەكە دەست نیشانی ئەوەی كردووە، كە یەكێ لەو هۆكارانەی وای كردووە ئافرەت بە چاوێكی سووك سەیری بكرێ نەخوێندەوارییە، ئەمەش دەردێكە تاكە ڕێگە بۆ نەهێشتنی خوێندنە بۆ ئەوەی چیتر ئافرەت بە چاوێكی نزم سەیری نەكرێت. دەڵێ:((خوێندن چراییێكە ڕێگەی ژیان ڕووناك دەكاتەوە، خوێندەوار چ پیاو چ ئافرەت لەبەر ئەوەی چاكە و خراپە باشتر جیا ئەكاتەوە لە توانای دا هەیە گەل وریا بكاتەوە و لای بدا لەو ڕێگە خراپانەی كە لە ئەنجامی نەخوێندەواری دا بەسەری ئەڕوات. یەك لەو ڕێگە چەوتانەی گەلەكەمان گرتوویەتی ئەوەیە كە بە چاوێكی سووك تەماشای ئافرەت ئەكرێت)) (ژ: ١١١، ل٧).

وتـارێك بە ناونیشانی (دڵ پیسی) لەلایەن (صبریە محمد) بلاْوكراوەتەوە، باس لە دیاردەی دڵپیسی دەكات بەرامبەر بە ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە،ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ نەزانین

---

١- ڕۆژنامەنووسی و بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەكەمین دەستەلاْتی سیاسی كورددا لەمێژووی هاوچەرخدا ١٩٢٢-١٩٢٤، ل١٤٨ .

و نەخوێندەواری، دەڵێ:((لەناو ئەم کۆمەڵەی ئێمەدا بەهۆی نەزانین و کەمی خوێندەوارێتیەوە چەند کەم و کووڕیەك هەیە وە پێویستی چارەکردنن یەکێکیان دڵ پیسی یە ... ئافرەت پاکە وە زۆر دوورە لە کردەوەی ناڕەوا ئەگەر لەلایەن بێ ئابڕووانەوە هەڵ نەخەڵەتێ، بێ گومان هەموو کەسێك ئەیزانی کە دڵ پیسیتی بیر و باوەڕێکی ناڕەوایە لەناو ئەم کۆمەڵەی ئێمەدا بلاٌوبۆتەوە و ئەوەش لەناو ئەو جۆرە پیاوانەدایە کە لە واتای ژیان نەگەیشتوون وە بیر و باوەڕێکی پڕوپوچ و چەوتیان هەیە)) (ژ:٩ ، ل١٦).

وتارێکی تری بەناوی (ڕۆڵەت پەروەردە کە بۆ دواڕۆژ) بلاٌوکردۆتەوە، ڕەخنە لەو دایکانە دەگرێت، بە شێوەیەکی پەروەردەیی و زانستی و دروست منداڵەکانیان بەباشی پەروەردە ناکەن. فێری وتەی ناشیرین و بێ کەڵکیان دەکەن، ناوی دێو و خێو و جنۆکەیان بە گوێ دادەن، ئەمەش لە ڕووی پەروەردەیی و دەروونی یەوە کاریگەریەکی خراپ دەکاتە سەر منداڵ. دەڵێ:((لەناو دایکانا زۆری وا هەن کە گوێ نادەنە جگەر گۆشەکانیان و بەبیریانا نایەت کە گەل چاوەنواڕی کۆششی ئەو ڕۆلاٌنەن کە ئەوان پەروەردەیان ئەکەن. بەڵکو هەر کە چاویان ئەکرێتەوە مێشکیان بەبیر و باوەڕی پڕوپوچ زاخاو ئەدەنەوە و مەلاشویان بە ووشەی ناپەسند هەڵ ئەدەنەوە و بەناوی دێو و درنج و خێو و جنۆکە بانگیان بە گوێ دا ئەدەن)) (ژ:١٢ ، ل٥).

چەندین وتاری تر دەربارەی نارێکی کۆمەلاٌیەتی و داب و نەریتە دواکەوتووەکان و قومارکردن و درۆکردن و دوو ڕوویی و کێشەی ئافرەت و پەروەردەکردنی منداڵ بە شێوەیەکی دروست و گرنگی دان بە خوێندن وخۆ ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بلاٌوکراوەتەوە. دەربارەی یاریکردن بەقومار، کەسالاٌنی دەرچوونی گۆڤاری هەتاو، ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان بوونی هەبووە، بووەتە هۆی دروست بوونی چەندین کێشەی کۆمەلاٌیەتی، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی نووسەران وشاعیران بێنە دەنگ و ئەم دیاردەیە بەنووسین و شیعرەکانیان ڕیسوابکەن.

لەم بارەیەوە(ش.هەمەوەند)* وتارێکی بەنـاوی (قومـــار)بلاٌوکردۆتەوە. لە بەشێکی دەڵێ: ((قومار...ئەو یاری یە ناپەسندەی کەماڵمان کاول دەکات، کەبەگژ خێزان و خزم و یارانمان دا ئەکات، کەلەناو کۆمەڵدا سوك و ڕیسوامان ئەکات داخی بەجەرگم، ئێستە بووەتە یەکەیاری نازدارو خۆشەویستمان یەکە ڕێگای نزیك بوونەوە لەگەورە پیاوان و کاربەدەستان مـان یەکە هۆی ڕابواردنی ئاهەنگ و زەماوەندمان، یەکە کەرەستەی پێشکەوتنمان. وە ئەگەر بهاتایـــە

*ش.هەمەوەند، نازناوی (شاکر فتاح)ی نووسەرە.

**قومار تەنها لەناو دەوڵەمەندان دا بکرایە ئەوەندە زیانی گشت لایمان زۆر نەئەبوو بەڵام داخەکەم هەژارانیش لەدەوڵەندان پتر هۆگری ئەم خوە نەنگە ناپەسندەبوون. ئەنجام؟.....ئەنجام ئەوەیە کۆمەڵایەتی یەکی پچڕ پچڕی دوژمنی تەمەنی بێ کەڵکی خۆخۆری لێ هێناوینە بوون!))**

(ژ:٥،ل١٩).

# وتـــاری مێـــژوویـــی

ڕۆژنامەگەری کوردی لە سەرەتای پەیدابوونیەوە گرنگی بەمێژوو داوە، بە تایبەتی مێژووی کوردستان((زۆر دەگمەن ڕۆژنامە یا گۆڤارێکی کوردی هەڵدەکەوێ هیچ بایەخی بە مێژوو نەدابێ))[1]، ئامانج لە بڵاوکردنەوەی وتاری مێژوویی ئاشناکردنی خوێنەری کورد بووە بە لایەنە شاراوەکانی نەتەوەی کورد، زۆرجاریش وابووە دوژمنانی کورد مێژووی کوردیان بە ئەنقەست شێواندووە، ئەمەش زیاتر وای کردووە ببێتە هاندەر بۆ ئەوەی خاوەن ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕۆشنبیر و نووسەرانی کورد، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان زیاتر گرنگی بە مێژووی نەتەوایەتی کورد بدەن.

گۆڤاری (هەتـاو)یش لەلای خۆیەوە درێخی لەم بابەتە نەکردووە، کەتیایدا(١٢٠) وتاری مێژوویی بڵاوکردۆتەوە، دیارە ئامانجی گۆڤارەکە لەبڵاوکردنەوەی ئەم وتارانە دەرخستنی نهێنییەکانی مێژووی کورد و ڕووناککردنەوەی لایەنە تاریکەکانی مێژووی کوردە، بۆ ئەوەی تاکی کورد لەمێژووی کۆن و نوێی کورد وشیار و ئاگاداربێت، هەروەها وتارەکان پڕن لە زانیاری گرنگ، کە پێویستە هەموو تاکێکی کورد ئەو زانیارانە بزانێت، هەروەها چەندین ڕووداوو بەسەرهاتی لەنێو لاپەڕەی گۆڤارەکە تۆمار کردووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی(گیوی موکریانی) خاوەنی گۆڤارەکە، کە کەسێکی کوردپەروەر و شارەزا بووە لە مێژووی کورد و لە هەمان کاتیش برای (حوسێن حزنی موکریانی)مێژوونووسی کورد بووە .

گیوی موکریانی لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (هەتاو) بابەتێکی بەناوی (مێژووی بنەماڵەی سوڵتان موزەفەر کوردی هەولێری) بڵاوکردۆتەوە، لە(ژ:١-١٦) بەردەوام بووە، (سوڵتان موزەفەر ١١٢٨-١٢٣٣ز) لەماوەی ساڵانی(١١٩٠-١٢٣٣ز) حاکمی شاری هەولێر بووە، لە (ژ:١،ل٤) (گیوی موکریانی) ئاماژەی بەوە کردووە، ئەم وتارەی لە بەرگی دووەمی (مێژووی ئاوڕێکی پاشەوە)ی حوسێن حزنی موکریانی وەرگرتووە، کەلە ساڵی (١٩٣٠) چاپ کراوە.

وتارێکی تر بەناوی(نەژادی کورد و سەرەتای پەیدابوون و ناودەرکردنی) لەلایەن گیوی موکریانی بڵاوکراوەتەوە، باس لە بنەچە و ڕەچەڵەکی نەتەوەی کورد دەکات و دەڵێ:((بە پێی هەموو بەڵگەیەکی مێژوویی نەژادی کورد ئاری یە و نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، هێندێك مێژوونووسان لایان وایە، کە لە نەژادی هیند و ئەورووپایی یەو چەند هەزار ساڵێك لە پێش میلادی دا هاتونەتە ئەم خاکەی کە ئەمڕۆکە کوردستانی پێ دەڵێن هێندێکیش دەڵێن لە باکور

---

١- مێژوو، کمال مەزهەر ئەحمەد ،مطابع دار افاق العربیة،بغداد،١٩٨٣، ل١٣٣ .

(شمال) و یا لە باشوور (جنوب)ی دەریای بالتیکەوە هاتوون و چەند کەسێکی تریش دەڵێن لەلای ئاسیای مرکزیەوە هاتوون، پڕۆفیسۆر (مینورسکی) دەڵێ دورنیە کەلەلای ڕۆژهەڵات یانی (ئێرانی ئەمڕۆکەوە) بۆ لای ڕۆژئاوا یانی(کوردستانی ئەمڕۆ) هاتبن. مێژووی نەژادی کوردی لەهی کلدانی وئاشوری و پێشدادی زۆر کۆنترە چونکو ئاسارو بەڵگەو شوێنەوارە ئاشکراکان نیشانمان دەدات کەچەند خێڵێك لەهۆزەکانی کوردی وەکو(لـۆلـۆ)، (گوتی)، (کاسی)، (هۆری)، بن زنجیرەی زاگرۆس دادەمەزرێنن لەگەڵ نەتەوەی (شومیر)و( ئاکاد) و(عیلام) هاوڕۆژگاربوون و لەداستان و چیرۆك و شەڕدا باسیان هەیە کەئەو دەمی لە( کەلدە) و(ئاشور) هیچ ناوێك نەبووە)) (ژ:١٤٧، ل١٩). گیوی موکریانی وتارێکی تری بەناوی (نەژادی ساسانیان کورد بوون و فارس نەبوون) لە (ژ:١٣٤ – ١٤٢) بڵاوکردۆتەوە، بە بەڵگە ئەوەی سەلماندووە ساسانیەکان کوردن نەك فارس.

دیارە زۆر کەس ولایەن هەن کە دژ بە نەتەوەی کوردن، هەندێك جار باس لەوە دەکەن، ئەم خاکەی نەتەوەی کوردی لەسەردەژی کەناوی(کوردستان)ەلەسەرەتادا شوێنی نیشتەجێبوونی کوردان نەبووە. لەم بارەیەوە وتارێکی مێژوویی بەناوی(کوردانی زوو) لەلایەن (محمد فیدا) بڵاوکراوەتەوە، لە بەشێکی دەڵێ:((کورد هۆزێکی لە مێژوودا کۆنە بە هەزاران ساڵ لەپێش لە دایك بوونی حەزرەتی عیساوە لەم کوردستانەدا کە هەر بەناوی خۆیانەوە ناونراوە ژیاون دوژمنیان لەسەر ئەم خاکە ڕاوناوە وە خۆیان لەسەر بە کوشت داوە لە هەموو مووسمێکدا توانیویانە خۆیان بەسەر هەموو جۆرە دژواری و کۆسپەیەکدا زاڵ بکەن)) (ژ:١٧٧، ل١) .

سەبارەت بە مێژووی نوێی کورد ئەوا وتارێك بەناوی(مێژووی ئاڵای کۆماری کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن (عبدالحمید اسماعیل) بڵاوکراوەتەوە، باس لەو ڕۆژە مێژووییەی کورد دەکات، کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی میللەتی کورد ئاڵایەك هەڵکرێ بەناوی ئاڵای کۆماری کوردستان، ئەمەش خەونی هەموو کوردێك بوو، بەڵام ئەم خەونە زوو لە گۆڕ نرا. لە بەشێکی وتارەکە دەڵێ:((ئەو ئاڵایە لە ٢٧-١١-١٩٤٦ی میلادی هەڵکرا و ئەم ڕۆژە کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا و دامەزراندنی کۆماری و کوردستان بوو بە سەرۆکایەتی پێشەوای نازدار و نەمر(قازی محەمەد)کرا بە جێژنەیەکی ڕەسمی لە هەموو کوردستاندا داخەکەم ئەم کۆمارە بەهۆی گێرەشوێنی ئێران و یاریکاری ئیمپریالیزمان لە ٢٧-١١-١٩٤٧ دا لەناوبرا، کە تەنها ساڵێك ژیا و قازی محمد و هاوڕێکانی هەموویان بە سێدارە شەهیدکران)) (ژ:١٨١، ل٤٢).

لە ڕووپەڕی گۆڤارەکە بابەتی وەرگێڕدراویش سەبارەت بە مێژووی کورد بەرچاو دەکەویٚ وتارێك لەژێر ناوی (بەبۆنەی بیرەوەری پازدە ساڵەی کۆماری مەهاباد) لەلایەن (ا.کی.روزفلت) نووسراوە، لە گۆڤاری (میدل ایست) بڵاوکراوەتەوە، (مەجید عومەر) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە(ژ: ١٧٢-١٧٣-١٧٤-١٧٥) بڵاوکراوەتەوە، لە بەشێکی وتارەکە دەڵیٚ:((ئەو خەونەی نەتەوەی کورد کە هەیبوو بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی سەربەخۆ لە کوردستانی دا بە بچووکی هاتەجیٚ لە کوردستانی ئێران .... دامەزراندنی ئەم کۆمارە و مێژووی کورتی وە لەناکاو ڕوخانی یەکێکە لە ڕووداوەکانی مێژووی نوێی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا)) (ژ:١٧٢ ، ل٢٦).

دەربارەی بابەتی تریش پەیوەست بە مێژووی کورد، زۆر وتاری مێژووی بڵاوکراوەتەوە وەکو (مێژووی چاپخانەی کوردستان، جەژنی نەتەوەی کورد (نەورۆز)، ئاڤێستا، شاری کەرکوك، هەولێر، مێژووی بەر لە دایکبوونی حەزرەتی عیسی، کارەساتی بارزانیەکان، مێژووی نەژاد و ڕەچەڵەکی کورد) .

# وتـــاری زمـــانـــی

له سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەگەڵ بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی، نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد لەژێر کاریگەری ئەو هەل ومەرجەی بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری قۆناغەکە دروستی کرد، دەستیان کرد بە گرنگی دان بە زمانی کوردی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان((هەرلە یەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە، بایەخێکی ئاشکرا و بەنرخ بە بوژانەوەی زمانی کوردی دراوە))[1]. زمان وەکو ئامانجێکی گرنگ لەلایەن ڕۆژنامەگەری کوردی کاری لەسەرکراوە، بۆیە((تا ڕادەیەکی زۆر زمانی کوردیی ئەمڕۆ قەرزاربارى ڕۆژنامەنووسییە، کەتوانیویەتی نیمچە زمانێکی کوردیی ستاندارد لەکوردستانی باشوور بێنێتە کایەوە))[2]، هەروەها گەورەترین کێشەی زمانی کوردی نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی ستاندەرە. ئەمەش سەرنجی ڕۆشنبیرانی کوردی ڕاکێشاوە، لە ڕێگەی نووسینی وتارەکانیان هەوڵیانداوە بۆ پێکەوەنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردی.

گۆڤاری (هەتـاو)یش لەناو لەناو لاپەڕەکانی خۆیدا زۆر وتاری گرنگی لەسەر زمانی کوردی و ڕێنووسی کوردی و ڕێزمان و مێژووی زمانی کوردی بڵاوکرۆدتەوە، کە ژمارەیان (١٠٥) وتارە، هەوڵیداوە بۆ ساغکردنەوە و بژارکردن و پوختە کردنی زمانی کوردی، هەروەها هەوڵیداوە زمانێکی یەکگرتوو بۆ خوێندن و نووسین پەیدا بکات. ئەمەش بە لێك نزیکردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەبێت. دیارە ئەو بایەخ پێدانەی گۆڤارەکە بۆ خودی خاوەنی گۆڤارەکە (گیوی موکریانی) دەگەڕێتەوە، کە خۆی کەسێکی زمانزان و شارەزا بووە لە زمانی کوردی و فەرهەنگسازی دا، هەروەها کاریگەریی هەستی نەتەوایەتی وای لە گیوی موکریانی کردبوو، گرنگییەکی زۆر بە زمانی کوردی بدات و هانی ڕۆشنبیر و نووسەرانی تری کورد بدات، کە وتار لەبارەی زمانی کوردی بنووسن و گرنگی بەم پرسە نەتەوەییە بدەن .

گیوی موکریانی لە وتارێکی بەناوی(یەکێتی زمان فەرمانێکە لەسەر شان و ملی هەمووانە)دا دەڵێ:((هەر کەسێ ئارەزوو بکات کە زمانەکەی دەوڵەمەند بێت و ساردی لە نێوانی دا نەمێنێت و یا لاوێکی بادینی کە بیەوێ نووسراوێکی برادەرێکی سەردەشتی بەبێ گرێ و گۆڵ بخوێنێتەوە لە پێش هەموو شتێکی دا پێویستە کە بۆ یەکێتی زمانی کوردی هەوڵ بدرێت))(ژ:١، ل١٤).

---

١- دەوری ڕۆژنامەگەری کوردی لەژیانی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی گەلی کورد دا، مەحموود زامدار، ل٢٣٦.

٢- زمانی ڕۆژنامەنووسی کوردی دوای ڕاپەڕین ١٩٩١-١٩٩٩، د.هیمداد حسین بکر، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی،ژ(٦-٧) ساڵی دووەم،٢٠١٠، ل٣٩.

دیارە بابەتی یەکێتی زمانی کوردی بووە بە پڕۆژەیەکی گرنگ لە گۆڤاری هەتاودا و کاری زۆری لەسەر کراوە، گۆڤارەکەش داوای کردووە بە شێوەی تکاکردن، کە خوێنەرەکانی بەشدار بن لەم پڕۆژەیە و هەر کەسە بەبیر و بۆچوونی خۆی بەشداری بکات، مەبەست لەم پڕۆژەیەش دروست کردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بووە بۆ خوێندن و نووسین. لەم بارەیەوە لە گۆڤارەکەدا هاتووە((تکایە کە هەموو خوێندەوارێکی نیشتمان پەروەر لە بابەت یەکێتی زمانی کوردی یەوە بیروباوەڕی خۆیمان بۆ بنووسیێ)) (ژ:١٧، ل٤) .

هەر بۆیە دەبینین بەشێك لە ڕۆشنبیران و شارەزایانی بواری زمانی کوردی بە وتاری زمانی بەشدارییان کردووە و لەم قۆناغەدا گۆڤاری هەتاو بۆتە مەیدانی بیروڕای جیاواز لەسەر زمان و بەبۆچوونی جیا قسە لەسەر زمانی کوردی کراوە. ئەو وتارانەی بەناوی (یەکێتی زمانی کوردی) لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە گەیشتۆتە (٤٥) وتـــار.

لەبارەی یەکێتی زمانی کوردی، گیوی موکریانی وتارێکی بڵاوکرۆدتەوە، بیروڕای خۆی دەربڕیووە، پێشنیازی کردووە، کە وشەی هەموو دیالێکتە کوردیەکان تێکەڵ بکرێن بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتووی کوردی دروست بێت. لە بەشێکی وتارەکەی دەڵێ:((مەبەست لە یەکێتی زمانی کوردی ئەمەیە کە پێویستە نووسینمان بە چەشنێك بێ کە کوردێکی دیاربەکر بتوانێ نووسراوی برایەکی لوڕی خۆی بخوێنێتەوە و کوردێکی هەورامی لە نووسراوی کوردێکی شوان و زێلی و سورچی بگات. ئەوەش بەتێکەڵاوکردنی وشەی هەموو شار و خێڵات و هۆز و تیرەکانی کوردستان نەبێ پێك نایە نەك هەر وشەکانیان تێکەڵاوکرێن و بەس بەڵکو دەستووری صرف و نحویشیان کۆبکرێتەوە بەوهۆیەوە زمانەکەمان پان و پۆڕ وفراوان ودەوڵەمەند دەبی))(ژ:٧٧،ل١).

(مەعروف خەزنەدار) وتارێکی بەناوی (لیسی کوێری) بڵاوکردۆتەوە، ئەو وتارەش لە وەڵامی نووسینێکی دکتۆر تاهیر بەهجەت مەریوانی بەناوی (زمان ونووسینی کوردی) نووسراوە، کە لە(ژ:٤٠، ل١) دەربارەی کێشەکانی زمانی کوردی لە گۆڤاری هەتاو بڵاو کراوەتەوە. هاوکات لەگەڵ وەڵامدانەوەی ئەم وتارە ئەوەی خستۆتە ڕوو ناکرێ هەر کەسە بەدیالێکتێك بنووسێ، دەبێ پابەندی یەك زمانی نووسین بن، بەڵام دەکرێ هەر کەسە بە دیالێکتی خۆی قسە بکات لە بەشێکی وتارەکە دەڵێ:((دیارە تا ئێستاش فەرق لە بەینی شێوەی زمانی قسەکردن و نووسین نازانی چیە؟ لە هەموو زمانەکانی جیهانا بۆ نووسین یەك زمان هەیە، بەڵام بۆ قسەکردن گەلێك شێوە هەیە، من نەمدیوە کتێبی ئینگلیزی بە سێ چوار شێوە بنووسرێتەوە تاکو ئێمەش هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی زمانەکەمان ببێتە چەند زمانێکی جیاواز و بە تەواوەتی شەق و پەق ببین)) (ژ:٤٢ ، ل٣).

دەربارەی مێژووی زمانی کوردی و خۆڕاگری زمانی کوردی بەرامبەر ئەو هەموو ڕووداوانەی بەسەر نەتەوەی کورد هاتووە، بەڵام زمانی کوردی هەر بە زیندوویی ماوەتەوە، (شوان) ناوێك وتارێکی لەژێر ناوی (زمان و شێوە) بڵاوکردۆدتەوە لە بەشێکی دەڵێ:((زمانێکە نزیکەی هەزار ساڵێکە بەتەواوی پێی نەنووسراوەتەوە پاش نەمانی قەوارە(کەیان)ی کوردی لە زەمانی ماد و ساسانەکان. وە لەو کاتەوە تێکەڵ بووە بە زمانی بێگانە وەکو زمانی فارسی و عەرەبی وا ئیتر سەرەڕای ئەوەش هەر ماوە و نەتواوەتەوە))(ژ:١٨٣، ل٧).

(محەمەد میهری) لە شاری (ئەستەنبۆلی) تورکیا ژیاوە، وتارێکی درێژی لە ژێر ناوی (زمانی کوردی یەك جۆرە شێوە "لهجە" کانی زۆرە) لە (٢٣) ژمارەی گۆڤارەکە بڵاوکردۆتەوە، کە لە ژمارە (٤٧) تا ژمارە (٧٤) بەردەوام بووە، میهری وەکو کەسێکی شارەزا لە بواری مێژوو و زمانیدا، باسی لە مێژووی کورد و زمانی کوردی و بنچینە و ڕەچەڵەکی زمانی کوردی کردووە، چەندین لایەنی شاراوەی گرنگی زمانی کوردی ڕوون کردۆتەوە.

لەلایەکی تر بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد فێری ئەلف و بێی لاتینی بن گۆڤاری هەتاو چەندین وتاری لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی پیتەکانی ڕوون کردۆتەوە بە نموونەوە، لەم بارەوە گۆڤارەکە دەڵێ :((هەروەکو چەندین ساڵ خۆتان بە فێربوونی زمانی فارسی و ئینگلیزی و بیانیان خەریك دەکەن، ئەگەر تەنها مانگێکیش خەریکی فێربوونی ئیستلاحاتی برا کوردەکانی شمال بین کە کەلکێکی زۆری نەتەوایەتی تێدایە))(ژ:٩، ل٢). بۆ لەیەکتر نزیك کردنەوەی هەردوو دیالێکتە سەرەکیەکەی زمانی کوردی و خوێنەرانی هەردوو دیالێکتەکە لە وشەی یەکتر بگەن. گۆڤارەکە چەند لیستێکی وەکو فەرهەنگ بڵاوکردۆتەوە. بۆ نموونە ئەم لیستەی دروست کردووە:

| باکووری | سۆرانی |
|---|---|
| ((سبەهی | سبەینێ |
| ئەڤرۆ | ئەمڕۆ |
| هەیڤ | مانگ |
| زۆزان | کوێستان |
| زارۆك | منداڵ |
| گوهدار | گوێگر |
| رابە | هەستە |
| مەزن | گەورە |
| ساڤا | ساوا ))(ژ:٨، ل٣). |

(مەجید عومەر)ی ئەندازیار وتارێکی بەناوی (زمانی کوردی لە کاروباری ڕەسمی کوردستانی عێراقدا) بڵاوکردۆتەوە، بابەتێکی گرنگی وروژاندووە، ئەویش بریتیە لە بەکارهێنانی زمانی کارگێڕی و دام و دەزگاکانی دەوڵەت. هەرچەندە لە سەردەمی پاشایەتی کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) بڕیاری دابوو، زمانی کوردی لە ناوچەکانی کوردستانی عیراقدا لە دام و دەزگاکان و کاروباری ڕەسمی و قوتابخانەکان وەك زمانێکی فەرمی بەکاربهێنرێت، بەڵام بڕیارەکە فەرامۆش کراوە و بە تەواوەتی جێ بەجێ نەکراوە.

نووسەر لە وتارەکەی لە پاڵ ئەوەی بەرپرسانی دەوڵەتی عێراق بە کەمتەرخەم دەزانیٚ، لە هەمان کاتیش دا هەندیٚ بەرپرسانی کورد لەناو دەوڵەت بە هۆکار دەزانیٚ لەم بارەیەوە دەڵیٚ: ((هێندیٚ لە کاربەدەستانی کورد لە مەئمووڕە گەورەکان لەبەر ساویلکەیی و یا لەبۆ کەشخەلێدان کە گوایا عەرەبی چاك دەزانی و ئنشایان بەهێزە وەیان بە هەڵەچوون کە گوایا زمان ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لەبەر ئەوە فەرق نیە بە کوردی یان بە عارەبی بدویٚ و بنووسی مادام تیٚ ئەگەی ئەمانە هەموو بە تێکڕایی بوونە هۆی دواخستن و بەکارنەهێنانی زمانی کوردی بەتایبەتی لەدام و دەزگاکاندا)).

دواتر بەردەوام دەبێت و پاڵپشتی ئەوە دەکات، کە تاکی کورد گرنگە زمانی تر بە تایبەتی عەرەبی بزانیٚ، جگە لە زمانی کوردی، بەڵام نابێت زمانی خۆی فەرامۆش بکات دەڵیٚ: ((پێویستیەکی زۆر گرنگە لەسەر شانی کورد بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق دا کە ئەم زمانە زۆر چاك بزانین ... بێجگە لەمەش پێویستە کە مرۆۋ دوو سیٚ زمان بزانیٚ بەڵام پێویستە هەر نەتەوەیەك واز لە بنچینەی وێژە و هونەر و نووسینی خۆی نەهێنیٚ بەڵکو نابیٚ واز لە یەك لەو مەرجانە بهێنی کە نەتەوە دروست ئەکا))(ژ:١٦٨، ل٧) .

(گیوی موکریان)یش پێی وایە سەردەمی پاشایەتی لەگەڵ ئەو هەموو دوژمنایەتیەی لەگەڵ کورد، باشتربووە لە ڕووی نووسین بەکوردی لەشارەوانی هەولێر، بەڵام ئێستا گوایە نەتەوەی کوردو عەرەب لەسەردەمی کۆماری برا هاوبەشن و کورد بەڕەسمی دانی پێدانراوە، بەڵام زمانی کوردی بەتەواوی لەشارەوانی هەولێر فەرامۆشکراوە، لەم بارەیەوە دەڵێت:((لەسەردەمی نوری سەعیدی گۆڕ بەگۆڕی خوێنڕێژی دوژمنی نەتەوەی کورددا جارە جارە نووسینی شارەوانی بەزمانی کوردی بوو کەچی ئێستا کەدەوری بەختیاری و کامەرانی نەتەوەی کوردو عەرەبەو کوردو عەرەب لەم کۆمارەدا هاوبەشن و برابەشن بەجارێکی زمانی کوردی لەشارەوانی هەولێریٚ دا فەرامۆش کراوە ڕەنگە لەبەر پرئیشی نەپەڕژابنە سەر ئەو بابەتە))(ژ:١٦٨،ل١٨).

(جەمال نەبەز)یش وتارێکی نووسیوە بەناوی (سەیرە لەکوێیە.....)لە(ژ:٦٣،٦٤) بڵاوکراوەتەوە، باس لەگرنگی نەدان بەزمانی کوردی دەکات لەلایەن کورد خۆیەوە، بۆ نموونە لەنووسینی تابلۆی سەر دوکان و کۆگاکانیان گرنگی بەکوردی نادەن و زیاتر بەزمانی بیانی ناونیشانەکانیان دەنووسن، ئەم دیاردەیەش لەسەردەمی ئێستاشمان دا بوونی هەیە، خەڵکانێك بۆ نووسینی تابلۆی دوکان و کۆگاکانیان تا ڕادەیەکی زۆر زمانی کوردی فەرامۆش دەکەن. نووسەر ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر کەسێکی کورد لەیەکێك لە شەقامەکانی شارێکی کوردستان بسوڕێتەوە، توشی سەرسوڕمان دەبێت، کەدەبینێت زۆربەی تابلۆکان بە زمانی بیانی نووسراون. لەم بارەیەوە لەبەشێکی وتـــارەکەی دەڵـێ:(( هەرئەمەندە تەماشای دەوروبەری خۆی کرد سێ و دووی لێناکا ئەڵێ هەبێ و نەبێ من لەووڵاتێکی بێگانەدا ئەژیم، چونکە یەکەم شت کە بەرچاوی ئەکەوێ ئەوەیە هەرچی چاخانەو کۆگاو دوکانە گەورەکان هەیە سەرتاپا خوار لەجیاتی زمانی کوردی بە عەرەبی نووسراون.....لەسەرویشەوە بەخەتی گەورەو بۆیەی هەمەچەشنە بە زمانی ئینگلیزی ڕازێنراوەتەوە)) (ژ: ٦٤،ل٦).

# وتـــاری زانستـــی

لەم جۆرە وتارە بابەتێکی زانستی دەبێتە هەوێنی وەکو بابەتی پزیشکی یان هەر زانستێکی تر. وتارنووس هەوڵ دەدات باسەکە بە زمانێکی دوور لە هەست و سۆز ڕوون بکاتەوە و بە خوێنەرانی ئاشنا بکات. سەبارەت بە وتاری زانستی لە گۆڤاری هەتاودا ژمارەی وتارەکانی(٩٨) وتارە، بەشی زۆری وتارەکانی دەربارەی بابەتی پزیشکییە، جگە لەنەخۆشییە جەستییەکان باس لەنەخۆشییە دەروونییەکانیش کراوە، کە لەمبارەیەوە نوێترین زانیاری بەخوێنەری کورد دراوە، کە زۆربەی وتـــارە پزیشکییەکان لەلایەن(دکتۆر تاهیر بەهجەت مەریوانی ١٩٠٥- ١٩٧١)[١] نووسراون.

هەروەها(گیوی موکریانی)لە(ژ:١،٢،٣،٤،٥،٩،١٠،١١،١٢)وتـــارێکی زانستـــی بەنـــاوی (وێنەگرێتی) بڵاوکردۆتەوە، لە ڕووی زانستیەوە باس لەم بابەتە دەکات، چونکە خۆی شارەزایی لەم بابەتە هەبووە و دەڵێ:((لەبەر ئەوەی کە هەموو پیشە و زانیاریەك ڕۆژ بە ڕۆژ لە پێشکەوتن دایە بە تایبەتی پیشەی وێنەگرێتی بەهۆی کشفیات و ئیختراعاتی تازەوە وەکو بروسکە بۆ پێشەوە دەڕوا دەمەوێ بە زنجیرە پارچە پارچە لەم ژمارەیەوە لەناو هەتاوی دا پەخش بکەم تا هەوسکارە داخوازەکانی ئەو پیشەیەی بە زمانی خۆیان ڕابەرێکی پوخت و ڕێکی وێنەگەریتیان وەدەست بکەوێ))(ژ:١، ل١٥).

بەشی زۆری وتـــارە زانستییەکانی گۆڤاری هەتاو بابەتی پزیشکین، زۆربەی وتارەکان لەلایەن دکتۆر (تاهیر بەهجەت مەریوانی) لە ویلایەتی (شیکاگۆی) ئەمریکا نێردراون بۆ گۆڤاری هەتاو، وتارێکی دەربارەی (خوێن گرتن "کەلەشاخ" ) بڵاوکردۆتەوە، لە ڕووی پزیشکی ڕوونی کردۆتەوە (خوێن گرتن)چی یە و بۆ چ کەسێك پێویستە ئەنجامی بدات، لە بەشێکی دەڵێ:((ئاوی کانی و سەوزی زۆر بۆ خواردن و ئۆکسجین زۆر خوێنی خەست شل دەکاتەوە ئەمە لەش دێنێتە خوروو هەندێ کەس وا دەزانێ کە ئەمە هۆی خوێن پیسییە. تۆ ئەو خوێنە بە نرخەت لە کیس خۆت مەدە، خوێن گرتن چاك نیە، خوێن گرتن بۆ ئەوانە باشە کە نەخۆشی خوێن زۆر

---

١- دکتۆر تاهیر بەهجەت مەریوانی١٩٠٥-١٩٧١ ، جگە لەبواری پزیشکی و زانستی، شارەزایی لەبواری زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی هەبووە، لەمبارەیەوە چەندین وتاری لە گۆڤاری هەتاودا بڵاوکردۆتەوە، لەوانەش:
أ-زمان و نووسینی کوردی، ژ(٤٠)، ل١، ب- نەورۆز،ژ(١٧٣)، ل٩، ج-مەیەڵە مێشکت ژەنگ بێنیێ،ژ(٧٠)، ل١.
هەروەها لەگەڵ مستەفا سائیب کوردی(١٩٠٤-١٩٨٠)لەساڵانی سییەکان چاپخانەیان دامەزراندووەو ژمارەیەك کتێبە کوردیان چاپ کردووە. نامەنووسینی ئەدەبی کوردی،جزمی یەکەم، کەمال ڕەئووف محەمەد(بابی لالۆ)،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٤،ل١١٢.

(policyhtmia))یان هەیە ئەم نەخۆشیە بەهۆی زۆری خرۆکە سورەوەیە لە خوێندا کەسێکی ئەم نەخۆشیەی بی هەفتەی جاریٚ یان ڕۆژیٚ جارێکی دەبی خوێن بگری)) (ژ:١٧، ل٥). بەم جۆرە هۆی نەخۆشیەکە و چارەسەری بە زمانێکی پوخت و پاراوی کوردی خستۆتە ڕوو. جگە لەوەی ئەم دکتۆرە، کە باسی چەندان نەخۆشی کردووە، چەندین بابەتی تریشی لە ڕووی زانستی باس کردووە لەوانە (ئاو، خەو وخەون دیتن، هەنگوهەنگوین، زەوی بەیار، خواردنی منالٚ ، توتن، وەرزە (ژیمناستیك)، نەخۆشی دەروونی). هەروەها کەسێکی تر بەناو (دکتۆر علی مردان) بابەتی پزیشکی بلاٚوکردۆتەوە، گیوی موکریانیش بابەتێکی پەیوەست بە نەخۆشی (سیل)لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە (ژ:٣٩ – ٤٨) بلاٚوی کردۆتەوە.

(ڕۆستەم زەنگەنە)ش بابەتێکی ئەستێرەناسی دەربارەی هەتــاو(خـۆر)لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە(ژ:١١–١٨)بە زنجیرە بلاٚوی کردۆتەوە، ئەم بابەتە زانستییەش بۆ سەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە شتێکی تازە و بەچێژ و سەرنج ڕاکێش بووە. لە بەشێکی دەلٚیٚ:((ئەستێرەناسی زانیاریەکی یەکجار خۆش و شیرینە، ڕەنگە هیچ زانیاریەك لە شیرینی و دلٚگیری دا بە پایەی وی نەگات، سەرەڕای ئەوەش ئەستێرەناسی مرۆی لەگەلٚ دونیایەکی یەکجار زل و بیٚ پایان ڕووبەڕوو دەکات ئەو حەلە پیاو بە گەورەیی دونیا پەی دەبات))(ژ:١١، ل٢)، لە بەشێکی تری وتارەکە دەربارەی خۆر دەلٚیٚ :((کاتێکی کە ئێمە ئەم گۆیە تروسکەدارە لە ئاسمانی ولاٚتی خۆمان دادەبینین ڕۆژی پیٚ دەلٚێن و پتر خەریکی کاروباری خۆمان دەبین بەلاٚن کاتێکی لەبەرچاومان ون دەبی و خامۆشی ولاٚتی دادەگری: شەوی پیٚ دەلٚێن. ناوی ئەو گۆیە تروسکەدارە زێڕینە "هەتــاو"ە ))(ژ:١٣، ل١)، بەهۆی نووسینی ئەم وتارە زانستییانە وشەو زاراوەی نویٚ هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەمەش بۆتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی.

## وتـــاری ئەدەبـــی و هونـــەری

وتاری ئەدەبی و هونەری :ئەو نووسینانە دەگرێتەوە کە لە بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری دەدوێ، نووسەر هەوڵ دەدات بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری بخاتەڕوو، لەناو دوو توێی لاپەڕەکانی گۆڤاری هەتاو (٢٣)وتـــاری ئەدەبی و هونەری بلاْوکراونەتەوە، هەرچەندە جۆری ئەم وتارە ژمارەیان کەمترە لەچاو وتارەکانی تر، بەلاْم چونکە بابەتەکانی سەردەمی بووینە بۆ ئەوکات سوودیان هەبووە بۆ خوێنەران.

وتارێك بەناوی (ئۆپێرا) لەلایەن (هۆمەر دزەیی) بلاْوکراوەتەوە. باس لەم هونەرە دەکات، ئەم بابەتەش بۆ ئەو سەردەمە شتێکی سەرنج ڕاکێش و تازە و بەسوود بووە لە بەشێکی دەڵێ: ((ئۆپێرا جۆرە مۆزیقەیەکی گۆرانی شانۆیی یە، لە پەردەیەك یان پتر پێك دێت، قسەکردنی نوێنەرەکان لە ئۆپێرادا هۆنراوە بە گۆرانی دەڵێن. ئۆرکێستراش هەڵئەسێ بە هەروەزی تیپی گۆرانی بە لێدانی ئەو موزیقەیەی کە بۆ ئۆپەراکە دانراوە و ئەبێ بزانین کە مۆزیقە لە ئۆپەرادا جێگەی هەرەبەرزی هەیە بۆیەش دایم ئۆپەراکان بەناوی دانەری مۆزیقاکەیانەوە ئەوترێن نەك ناوی نووسەری ئۆپەراکە))(ژ:٤٥، ل١١) .

(مەعروف خەزنەدار)یش لەوتارێکیدا بەنـاوی(گۆرانـــی و مۆسیقـــای کـــوردی)چەند سەرنجێکی خۆی خستۆتەڕوو. لە بەشێکی دەڵێ:(( مۆسیقای کوردی هەستی لەشاخ و سەرچاوە بەرز وخۆشەکانی کوردستان وەرگرتووە، لەشۆخە نازەنینەکانی وەرگرتووە، لەژیانی کۆمەلاْیەتی نەتەوەی کوردی وەرگرتوە. ئەگەر بێینە سەر گۆرانی خۆ کورد گەلێك دەوڵەمەندە چونکو شیعری زۆرە، بەتایبەتی شیعری گۆرانی، باوەڕناکەم هیچ شاعیرێکی کورد شیعری گۆرانی نەوتبی بەڵکو لام وایە هەموو هەڵبەستێکی کورد بۆ گۆرانی ئەبێ بەشێوەیەکی گشتی) (ژ:٢١، ل٧).

(مەغدید) بابەتێکی وروژاندووە لەژێر ناوی (هونەر چیە)، بە زمانێکی پاراو و پەتی کوردی و باسی لە هونەر و هونەرمەند کردووە. لەم بارەیەوە بیر و بۆچوونی خۆی بە ڕوونی دەربڕیووە، ئەوەشی خستۆتەڕوو چ شتێك بەلای نووسەرەوە هونەرە. دەڵێ:((هونەرمەند تەنها هەست نیە ئەگەر نا هەموومان دەبوینە هونەرمەند، تەنها ئاوێنەی دەروونی هونەرمەندیش نیە ئەگەر نا زۆر کەس هەیە بە چاکی ئەتوانێ (خیال)ی خۆی بخاتە سەر قاقەز، بەڵکو هونەر فرمێسك و پێکەنینی میللەتانە هونەرمەند لە پێناوی ئاشتی و دیموکراسی و گۆڕان و چوونە پێشدا ئەیکا بە هۆنراوە و مۆسیقا و گۆرانی))(ژ:١٦٢، ل١٠) .

نووسەرێکی تر بەناوی (صلاح) وتارێکی بەناوی (ژیان و وێژە) بڵاوکردۆتەوە، باس لە پەیوەندی ئەدەب بە ژیانی مرۆڤ دەکات، کە ئەم بابەتە زۆر بۆتە مشتومڕی نێوان نووسەران لەم بارەیەوە نووسەران بیروڕای جیاوازیان دەربڕیووە، بێ گومان ئەمەش پەیوەندیی بە ئایدۆلۆژیای نووسەرەکانەوە هەیە. بۆیە ئەم بابەتە پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە لە ڕۆژنامەنووسی کوردی دا و، لە بەشێکی دەڵێ:((ژیان پێویستێکی گەلێ زۆری هەیە بە وێژە، ژیان و وێژە یەك شتن و لە یەکتر جیا نابنەوە .... نەتەوەی کورد ئیمڕۆ پێویستی بە وێژەیەك هەیە کە خزمەتی زوبان و ژیانی نەتەوەکەی بکات، دیسانەوە وێژەیەك پێویستە کە هەڵگری مەشخەڵی ڕێگای ڕووناکی و پێشکەوتن بێت و وێژەیەك بێ کە لەگەڵ ژیانی ئیمڕۆماندا بگونجێ))(ژ:١٤٣، ل١٨).

هەر سەبارەت بەم بابەتە (محەڕەم محەمەد ئەمین) وتارێکی بەناوی (پەیام "رسالە"ی وێژەوانی کورد) بڵاوکردۆتەوە، بە زمانێکی پەتی و پڕ لە هەست بەرگری لەو ڕایە دەکات، کە ئەدەب بە ژیان دەبەستێتەوە و ژیان بە سەرچاوەی ئەدەب دادەنێ، لە بەشێکی وتارەکەی دەڵێ: ((ژیان و وێژە یەك شتە بە هیچ جۆرێك لە یەك جیاکردنەوەی دروست نیە و ئەوانەی بە پێچەوانەی ئەمە ئەڵێن وێژە شتێکە ژیان شتێکی کەیە زۆر بە هەڵەچوون ..... وێژەوانی هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەوەیە کەرەسەکانی هونەری لەو ژیانە هەڵبهێنجێ کە هەستی پێ ئەکا و کاری لێ ئەکا وە لە وێژەیەکی زیندوودا پێشکەشی بکا بە جۆرێك ژیان سەرچاوەی هونەرەکەی ئلهامی بیت، خیاڵ کردنەوە بۆ هەست و هۆش و بیری هەمووی لە دەریای ژیان هەڵ بقوڵێ و برژێتە ناو ئەو ...))(ژ:٩٥، ل١٣) .

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەردەکەوێت، گۆڤاری هەتــاو ژمارەیەکی زۆری وتــاری بڵاوکردۆتەوە، ئەگەرچی خاوەنی گۆڤارەکە پێش شۆڕشی چواردەی تەممووز خۆی پاراستبوو لە بڵاوکردنەوەی وتاری سیاسی، بەڵام دوای ئەم شۆڕشە بارودۆخێکی نوێ هاتە کایەوە، جۆرێك لە ئازادی بۆ نووسین فەراهەم بوو، بۆیە دەبینین وتارێکی زۆری سیاسی لەم گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە، کە پەیوەندییان بە بەبارودۆخی سیاسی جیهان و عێراق بەگشتی کوردستان بەتایبەتی هەیە.

لەلایەکی تر ئەگەر چاو بخشێنین بەزۆربەی زۆری وتارەکانی تر، دەبینین سیمای نیشتمان پەروەری وهەوڵدان بۆ خزمەت کردنی نەتەوەی کورد لەهەموو لایەنێکەوە بەوتارەکانەوە ڕەنگی داوتەوە. ئەمەش بۆ ئەو بارودۆخەی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە، کەتیایدا ژیاوە، وتارەکان لەژێر کاریگەری ئەم بارودۆخەی کورد بەدەرنەبوونە. تاڕادەیەکی باش بەشی زۆری وتارەکان بە زمانێکی کوردی پەتی ڕەوان و پوخت و بێ گرێ ودوور لە ئاڵۆزی نووسراون، بە شێوەیەکی چاك

سەرکەوتووانە داڕێژراون. نووسەرەکان هەوڵیان داوە وشەی کوردی ڕەسەن بەکاربێنن و ڕستەکان بەجوانی دابڕێژن، هەروەها تا ڕادەیەکی باش پەیڕەوی مەرجەکانی وتار نووسین کراوە، لە ڕووی دەستپێکردن و چوونە ناو بابەت وناوەڕۆك و کۆتایی و لەگەڵ گونجاندنی ناونیشانی وتـــار لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی.

بە شێوەیەکی گشتی لە گۆڤاری (هەتــاو)هەست بەئاستی پێشکەوتنی وتــار دەکریٚ، وتارەکان ڕێکوپێکیان پێوە دیارە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆربەی وتــار نووسەکان ئەو نووسەر و شاعیر و ئەدەب دۆستانەبوون، کە لەو سەردەمەدا لە ڕۆشنبیرە چالاکەکانی کورد بوون، ئەمەش بووەتە هۆی بەرەو پێشچوون و گەشەکردن و دەوڵەمەندبوونی ژانری وتـــار لەناو ئەدەبی کوردیدا.

## تەوەرەی دووەم /

### ڕەخنــە و لێکۆڵینـــەوە لەگۆڤـــاری هەتـــاودا

ڕەخنەی ئەدەبی بۆمەبەستی هەڵسەنگاندن وشیکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی سەری هەڵداوە((واتا شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و دەرخستنی ڕەگەز و هونەرەکانی تێکستی ئەدەبی، نیشاندانی لایەنی جوانی و ناشیرینی ئەو تێکستە، پاشان حوکمدان و هەڵسەنگاندنی بەپێی ئاستی داهێنان و بەهای هونەری تێکستەکە))[1].

لەناو ئەدەبی کوردیدا ڕەخنەی ئەدەبی درەنگ سەری هەڵداوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەگەر چی سەرەتا و بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە شیعری هەندێ شاعیرانی کۆنی کورد بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لەوانە (خانی، نالی، حاجی قادری کۆیی)، کە بەلای هەڵسەنگاندن و ستایش و پیاهەڵدانی شیعرەکانی خۆیاندا چوون.

یەکەمین کتێبیش دەربارەی ئەم بابەتە نووسرابێت (ئەنجوومەنی ئەدیبان)[2] ی ئەمین فەیزییە، کە لە ساڵێ (١٩٢٠) لە (ئەستەنبوڵ) چاپ کراوە، بەیەکەم بەرهەمی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی دادەنرێت، کە بەکورتی باس لەژیان و بەرهەمی هەندێ شاعیری کورد دەکات. ئەو هەوڵەش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی کوردی. هەروەها ڕۆژنامەنووسی کوردی لە بەرەو پێشچوونی ئەم ژانرەی ئەدەب دەوری سەرەکی هەبووە. بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم لەباوەشی ڕۆژنامەنووسی گەشەی کردوو و بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە بینی. نووسەرانی کورد دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا، زنجیرە وتارێکی (شێخ نوری شێخ ساڵح)کە لە ڕۆژنامەی (ژیان) لەماوەی ساڵی ١٩٢٦-١٩٢٧ بەناوی (ئەدەبیاتی کوردی) بڵاوی کردۆتەوە، بەیەکەم هەوڵی ڕاستەقینەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دادەنرێت[3].

گۆڤاری (هەتــاو)یش وەکو بڵاوکراوەیەکی سەردەمی خۆی تاڕادەیەکی باش گرنگی بەم لایەنەی ئەدەب داوە. هەر چەندە زۆربەی بابەتەکان سادە و پچڕ پچڕ و تێکەڵاو و لابەلا بووینە،

---

١ – فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل٢٥.

٢- ئەنجوومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی بەگ، توێژینەوەی لیژنەی وێژە و کەلەپوور،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣.

٣- ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوکردن، د. کامل حسن عزیز البصیر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣، ل١٣٠.

بەڵام بۆ سەردەمی خۆی بابەتە ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەکان شتی باش بوونە، ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ بەرەو پێش چوونی بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی کوردی.

دوای ئەوەی (مستەفا نەریمان) دیوانێکی شیعری بەناوی (هاواری لاوان) بڵاوکردۆتەوە، نووسەرێك بەناوی(کلۆل)لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (ژین)دا بەشێوەیەکی توند ڕەخنەی ئاراستەی ئەم شاعیرە کردووە، (نەریمان)یش لەگۆڤاری هەتاوی (ژ:٦، ل٤)،(ژ:٧، ل٣)،(ژ:٨، ل١٥) وەڵامی ڕەخنەکانی داوەتەوە، هەر لەوبارەشەوە(گیوی موکریان)ی وتارێکی بەناوی (بیروباوەڕی ئێمەش لەبابەت ڕەخنەسازی یەوە) بڵاوکردۆتەوە.

بەلای گیوی موکریانی پێویستە ڕەخنەگرتن هەبێ بۆ لابردنی هەڵەکان و دەرخستنی ڕاستیەکان، چونکە هیچ شتێك بێ هەڵە نابێت، بەڵام ڕەخنەگرتن نابێت بگاتە ئەوەی، کە هێرش ببرێتە سەرخاوەن نووسینەکە و لەکەسایەتی کەم بکرێتەوە و سوکایەتی پێبکرێ و ناویشی بنێی ڕەخنەگرتن. لە بەشێکی دەڵێ:((بێ شك لەسەرەتاوە هەموو چینێك چەوتی هەردەبێ ئەگەر لەڕووی نەزاکەت و پێشوازی (ئەدەب)ەوە جارجارە بۆ لابردنی چەوتی و دەرخستنی ڕاستی ڕەخنە بگیرێ جێگای خۆیەتی نەوەکو پار نەریمانی بێچارە دەسکە گولێکی بەناوی هاواری لاوان پێشکەشی نیشتمانی کردووە کەچی نیشتمانییەکانیش لەجیاتی تەقدیر لەپارەوە تا ئەمڕۆ خەریکی پەلامار بردنە سەروین و ناویشیان ناوە ڕەخنە بەڕاستی ئەمە کارێکی زۆر شەرم ئاوەر و ئابڕووبەرە ))(ژ:٨، ل١٩).

کێش وەکو بنەماییێکی گرنگی شیعر لەلایەن نووسەرانی کورد زۆر باسی لەبارەکراوە، (قانع) بابەتێکی بەناوی (بەهۆی هەتاوی پرشنگ زێرینەوە بۆ هەموو نووسەرەکانی کوردستان) بڵاوکردۆتەوە ڕەخنە لەو شاعیرە تازانە دەگرێت، گرنگی بەکێشی شیعر نادەن، بەلای (قانع)ەوە شیعر بەکێشەوە شیعرە، هۆکاری گرنگی نەدانی ئەم شاعیرانە بەکێش بۆ نەبوونی توانایان دەگەڕێنێتەوە، کە دانانی کێش بەڕێك وپێکی بەهەموو کەس ناکرێت. دەڵێ:((شیعر کاتێك پێ ی ئەڵێن شیعر کە بی کیشیت لەتەرازووی تەبیعەت دا مویەك زیاد و کەم نەکات... شیعر ئەگەر لەنووسین جیا نەبوایە و قافیە و وەزنی پێویست نەبوایە ناوێکی تایبەتی وەرنەئەگرت وە پێیان نەئەوت شیعر هەرپێی ئەوترا وتار. یا شاعیر هێندە کەم نەئەبوو هەروەکو ئێستە هەموو خوێندەوارێك شاعر ئەبوو. ئەلبەتە زانینێك و تێگەیشتنێکی ئەوێ بەڵێ ئێوە راست ئەکەن و

حەقتانە قینتتان بێت لە هۆنراوەی کۆن چۆن ئەو هەموو ڕێکی و پێکی و ئەم سەر و ئەو سەر وەك یەك بوونە لەتاقەت و ونکە بۆ هەموو کەس ناکرێت)) (ژ:١١٥، ل٣)

(ص.ش) بابەتێکی ڕەخنەی بەناوی (بۆ شێواو)* بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا شیعرێکی (بورهان جاهید)ی شاعیری هەڵسەنگاندووە، شیعرەکە لە (ژ:٧٨، ل٩) گۆڤاری هەتاو بەناوی (بۆ هەتاو) بڵاوکراتەوە، هەر چەندە شیعرەکە بەلای ڕەخنەگرەوە جوان و پڕ مانایە، بەڵام گلەیی لەشاعیر دەکات، کە وشەی عەرەبی و بیانی زۆر بەکارهێناوە لەکاتێك دا ئەو هەموو وشە جوانانەمان لەزمانی کوردی هەیە، هەروەها داوادەکات بەم ڕەخنەیە نەشێوێت. دەڵێ:((برای شیرینم ڕۆڵەی نیشتمان هەڵبەستەکەم خوێندەوە لەبارەی هەتاوەوە نووسیبووت زۆر جوان و پڕ واتا (مانا)یە بەڵام داخی گرانم زۆر وشەی بێگانەی تیابوو لەبەر ئەوە هیچ نەچووە دڵمەوە... ئەو هەموو ووشە جوانانەی لە زمانی کوردی دا هەیە بەکارت نەهێناوە بۆ ئەوەی هەڵبەستەکەت جوان بی و وەزنی ڕێك بی... تەماشا دەکەی لەیەك دێری شیعر تا چوار ووشەی خەڵکیت تێ خستووە (مهتوك، مفلس، محرم، جاهل)... برای شێواو بەم ڕەخنەیە نەشێوێیت هەوڵدە کە هەڵبەستی وا دابنێی کەس نەتوانی ڕەخنەی لێ بگری)) (ژ:٧٩، ل٢٢).

نووسەرێك بەناوی سەفین چیرۆکی(لە کانگای ژیانا)ی شوان مەخمووری هەڵسەنگاندووە، ئەم چیرۆکە لە(ژ:١٠٩، ل١) بڵاوکراوەتەوە، لەسەرەتای نووسینەکەی خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە و دەڵێ:((بێ گومان هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەو پەڕی پێ خۆشبوون و ڕەزامەندی پێشان ئەدا بەرامبەر هەموو هەوڵدانێك لەم ڕووەوە چونکە لەو مەیدانی چیرۆك نووسین و بڵاوکردنەوە کزە دواکەوتووین)) (ژ:١١٢، ل١).

دواتر نووسەر ئاماژە بەوە دەدات نابێت چاوپۆشی لە کەم و کوڕیەکان بکەین، چونکە چارەسەر کردنی کەم و کوڕی بەرهەمە ئەدەبیەکان بەڕەخنەیەکی ڕاست و دروست دەکرێ نەك بەچاوپۆشی کردنی ناتەواویەکان، لەم بارەیەوە دەڵێ:((بەڵام ئەم هاندان و پشت گیریە بەهیچ کلۆجێك ئەوە ناگەینیی چاو لەکەم و کوڕی ئەو بەروبووم –انتاج– ویژەیی یە بپۆشین کە دەخرێتە پێش چاوی خوێندەواران چونکە هەموومان باوەڕمان وایە چارەی ناتەواوی بەچاوپۆشین و بێ دەنگی ناکرێ بەڵکو هەربەڕەخنەی پاکو بێ کینە و دروست کارانە ئەکرێ))(ژ:١١٢، ل١). ئینجا ڕەخنەگری چیرۆکەکە باس لەوە دەکات، چیرۆکنووس شارەزایی لەهونەری نووسینی چیرۆك کەمە، پێویستی بە تاقیکردنەوە ومەشق پێ کردن هەیە، بە بەڵگەی ئەوەش دەربارەی کەسە سەرەکیەکانی چیرۆکەکە کەمی نووسیوە، بەتایبەتی لەنیشاندانی

---

*شێواو نازناوی (بورهان جاهید)ی شاعیر بووە لەگۆڤارەکە.

لایەنی دەرەوەی کەسەکاندا سەرکەوتوو نەبووە. دەڵێ:((چیرۆك نووس وەستایی و سەلیقەی لەهونەری چیرۆك نووسین کەمە.. تاقی کردنەوە و تجربەی پێ ئەوێ لەبەر ئەوە ئەبینین کەسانی چیرۆکەکە شێوە و ئەدگاریان پیشان نەدراوە، بەتایبەتی ئەوانەی بەلای خوێندەوارە زۆر گرنگن وەکو{سێوێ}و {مامەندە}خۆ لەبارەی مامەندەوە هیچی نەنووسیوە تەنها ئەوە نەبێ یەکێکە لەو چوار سەپانەی لەگەڵ مام ئاودەلی باوکی سێوێ دروێنە دەکەن بەڵان شێوەی ڕەنگ و ڕووخساری خوو ڕەوشتی هەستی دەروونی هتد ئەمانە هیچ پیشان نەدراوە)) (ژ:١١٢، ل١).

(عەبدولڕەزاق بیمار)یش وەکو ڕۆشنبیرێکی شارەزا لەئەدەبی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی لەبارەی دوو شاعیری کلاسیك (کۆن) (مەنفی و ئەختەر) لەژێر ناوی (چەند لاپەڕەیێ لە ئەدەبەکەمان) لە(ژ:٥١،ل١٢) (ژ:٥٣،ل٨) (ژ:٥٤،ل٩)، (ژ:٥٥،ل١٠) بڵاوکردۆتەوە، هەر چەندە لێکۆڵینەوەکە کورتە و بەخێرایی بەسەربابەتەکان تێپەڕیوە، بەڵام بۆ ئەو سەردەمی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی بابەتێکی بەسوود بووە، کە ژیان و شیعری ئەم دوو شاعیرەی لە چەند لایەنێکەوە هەڵسەنگاندووە.

لە بەشێکی دەربارەی شیعری (مەنفی) دەڵێ:((هەڵبەستەکانی لەچوار شێوە دایە:- دڵداری و شیوەن هجوکاری و هەڵبەستێك کە ئەتوانین پێ ی بڵێین (هەڵبەستی مناسبات). وە لە هەموویان جوانتر و گرنگتر ئەوانی دڵداریەکانیەتی. ئەم هەڵبەستانەی سۆز و عەشقێکی پاك و گەرمی تیا دەرئەکەوێ وە کە بە ئەسلوبێکی بەهێز دەری بڕیوە هەڵبەستەکانی پڕن لە وردەکاری و جناس وێکچوون (تشبیهە)ی جوان جوان... بۆ چەشن سەیری ئەم هەڵبەستە شیرینەی خوارەوە بکەین ئەبینین لەسەر ئەمەشەوە زەوقی دڵداری و تەڕایەتی و ناوداری شعری لێ نەبڕاوە کەزۆر لەشاعرەکانی تر گەر جناس وتشابیهیان بەکارهێنابی کەم و زۆر کاری لە ڕەونەقی هەڵبەستەکە کردووە... بەڵام ئەو لەشیعرەکانی زۆر سوارچاکانە لەم مەیدانەی دەرکردووە بێ ئەوەی هەست بەهیچ خەوشێك بکەی کەم و زۆر:

((لەدووریت لا لەڕوو لالە زوبانم نەماوە طاقتی نطق و بەیانم
لە وەختی خەندە حەیرانم بەقوربان لە بت (یاقوتە) یاقوتی ڕەوانم
وەرە عمرێکی تازەم پێ عطاکە بڵێ(عیسایی چوارەم ئاسماننم))

(ژ:٥١، ل١٤)

لەناو گۆڤاری هەتاودا چەندین کتێب لەلایەن نووسەرانەوە خراوەتەڕوو وهەڵسەنگێندراون، لەوانە(عبدالرزاق محمد)لە لێکۆڵینەوەیەکی کورت هەڵسەنگاندنی بۆ نامیلکەیەکی شیعری (حەبیب علی میرانی) کردووە، نامیلکەکە بەناوی (بانگی جمهوری) بووە،

لێکۆڵینەوەکە بەناوی(بانگی جەمهوری شێوەیەکە لە شعری گەل)بڵاوکردۆتەوە لەسەرەتای باسەکەی دەربارەی نامیلکە شیعریەکە، دەڵێ:((بانگی جمهوری لەو شیعرانەیە ئەگەر بتوانین پێ یان بڵێین شێوەیەکە لە شیعری ناو کۆمەڵ یان شیعری شعبی. وە ئەدەبی کۆمەڵ بەڕوویەکی گشتی یەوە هونەرێکی پەتی و کاکلی گەلە وە لە گیانی گەل هەلقولیەوە)) (ژ:١٤٥، ل٢٢).

دواتر نووسەر لایەنی باش و سەرکەوتوویی شیعرەکە باس دەکات و دەیخاتەڕوو، کە شاعیر توانیوویەتی سەرکەوتووانە شۆڕشی ١٤ی تەموز بەشێوەی چیرۆکە شیعر باس بکات. دەڵێت:((ویستویەتی ڕووداوەکانی شۆڕشی مەزنی عێراق بەشێوەی ملحەمەیێك نیشان بدات لەم بارەوەدا زۆر سەرکەوتووە چونکە بۆناو کۆمەڵ ڕووداوی شۆڕش بەشێوەی چیرۆکێکی بەسەر و بەر و بەسۆز جێگیرترە لە گەلێ هەڵبەستی هونەرمەندانە و وتاری پڕ لەزانیاری زۆر چاکی کردووە کە شۆڕشی عێراقی کردووە بەباسی چیرۆکێك)) (ژ:١٤٥، ل٢٢) .

لە لایەکی تر نووسەری لێکۆڵینەوەکە کەم و کورتی نامیلکە شیعریەکەشی خستۆتەڕوو. ئاماژە بەوە دەکات شاعیر لە نووسینی شیعرەکاندا پەلەکردنی پێوە دیارە و ئەمەش بووەتە هۆی لە هەندێ شوێندا چێژو و جوانی شیعرەکە بەرەو کزی بچێت. لەم بارەیەوە دەڵێ:((یەکەم پێویست بوو بەپشوویەکی درێژتر چیرۆکەکە بنووسێتەوە و گەلێ گۆشەی ژیانی مرۆڤ بگرێتەوە دووەم لەدەربڕین و تعبیرکردنی بیروباوەڕی لەناو بۆتەی هەڵبەستەکانیدا نەئەبوو ئەوەندە بەپەلە بێت. چونکە ئێستا زۆر تاکە هەڵبەستی بەپەلە مەبەست و بیری شاعیری لەناو ئاخنراوە بۆیە نەختێك ئاوداری و جوانی لەهەندێ شوێنا کز بۆتەوە))(ژ:١٤٥، ل٢٢).

(مەحموود مەحەمەد) هەڵسەنگاندنی بۆ چیرۆکی (خانزاد) کردووە، لەنووسینی (جەمال عەبدولقادر بابان)ە، مصطفی صالح کریم پێشەکی بۆ نووسیوە. لە قەوارەی(٥٦) لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام نووسەر لە هەڵسەنگاندنەکەی باسی لایەنی هونەری نووسینی چیرۆکەکەی نەکردووە، بەڵکو سەرپێیانە بیروڕای خۆی لەسەرکۆی چیرۆکەکە دەربڕیوە لەبەشێکی دەڵێ: ((ئەم چیرۆکە نازدارە ئەو چیرۆکە پر سامانەیە کە پاڵت پێوە ئەنێ و ئازایەتیت زیاد ئەکا، هەناوت بەهێز ئەکا بۆ ئەوەی بڕوا بەشتی پڕوپووچی بێ مانا و دەست بڕین نەکەی وەك بەستێ و جنۆکە، دێو ودرنج، نوشتە بەڕاستی چیرۆکەکە کەجێ ی شانازی یە وچرای ڕوناکی هەڵگرتوە و بەرەو پێشەوە بەرەو ڕاستێتی ئەڕوات وپاڵ بەهێزی بێ بڕوایی وە ئەنێت بۆ بەرەو نەمان))(ژ:١١١، ل٥).

هەروەها (بەشیرموشیر) لەنووسینیکیدا بەناوی( لالۆ کەریم و ئەدەبی کوردی) هەڵسەنگاندنێکی بۆ چیرۆکی(لالۆ کەریم)ی جەمال نەبەز کردووە، کە تەنیا چەند لایەنێکی باشی چیرۆکەکەی لەڕووی زمان و ناوەڕۆکەوە دەرخستووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە کەموکورتییەکانی بکات، بەکورتی و سەرپێیانە بیرو ڕای خۆی دەربڕیووە، کە لەبەشێکی دەڵێ:(( شێوەی زمانی کوردی زۆر چاك پێشان ئەدات و چیرۆکێکی ڕووداوی ڕاستەقینەیە و گەلێك شتی وەها لەناو گەلێکی دواکەوتووی وەکو کورددا ڕووئەدا))(ژ:٨٧، ل٤).

(عەلائەدیــن سـەجـادی)کتێبێکی بە نـاوی(گەشتێك لـە کوردستانا) بـڵاوکردۆتەوە، گەشتنامەش بەژانرێکی سەربەخۆی ئەدەب دادەنرێت، هەر لەسەردەمی گریکەکانەوە لە ئەدەبیاتدا هەبووە[1]. دوو نووسەری کورد ئەم کتێبەی عەلائەدین سەجادیان هەڵسەنگاندووە، (کەمالەدین تۆفیق)لە(ژ:٦٨،ل١٣)،(جەمیل ڕۆژبەیان)ی لە(ژ:٦٨،ل١٦)، لەبەشێکی نووسینەکەی دەڵێ:((یەکەمین نووسراوە کە دەربارەی گەشتی بەهەندێ وڵاتی کوردەواریدا- تا ئێستا بەکوردی نووسرابی و لەم ڕووەوە بۆ کورد نرخی تەواو نابی بەڵام لەڕووی ئەو زانیاریانەی کە کەوتۆتە بەینی بەرگەکەیەوە ئەبوایە لەپێش ئەم گەشتەدا چاوێکی بخشاندایە بەنووسراوەکانی ئەو گەریدە و گەشتیارانەدا کە هەریەکە بەگۆشەیەکی وڵاتی کوردەواریدا سووڕاون وەکو (یاقوتی حەمەوی) (ابن بطوطە) لە برا عەرەبەکان و فورایزەر و ریچ ومیللینگن لە ئینگلیزەکان... کە هەریەکەیان جۆری زانیاری و ئاگاداری و بیروباوەڕیان نیشانداوە)) (ژ:٦٨، ل١٦).

دەربارەی شانۆ بابەتێکی بەناوی(میرمیرێنی "تمثیل"چیرۆکی شۆڕشی هەڵواسراوەکان) بڵاوکردۆتەوە، گۆڤارەکە وشەی (میرمیرێنی) بۆ شانۆگەری بەکارهێناوە، دوای ئەوەی لەشاری هەولێر لەشەوی ١٩٦٠/٢/٢١ شانۆگەرییەك بەناوی (شۆڕشی هەڵواسراوەکان) لەلایەن تیپی (کاوە)ی هەولێر لە (شانۆی کوڕان) نمایش کراوە، شانۆگەریەکەش لە فیلمێکی مەکسیکیەوە وەرگیراوە، لەلایەن(عەبدولقادر ئازاد) وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی. (کەمال بێزار)یش بەناوی تیپی هونەری کەرکوکەوە لەکاتی نمایش کردنەکە وتارێکی پێشکەش کردووە، کە دەربارەی گرنگی شانۆ دەدوێ، ئەوەش دەخاتەڕوو میللەتی کورد نەیتوانیووە لە سەردەمی پاشایەتی بە ئازادی هونەری شانۆگەری نمایش بکات. لەبەشێکی دەڵێ:((هونەر یەکێکە لەو شێوانەی کە مرۆڤ وەزعی ژیانی حاڵی ئەکات وە ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی گەل. هونەر گەلێ جۆری هەیە، تمثیل یەکێکە لەبەشەکانی هونەر، شانۆ قوتابخانەی گەلە و ئەبێتە هۆی

---

١- د. فەرهاد پیربال، ئەدەبیاتی سەفەر یان سەفەرنامە، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ(٥)، س١، سلێمانی ،کانوونی دووەمی ١٩٩٨، ل٤.

وریاکردنەوەی گەل هەر وەکو ووتویانە:شانۆ ونانم بدەرە دەست گەلێکی تێگەیشتووت ئەدەمێ.
گەلی کوردیش خاوەنی گەلێ هونەرە بەتایبەتی تمثیل بەڵام نەی ئەتوانی بەسەربەستی لەسەردەمی پادشای دا... بێتە سەرشانۆ... بەڵام لەدوای ١٤ی گەلاوێژی پیرۆزەوە... بەسەربەستی دێتە سەرشانۆ بۆ خزمەتکردن و پێشکەوتنی نەتەوەکەمان)) (ژ:٧٢، ل٩). ئەم بابەتە دەتواندرێ وەك سەرەتایەك بخرێتە چوارچێوەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی شانۆگەری کوردی، کە ئەو سەردەمە شتێکی تازەبووە.

تێکڕای ئەم بابەتانەی دەربارەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەگۆڤاری هەتاودا بڵاوکراونەتەوە(٥٣)نووسینە. لەکۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین زۆربەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکان، پشتیان بە میتۆدێکی ڕەخنەی دیاری کراو و هونەری نەبەستووە، زیاتر تێڕوانینی کەسی(خودی) زاڵ بووە بەسەر هەڵسەنگاندنەکان و زۆربەی بابەتە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکان سادە بووینە، لەلایەکی تر هەندێك لەنووسینەکان ڕق هەڵچوون و ململانێیان پێوەدیارە، هەرچەندە ئەم دیاردەیە لەسەردەمی ئەمڕۆش لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان زۆرجار دەکەونە بەرچاوی خوێنەر. لەگۆڤاری (هەتـــاو) جگە لە لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی (ئەدەبی)، لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی (زمانی)یش بەرچاو دەکەوێت. بەشێوەیەکی گشتی بابەتی لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لەگۆڤاری (هەتـــاو) و ئەو قۆناغەی میللەتی کورد لەسەرەتادا بووە.

**تەوەری سییەم/**

## نـــامـــەی ئـەدەبـــی لــەگۆڤـــاری هەتـــاودا

نامە بەژانرێكی ئەدەبی دادەنرێ، بەشێوازی پەخشان و شیعر دەنوسرێ(( ئەو ئاخاوتنەیە كە دەنگت ناگاتە یەكێك ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ بكەی، جادێی بەنووسین یان بەڕاسپاردنی یەكێكی تر بەزار پێی ڕادەگەیەنی))[1]. نامە بۆتە چەكێكی گرنگ لەناو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و خزمەتێكی زۆری چین و توێژەكانی كردووە، بۆتە هۆی لێك نزیكردنەوە و پردێكی گرنگ بۆ دروست كردنی پەیوەندی لەنێوان خەڵك لەگەڵ یەكتر و پەیوەندیی نێوان دەسەڵات لەگەڵ خەڵك دا. هەروەها مێژوویەكی كۆنی هەیە((مێژووی نامە نووسین كۆنە لەمێژەوە هەبووە، لەدوای پەیدابوونی خوێندن و نووسینەوە كەوتۆتە برەو))[2].

سەبارەت بە(نامە)ی بەشێوازی پەخشان نووسراو، لەناو ئەدەبی كوردیدا، ئەوا شارەزایانی بواری ئەدەبی كوردی ئاماژە بەوەدەدەن، پێش سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی كوردی، نامە بەزمانی فارسی و عەرەبی و توركی نووسراون، كەواتە نامەنووسین لەناو كورددا هەبووە، بەڵام بەزمانی كوردی نەنووسراون، ئەگەر جارجارەش بەزمانی كوردی نووسرابن، ئەوا نەماون[3].كەواتە نووسینی نامە بەپەخشان((لە ئەدەبی كوردیدا بابەتێكی نوێیە و لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاردا سەرەتای دەركەوتووە))[4]. ڕۆژنامە وگۆڤارەكان بوونەتە بنكەو مینبەرێكی باش بۆ بڵاوكردنەوەی نامە كەسی و گشتی یەكان.

نامە بەشێوەیەكی گشتی دەكرێت بەدوو جۆر:-

- نامەی گشتی:(( بریتییە لەنامەی میری و كاربەدەستانی دەوڵەت، یان نامەی ئیشوكار))[5].
- نامەی تایبەتی:ئەوەیە(( كە نووسەر بۆ گەیاندنی نیازی خۆی بەیەكێك یان دۆستێك یان خزم و كەس و كاری خۆی دەینێرێ))[6].

---

١- ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن وپێشخستنی ئەدەبی كوردیدا محەمەد دلێر ئەمین، نامەی ماستەر، كۆلیژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین،١٩٨٩، ل ١٢٣.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.

٣- دەقەكانی ئەدەبی كوردی، عەلائەدین سجادی ، چاپخانەی مەعارف، بەغداد، ١٩٨٧ ، ل١٨٥، ڕۆژنامەنووسی و بزوتنەوەی ئەدەبی، لەسایەی یەكەمین دەستەڵاتی سیاسی كورددا لە مێژووی هاوچەرخدا، ل١٥٥ .

٤- پەخشانی كوردی، عەبدولڕەزاق بیمار ، ل٢٣٣ .

٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣ .

٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣ .

ئەو نامانەی بەشێوازی پەخشان لە گۆڤاری هەتــاودا بلاَوکراونەتەوە، ژمارەیان دەگاتە(٤٦) نامە، (٢)لەو نامانە هی پێش دەرچوونی گۆڤاری هەتاون بلاَوکراونەتەوە*. نامەکان ناوەڕۆك و مەبەستی جۆراوجۆریان هەیە و هەردوو جۆری نامەی گشتی و تایبەتی لە گۆڤارەکەدا بەرچاودەکەون، (٢٣) نامەیان تایبەتە، (٢٣) گشتی یە. تاڕادەیەکی زۆر هەست و سۆز بە ناوەڕۆکی زۆربەی نامەکانەوە دیارە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەستی نەتەوایەتی و خزمەت کردن بە ڕۆشنبیری کوردی و کێشەو گرفتەکانی کورد بوونەتە هۆی نووسینی ئەم نامانە. لەناو ئەو نامانەش (١٠) نامە بەزمانی عەرەبی نووسراون.یەکێك لەم نامانە، نامەیەکی سەرۆکی کۆچکردووی میسر( جەمال عبدالناصر)ە، بۆ کۆمەڵەی قوتابیانی کوردی ئەورووپای ناردووە،لە(ژ: ١٥٤،ل٢٠)بلاَوکراوەتەوە، لەهەمان ژمارەدا لە(ل٢٤)دا نامەیەکی کۆمەڵی قوتابییانی کورد لە ئەورووپا بۆ(جەمال عبدالناصر) بلاَوکردۆتەوە. لەناو نامە عەرەبییەکان، نامە بۆ بەرپرسانی عێراقیش بلاَوکراوەتەوە، لە(ژ:١٨٢،ل٣) نامەیەکی(قوتابییانی کــورد لەیەکێتی سۆڤیەت) بۆ سەرۆکی ئەوکاتی عێراق( عەبدولکریم قاسم) بلاَوکردۆتەوە.

دوای ئەوەی(هەژار موکریانی) (مەم وزینی ئەحمەدی خانی) وەرگێڕاوەتە سەر زاراوەی (سۆرانی، موکری)، دانەیەکی بەدیاری لەگەڵ نامەیەك بۆ (گیوی موکریانی) ناردووە، هەژار لەنامەکەدا خۆی بەمنەت بار دەزانی، کە گیوی موکریانی ئەوی فێری کوردایەتی کردووە، بۆیە هیچی لەدەست نەهاتووە بۆ گیوی موکریانی بکات بەرامبەر بەو چاکەیەی لەگەڵی کردووە، تەنها ناردنی ئەو دانە کتێبە نەبێت، لەبەشێکی دەڵێ:(( مامۆستای بەنرخم مامۆستا گیوی موکریانی زۆرم چاکەی تۆ لەسەرە چونکە فرچکی کوردایەتیم بەبۆنەیی تۆ وەرگرت بەلاَم منی هەژار چۆن بۆم دەکرێ لەژێر باری ئەو پیاوەتیەت دەرکەوم هەر هێندەم لەدەست هات کە نمونەیەك لەکردەوەی شاگردەکەت بەدیاری بۆ بنێرم لێشم ڕونە پێت ناخۆش نابێ و لێشم دەبووری چونکە هەژارم))(ژ:١٧٣،ل٢٧). نامەکەی (هەژار) بەزمانێکی جوان و پەتی و هونەری شیعری نووسراوە، ئەمەش دەیسەلمێنێت (هەژار) جگە لەوەی شاعیر و فەرهەنگ نووسێکی بەتوانای کوردە، لەهەمان کات پەخشان نووسێکی بەتواناشە.

*یەك لەو نامانە بۆ حوزنی موکریانی نوسراوەلە(١٨٦)، ل٣٥ بلاَوکراوەتەوە. ئەوی تریش نامەی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەیە(عزت عبدالعزیز، مستەفا خۆشناو، خیراللە عبدالکریم، محمد محمودقدسی)کەلەدوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد لە ١٩٤٧لەسێدارەدران، لەژ(١٨٨)، ل١٦ بلاَوکراوەتەوە.

(مەجید ئەحمەد ئاسنگەر) نامەیەکی بەناوی( نامەییك بۆ خاوەنی چاپخانەی کوردستان، بەڕێز مامۆستا گیو موکریانی) ناردووە بۆ گیوی موکریانی، بە بۆنەی ئەوەی، گیوی موکریانی مەکینەیەکی نوێی چاپکردنی کڕیوە، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە خۆی و گیو و هەموو خەڵکی کوردستان دەکات، دەڵێ:(( بەڕاستی موژدەییکی خۆش و دڵگیرە، موژدەی کڕین و بەکارخستنی ماکینە چاپی تازە، سەرانسەری کوردستانی ڕەنگینی گەشاندەوە و لەسەر لووتکەی بەفرینی کێوە بەرزەکانا دەنگی دایەوە و زەنگی ئاوات و کامەرانی لێدا.... وا بەم بۆنە نرخدارەوە لە کانگای دڵ پیرۆزبایی لە ئێوە ولە خۆم و تێکڕای خەڵکی دڵسۆزی کوردستان ئەکەم....)) (ژ:١٦٨، ل ٢٣).

دوای ئەوەی نووسەرێك بابەتێکی بڵاو کردۆتەوە، دیارە لەلایەن چەند نووسەرێکەوە بەتوندی ڕەخنەی لێگیراوە، بۆیە (قانع)ی شاعیر لەڕێی گۆڤاری هەتاوە نامەیەکی بۆ (جەمال نەبەز و جەمیل ڕۆژبەیان)ی ناردووە، بەهۆی گۆڤاری هەتاوە، بەناوی (بەهۆی گۆڤاری بەرزی بەنرخ و تاقانەی کوردستان بۆ مامۆستا جمیل رۆژبەیانی ومامۆستا جـەمال نەبەز). لە بەشێکی دەڵێ:((مامۆستاکانم لەهەموو کامەرانی و بەختیاری و سەرفرازی تەنیا ئەم تۆزە زمانەمان هەیە کەلەهەتیو بێ کەس ترو لەباخی بێ پەرژین ژاکاوترە ئەویش ئەگەر نووسەرێکی نیشتمانی بەخێری خۆی شتێك بنوسێت یەکێکمان لێی ڕاستەوە ئەبێت بەناوی لێکۆڵینەوە ئابڕووی ئەبات))، دواتر دەڵێ:((مامۆستاکانم لەباتی کۆمەڵی بەخێوکردنی زمان دابمەزرێنن وەگۆڕینەوەی نوسراو لەگەڵ یەکتر بکەن و هانە هانەی یەکتر بدەن بۆ نووسین کەچی تێ ئەکۆشین بۆ بێ دەنگ کردنی یەکتر من بەش بەنەزانینی خۆم تا ئێستا ڕەنگە هەزار وتارم بۆ هاتبێت لەتازە نووسەرەکانەوە بۆ تەماشەکردن هەموویانم پەسەندکردووەو وە زۆر سوپاسم بۆ نوسیون وەهانە هانم داون)) (ژ:٧١،ل١٣).

نامەیەکی گۆڤاری (هەتـــاو)یش بڵاوکراوەتەوە، کە بۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق ناردراوە بەناوی (نامەیەکی کراوە بۆ معالی وەزیری ناوەخۆی ڕێزدار)، گۆڤاری هەتاو لەو نامەیەدا گلەیی ئەوە دەکات وەڵامیان نەدراوەتەوە سەبارەت بەوەی داوایان کردووە، گۆڤارەکە لە پازدە ڕۆژییەوە بکرێتە حەفتانە(ژ:٦، ل١).

نامەیەکی(تاهیر ئەحمەد حەویزی)بەناوی (نامەیەك بۆ ئێستگەی مۆسکۆ) بڵاوکراوەتەوە، نامەکەی ئاڕاستەی بەرپرسانی ئەم ڕادیۆیە کردووە، گلەیی ئەوەیان لێدەکات بۆچی؟ بەشی کوردی ناکەنەوە لەڕادیۆیەکەیان (ژ: ١٨٢،ل ٤٣).

نامەیەکی (محەمەدی مەلاکەریم) بەناوی(نامەیەك بۆ بەڕێوەبەرانی بەشی کوردی لە ئێستگەی ڕادیۆی عێراقا) بلاوکردۆتەوە، بۆ ئەم ڕادیۆیە چەند پێشنیازێکی ناردووە، بۆ چاك کردنی کەم و کوڕیەکانی بەشی کوردی و پێشخستنی ئەم بەشە، گرنگی دان زیاتر بەلایەنی هونەری و ئەدەبی کوردی. لەبەشێکی دەڵێ:(( بێ گومان لەو سەردەمەی ئێمەدا ڕادیۆ یەکێکە لەو هۆگرنگانەی کە ڕۆڵێکی گەورە یاری ئەکەن لەبەڕێوەبردن و پێگەیاندن دا وە ئەم هۆیە تادێ کاریگەرتر ئەبی. ئەمڕۆ ڕادیۆ شان بەشانی سینەما و ڕۆژنامە ئەڕوا)). دوو لەو پێشنیازانەی نووسەری نامەکە داوای کردوون ئەمانەن:((زۆر جوانە هەفتەی جارێ باسی یەکێ لەوێژە بەناوبانگەکانی کوردستان بکەن لەگەڵ مێژووی ژیان و هەندێ لەشیعرەکانیان))، کوردی نەخوێندەوار کە گوێی لەدەنگوباسێ ئەبێ گەلێ وشەی وای بەر گوێ ئەکەوی کە مانای نازانێ وەکو((دیپلۆماسی و دیموکراسی و......هتد. چەند جوانە هەفتەی جارێك چەند وشەیەك لەم چەشنانە مانالێ بدەنەوە))(ژ:١٠٦، ل٢).

(زەکی ئەحمەد هەنار) نامەیەکی بۆ (گیوی موکریانی) ناردووە، تیایدا ستایشی خۆی و براکەی دەکات، لەو هەموو هەوڵ و کۆششەی داویانە. سەرەڕای ئەو هەموو تەنگوچەڵەمە وناخۆشییەی هاتووەتە سەر ڕێگەیان، بەڵام دریغیان نەکردووە لەخزمەتی نەتەوەکەیان، بەردەوام بوونە لە هەوڵ و کۆشش. (ژ:١٧٥،ل٢٢). لە وەڵامی ئەم نامەیە، گیوی موکریانی بەنامەیەك بەناوی(مامۆستا زەکی هەناری دڵپاك و نیشتمان پەرست) وەڵامی داوەتەوە. لەبەشێکی دەڵێ: ((لە قووڵایی دڵێکی پڕ جۆش و خرۆش و دەرد و داخی ئاوارەیی و بێ کەسێتی و هەزاران..... ەوە سوپاسی هەستی پاکی کوردانەتان دەکەم دیسان بارتەقایی ژمارەی هەموو خیز و گژوگیا و دار و بەرد و ئەستێرەکانی ئاسمانی کوردستان سوپاسی یەزدانی تاك و تەنیا دەکەم کە نیشتمانی حاجی قادری کۆیی و گەورەی چۆل نەکردووە نیشتمان پەرستێکی وەکو کاك ڕۆستەم و زانا وکوردپەروەرێکی وەکو ئێوەی تێدا ڕەخساندوە))(ژ:١٧٥،ل٢٤).

(هۆمەر دزەیی)نامەیەکی بەناوی(نامەییکی کراوەی لاوە هەولێریەکانی ئەنقەرە) بەڕێگەی گۆڤاری هەتاو ناردووە، بەناوی ئەو قوتابییانەی لە(ئەنقەرە) دەیانخوێند، بەبۆنەی سەرکەوتنی یانەی(بروسك) لەیاری تۆپی پێ لەشاری (موصل) (ژ:٥٠،ل٢٠).

سەبارەت بە(نامەی شیعری) لەئەدەبی کوردیدا، ئەوا مێژوویەکی کۆنی هەیە، نامەی شیعری((بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەنووسرێتەوە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ شیعرەکانی تری شاعیردا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەنووسرێت، بۆ یەکێکی دیاریکراو یان شوێنێك یان کۆمەڵێك

یان دەزگایەك و بنكەیەك دەنێردرێت))[1]. لەمێژووی ئەدەبی كوردیدا، قەسیدە شیعرەكەی (نالی) بۆ شاری (سلێمانی) ناردۆتەوە بەیەكێك لە نامە هەرە ناودارەكانی ئەدەبی كوردی دادەنرێت، لەدوای نامە شیعریەكەی (نالی)، قەسیدە شیعرەكەی (سالم) كە وەڵامی (نالی) داوەتەوە، بە بەرزترین و بەناوبانگترین نامەی شیعری دادەنرێت. هەرچەندە (نالی) قەسیدەكەی بۆ شاری سلێمانی ناردووە، بەڵام (سالم) قەسیدەكەی (نالی) دیتووە و وەڵامی داوەتەوە[2].

سەبارەت بە نامەی شیعری لەگۆڤاری (هەتاو)دا، هەرچەندە دوای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی نووسینی نامە زیاتر بە پەخشان برەوی پەیداكردو گەشەی كرد، بەڵام لەسەردەمی دەرچوونی گۆڤاری هەتاودا، هەندێك لە شاعیرەكان تا ئەو كاتیش نامەیان بە شیعر دەنووسی، سەرجەمی نامە شیعریەكان لە گۆڤاری (هەتاو) بڵاوكراونەتەوە(٤٣) نامەیە،(١٠) لەو نامە شیعریانە، هی سەردەمی پێش دەرچوونی گۆڤاری هەتاوبوون، بەڵام وەكو یادگاری و بەرچاوخستن بڵاوكراونەتەوە.

لەدوای هەشت ساڵ كۆچی دوایی شاعیری كورد (دڵدار)، گۆڤاری هەتاو دوو نامەی شیعری بڵاوكردۆتەوە كە(دڵدار و دڵزار) بۆ یەكتریان نووسیووە، دیارە(دڵدار) پارە قەرزاری (دڵزار)ی شاعیر بووە و ماوەی چەند مانگێكی بەسەرچووە، قەرزەكەی نەداوەتەوە، بۆیە (دڵزار)یش شیعرێكی بەشێوازی تەنز ئامێز بۆ(دڵدار) ناردووە و داوای قەرزەكەی كردووە.دەڵێ:

((برام كاك دڵدار برام كاك دڵدار　　ئەدیبی گەورە وشاعیری قەرزار
شەش سەد و سی و شەش پوول قەرزداری　　خێرا بینێرە بۆ لای دڵزاری
ئومێدەوارم ئەی كاكی شاعیر　　محامی بەرز و بەڕێز و ماهیر
لە خرینگو هوڕ و زرینگەی فلوس　　هەرگیز نەمانكەی بێ بەش و مەیوس))
(ژ:٧٨،ل١٣)

كێشی شیعرەكە كێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواكەشی جووت سەروایە.

لە وەڵامدا (دڵدار) بەنامەیەكی شیعری بەشێوازی تەنز ئامێز وەڵامی دەداتەوە، كە باس لەوە دەكات بارودۆخی ئابووری باش نییە و بەڵام ئەو كاتە پەیدای بكات و بۆی دەنێرێت. لەبەشێكی دەڵێ:

---

١- نامەی شیعری لە ئەدەبی كوردیدا لە سەرەتاوە تا ١٩٧٠، بەكر شاكر عەبدوڵڵا، نامەی دكتۆرا، كۆلیژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین،٢٠٠٧،ل ٧٦.

٢- ئەدەبی كۆنی كوردی ، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، ل٢٩٣ .

((دڵزار شیعرەکەت دڵزار شیعرەکەت
دڵزار نامەکەی پڕ شعورەکەت
گەیشتە دەستم لەوەختێکی وا
کافر بەحاڵم نەبیتن بەخوا
ئەڵێ ی شەش سەد و قسور قەرزاری
ئایا بۆ پارە زۆر گیانەهاری
زرنگ و هۆڕی درهم و پارە
بۆ من خەیاڵی خەونی بەهارە
درهەم بزانی لە جێ یێ من هەم
بەگوڕ ڕائەکا لەوچەم بۆ ئەوچەم
من پیادەم و پارە سوارە
ڕاوکەری ئەوم لە ئەم دیارە
بەڵام ڕۆژێك دێ دەردەستی بکەم
بەپەت وەکو سەگ دەس رەستی بکەم
چەکمە حەساری ئەکەم وەکو شێت
راکیشی ئەکەم ئەی خەمە ژێر پێت))
(ژ:٧٨،ل١٣،١٤)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) برگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(کاردۆخی)نامەیەکی شیعری بە ناوی(بەهۆی گۆڤاری هەتاوی خۆشەویستەوە بۆ ئێستگەی کوردی جمهوریەتی عێراق) بلاوکردۆتەوە. لەبەشێکی نامەکەی دەڵێ:

((ئەی ئێستگەی کوردی جمهوری ولأت
ئەم چەند شیعرانەم نوسی بۆ لات
خێرا ریك خران بەیانێك زوو
شتی تر زۆر بوو لەبیرم دەرچوو
نەکرا بی نووسم تۆ لێم ببوورە
خەیالأتی دلێ تا بلێ ی زۆرە
ئەی بلاوکەری بیر و پیشنیار
ئەی ئێستگەی بەرێز گەلێ زانیار
ئەی نامەبەری بێ ترس و پەروا
شەپۆلی دەنگت باخێرا بڕوا

دواتر دەڵێ:

((ڕێگەی برایی با بگرینە بەر
فتنەیی نەکەین وازبێنین لەشەڕ
بەسە با هەلکەین چرای زانستی
گەلمان رزگارکەین لە دیلی و پەستی
ئێستگە وا پەیام وا ئاواتەکەم
بۆم بلأوکەرۆ تکات لێ ئەکەم))
(ژ:١٤٨،ل١١)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) برگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

دیارە ئەوەی ئەم نامەیە لە نامەکانی تر جیادەکاتەوە، بۆ کەسێکی دیاری کراو یان گۆڤاری هەتاو نەنێردراوە، بەڵکو بۆ دەزگایەکی میری نێردراوە.

نامەیەکی تر بەناوی(بەهۆی تاقانەی گۆڤاری کوردان هەتاوی ڕووناك بۆ تازە نەمامی باخی وێژە باخەوان) بلأوکراوەتەوە. نووسەری ئەم نامەیە(قانع)ە، کە دوای ئەوەی شیعری شاعیرێکی تازە بەناوی ( باخەوان"محەمەد دەروێش") لە گۆڤاری هەتاودا دەخوێنێتەوە. قانع بە نامەیەکی شیعری خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێ و لە هەمان کاتیش دا وەکو شاعیرێکی بە ئەزموون

چەند ئامۆژگاریەکی ئەم شاعیرە و شاعیرانی تری کورد دەکات، کە تازە دەستیان داوەتە نووسین لەبەشێکی نامەکە دەڵێ:

(( باخەوانەکەی باخەکەی پێنجوین — لەمن خراپتر دایم دڵ پڕ خوێن
لەپاش سوپاس و گوشینی دەس — هەواڵ پرسینی خۆ تو گشت کەس
لە گۆڤارەکەی تاقانەی کوردان — خۆشەویستەکەی هەناسە ساردان
نرخ نەزانراو لە لای پارەدار — لەناو گۆڤاران بێ کەس و هەژار
هەندێ هۆنراوەت کەوتە پێش چاوم — بوو بەهۆی گەشکەی دڵ و هەناوم))
(ژ:٩٩،ل١٢)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

لەبەرامبەر ئەم نامەیەدا ( باخەوان)ی شاعیریش بەنامەی شیعری وەڵامی (قانع)ی داوەتەوە، لەبەشێکی نامەکە دەڵێ:

(( بۆ مامۆستای بەرز و سەنگین — بۆ شاعری گۆشەنشین
بۆ ئەدیبی بەرز و دیار — لادێ نشینی دوور لەشار
بۆپیری لاواز و هەژار — بۆ قانعی شیرین ووتار
لە گۆڤاری هەتاوی جوان — دیم نامەیی بۆ باخەوان
سوپاس بۆ تۆ و بۆ شاعیران — بۆ هەموو کورد و کوردستان))
(ژ:١٠٨،ل١١)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٨) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(عەلی کەمال باپیر ئاغا)و(کانی)وەکو دوو شاعیری ناسراوی ئەو سەردەمەی کورد، بەهۆی نامەی شیعرییەوە لەڕێگەی گۆڤاری (هەتاو)ەوە یەکتر بەسەردەکەنەوە، عەلی کەمال لەبەشێکی نامەکەی دەڵێ:

(( مامۆستای بەرزی کورد و کوردستان
کانی تۆی کانی ئەدب و عرفان
بۆچی بێدەنگی بۆچ کشوماتی
توخوا مەمانکە تووشی نەهاتی
بەگیان کریاری فیکری بەرزی تۆین
مشتری شیعری تەرزی تۆین
نائومێد نەبین با لەفیکری تۆ
لەشیعری بەرزو جوان و بەگڕی تۆ)) (ژ:٥٣، ل ٧)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

لەوەڵامی ئەم نامە شیعرییەدا، کانی بەنامەیەکی شیعری لە گۆڤاری( هەتاو)دا، وەڵامی عەلی کەمال دەداتەوە و لەبەشێکی دەڵێ:

(( شیعرەکەتم دی ئەی عەلی کەمال

یاخوا هەر خۆشبی نەبینی زەواڵ

چەن بێ یە فیکرم دوعات بۆ دەکەم

شاد و خوڕەم بی لێت دور بی مەلاڵ

ڕۆژی قیامەت جێگات بەهەشتبی

بژی لەدونیا بەعزو ئیقبال

چەند مەدحت بکەم هێشتا هەر کەمە

لەناو شاعیران بەدری نەك هیلال )) (ژ:٥٥،ل ٩).

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی(١٠) بڕگەی و. سەرواکەشی یەکێتی سەروایە

(شێخ فاتح شێخ فەتاح دۆلانی) نامەیەکی بۆ گیوی موکریانی ناردووە، بەناوی(نامەیەك بۆ مامە گیوی بەڕێز) گلەیی دەکات، کە بەرهەمەکانی لە گۆڤاری هەتاودا بلاّوناکرێتەوە، هەرچەندە ئەویش وەکو کوردێك ناخۆشی دیتووە و باوباپیرانی لەپێناوی کوردستان دەربەدەر بووینە. لەبەشێکی دەڵێ:

((مامە گیو خۆ منیش گوزارێکم
بێچووە کوردێك و هەم هەژارێکم

چەند تاڵ و سوێری ژیانم نۆشی
دو بۆمبارد مانم بە چاوی خۆم دی

باوباپیرانم چەند جار دەربەدەر
لەسەر کوردستان کران قوڕوەسەر

تا ئێستا چەند شیعر و وتارم
ناردوە بۆ خزمەت .... ی نازدارم

هەمووشی سودی گشتی تیا بوو
یان ووتەی بەکەلك یان هەلبەست بوو

نازانم بۆچی..... خۆشەویست
ئەمە چەند ساڵە هیچی دەرنەخست))

( ژ:١٨٦،ل ١١)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

لە ئەدەبی کوردیدا زۆر شاعیرمان دەکەوێتە بەرچاو، ئامۆژگاری و ڕێنوێنی کچی یان کوڕی کردووە و ڕێگەی ڕاستی نیشان داوە، بۆ ئەوەی کەسێکی باش و سوودمەندی لێ دەربچێت و خزمەتی دەوروبەر و نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆی بکات. ئەم ڕێنوێنی و ئامۆژگاریانە شێوازی وەسیەتنامە لەخۆی دەگرێ، کە شاعیر ئاڕاستەی دەکات[1]. لەگۆڤاری هەتاو چەند شیعرێك هەن،

---

١- نامەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا لە سەرەتاوە تا ١٩٧٠ ، ل٨١ .

دەکەونە ئەم چوارچێوەیە*. لەوانە (قانع) شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی(بەهۆی هەتاوی خۆشەویستەوە بۆ برهان قانع لە بەغدا)، لەبەشێکی شیعرەکە دەڵێ:

(( ڕۆلە وەسیەت بی رووکەرە مەیدان          چاپوک و نەترس وەك شێری ژیان
گیانی شیرنت بکە بەقوربان          مشتێ لەخاکی پاکی کوردستان
بۆ کەسی نامێنی هەتا سەر جیهان
من یەکێ ئەیووت جاسووسی رووسە          یەکی تر ئەیوت پیاوی ئینگلیسە
مەلا ئەیفەرموو بێ دین و پیسە          شێخیش ئەیفەرموو برای ئیبلیسە
هەر کۆڵم نەدا و هیچ گوێم پێ نەدان
چیم لەهێزا بوو درێغیم نەکرد          لەتێکۆشانا عەمرم بەسەر برد
خۆم کرد بەقوربان سەرکەوتنی کورد          بەهەر چوار لادا کەوتمە دەستوبرد
لە کوردستانا تۆوێکم وەشان )) ( ژ: ١٧١،ل١٠)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایەو قالبەکەشی تەرکیب بەندە.

شاعیر لەم شیعرەدا پەیامەکەی ئاڕاستەی کوڕەکەی خۆی (بورهان)کردووە، بەڵام دەیەوێ لەوڕێیەوە ئامۆژگاری هەموو ڕۆڵەکانی کوردستان بکات، کە گیانی خۆیان بە قوربانی کوردستان بکەن، بەهیچ شێوەیەك لە خزمەتکردن بە کوردستان کۆڵنەدەن و ساردنەبنەوە.

---

* لەوانە :ئامۆژگاری باخەوان بۆ سارای کچی ، ژ(٦٨)، ل١٠ ، وتاری (جۆبار) جەلال جۆبار بۆ ئارامی کوڕی ، ژ(٦١) ، ل١١ .

**تەوەری چوارەم/**

## کورتــەچیرۆکــی هونـــەری لـــەگۆڤــاری هەتـــاودا

ژانری چیرۆکی هونەری لەسەدەی نۆزدەهەم پەرەی سەند، سێ چیرۆك نووس لە ئەدەبی جیهاندا بە داهێنەری ئەم ژانرە ئەدەبییە دادەنرێن ١- ئەدگار ئالان پۆی ئەمریکی (١٨٠٩-١٨٤٩)ز، ٢- گی دی مۆپاسانی فەرەنسی (١٨٥٠-١٨٩٣ز)، ٣- چیخۆف ڕووسی (١٨٦٠-١٩٠٤)[1]. هەر لە سەدەی نۆزدەیەمین چەندین چیرۆکنووسی تری بەتوانا بەدەرکەوتن، کە دەوری کاریگەریان هەبووە لە پێشخستنی کورتە چیرۆك لەوانە:بەلزاك (١٧٩٩-١٨٥٠) ، فلوبێر (١٨٢١-١٨٨٠)، ستندال (١٧٨٢-١٨٤٢) لە فەرەنسا و دیکنز (١٨١٢-١٨٧٠) لە ئینگلتەرا و گۆگۆل (١٨٠٩-١٨٥٢) و تۆلستۆی (١٨٢٨-١٩١٠) و دیستۆفسکی (١٨١٨-١٨٨١) لە ڕووسیا[2].

دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر لەناو نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورددا هەیە، (د.فەرهاد پیربال) مەلا مەحموودی بایەزیدی بەهۆی نووسینێکەوە بەیەکەم چیرۆکنووسی کوردی لەقەڵەمدەدات لەناو ئەدەبی کوردیدا، ئەویش دەستنووسێکە بەناوی (مەم و زین)، کە لە ساڵی(١٨٥٦)ز نووسراوەتەوە لەم بارەیەوە دەڵێ: ((ئەم دەستنووسە بریتیە لە یەکەم چیرۆك لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا کە بە زمانی کوردی لەلایەن نووسەرێکی کورد نووسرابێت))[3]. هەروەها دەبێ ئاماژە بەوە بدەین ، بنچینەی چیرۆکی (مەم و زین)ی مەلا مەحموودی بایەزیدی بە هەمان شێوەی داستانەکەی (ئەحمەدی خانی) لە چیرۆکی فۆلکلۆری (مەمی ئالان) وەرگیراوە، بەڵام چیرۆکەکەی (مەلا مەحموودی بایەزید) بە پەخشان نووسراوە.

یەکێکی تر لەو دەقانەی لەلایەن شارەزایانی بواری ئەدەبی کوردی ئاماژەی پێدراوە و بە یەکەم چیرۆکی کوردی دانراوە چیرۆکی (شەویش)ی (فواد تەمۆ)یە، لەم بارەیەوە(د.شوکریە ڕەسول) دەڵێ:((یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی لە ڕێگەی گۆڤاری ڕۆژی کوردەوە پێمان گەیشتووە کە لە ساڵی(١٩١٣)دا لە ئەستەنبۆل چاپکراوە))[4]، (د.جەمشید حەیدەری)یش

---

١- پەخشانی کوردی ، عەزیز گەردی ، ل٤٧ .

٢-في النقد الادبي الحديث ، منطلقات و تطبيقات، د. فائق مصطفى ، د. عبدالرزاق علي ، ط١ ، مطابع التعليم العالي ، جامعة الموصل ، ١٩٨٩ ، ص١٣٢ .

٣- مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩ – ١٨٦٧) یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، د. فەرهاد پیربال، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ، ٢٠٠٠ ، ل٢٥ .

٤- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، د. شوکریە ڕەسول ، ل٢١١ .

لەبارەی ئەم چیرۆکەوە دەڵێ:((لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری ڕۆژی کورد ژانری چیرۆک لە دایك دەبێ، کە جیاوازی هەیە لەگەڵ چیرۆکی (حیکایەتی) فۆلکلۆری ... چونکە بۆ یەکەم جار چیرۆك ناوی نووسەری پێوەیە و زاخاوی مێشك و داهێنانی تایبەتی تاکە مرۆڤێکی ناسراوە))[1]، هەروەها هەندێ لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردی وەکو (د.عیزەددین مستەفا ڕەسول، د.مارف خەزنەدار، حوسێن عارف، عومەر مارف بەرزنجی، د.هیمداد حوسێن) چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب بە یەکەم چیرۆکی کوردی دادەنێن، لەوانە د.عیزەدین مستەفا ڕەسول لەم ڕووەوە دەڵێ: ((چیرۆکی کوردی لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی دەرکەوتووە، دەتوانرێت یاداشتە ڕەخنەییەکانی(جەمیل سائیب)کە لە ژێر ناوی (لەخەوما) ساڵی ١٩٢٥ دەربارەی ڕۆژگاری دەسەڵاتی شێخ مەحموودی حەفیدی نووسیووە، بە یەکەم چیرۆك دابندرێ))[2].

ڕەئووف حەسەن چیرۆکی (بۆچی جلخوارم)ی کەریم سەعید، کە لە ژمارە (١٥)ی شوباتی (١٩٢٥)لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)بڵاکراوەتەوە، بە یەکەم چیرۆکی کوردی دادەنێ[3]. (د.پەرێز سابیر)یش دەربارەی سەرەتای چیرۆکی کوردی دەڵێ((ئەوەی تا ئێستا بۆمان دەرکەوتووە ئەوەیە کە سەرەتای دەست پێکردنی چیرۆکی هونەری کوردی، لە کوردستانی خوارووددا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چیرۆکە سادانەی لەسەر لاپەڕەکانی (پێشکەوتن*) دا بڵاوکراونەتەوە[4].

(د. عەبدوڵڵا ئاگرین) ڕای وایە تا ئێستا (ڕۆژە وبونێك)، یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردییە(بە دیاری کردنی جۆرەکەی)، کە لە ژمارە(٣٠) (ڕۆژنامەی پێشکەوتن) ڕۆژی (١٨) نۆڤەمبەری ١٩٢٠ لەلایەن (جەمیل سائیب) بڵاوکراوەتەوە. ئەمەشی دوای لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە بۆ دەرکەتووە، نەك لە خۆیەوە ئەمە دیاری بکات لەم بارەیەوە دەڵێ:((دوای دراسەکردنی ساغ بوویەوە کە ئەو پەخشانەی جەمیل سائیب (١٨٨٧ – ١٩٥١) نووسیویەتی بۆ

---

١- کورتەیەك لە مێژووی پەخشان و چیرۆکی کوردی تا ناوەڕاستی حەفتاکان، جەمشید حیدەری، گۆڤاری وان، ژ(١)، ١٩٩٢، ل٢٤ .

٢- الواقعية في الادب الكردي، الدكتور عزالدين مصطفى رسول ، دار ئاراس، اربيل ، كردستان عراق ، ط٢ ، ٢٠١٠ ، ص١٩٦ .

٣- سەرەتای چیرۆکی کوردی و جیاوازی نێوان یەکەم چیرۆك و دووەمیان، ڕەئووف حەسەن، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (٦٩) ، ئابی ١٩٧٨ ، ل١٥.

* ڕۆژنامەی پێشکەوتن ساڵی ١٩٢٠ – ١٩٢٢ ، سلێمانی .

٤- بینای هونەری چیرۆکی کوردی – لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، پەریز سابیر، دەزگای سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠١، ل٤٧ .

خۆی کورتە چیرۆکێکی هونەرییە و هەموو هەل و مەرجەکانی هونەری چیرۆکی تیایە، ئەمە بە پێوەری ئێستا نەك تەنیا لێکدانەوەیەکی پوکاوەی ڕۆژانەبێ))[1].

بە بڕوای ئێمە دەتوانرێ ئەم چیرۆکانەی ئاماژەیان پێکراوە بە سەرەتای کورتە چیرۆکی هونەری دابنرێ، جگە لە چیرۆکی (لە خەوما) ، کە ئەمەیان چیرۆکی درێژە، بەڵام لە هەموویان زیاتر نزیکترە بە سەرەتای کورتە چیرۆکی هونەری دابنرێ کورتە چیرۆکی( ڕۆژەوە بوونێك)ی (جەمیل سائیب)ە، پاڵپشت بەو بەڵگانەی (د. عەبدوڵڵا ئاگرین) لە لێکۆڵینەوەکەی بەناوی (تەکنیکی شوێنی سەردەم و دیاریکردنی یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی) دەربارەی ئەم کورتە چیرۆکە بڵاوی کردۆتەوە[2] .

ئاشکرایە چیرۆکی هونەری سەرەتا لە ڕۆژئاوا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، دواتر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و کوردستاندا ئەم ژانرە ئەدەبییە بڵاوبۆتەوە. لەم ڕووەوە بزوتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی دەوری سەرەکی هەبووە، لە سەرهەڵدان و بەرەو پێشچوون و گەشەکردنی چیرۆکی کوردی، زەمینەیەکی باشی ڕەخساند بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ژانرە نوێیەی ئەدەب لەسەر لاپەڕەکانی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی((هەر لە هاتنە ناوەوەی چیرۆکی هونەرییەوە لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بوونە ژینگە و زەمینەی لەبار بۆ ناساندن و خستنەڕووی ئەم هونەرە نوێیەی پەخشان))[3]. کەواتە دەتوانین بڵێین لە دایك بوونی چیرۆکی هونەری کوردی لە باوەشی بزوتنەوەی ڕۆژنامەنووسی کوردی دابووە، وەکو ژانرێکی نوێ خۆی بە نووسەران و خوێنەرانی کورد ئاشنا کردووە. تا ئەمڕۆش بەشێك لە نووسەران چیرۆکەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو دەکەنەوە، هەرچەندە لەم سەردەمەی ئێستا لە چاپدانی کتێب ئاسان بووە، بەڵام کورتە چیرۆك لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤار ئاسانتر دەگاتە دەست خوێنەر، هەروەها خەڵکێکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار دەخوێننەوە زیاتر لە کتێب بۆیە دەبینین((هەموو لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی کورتە چیرۆك کراون، ئەوەیان سەلماندووە کە کورتە چیرۆك و ڕۆژنامەگەری دوو دوانەن لێك جیانابنەوە))[4].

---

١- موحازەرەکـــانی خوێنـــدنی ماســـتەر،د.عەبدوڵڵا ئاگرین،بەشـــی کـــوردی، کۆلێـــژی زمـــان، زانکـــۆی سەلاحەددین،هەولێر،٤/٦/٢٠١٣.

٢- چەپکێ خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێکی ئەدەبی، د. عەبدوڵڵا ئاگرین ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر،٢٠١٣، هەولێر،٢٠١٣، ل٥٠ .

٣- ڕۆژنامەنووسیی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسیی کورددا لە مێژووی هاوچەرخدا (١٩٢٢-١٩٢٤)، ل١٦١ .

٤-القصة القصيرة في مجلة الهلال (١٨٩٢-١٩٨٠) ، الدكتور عونى أحمد صالح تخوج، دار جليس الزمان، عمان، الاردن، ٢٠١٤ ، ص٤٦ .

لەلایەکی دیکەدا ئەدەبی کوردی خاوەنی حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی یە، ئاشکرایە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لەم لایەنەوە دەوڵەمەندە، ئەمەش زەمینەیەکی باشی بۆ چیرۆکی هونەری کوردی ڕەخساند، بوو بە بنەمایەك بۆ دروست بوونی چیرۆکی هونەری کوردی بۆیە((دەبێت ئەو ڕاستیەش لە یاد نەچێت، چیرۆکی نوێی هونەری لەسەر بنچینە دێرینەکەی حکایەت ڕووەو بڵندی هەڵکشاوە))[1]. هەروەها لەم بارەیەوە (د.پەرێز سابیر) دەڵێ:(( سەرچاوەی دروست بوونی چیرۆکی هونەری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سامانی فۆلکلۆری کوردی و چیرۆکی بێگانە))[2].

چیرۆکەکانی گۆڤاری هەتاو، زۆربەیان کەش و هەوای گوند و ژیانی سادەی خەڵکی هەژاری ناوشار و خەیاڵی ڕۆمانسیانە بەسەریاندا زاڵە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەدا. سەبارەت بە چیرۆکەکانی گۆڤاری هەتاو، (حوسێن عارف)، (١٤) دەقی وەکو چیرۆکی هونەری لە گۆڤارەکە دیاری کردووە[3]، بەڵام (عومەر مەعروف بەرزنجی)(١٩) دەقی چیرۆکی هونەری لە گۆڤاری هەتاو دەستنیشان کردووە[4]. ئێمەش (١٨) دەقمان وەکو چیرۆکی هونەری کوردی دیاری کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆربەی بنەما و توخمەکانی کورتە چیرۆك لە پێکهاتەی ئەم چیرۆکانە بەشدارن کە ئەمانەن :-

١- جەرگی دڵدار، جلال محمود علی ، ژ:٢٢ ، ل١٣ ، ژ:٢٣ ، ل٦، ژ:٢٤ ، ل١١ .

٢- خەونێکی خۆش، عبدالکریم محمود ، ژ:٢٧ ، ل٥ .

٣- چیرۆکی دیلی ئافرەت لە کوردستاندا ، کامل شێردل ، ژ:٢٤ ، ل١٣ ، ژ:٢٥ ، ل١٤ .

٤- زستانە ، (محەمەد عەلی کوردی) م.ع.کوردی ، ژ:٢٨ ، ل١٦ .

٥- بلیتی یانسیب، عومەر ساقی ، ژ:٦٣، ل١٨ .

٦- قۆرتی ژیان ، صلاح ئەحمەد ڕەواندزی، ژ:٨٢ ، ل١٤ .

٧- ژیانی هەژاری ، عوسمان ئەحمەد ڕۆستەم عوزێری ، ژ:٨٦ ، ل١٤ .

٨- بەسەرهاتی کنێر ، کاکە مەم بۆتانی ، ژ:٨٧ ، ل١٣ .

٩- دەیەوێ چاوی میری هەڵکۆڵێ، عەبدولخالق عەلائەدین، ژ:٧٣ ، ل٥ .

١٠- لە پاش باران کەپەنەك، عوسمان ئەحمەد ڕۆستەم عوزێری، ژ:٩٠ ، ل١٣ .

---

١- کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردیی کوردستانی عێراقدا (١٩٦١-١٩٧٠) ، د. عەبدوڵڵا ئاگرین، چ:١ ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، کوردستان ، ١٩٩٩ ، ل٥٦ .

٢- بینای هونەری چیرۆکی کوردی،لە سەرەتاوەتا کۆتای جەنگی دوومی جیهانی، پەریز سابیر، ل٤٢ .

٣- بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥- ١٩٨٣)، حسین عارف، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان ،١٩٨٧.

٤- لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥ - ١٩٦٩) ، عومەر مەعروف بەرزنجی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨ .

١١- هەوڵی بووێژێك و پڕۆژەی زۆرداران و کارەساتی قومار، کاکە مەم بۆتانی، ژ:٩٩ ، ل١٤ .

١٢- لە کانگای ژیانا ، شوان مەخموری ، ژ:١٠٩ ، ل١٤ .

١٣- بۆ چ قاوت دام ، کاکە مەم بۆتانی ، ژ:١١٩ ، ل٥ .

١٤- مانگ گیران ، ساجد ئاوارە ، ژ:١٢٠ ، ل١٣ .

١٥- ئەنجامی کچ فرۆشی ، ڕەئووف بێ گەرد ، ژ:١٣٢ ، ل٧ .

١٦- یادی شەوێك ، شوان مەخموری ، ژ: ١٤٤ ، ل٤ .

١٧- چیرۆکی ئادەمیزاد ، شێرکۆ بێ کەس ، ژ:١٥٦ ، ل٢١ .

١٨- جوامێری سالار ، محمود ئەحمەد ، ژ:١٥٧ ، ل٦.

## کورتە چیرۆکی هونەری لەگۆڤاری (هەتـــاو)دا
## لە ڕووی ناوەڕۆکـــەوە

بە خوێندنەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان دەگەینە ئەو بڕوایەی ناوەڕۆکی زۆربەی چیرۆکەکان لە چوارچێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە یە،بە شێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان کۆمەڵایەتین، بە خوێندنەوەیان هەست دەکەیت، کاریگەری دەخاتە سەر خوێنەر((ئەوەش ئەرك و مەبەستی کورتە چیرۆکە))[1]. چەوساندنەوەی ئافرەت و ژیانی هەژاری تەوەرەیەکی گرنگی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان پێك دێنێت.

(ڕەئووف بێ گەرد) چیرۆکێکی بەناوی(ئەنجامی کچ فرۆشی) بڵاوکردۆتەوە، مەسەلەی شیربایی و کچ بە زۆر بە شوودانی خستۆتەڕوو، ئەم دیاردە دواکەوتووانەی ناو کۆمەڵگەی کوردی لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە زۆر بڵاوبوونە. ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باس لە کوڕێك دەکات بەناوی (دلێر) کە دایك و باوکی نەماون لای خاڵێکی دەژی، پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ (نازداری) کچە خاڵی دروست دەبێت ((بەڵام ئەم خۆشەویستیەش وە نەبی لە ڕوویەکی پیسەوە بێ بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمە سەودای هەردوولا وەکو ئاوێکی ڕوون وابوو)) چەندین کەس هاتنە داخوازی بەڵام خاڵی دلێر (مام سلێمان) ئامادە نەبوو ئەم کچەیان پێبدات، چونکە ئەم کچەی بۆ خوشکەزایەکەی خۆی دانابوو، دواتر کەسێکی بە تەمەن (کاکە ئاغا) باوکی کچە ڕازی دەکات بە (٣٠) دیناری شیربایی ئەو کچەی پێبدات. دلێریش لە داخا نەخۆش دەکەوێت و دواتر کۆچی دوایی دەکات، نازداریش بە دەرمان خواردن کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت، بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتایی بە چیرۆکەکە دێت ((دەستی کرد بە دۆڵابەکەدا و قوتوێکی بچوکی دەرهێنا کە پڕ بوو لە ژار و دەستی دا پەرداخەکەی دلێر و کەمێ ئاوی تێکرد لەگەڵ ژارەکەدا وێنە جوانەکەی دلێری بە دەستەوە گرت بە یادی یاری لە گۆڕا کەوتووی بە گەردەنی بلوورینیاخستیە خوارەوە)) (ژ:١٣٢، ل١٢) .

(کاکە مەم بۆتانی) * لە چیرۆکی (بەسەرهاتی کنێر) دا هەمان بابەتی کچ بە پارەدانی باس کردووە، کە تیایدا ئافرەت مافی هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانی خۆی لەلایەن کۆمەڵگەوە لێ زەوت کراوە. ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەش باس لە کچێك دەکات بەناوی (کنێر)، کە لە خوێندن قوتابییەکی

---

١- کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراق دا ١٩٦١-١٩٧٠، د. عەبدوڵڵا ئاگرین، ل١٦٣ .

* لە گۆڤارەکەدا (ڕاپەر بۆتانی) یە .

زیرەك بووە، ویستوویەتیان بە زۆر بە پارە بە شووی بدەن، بەڵام ئەو ڕازی نابێت و بە ژەهر خواردن کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت و نامەیەك لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت. لە بەشێکی نامەکەدا ئاماژە بەوە دەدات، ئەگەر تۆسقاڵێ هیوا بۆ مرۆڤ هەبێ ئەوا خۆکوشتن ڕێگەیەکی باش نی یە بۆ مرۆڤ. ((ئەبێ ئەوەش بزانن کە هەتا ڕێگایەکی باشتر دەست دەکەوێت وە یا تۆسقاڵێ هیوا مابی خۆکوشتن باش نیە)) (ژ٨٧، ل١٣) .

(کامل شێردل)یش لە چوارچێوەی ئەو زوڵم و ستەمەی لە ئافرەت کراوە، چیرۆکێکی بەناوی (چیرۆکی دیلی ئافرەت لە کوردستاندا)لە(ژ:٢٤،ل١٣)(ژ:٢٥،ل١٤)بلاْوکردۆتەوە. ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باس لەوە دەکات، کە کابرایەك دەبێتە میوانی خوشکی خۆی لە گوندێك، شەو پیاوی ژنەکە لە ماڵ نابێت. برای ژنەکە خوشکەکەی خۆی دەکوژێت و هەڵدێت. دواتر لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکرێت، دەردەکەوێت، بۆیە خوشکەکەی خۆی کوشتووە، گوایە کاتی خۆی بە دڵی ئەو شووی نەکردووە، چونکە دەیویست بە هەوەسی خۆی بەشووی بدات، تا لە بەرامبەر ئەمەش پارە وەربگرێت. دەڵێ:((وەختێ لێی کۆڵرایەوە دەرکەوت کە خوێنڕێژ برای ئافرەتە چارە ڕەشەکە بووە لە وەختی خۆی دا ئەم عمر ناوە داوای کردووە، ئەمیش نەیداوە گوتویەتی من بە هەوەسی خۆم ئەی دەم بە شوو نابێ خوشك ئاگای لەوەبی کە دەیدەم بە شوو)) (ژ:٢٥،ل١٥).

(صلاح ئەحمەد ڕەواندزی) لە چیرۆکی (قۆرتی ژیان) کێشەی هەژاری و چەوساندنەوەی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە باس لە ئافرەتێك دەکات، کچی پیاوێکی کوێخا بووە لە گوندێك، دوای ئەوەی باوکی دەمرێ، هەموو ماڵ و زەوی و زارەکانیان لە دەست دەدەن، ئافرەتەکە لەگەڵ دایکی دەربەدەری ناو شار دەبێت. دواتر ئەم ئافرەتە توشی کابرایەك دەبێت ئەو کەسەش ئافرەتەکە بەناوی ئیش کردن دەبات بۆ شوێنێك، ئیتر ئافرەتەکە لەو شوێنە دەکەوێتە ناو ئەو داوەی کە ئەم کەسە بۆی داناوە، ئەویش جیهانی داوێن پیسی یە، ئیتر ئافرەتەکەش فێر دەبێ لەم ڕێگەیەوە پارە پەیدا بکات. دواتر ئافرەتەکە توشی نامۆیی و پەشیمانی دەبێت، دوای ئەوەی ڕۆژێك لەسەر شەقام ئافرەتەکە تووشی چیرۆکگێڕەوە دەبێت، چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە و پاشان ئافرەتەکە کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت. (( لە پڕ دەستی برد بۆ گیرفانی چەقۆیەکی سپی دەرهێنا نای بە قوڕگیا تا دەستم گرت سارد بووەوە لاشەکەی کەوت بەسەر زەویا))(ژ:٨٢، ل١٤).

(عبدالکریم محمود)یش لە چیرۆکی (خەونێکی خۆش) باس لە ئافرەتێکی هەژاری بێ کەس و کار دەکات. ئافرەتەکە بووەتە کارەکەر لە ماڵان، بەڵام ویستویەتیان دەست بۆ ناموسی ببەن لە ماڵەکان، ئەویش قبوڵی نەکردووە و ناموس و شەڕەفی خۆی پاراستووە، بۆیە ماڵەکانی

بەجێهێشتووە لەسەر شەقامەکان دەنووێ. کاتێك لەسەر شەقامێك نووستووە، خەوێکی خۆش دەبینێ، لەم کاتەدا پاسەوانێکی ئەم شوێنە لە خەو هەڵی دەستێنێ و کۆتایی بە چیرۆکەکە دێت. ((کەمێك چاوی بەرز کردەوە تەماشای کرد نۆبەچییەکە بەرامبەری ڕاستاوە بە قونداخەی تفەنگەکەی لە پشتی ئەدات و ئەڵێ:هەڵسە! هەڵسە ڕاست بەرەوە قەدەغەیە لەسەر کۆسپەی جادە نووستن))(ژ:٢٧، ل٥). ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەش دەرخستنی بە سوك تەماشاکردنی ئافرەتە لەلایەن کۆمەڵگەو ڕەخنەگرتنە لەو پیاوانەی تەنیا بۆ چێژ وەرگرتن وداوێن پیسی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەت دەکەن.

مەسەلەی دەردی هەژاری وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە زەقی باسی لێوەکراوە، سەرنجی چیرۆك نووسانی ڕاکێشاوە. (عوسمان ئەحمەد ڕۆستەم عوزێری) لە چیرۆکی (ژیانی هەژاری)دا باسی منداڵێکی هەژار دەکات، کە شاگردی چێشتخانەیەکە، لەبەر ئەوەی باوکی مناڵەکە (کەناس)ە موچەکەی کەمە، ناتوانێ بەم موچەیە ماڵ و مناڵەکەی بەخێو بکات. ئیش بە مناڵەکەی دەکات. دەڵێ:((جامانەیەکی شڕی پیسیشی کردووە بە لەچەك، عەزیزەیەکی بۆر و چڵکنی کونکونی لە بەرایە و هەردوو پێیەکانیشی پەتیە و لەسەرما قلیشاون و بەدەم چۆقە چۆقەوە ئەلەرزن))(ژ: ٨٦ ، ل٧) .

(شوان مەحموری) لە چیرۆکی (لە کانگای ژیانا) بە کوڕێکمان ئاشنا دەکات، ئەو کوڕە کچێکی خۆش دەوێت، بەڵام بەهۆی هەژاری ناتوانێ ئەم کچە بخوازێ، ناچار کوڕە بۆ پارە پەیداکردن ڕوودەکاتە کاری بەرد کێشانەوە، کە ئەمەش کارێکی قورسە بەڵام بەهۆی هەژاری و نەداری ناچارە ئەم کارە بکات، دواتر لە کاتی کێشانەوەی بەرد لەسەر شاخێك گلۆر دەبێتەوە ناو زێ یەك و دەمرێ. دەڵێ:((حەفتەمین ڕۆژی بوو کە لووتکەی شاخ لە کاتی بەرد کێشانەوەیا پەڕی و گلۆڵ بۆوە ناو قولایی زێ یە و نقوم بوو))(ژ: ١٠٩، ل١٤).

(عومەر ساقی ١٩١٣-١٩٧٣)[1]، لە چیرۆکی(بلیتی یانسیب) باسی کابرایەکی هەژار دەکات، دوکانی سەر و پێ ی هەبووە، توانیویەتی بەم کارە خێزانەکەی بەخێو بکات. ڕۆژێك کابرایەك لە جیاتی پارە بلیتێکی پێ دەدات، بلیتەکەی بۆ دەردەچێ. بەم بۆنەیەوە چەندین هیوا و ئاواتی لەلا دروست دەبێت، لەوانە بڕیار دەدات چێشتخانەیەکی باشی بە پارەکە دروست بکات و دەڵێ:((لە دڵی خۆیدا دەیگوت بەو پارە چێشخانەیەکی باشی پێ دروست ئەکەم و زەنگ دائەنێم بۆ بانگکردنی شاگردان و وا .... ئەکەم))، کە بەیانی بلیتەکەی خستە گیرفانیەوە چوو بۆ بازاڕ، دەستە جلێکی نوێی کڕی و لەسەر ڕێگەی خۆی لەسەر پردێك جلە کۆنەکانی فڕێ دا ناو

---

١ – قامووسی ناوە نەمرەکانی کوردستان،بەرگی یەکەم، ل٤٧٨.

ئاوەوە، کاتێك بەبیری هاتەوە بلیتەکەی لەناو گیرفانی چاکەتەکەی دایە، لە داخا خۆی هاویشتە ناو ئاوەکەوە ولە ئەنجامدا خنکا. بەم شێوەیە کابرای هەژار بەهۆی بلیتی یانصیبەوە بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتایی بە ژیانی هات. مەبەستی سەرەکی چیرۆکنووس لەم دەقەدا، ڕازینەبوونی مرۆڤە بە بەشی خۆی هەروەها ئەم چیرۆکە (یانەسیب)یش ناشرین دەکات. (ژ:٦٣، ل١٨) .

(کاکە مەم بۆتانی) لە چیرۆکی (بۆ چ قاوت دام) دا باس لە دایکێك و زڕ کوڕەکەی دەکات، ئافرەتەکە مێردەکەی نەماوە، خێزانێکی هەژارن. زڕ دایکەکە کوڕەکەی دەرکردووە، کوڕەکەش بووە بە دز، زڕ دایکەکە داوا لە کوڕەکە دەکات بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە ((ئافرەتەکە ئەی ووت ڕۆڵە وەرەوە ماڵەوە هیچ نەبی بەس شەو لەگەڵم بە! لە ژورێك بیٚ کەس و بە تەنیا ئافرەتێکی وەك من هەزار قسەی پێوە ئەکەن)). کوڕەکەش ئاماژە بەوە دەدات لەبەرچی پێش (٥) مانگ لەمەوپێش ئەو قسەیەت نەدەکرد و منت دەرکرد. ئافرەتەکە دەڵیٚ:((ڕۆڵە هەژاری و داماوی گەلیٚ شتی تر لەمە خراپتر بە خەلقی ئەکا)) بەم شێوەیە زڕ دایکەکە وا ئیدیعا دەکا ، کە نەبوونی وای لێکرد کوڕەکە دەربکات و ئێستاش پەشیمانە، بەڵام کوڕەکە بڕوا بەم شتە ناکات و پێی وایە زڕ دایکەکەی بۆیە دەیەوێت بیباتەوە لای خۆی، چونکە پارە پەیدا دەکا و دەسکەوتی هەیە، با بە دزی کردنیش بێت و دەڵیٚ:((دەستی کرد بە گیرفانیا و دوو دینارێکی دەرهێنا و نیشانی دا ووتی:ئەمانەم پێوە شك ئەبەی بۆیە کوڕتم، بۆیە ئەتەویٚ بگەڕێمەوە ماڵیٚ))(ژ:١١٩،ل٥). بەم شێوەیە چیرۆك نووس کەش و هەوایەکی بۆ دروست کردووین، نازانین بە کامەیان بڕوا بکەین، دواتر پۆلیس کوڕەکە دەگرن و دەیبەن، ئافرەتەکەش بە دوایاندا دەکەوێت، بەم شێوەیە بە کراوەیی کۆتایی بە چیرۆکەکە دێت.

دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی سەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە، ئەویش مەسەلەی ئاغا و دەرەبەگ و جوتیارە. لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی هەمیشە چینی دەرەبەگ و ئاغا چینی جوتیاریان دەچەوساندەوە، داهاتەکەیان لیٚ زەوت دەکردن، سەرانەیان لیٚ وەردەگرتن. ئەم بابەتە بووەتە کەرەستەیەکی چیرۆك نووسین لای زۆربەی چیرۆك نووسەکانی ئەو سەردەمە، بە ناوەڕۆکی چیرۆکی هونەری ئەم مەسەلەیان خستۆتەڕوو. ئێش و ئازار و مەینەتیەکانی چینی جوتیار و هەژارەکانیان خستۆتەڕوو. هەروەها دیاردەی قومارکردن و مەی خواردنەوە بووەتە کەرەستەی چیرۆکنووسین لای زۆربەی چیرۆك نووسەکانی ئەو سەردەمە، بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون ئاکامی مرۆڤی قومار بازیان دەرخستووە و ئەوەیان نیشان داوە، ئەم دیاردەیە شیرازەی چەندین خێزانی تێکداوە و لە باری بردووە.

(کاکە مەم بۆتانی) لە چیرۆکی (هەوڵی بویژێك و پرۆژەی زۆرداران و کارەساتی قومار)دا، باس لە زوڵم و ستەمی ئاغا و دەرەبەگ دژ بە چینی جوتیاران دەکات و لەلایەکی تر کارەساتی قومار کردن باس دەکات. چیرۆك نووس ئەوە دەخاتە ڕوو، کە چۆن بە ئاسانی ئاغا و دەرەبەگ جوتیار دەچەوسێننەوە و لەسەر حیسابی داهاتی ئەوان، پارەکە لە عارەق خواردنەوە و قومارکردن سەرف دەکەن. کاتێ (سەردار ئاغا) لەناو کۆڕی ئارەق خواردنەوە و قومار کردن لە دیوەخان دانیشتووە، جوتیارێکی کوشتووە، کە پیاوێکی (سەردار ئاغا) ئەم کارەی ئەنجامداوە، گوایا ئەم جوتیارە نیوەی گەنم و جۆیەکەی بۆ ئاغا نەناردووە، کە (سەردار ئاغا)داوای کردبوو بۆیە ئەویش پیاوێکی خۆی ناردووە و جوتیارەی کوشتووە و کەپرەکەشی سووتاندووە. دەڵێ:((سەردار ئاغا بە پێکەنینەوە ووتی:لە هاوینێ کە وەختی گەنم و جۆ هەڵگیرابوو قالەم نارد بۆ ئەوەی کە حەمە ئەو گەنم و جۆیەی هەڵیگرتووە نیوەیەکم بۆ بنێرێ .... بەڵام باوسەگە وتبووی ئەمساڵ ئەبێ ئاغا لێم ببوورێ کوڕەکەمی لە عەسکەری پێ ئەکڕمەوە ... منیش قالەم ناردە سەریان کەپرەکەیانی سوتان و ئەو سەگ بابەشی کوشت!!..)) هەر لەو کۆڕەدا کابرایەك لەبەر ئەوەی پارەی خۆی هەمووی لە قومارکردن دۆڕاند، لە ئەنجامدا خۆی کوشت .

چیرۆکنووس دەربارەی ئەم کەسە دەڵێ:((کە سەرم هەڵبڕێ بینیم بلەی مارف لەسەر یاری هەڵسا و هات لەسەر کورسییەك لە تەنیشتمەوە دانیشت ... دەستی کرد بە جگەرەکێشان و دالغە لێدان وا دیاربوو ئیفلاسی کردبوو ...)). دواتر چیرۆك گێڕەوە، کە خۆی لە کۆڕەکەدا دانیشتووە و دەڵێ:((وەك شێت خۆم گەیاندە پەڕی قومارەکە وە مستێکم لێ هەڵگرت وە تێکم شکاند وەکوو لەگەڵ مرۆڤێك قسە بکەم ئەم گووت:دەك ماڵت وێران بی کاغەز بەم بچووکی و بێ نرخی و بێ گیان و بێ هێزتەوە چەند ماڵت وێران کرد، چەند مناڵت بێ باوك کرد چەند ژنت بێ مێرد چەند دایك وباوکت بێ کوڕ کرد!! ...))(ژ:٩٩، ل١٤) . دواتر لەسەر ئەم کارە سەردار ئاغا گوللەیەك لە چیرۆکگێڕەوە دەدات بریندار دەکات و دەکەوێتە نەخۆشخانە.

(شێرکۆ بێ کەس)یش چیرۆکێکی بەناوی (چیرۆکی ئادەمیزاد) بڵاوکردۆتەوە، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەش پەیوەندیی بە بابەتی ئارەق خواردنەوە و قومارکردنەوە هەیە . کە پیاوێك لەبەر یاری قومارکردن بە تەواوی ماڵ و مناڵی خۆی لەبیر کردوە و، هەتا هەواڵی مردنی کوڕەکەشی پێ ڕادەگەیەنن، لەبەر سەرقاڵ بوونی بە یاری قومارکردن گوێ بەم هەواڵە نادات. دواتر ڕۆژێك لەسەر مێزی قومار کردن و ئارەق خواردنەوە، بە دەستی هاوڕێیەکی سەرخۆشی خۆی دەکوژرێ، بەم شێوەیە ئەم پیاوەش بەهۆی یاری قومارکردن و سەرخۆشی یەوە بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتایی بە ژیانی دێت. (ژ:١٥٦، ل٩).

(ساجد ئاوارە) چیرۆکێکی بەناوی (مانگ گیران) بڵاوکردۆتەوە، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە ڕەمز ئامێزە چیرۆکنووس مەبەستەکەی خۆی بە شێوەی ڕەمز دەربڕیوە، ڕەمزیش هەر خوێنەرێك بە گوێرەی ئاستی ڕرشنبیری خۆی ڕاڤەی دەكات. بۆ ئەم مەبەستە سوودی لە بابەتێکی داب و نەریتی کوردەواری وەرگرتووە، کە ئەویش (تەپڵ لێدانە) لەناو داب و نەریتی کوردەواری وا باوە، گوایا لە کاتی ڕۆژگیران یان مانگ گیران، ئەوا بە لێدانی تەپڵ جارێکی تر دەبێتەوە، بەڵام لە ڕاستی دا ئەم دیاردەیە، بابەتێکی فیزیایە، چیرۆك نووس باس لەوە دەکات لە شەوێکی شاری سلێمانی دا مانگ گیراوە و دوو منداڵی هەژاریش لەسەر شەقام ڕاوەستاون و تەپڵ لێدەدەن بۆ ئەوەی مانگ بکرێتەوە. لە بەشێکی دەڵێ:((لە شەوە زەنگی تاریکا، لە کاتی دڵ پەستی و پڕ خەمی و پەژارەیی، هەستی مرۆڤ وێڵە بە شوێن تروسکەیەکا کە تۆزێ باری خەفەتی سوك بکات هیوای ئەو دڵ پەستانە تروسکەی ئەستێرە جریوە دارەکانی ئاسمانە یا تریفەی زێڕینی مانگە کەچی بە هەوری ماتەمی شەوی پایزا ئەستێرەکان داپۆشراون مانگیش کزولێلایی داهاتووە و ئەڵێن (گیراوە) )) (ژ:١٢٠،ل١٣).

(جەلال مەحمود عەلی) چیرۆکێکی بەناوی (جەرگی دڵدار) لە(ژ:٢٢، ل١٣)،( ژ:٢٣،ل٦)، (ژ:٢٤، ل١١) بڵاوکردۆتەوە، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە باس لە ململانێی نێوان مرۆڤ و دیاردەکانی سروشت دەکات . چیرۆك نووس ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەگەر مرۆڤ ئیرادەی بەهێز بێ، ئەوا بەسەر هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشیانە زاڵ دەبێ، کە دێنە سەر ڕێگەی، پاڵەوانی ئەم چیرۆکە چونکە ئیرادەی بەهێز بووە، توانیویەتی بەسەر دڕندەیەکی وەکو گورگ زاڵ بێت و لەناوی ببات. ئاژەڵ لەناو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و شیعری کلاسیك و ئەدەبیاتی نوێی کوردی دەوری هەیە، زۆرجاریش وەکو ڕەمز بەکارهاتووە وەکو گورگ و دێو و مار و ئەسپی بەباڵ بەتایبەتی گورگ وەکو هێمای دوژمن بەکارهاتووە. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە ناوی (حەمەد)ە لە یەکێك لە گوندەکانی کوردستانە، ڕۆژێك دەچێت بۆ ماڵی مامی، لە ڕێگەدا گورگ دێتە سەر ڕێگەی، بەڵام(حەمەد) ناترسێ و خۆی ئامادە دەکات بۆ شەڕکردن و ڕووبەڕووبوونەوە و خەنجەرەکەی بە دەستەوە دەگرێت، دوای شەڕێکی دەستەویەخە لەگەڵ گورگ، پاڵەوانی چیرۆك توانی سەربکەوێ بەسەر گورگ، دەڵێ:((حەمەد سەری هەڵبڕی بەسەر گردەکەوە ڕەشاییەکی دی بەرەو ڕووی ئەکشایە دامێن هێشتا لەسەر پاڵ بوو لوورەی ناسازی برسیەتی بەرز کردەوە وە هەڕەشەی تێکۆشان و پەلاماردانی نارد بە کزەبا. بە زەردەخەنەیەکی پڕ بڕوا بەخۆوە لەبەر خۆیەوە وەڵامی لوورەی دایەوە ئێرە مەیدانی جەنگە خێراکە چاوەڕێتم ))( ژ:٢٣،ل٧)

لە ئەدەبیاتی جیهانیش نموونەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤمان هەیە لەگەڵ دیاردەکانی سروشت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی(پیرەمێرد وزەریا)ی(ئێرنست هەمەنگوای ١٨٩٩-١٩٦١)ی ئەمریکی، پیرەمێردێك لە کاتی ڕاو ماسییەکی گەورە ڕاو دەکات، بەڵام لەلایەن قرش (شاك) هێرشی دەکرێتە سەر. ململانێیەکی توند دروست دەبێ لە نێوان قرش و پیرەمێرد لەسەر ئەو ماسییەی کە پیرەمێردەکە ڕاوی کردووە، بەڵام پیرەمێردەکە کۆڵ نادات لە ڕووبەڕووبوونەوە، چەندین قرش (شاك) دەکوژێ، هەرچەندە لە کۆتایی ماسییەکەی لێ دەخۆن. لە بەشێکی دەڵێ:((ئەو کاتەی پیرەمێردەکە بینی: ئەوا شاکەکە بەرەو ڕووی دێت. زانی یەکێکە لەو دڕندانەی ئامانیان بۆنییەو ناپرسێ ترس بەری بە کوێوەیە و چی ئارەزووی لێ بێ ئەیکات .... پیرەمێردەکە .... دڵی پڕ لە هێز و گیانی ورە بەر بەر نەدانی بەرز بوو .... ئینجا لە دڵی خۆیدا وتی: هۆشاکە کە دایکت سك سووتاو ئەکەم))[1] .

---

١- پیرەمێرد و زەریا، ئێرنست هێمنگوای، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرکۆ بێ کەس، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١٠٩ .

# تەكنیك و زمانی چیرۆكەكانی گۆڤـــاری هەتـــــاو

چیرۆك وەك ژانرێكی ئەدەبی بنەما و تەكنیكی تایبەت بە خۆی هەیە ((تەكنیكی هونەری تا ڕادەیەكی زۆر هونەری چیرۆكنووسین لە هونەرەكانی دی وەكو وتار و ڕیپۆرتاژ نووسین جیا دەكاتەوە))[١].

لە چیرۆكەكانی گۆڤاری (هەتاو)، تا ڕادەیەكی باش تەكنیكەكانی هونەری چیرۆك نووسین بەكارهاتوون. لە ڕووی شێوازی گێڕانەوە لە هەندێ لە چیرۆكەكانی وەك (ئەنجامی كچ فرۆشی، جەرگی دڵدار، مانگ گیران، بلیتی یانسیب) چیرۆكگێڕەوە هەموو شتزانە، چیرۆكگێڕەوە لە دەرەوەی دەقەكەیە و ئاگاداری هەموو كون و كەلەبەرێكی چیرۆكەكەیە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا دەشكێت و لە كەسەكانی ناو چیرۆكەكە زیاتر شت دەزانێت[٢]. هەروەها لە هەندێ چیرۆكەكانی وەك (بۆ چ قاوت دام، ژیانی هەژاری، قۆرتی ژیان، لە كانگای ژیانا، هەوڵی بوویژێك و پڕۆژەی زۆرداران، ژیانی ئادەمیزاد) دا، چیرۆكگێڕەوە هەمان شتزانە، چیرۆكگێڕەوە لەسەر زمانی كەسەكان دەدوێت، هەمان زانیاری كەسانی ناو چیرۆكەكەی هەیە، شوێنی چیرۆكگێڕەوە لەناو دەقەكەیە، بەشدار دەبێ لە ڕووداوەكانی ناو چیرۆكەكە لەگەڵ كەسەكان[٣] .

سەبارەت بە بەكارهێنانی تەكنیكی دایەلۆگ، بە شێوەیەكی باش لە زۆربەی چیرۆكەكاندا پەیڕەوكراوە. چیرۆكنووسەكان بەشێكی زۆری گێڕانەوەكانیان بەهۆی تەكنیكی دایەلۆگەوە خستۆتەڕوو، بۆ نموونە لە چیرۆكی (یادی شەوێك) بەم شێوەیە هاتووە. دەڵێ :

(( – ئای قاچاخ ئەوە بۆ كوێ؟

– ئا ئا نەرمین خان ئەوە تۆی چۆنی

– بۆ كوێ نیازت هەیە؟

– بۆ ماڵەوە

– فەرموو سوار بە ئێمەش هەر بەوێ دا تێ ئەپەڕین)) (ژ:١٤٤ ، ل٦) .

لە چیرۆكی (بۆ چ قاوت دام) لە دایەلۆگێكی نێوان كوڕەكە و زڕ دایكەكەی بەم شێوەیە هاتووە :

(( – گریانت دادت نادات ، ئەو شەوە گریانت بهاتایەوە بیر كە قاوت دام!

– ئەگەر نەیەتیەوە، بە ئیمام عەباس بە ئیمام قاسم بە پۆلیس ئەتهێنمەوە!

---

١- ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەكانی ئەدەب دا ، هیمداد حوسێن بەكر، ل١٢٣ .

٢- بینای هونەری چیرۆكی كوردی، لەسەرەتاوە تا كۆتای جەنگی دووەمی جیهانی، پەریز سابیر، ل٢١٤ .

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٨ .

– پۆلیس؟! ئەوە پۆلیسخانەیە دە برۆ بانگیان بکە .

– ڕۆڵە، کوڕم بەسە بەس ئەوەندە دڵت ڕەق بی وەرەوە لەگەڵم بۆماڵەوە سەر پێکەوە ئەنێین))

(ژ:١١٩، ل٦)

دەبینین لەم دوو دیالۆگە، ناوی پاڵەوانەکان نەهاتووە، داش ( – ) دانراوە، ئەمەش بە شتێکی نوێ دادەنرێ بۆ ئەو سەردەمە. بە شێوەی تریش دایەلۆگ بەکارهێنراوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (ژیانی هەژاری) بەم شێوەیە هاتووە((پرسیم تۆ شاگردی چێشتخانەکەی؟ ووتی بەڵێ ووتم بەم بەیانیە زووە بۆ چی لەخەو هەڵساویت؟ ووتی ئاخر وەستام ئەڵێ ئەبێت بەیانیان زوو بێیت بۆ ئەوەی نانی بەیانی بۆ ئێوە ئامادە بکەین چونکە منیش لە قاپوقاچاخ و شتنی کاسە و کەوچکا یاریدەی ئەدەم. ووتم باوکت ئیشی چیە! ووتی باوکم (کەناس)ە مانگی بە ٣ دیناران))(ژ:٨٦، ل٧).

لەلایەکی تر تەکنیکی گەڕانەوە(فلاش باك)لە چیرۆکەکان بەرچاو دەکەوێت، کە ئەم تەکنیکەش بەکارهێنانی نوێ بووە، ئەم تەکنیکەش بریتی یە لە گێڕانەوەی ڕووداوێك کە لە ڕابردووی ڕووی داوە لە کاتی خۆیدا باس نەکراوە، بەڵام لە ئێستادا باس دەکرێت کەواتە ((تەنیا گەڕانەوە نی یە بۆ ڕابردوو، بەڵکو ئەرکە گرنگەکەی ئەوەیە کە ئەو ڕابردووە لە کاتی ئێستادا بخاتە چوارچێوەی گێڕانەوەکە))[1]، بەمەش چیرۆکگێڕەوە لە ڕێڕەوی گێڕانەوەکەی دەوەستێت و ئەو ڕووداوەی لە ڕابردوو ڕووی داوە لە ئێستادا دەیگێڕێتەوە، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوە سەرەکییەکانی ئێستای. بەمەش زیاتر ئاشنای ڕابردووی کەسەکان دەبین، ڕابردووی کەسەکان زیاتر بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە.

لە چیرۆکی (بۆچ قاوت دام) کاتێ زڕدایکی کوڕە باسی ڕابردووی باوکی کوڕەکە و مێردەکەی خۆی بۆ چیرۆکگێڕەوە دەکات. دەڵێت:((بەدەم گریانەوە ووتی ئەم کوڕە زڕ کوڕمە دایکی بەسەریەوە چوو باوکی منی هێناو پۆلیس بوو چەند کەسێك لەدەوڵەت یاخی ببوون لەم شاخانەدا لەگەڵ چەند پۆلیسێکی تر چوون بیان گرن بەڵام تێی کوژرا)) (ژ:١١٩، ل٨).

لەچیرۆکی (بەسەرهاتی کنێر)دا، چیرۆك گێڕەوە خۆی بەشدارە لەناو ڕووداوەکان و بەشێوەی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو باس لە کنێر دەکات، کە دوای ئەوەی کنێر خۆی کوشت. دەڵێ: ((سەرزەنشتم ئەکرد بۆ ئەم کردەوەیەی کە کردوویەتی لەم کاتەدا قسەیەکم هاتەوە بیر لەکاتێکدا

---

١– بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی ، نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤ ، ل١٥٩ .

که ڕێگامان نیشان ئەدا بەم چەشنە وەڵامی ئەداینەوە:- هەتا کارێك نەزانم بەتەواوی پێویستە کردنی و بەدرێژی لێی نەکۆڵمەوە نایکەم وەکە زانیم ئەبێ وە ڕاستە ئەیکەم بێ ئەوەی پرس بەکەس بکەم)) (ژ: ٨٧، ل١٥).

تەکنیکێکی تری گێڕانەوە (مۆنۆلۆگ)ە، لەسەردەمی دەرچوونی گۆڤارەکە هونەرێکی نوێ بووە، لە چیرۆکەکانی گۆڤاری هەتاو بەرچاو دەکەوێت، بەهۆی ئەم تەکنیکەوە خوێنەر شارەزایی ناخی کەسەکان دەبێت((باشترین ڕێگەکانی چیرۆکنووسە بۆ شۆڕبوونەوەی بەناخی دەروونی کەسەکانی چیرۆکەکەدا))[1]. ئەمەش لەڕێگەی ئەوەوە بەرجەستە دەبێت، کە کەسەکان لەگەڵ خۆیان قسەدەکەن. شێوەی پێشکەش کردنەکەشی لەلایەن چیرۆکگێڕەوە یان ڕاستەوخۆ دەبێت، بۆ نموونە لەچیرۆکی (چیرۆکی ئادەمیزاد) کاتێ چیرۆکگێڕەوە، کەخۆی بەشدارە لەناو چیرۆکەکە بەلای دوکانێکی قومارکردن و مەی خواردنەوە تێدەپەڕێ، سەبارەت بەو خەڵکەی لەناو دوکانەکە دەیانبینێ، لەبەر خۆیەوە دەڵێ:((زۆرجار خۆم بەخۆم ئەووت ئایا ئەوانەی لەو شوێنە خزاون ئادەمیزادن!))(ژ: ١٥٦، ل٢٢). یان ناڕاستەوخۆ دەبێت بۆ نموونە لەچیرۆکی (جوامێری سالار) کوڕەکە دوای ئەوەی باوکی لەلای خۆی دەری دەکات، لەسەر ئەوەی یارمەتی هەژارانی داوە، چیرۆك گێڕەوە لەسەر زمانی کوڕە بەم شێوەیە ئەم مەنەلۆگە پێشکەش دەکات، دەڵێ:((جار جارە کسپە لەدڵی ئەدرا کە بیری ئەکردەوە ئەگەر باوکی یارمەتی بدایە ئەندامێکی چەند بەکەلکو نرخدار ئەبوو چەندە خاوەن بەزەیی و دەسگیری هەژاران و لێ قەوماوان ئەبوو وە ئەیتوانی هەزارەها ئاواتی کز لەڕێگای مردن بگێڕێتەوە)) (ژ:١٥٧، ل٧).

لەچیرۆکی (بلیتی یانصیب) کاتێ کابرای هەژار بلیتەکەی بۆ دەردەچێ، لەگەڵ خۆیدا قسەدەکاو مەنەلۆگەکەش بەناڕاستەوخۆی دەگێڕدرێتەوە. دەڵێ:((لەدڵی خۆیدا دەیگوت بەو پارەیە چێشتخانەیێکی باشی پێ دروست ئەکەم و زەنگ دائەنێم بۆ بانگ کردنی شاگردان و وا... ئەکەم)) (ژ:٦٣، ل١٨).

سەبارەت بەو کەسانەی لەناو چیرۆکەکانی گۆڤارەکەدا دەبینرێن، ئەوا کەسانی ناو چیرۆکەکان وێنەی مرۆڤی ئاسایی و سادەی سەر بەژیانی واقیعی کۆمەڵی کوردەوارین، واتا ڕەنگدانەوەی خاسیەت و سروشتی ئەو کەسانەن، کە لەژیاندا دەیانبینین و هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکەین.

---

١ - نوێکردنەوە لەچیرۆکی هونەریی کوردستانی باشوور ١٩٩١-٢٠٠٣، سامان محمد علی، مطبعة الوقف الحدیثة، بەغدا، ٢٠١٢، ل٣٠٤.

دەربارەی هەردوو توخمی شوێن و کات هیچ ڕۆڵێکی گرنگ ناگێڕن، تەنها وەك چوارچێوەیەك ڕووداو و کەسەکان دەگرنە خۆیان، واتە شوێن و کات کاریگەریان بەسەر پەرەسەندنی ڕووداوەکان و کەسەکاندانییە. کات وەکو دیاردەیەکی فیزیای (مادی) مامەڵەی لەگەڵ کراوە، واتا ڕووداوەکان لەماوەیەکی دیاری کراوی شەو یان ڕۆژ یان لەچەند کاتژمێرێك تێپەڕیان نەکردووە. بۆ نموونە لەچیرۆکی (قۆرتی ژیان)دا کاتی ڕووداوەکە یەك شەوە. سەبارەت بەشوێن زۆربەی چیرۆکەکان لەچەند شوێنێك ڕوویان داوە، شوێنەکانیش واقیعین و زۆربەی شوێنەکان کراوەن. لەچیرۆکی(مانگ گیران)چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ ناوی شوێنەکەی هێناوە، کە شاری سلێمانی یە، ئەمەش بۆ ئەوەیە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، هەست بەبوونی ڕاستەقینەی شوێنەکە بکات، کارلێك لەگەڵ ڕووداوەکان بکات. لەلایەکی تر لەهەندێ چیرۆکەکان کات بزرە، بۆ نموونە لەچیرۆکی (بڵێتی یانصیب)، هەست بە بوونی کات ناکەین.

سەبارەت بەزمانی چیرۆکەکان، ئەوا بەشێوەیەکی گشتی، تا ڕادەیەکی باش بەکوردیەکی پەتی و جوان و ڕەوان و ئاسان نووسراون، بەدەگمەن وشەی بیانی بەکارهاتووە. چیرۆك نووسانی کورد زۆربەیان گرنگیان بە زمانی کوردی داوە، چونکە((لەچیرۆکی کوردیشماندا زمان ئامانج و هۆ بووە، ئامانج بووە بۆ داهاتنی زمانی پەتی و ڕەسەن، هۆیە بۆ گەیاندنی بابەت و ناوەڕۆك))[1]. بەشێوەیەکی گشتی گونجان وهەماهەنگی لەنێوان شێوازی قسەکردن و ڕۆڵی کارەکتەرەکان هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی چیرۆکەکان سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

لە چیرۆکی(جەرگی دڵدار) زمانی ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی ساکار و ئاسایی نووسراوە، بەڵام چیرۆکنووس بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە توانیوویەتی زمانێکی کوردی ڕەوان و پەتی پەیڕەو بکات. (عومەر مەعروف) بەرزنجی دەربارەی ئەم چیرۆکە دەڵێت:((شێوەی نووسین و ڕستەی چڕ و دەسەڵاتی نووسەر بەسەر زماندا و گرێدانی ڕووداوەکان بەیەکترییەوە سەرنجی هەموو خوێندەوارێك ڕادەکێشێت و جێی تێڕامانە، چونکە لەوکاتەی کە ئەم چیرۆکە بڵاوکراوەتەوە واتا ساڵی (١٩٥٥) هیچ کام لەبەرهەمەکانی ئەو سەردەمە نەیانتوانیوە بە پەرێزی ئەم چیرۆکەدا بچن و لەڕەوانی و داڕشتن لەڕیزی پێشەوەیە))[2].

چیرۆکی(مانگ گیران)یش یەکێکە لەو چیرۆکە هونەرییەکانی ئەم گۆڤارە، کە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو داڕێژراوە، زمانەکەی ئاستێکی ئەدەبی بەرزی هەیە، نووسەر توانیوویەتی زمان

---

١ - شێواز لەکورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا ١٩٩٠-٢٠٠٠،د. سەلیم ڕەشید ساڵح، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٦٤.

٢ - لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٩، عومەر مەعرووف بەرزنجی، ل١٣٥.

بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و جوان بەکاربێنیٚ، ڕستەکانی بەسۆز و کاریگەرن، چێژ بەخوێنەر دەبەخشن. دەتوانین بڵێین چیرۆکنووسەکان هەموویان تا ڕاددەیەکی باش لەدارشتن و بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی جوان وسەرنج ڕاکێش لەنووسینی چیرۆکەکان سەرکەوتووبوونە.

## چیرۆكی وەرگێڕدراو لـەگۆڤـاری هەتـــاودا

وەرگێڕان دەبێتە دروست بوونی كاریگەری ڕۆشنبیری نەتەوەكان لەسەر یەكتری و لەو ڕێگەیەوە میللەتەكان بەیەكتر دەگەن. هەمیشە لە ڕێی وەرگێڕانەوە نووسەران، ئاشنایەتیان بە ئەدەبیاتی دەرەوەی نەتەوەكەی خۆیان دەبێت. كاری وەرگێڕان لە ئەدەبی كوردیدا دەورێكی گرنگی هەبووە بە تایبەتی بۆ ژانری چیرۆك. بەهۆی وەرگێڕانی چیرۆكی بیانیەوە بۆ زمانی كوردی چیرۆك نووسەكانمان ئەزموونی گەلانی تریان وەرگرتووە و ئاسۆی بیركردنەوەیان فراوان بووە، ناوەڕۆكی چیرۆكی كوردی بە بیر و بۆچوونی تازە و پێشكەتووخواز دەوڵەمەند بووە .

سەبارەت بە چیرۆكە وەرگێڕدراوەكانی گۆڤارەكە، ژمارەیان (١١) چیرۆكە، لە ڕووی زمان و شێوەی وەرگێڕانەوە، بە زمانێكی ڕەوان و پەتی زۆر جوان وەرگێڕدراون، بە شێوازێكی ڕێك چیرۆكەكانیان كردووە بە كوردی. وەرگێڕەكان توانیویانە بە كوردییەكی پوخت بەرهەمەكە بخەنە بەر چاوی خوێنەر، هەست پێ دەكەین خۆیان لە وەرگێڕانی وشە بە وشە پاراستووە و زیاتر بەلای واتای دەقەوە چوون، بۆیە دەبینین لە ئاستی هونەری چیرۆكەكانیان كەم نەكردۆتەوە، كە دەیانخوێنینەوە هەست بە چێژێكی زۆر دەكەیــن. هەرچەندە (٢) لە چیرۆكەكان (تەرازوو، بەسەرهاتێكی ڕاستەقینە لە فرانسەدا) تەواو نەبوونە و ماویەتیان، بەڵام سەرباری ئەمەش هەر چێژ بە خوێنەر دەبەخشن .

لە چیرۆكی(پوورە حەنی و ئاهەنگی دانسەكەی)ی ئۆسكار وایلد(١٨٥٤-١٨٩٠)، وەرگێڕانی (م.رسول)، باسی پیرەژنێك دەكات، دەیەوێ بە یادی جاران ئاهەنگێك لەماڵەوە ساز بكات، ئەم بیرۆكەی پاش ئەوە بۆ دروست بوو، كە ماڵێكی نوێ بوونە دراوسێی. كە دەیانویست ئاهەنگێكی گەورە ساز بدەن، لەم ناوچەیەدا كەس ئاهەنگی وای ساز نەدابێ. پیرەژنیش لە ڕقان بڕیار دەدات ئاهەنگێكی گەورە ساز بدات، هەتا بۆ خەڵك دەربخات و بسەلمێنێ ژنێكی بەساڵاچوو لە توانای هەیە، لە هەر كاتێك دا ویستی ئاهەنگێكی گەورە بگێڕێ و هەموو كەسێك ڕووی تێ بكات. پارەیەكی زۆری سەرف كرد بۆ ئامادەكردنی ئەم ئاهەنگە ، بە جوانترین شێوە ماڵەكەی خۆی ڕازاندبۆوە، بەڵام شەو كەس نەهات بۆ ئاهەنگەكەی. لە بەشێكی دەڵێ:((كات تێ پەڕی و كەس دیار نەبوو سعات بوو بە یازدە نەخێر گەیشتە دوازدەش كەس پەیدا نەبوو دووایی بە ناچاری پوورە حەنی ئاوڕێكی لە تیپی مۆسیقاكە دایەوە و بە چۆكا هات بە كەساسیەكەوە ووتی فەرموون نانەكان بخۆن وا دیارە كەس نایەت ئیتر خۆی سەركەوتە سەرەوە و چووە سەر قەرەوێلەكەی لێی كەوت و درێژ بوو هەر ئەو جارە بوو ئیتر لە داخا سەری نایەوە و هەڵ نەستایەوە. پاش ماوەی چوار پێنج ساڵێك بەدوای مردنەكەیا وا دەركەوت كە پوورە حەنی ئەو

بیطاقانەی کە نووسیبووی بە شوێنی خەڵکا کە بێن بۆ ئاهەنگەکەی بیری چووبوو بۆیان بنێرێ هەروا بە کۆمەڵ لەناو دۆلابەکەیا مابووەوە واشی ئەزانی کە ناردوویەتی))(ژ: ٨٦، ل٤).

لە چیرۆکی (پاداشتی قومار) نووسراوە چیرۆکێکی پۆلیسی یە، ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە، لە وەرگێڕانی (بحری زادە)یە. باس لە کابرایەکی قومارچی دەکات، دوای ئەوەی پارەکانی دەدۆڕێنێ، دزی لە بانك دەکا و بەم هۆیەوە دەگیرێ و لە سێدارە دەدرێ. لە بەشێکی دەڵێ:(( (بیرت) دەستە ئەژنۆ دانیشتبوو پەست و بێ هێز و وورە لێ بڕاو بیری لەوە ئەکردەوە کە چۆن لە ماوەیەکی کەمدا ئەو هەموو دراوەی دۆڕاندوە سەرەڕای ئەوەش پارەیەکی زۆری کەوتۆتە گەردەن لە کاتی یاری کردندا لە پڕ هەستایە سەر پێ و هەموو لەشی بە جارێکی ئەلەرزێ وە ووتی چاوەڕوان بکە ئەی (جۆ) جۆ ئەو کەسە بوو کە هەموو پارەکەی لێ بردبووەوە لەوەرامدا ووتی چاوەڕوانی چی بکەم ، هەر چیەکەت پێ بوو هەمووت دۆڕاندووە و دوو هەزار دۆلاریشت لایە)) (ژ:٧٨، ل٤).

ئەمەش ناوی چیرۆکەکانە:

١- پاداشتی قومار، چیرۆکێکی پۆلیسی یە، لە گۆڤاری (الاثنین) وەرگیراوە، ئاماژە بە نووسەرەکەی نەکراوە، ئەو زمانەی لێی وەرگێڕدراوە نەنووسراوە، وەرگێڕ بۆ کوردی(بحری زادە) ، ژ:٧٨، ل٤ .

٢- تێکۆشان تا مردن لە پێناو زەویا ،تۆلستۆی (١٨٢٨ - ١٩١٠)، وەرگێڕ بۆ کوردی (ئەولا) ، ئەو زمانەی لێی وەرگێڕدراوە نەنووسراوە، ژ:٧٩، ل٦ .

٣- پورە حەنی و ئاهەنگی دانسەکەی، ئۆسکار وایلد (١٨٥٤ - ١٩٠٠)، وەرگێڕ بۆ کوردی( م. رسول)، ئەو زمانەی لێی وەرگێڕدراوە نەنووسراوە، ژ:٨٦، ل٤ .

٤- تەرازوو، ئەناتول فرانس ١٨٤٤-١٩٢٤، (محمد سعید جاف) لە فارسیەوە کردوویەتی بە کوردی، ژ:٢٨، ل١٣ .

٥- گوناهبار، جبران خەلیل جبران (١٨٨٣ - ١٩٣١)، وەرگێڕان بۆ کوردی( چ .خ .ژ )، ئەو زمانەی لێی وەرگێڕدراوە نەنووسراوە، ژ:١٣٤، ل١٥ .

٦- خێزانێکی بەختیار، ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە، (کەمال ڕەمزی) کردویەتی بە کوردی، ناوی ئەو زمانەی لێی وەرگێڕدراوە نەنووسراوە، لە گۆڤاری (اهل النفط) وەرگیراوە، ژ:٨٨، ل١.

٧- جلی جەژن، ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە، وەرگێڕانی بۆ کوردی( محمد شێخ رشید)، ئەو زمانەی لێی وەرگێڕدراوە نەنووسراوە، ژ:١٢٥، ل١ .

٨- ڕێگا خەبات زۆر جۆرە، ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە، (مجید عمری ئەندازیار) بۆ کوردی وەریگێڕاوە، ئەو زمانەی لێی وەرگێڕدراوە نەنووسراوە، ژ:١٧٧ ، ل١٦ .

٩- ئافەرین باوك، ناوی نووسەرەکەی نەنووسراوە، دلشاد ئەحمەد (شەوقی) وەریگێڕاوە بۆ کوردی، ئەو زمانەی لێی وەرگێڕدراوە نەنووسراوە، ژ:١٦١ ، ل٦ .

١٠- لە ژێرەوە بۆ سەرەوە، جوڤر حداد، (پیربال محمود) وەریگرێڕاوە بۆ کوردی، لە گۆڤاری (اهل النفط) وەرگیراوە، ئەو زمانەی لێی وەرگێڕدراوە نەنووسراوە، ژ:٤٩ ، ل٥ - ژ:٥٠ ، ل٨ .

١١- بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە لە فەڕانسەدا، مۆریس لوبلان ١٨٦٤-١٩٤١، (غفور سعید) کردویەتی بە کوردی، ئەو زمانەی لێی وەرگێڕدراوە نەنووسراوە، ژ:٨٨، ل١٤- ژ:٨٩،ل١٣ - ژ:٩٠،ل٧- ژ: ٩١ ،ل١٤-ژ: ٩٢،ل٧- ژ: ٩٤، ل ١٤.

١٢-ژنێکی تاوانکار،سحاب عناد عوبێدی، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە(عوسمان احمد روستەم عوزێری)، ژ:٨٧، ل.٥

١٣-گورگی ناو کۆمەڵ، سحاب عناد عوبێدی، وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە(عوسمان احمد روستەم عوزێری)، ژ:٨٣، ل١٦.

## تەوەری پێنجەم /

# چیـــــرۆکە شیعــــــر لــە گۆڤــاری هەتـــاودا

ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە خاوەنی کەسایەتی و خەسڵەتی خۆیەتی، تیایدا چیرۆکێك بە شیعر دەگێڕدرێتەوە، دەبێت مەبەستی ئاشکرای شیعرەکە گێڕانەوەی چیرۆك بێت[1]. کەواتە هەردوو ژانری چیرۆك و شیعر تێکەڵ بەیەك دەبن، هەردوو توخمەکانی چیرۆك و شیعر لە ژانری چیرۆکە شیعر دەبینرێت. ئەم ژانرە ئەدەبییە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بۆ نموونە یۆنانیەکان داستانە ئەدەبیەکانی خۆیانیان بە شیعر نووسیوە لەوانە (ئەلیادە و ئۆدیسا)ی هۆمیرۆس، لای ڕۆمانییەکانیش داستانی(ئەنیادە)ی ڤرجیل بەشیعر نووسراوە.

لەلای نەتەوەی کوردیش ئەم ژانرە ئەدەبییە مێژوویەکی کۆنی هەیە ((شاعیران بایەخی زۆریان بە پۆیێم (چیرۆکی شیعری)داوە، ئەمە بابەتێکی هەرە گرنگە لە مێژووی شیعری کلاسیکی و شیعری میللی سەرزاری (فۆلکلۆری) کوردیدا))[2]. بەناوبانگترین دەقی ئەدەبی لەناو ئەدەبی کۆنی کوردیدا بە شیعر گێڕدرابێتەوە، دەقی (مەم و زین)ە ، کە لەلایەن (ئەحمەدی خانی) بە شیعر نووسراوەتەوە، بووە بە شاکارێکی ئەدەبی، ئەویش ئەم دەقەی لە ئەدەبی سەرزاری فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە و داستانێکی بە شیعر نووسراوی لێ دروست کردووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا لەگەڵ نوێ بوونەوە لە شیعری کوردیدا، شاعیران بەردەوام بووینە بەنووسین بەم ژانرە ئەدەبی یە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، خوێنەری کورد چێژی لەم جۆرە ژانرە ئەدەبییە وەرگرتووە.

لە گۆڤاری (هەتاو)یش ژمارەیەك دەقی چیرۆکە شیعرمان بەرچاو دەکەوێت، کە ژمارەیان (٢١) دەقە، تیایدا چیرۆك و بەسەرهاتەکان لە قالبێکی شیعری سادە و ساکار بڵاوکراونەتەوە. (پیربالْ مەحموود) لە چیرۆکە شیعری (قسەی ئاوارەییێك) دا، دەڵێ:(لەسەر زمانی ئاوارەییێکی هاوخوێن وتراوە کە ئێستا لە "ئەوروپایە"). باسی کەسێکی کورد دەکات، دیارە کەسەکە لە وڵاتێکی ئەوروپی یە، لەوێ دەچێت بۆ ئاهەنگێك، شوێنەکە ڕازاوەتەوە پڕ بووە لە خواردن و خواردنەوە و سەما و مۆسیقا و گۆرانی گوتن. ئافرەتێك دێت بۆ لای، داوای لێ دەکات لەگەڵی بخواتەوە و ڕابردوو لەبیر بکات. بەم شێوەیە گفتوگۆ دەکەوێتە نێوان هەردووکیان. ناوەڕۆکی

---

١- النقد الأدبي، أحمد امين، دار الكتاب العربي، ط٤ ، بيروت ، ١٩٦٧ ، ص٩٧ .

٢- مێژووی ئەدەبی کوردی ، د. مارف خەزنەدار، بەرگی شەشەم ،ل٦٥ .

چیرۆکەکەش خۆشەویستی وڵات و نیشتمانپەروەری لای کوردێك دەردەخات لە ئاوارەیی و دوور لە وڵاتەکەی خۆی، کە کوردستانە . دەقەکە (٤١) دێڕە لە بەشێکی دەڵێ :

((ووتم : لەو ڕۆژەی کە تینووم شکان
بە ئاوی ووڵات کەوسەر و زوڵاڵ
هەتاکو ئێستا هەر تینوومـــــە من
هەروا ئەمێنم ساڵ بە دوای ساڵ
چلۆن مەی، شەراب تینووم ئەشکێنێ
گەر نەخۆمەوە لە ئاوی (بێخاڵ)؟!
ووتی : ئەم ئاوە مەستتان ئەکـــا؟
ووتم دەروونم بۆی بۆتە زوخاڵ
ووتی : کەواتە تاسەی دەرونت
ئەجوولێتەوە بۆ چەمی خاڵ خاڵ
ووتم : ئەی چلۆن بۆ کوردستانم
بۆ دۆلانی پڕ لە بلبل و داڵ
ووتی : کەواتە هیچ لەبیر ناکەی
ووڵاتت هەتا بە سامان و ماڵ
ووتم : ماڵ ئەڕوا ئابڕوو ئەمێنێ
ئابڕوو چۆن ئەدەم بە پوول و ریاڵ؟
ووتی : کەواتە ئەتۆ گیرۆدەی
ووڵاتی نەوەك دوو چاوی کـــەژاڵ))
(ژ:١٧٩، ل١٢)

ئاگــر (عوسمان حاجی عمر) لە (یەکێتی کوردەواری) دا حیکایەتێکی میللی سەرزاری وەرگرتووە و بە شێوەی شیعر دایڕشتووە، حکایەتەکەش ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی هەیە، داوای یەکێتی و یەکبوون لە نەتەوەی کورد دەکات. پیاوێکی پیر(٨)کوڕی هەبووە، بە کوڕە گچکەکەی گوتووە، کە چەند لقە شووڕێکی بۆ بێنێ، کوڕەکانیش سەریان سووڕماوە لەو کارەی باوکیان. لەبەشێکی دەڵێ :

((شووڕەکانی توند توند بە داوی پێچا
گۆتی بشکێنن بە تێکڕا هەموو
ئەو دەست و ئەم دەست بە هیچیان نەشکا
داویان ترازاند یەکیەك و دو دو
بە تاکە تاکە هەموویان شکاند
ئەم باقە شوولە پارچە پارچە بوو
گۆتی کوڕی من گەر ئێوە یەك بن
کوێر دەبێ دوژمن ڕوو ڕەشی مێژوو
داوی یەکێتی گەر لێك ترازا
هەزار کۆمەڵە خۆڵەمێش و فوو
پشتی یەك بگرن یەکیەتیتان بی
خوایە یەکیەتی لە کورد بێتە خوو))
(ژ: ١٨٦،ل١٣)

(کاردۆخی)لە چیرۆکە شیعری (نرخی گیانی ڕەزیل سەد فلسە) باسی کابرایەکی دەوڵەمەندی ڕەزیل دەکا. ئەم کابرایە ڕۆژێك دەکەوێتە ناو ئاوی سیروان، مەلە نازانێ نزیکە بخنکێ، بەلاّم بە ڕێکەوت کابرایەکی مەلەوان لەوێ ئامادە دەبێت، کابرا لە خنکاندن ڕزگار دەکات. لە بەرامبەر ئەوەدا کابرای مەلەوان داوای پارە دەکات. ئەویش سەد فلسی پێدەدات. دەبێتە دەمەقاڵێ و هەرا لە نێوانیان، بۆیە خەڵك لە دەوریان کۆ دەبنەوە، دیارە، مەبەستی نووسەر پیشاندانی مرۆڤی ڕەزیلە لەناو کۆمەڵگە. لە بەشێکی دەڵێ :

(( بوو بە هەرا و شەڕ لە گۆیی سیروانا    خەلقی پەیابوون بۆ ئەم سەیرانا
مەلەوان پەلی پیسکەی گرتبوو    بە تانە و تەشەر ئاورووی بردبوو
بەلام معلومە راستە و بیـنراوە    حەیا لای ڕەزیل هەر ناوی ماوە
بۆیە هەر ئەیووت بمخەیتەوە سیروان    سەد فلس پتر نادەم بە قورئان
لەناو سەیر کەران لە گوێی سیروانا    بێ دەنگ وەستا بوو پیرێکی زانا
ووتی بەریدەن وێل بێ با بڕوا    تا ماوە نانی ڕەحەتی ناخوا
نرخی گیانی ئەو تەنیا سەد فلسە    بۆیە هەر ئەڵێ سەد فلس بەسە))

(ژ:١٤٤،ل١٤)

جۆرێکی تر لە چیرۆکە شیعریەکان کەسایەتیەکانیان لە ئاژەڵ و باڵندە و شتی بێ گیان بە شێوەی مرۆڤ دەدوێن پێك دێت، بەم جۆرە چیرۆکە دەگوترێ (ڕاز یان فابل Fable). ئەم جۆرە چیرۆکەش بە شیعر یان پەخشان دەنووسرێ، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانە پەندەو سروشتێکی ئاکاری و هوشیارکردنەوەیان تێدایە، ناسراوترین و کۆنترین جۆری ئەم ڕازانە لە ڕۆژئاوا، ئەوانەن بە چیرۆکەکانی (ئێزۆپ) ناسراون. لە سەدەی شەشەمی (پ.ز) یەکەمجار لە یۆنان کۆکراونەتەوە. لە ڕۆژهەلاتیش ناسراوترینیان کۆمەڵە چیرۆکی(کلیلە ودمنە)* ی فەیلەسووف هندی (بەیدەبا)یە[1]، ((لەبنەڕەتدا هیندی بووەو وەریان گێڕاوەتە سەر فارسی و هەندێکیان لێی زیاد کردووەو پاشان(ابن المقفح)کردوویەتیە عەرەبی، دەقە فارسیەکە بزربووەو لەعەرەبیەوە کراوەتە فارسی))[2] لەناو چیرۆکانە ئاژەڵ و باڵندەو شتی بێ گیان دەوری مرۆڤ دەگێڕن**.

لەئەدەبی نوێی کوردیش ڕۆمانمان هەیە، کە لەسەر زمانی ئاژەلان نووسراون، لەوانە (ڕۆمانی گەماڵ) لەنوسینی (خوسرەو جاف)، کە ئەم ڕۆمانە ناوەرۆکێکی سیاسی هەیە[3]. لە ئەدەبی نوێی جیهانیشدا، یەکێك لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی جیهان لەسەر زمانی ئاژەلان نووسراوە، بەناوی (مەزرای ئاژەلان)لەلایەن جۆرج ئۆروێل(١٩٠٣-١٩٥٠) ڕۆماننووسی بەریتانی.

---

١- ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا ، عبدالصمد إسلام طه، ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٢ ، ل٩٠ ، فەرهەنگی ئەدەبی، د. موحسین ئەحمەد عومەر، ل١٣٤ .

* ئەم بەرهەمە بۆ زمانی کوردی وەرگێردراوە ، لەلایەن چەند وەرگێڕێکەوە لەوانە :

- کەلیلە و دیمنە، بەیدەبە،وەرگێڕانی عومەر تۆفیق، چاپی سێیەم ، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.

- کەلیلە و دمنە، بەیدەبە، وەرگێڕانی محمد صالح گەلالی ، چاپی سێیەم ،چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢- بەراوردی ئەدەبی، د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠١٤، ل٢٩٢.

**-ئەدەبی سەرزاری کوردیش دەوڵەمەندە لە هەقایەت بە زمانی باڵندەو ئاژەلان.

٣ - گەماڵ، خوسرەو جاف،چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١١.

لەم ڕۆمانەدا نووسەر لەسەر زمانی گیانداران ڕەخنەی توند لە سیستەمە دیکتاتۆرەکان دەگرێت[1].

لە گۆڤاری هەتاو چەند چیرۆکە شیعرێك لەسەر زمانی ئاژەڵ و باڵندە نووسراوە . لەوانە (مستەفا نەریمان) لە چیرۆکە شیعرێك بەناوی (سەرکێش)دا باسی ململانێی دوو بزنە کێوی دەکات، کە لەسەر پردێکی تەنگ بەرامبەر یەکتر دێن، هیچ کامیان ڕێی ئەوی تر نادات، تا تێپەڕێ، لە ئەنجامدا هەردووکیان دەکەونە خوارەوە. دیارە، مەبەستی نووسەر ئەوەیە پێویست ناکات مرۆڤ سەرکێشی لەگەڵ یەك بکات، ئەگەر هەردووکیان ڕێگەیان بە یەکتردابا، بە دڵنیایەوە بەبێ کێشە هەردووکیان ڕەت دەبوون. لە بەشێکی دەڵێ :

(( دوو بزنە کێوی لەسەر پردی تەنگ
بەرامبەر هاتن لە پڕ بەبێ دەنگ

ئەم ووتی لادە با من تێپەڕم
ئەویتر ووتی لاچۆ بێ شەرم

هەردوو بە توندی تەکانیان بۆدا
ئەمیان بۆ ئەویان ڕێگای بەرنەدا

بەکاری چەوتیان کەوتن ئەو وەختە
بەربونە خوارێ هەردوو بە جووتە

سەرکێشە سەری خۆی ئەدۆڕێنێ
بۆ یەك دو قسە چاو ناقوچێنێ )) (ژ:٣١ ، ل١١).

(زەکی ئەحمەد هەناری) لە چیرۆکە شیعری (زانا بەهێزە)، کە (٢٩) دێرە شیعرە، باس لە کێشکەیەك دەکات، هێلانەکەی لەلایەن فیلێکەوە لێ تێك دەدرێ و فیلەکەش لەم کردەوەی کێشکەکە بێ منەت دەکات، چونکە بڕوای وایە کێشکەکە بچووکە و ناتوانێت تۆڵەی خۆی لە فیلەکە بکاتەوە. کێشکەکە بە یارمەتی باڵندەی قەل هەردوو چاوی فیلەکە کوێر دەکەن، دواتریش بە یاریدەی گیانەوەری بۆق فیلەکە دەخەنە ناو کەندێك، لە کۆتایی دا توانی سەربکەوێ بەسەر فیلدا. لێرەدا نووسەر دەیەوێ ئەوە دەربخات، هەموو شتێك هێز و بازوو نییە، بەڵکو ئەقڵ و ژیری بۆ مرۆڤ گرنگترە لە هێز و بازوو، هەروەکو چۆن ئەم کێشکە بچووکە بە ژیری وبە زیرەکی خۆی توانی بەسەر ئەم فیلە سەربکەوێ. لە بەشێکی دەڵێ:

---

١- مەزرای ئاژەڵان ، جۆرج ئۆروێل، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی: ئەدیب نادر ، دەزگای سەردەم ،سلێمانی، ٢٠٠٨.

(( جا چووە لای بۆقان لێی کردن ئاشتی
بەسەرهاتنی خۆی بۆ کردن بە گشتی
یاریدەدانی خواست لەگەڵی بۆق
گوتی بەم چاکە بمخەنە مل تۆق
وەڵامیان داوە کاکەی چۆلەکە
چیمان پێ ئەکرێ لەگەڵ فیلەکە
پێی گوتن چاویان دەرهێنا قەل
خواستەم سانایە لە دەس مەدەن هەل
هاتن کردیان فیل کەوتە ناو کەند
کێشکە هاتە لای وەك بوێژی مەند
پێی گۆ بایی بووی بەم زلیە و بەهێز
بەم دوشتە ئێستا کەس نابی بەڕێز
بەم لەشە گچکەم بە زانین و هۆش
تۆم خست کوا هێزت کە تۆی کرد سەرخۆش)) (ژ:٨١، ل١٠)

ئەمەش ناوی چیرۆکە شیعرییەکانە :

١- سەرکێش، مستەفانەریمان ، ژ:٣١، ل١١ .

٢- خۆهەڵکێش، زەکی ئەحمەد هەناری ، ژ:٤٥، ل١٠ .

٣- بۆ پەیڕەوی منداڵان، عەبدولقادر قڕگەیی ، ژ:٥٢، ل١٣ .

٤- شێخ و دار قسن و نەزەرگە، کزەل (مەلا مەحموود قادر)، ژ:٨٨، ل١٠ .

٥- لە خۆبایی بوون، کەریم شارەزا، ژ:٩٩، ل١١ .

٦- چارەنووس، زەکی ئەحمەد هەناری، ژ:١٠٥، ل١٢ .

٧- کەرێکی بێ تاوان، ت.بێ چاو، (تۆفیق حاجی ئیبراهیم)، ژ:١٠٩، ل١١ .

٨- کوێر و چاوساغ، شێخ سەلام، ژ:٧١، ل٩ .

٩- بۆ من حەقم چییەکان، مستەفا نەریمان، ژ:٧٥، ل١٠ .

١٠- بووك و خەسوو، کزەل (مەلا محمود قادر)، ژ:١٦٠ ، ل٦ .

١١- گلەیی شەیتان لە دادگای خوا، ژ:١١٦ ، ل١٠ .

١٢- لە شەوێکی بەهارا، کاردۆخی ، ژ:١٢٠، ل٩ .

١٣- فرمێسکی هەتیوو ، حوسێن حوزنی (داماو)، ژ:٦، ل١٣ .

١٤- سەرداری ڕاستی، زەکی ئەحمەد هەناری، ژ:١١٥، ل١٠ .

١٥- کوردێك و پیرێکی هەژار، فەرهاد شاکر مجرم، ژ:١٦٨، ل١٣ .

**١٦- قسەی ئاوارەیەك، پیربالْ محموود، ژ:١٧٩، ل١٢ .**

**١٧- یەکێتی کوردەواری، ئاگر (عوسمان حاجی عمر)، ژ:١٨٦، ل١٣ .**

**١٨- کۆمەڵی میوان، شێواو، ژ:١٨٧، ل١٣ .**

**١٩- نرخی گیانی ڕەزیل، کاردۆخی، ژ:١، ل١١ .**

**٢٠- بولبولێکی پاسەوان، سەربەست(ئیسماعیل عارف)، ژ:١٣١، ل١١ .**

**٢١- زانا بەهێزە، زەکی ئەحمەد هەناری، ژ:٨١، ل١٠ .**

## تەوەری شەشەم /

## ژیننـــامـــەی ئەدەبــــی لـــەگۆڤـــاری هەتـــاودا

ژیننامە ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، بریتییە لەنووسینەوەی ژیانی کەسێك، یان لایەنێك لەژیانیدا، یاخود کەسێکە ژیانی خۆی دەنووسێتەوە. لەدارشتنێکی هونەری وشێوازێکی باش، نووسەرەکەشی پابەندی باسکردنێکی دوور ودرێژ نییە[١]. ژیانی ئەو کەسانەش دەنووسرێتەوە یان ئەوکەسانە ژیانی خۆیان دەنووسنەوە، کەکەسانی هەڵکەوتوون لەناو کۆمەڵگادا و دەوریان لەگۆڕانکارییە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەلآیەتییەکان هەبووە تۆمارکردنی ژیانی کەسە هەڵکەوتووەکان سوودی زۆر هەیە، بەتایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەیی مێژوویی و زانستی.

ئەم ژانرە ئەدەبییە لەڕۆژئاوا لە ڕووی مێژووییەوە زۆر کۆنە بۆ سەرەتاکانی نووسین و دەرکەوتنی ئەدەب و هونەر دەگەڕێتەوە[٢]، بەلآم لەئەدەبی کوردیدا عەبدولڕەزاق بیمار دەڵێ: ((یاداشت و ژینامەو ئەوەی باس لە(خۆ)دەکات تازە ونموونەی کەمە))[٣]. هەروەها ئەم ژانرە ئەدەبییە چەند مەرجێکی هەیە، پێویستە نووسەری ژیننامە پەیڕەوی بکات لەوانە ((ڕاستگۆبیّ و خۆبەدوورگرتن لە زێدەڕۆیی و قەبەکردن، هەروەها بایەخدان بەشێوەی هونەری لەنووسینەکەدا))[٤].

ژیننامە بەپێی شێوازی نووسینەکەی دوو جۆرە:-

١- ژیاننامەی خودی ( Auto Biography): بریتییە لەوەی نووسەرێك هەڵدەستیّ بەگێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی خۆی.

٢- ژیاننامەی بابەتی(Biography ): بریتییە لەوەی نووسەرێك بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی کەسێکی تر دەگێڕێتەوە و بەنووسین تۆماری دەکات[٥].

ئەم ژانرە ئەدەبییە وەکو بابەتێکی تازە شوێنی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (هەتاو)دا کردۆتەوە، ژیننامەی هەندێك لەکەسایەتی ناودار و بەئەزموونەکانی بواری ئەدەبی و مێژووی و

---

١- هونەرەکانی پەخشان لە گۆڤاری زاری کرمانجی دا، مستەفا سالح مستەفا، ل٦١ .

٢- فەرهەنگی ئەدەبی، د. موحسین ئەحمەد عومەر، ل٢٥-٢٦ .

٣- پەخشانی کوردی، عەبدولڕەزاق بیمار، ل١٨٣ .

٤- ڕۆلّ گۆڤاری گەلاویژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا ، محمد دلێر ئەمین محمد ل١١٣ .

٥- هونەری ژیننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا ، نعمە قەرەنی ئیسماعیل، نامەی ماستەر ، کۆلیژی پەروەردە ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل٤ .

ڕۆشنبیری کوردی، بەڵام زۆربەی ژیننامەکان بە کورتی نووسراون،(٢٤) بابەتی ژیاننامە لەگۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە، هەموو ژیننامەکانی لە گۆڤاری هەتاو نووسراون دەچنە خانەی جۆری بابەتییەوە، جــگە لەیەك بابەت نەبێت، کە ئەویان ژیننامەی خودییە* .

(گیوی موکریانی) بەدووروودرێژی سەرگوزشتە و بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیانی (حوسێن حوزنی) موکریانی لە(ژ:١،٢،٣،٤،٥،٦،١٩،٢٠،١٨٦،١٨٧)گێڕاوەتــەوە، کە هەمووی لە(٥٥)لاپەڕە تۆمارکراوە. ژیننامەکە بەناوی بەسەرهاتی داماو(حسێن حوزنی موکریانی) بڵاوکراوەتەوە. ئەم ژیننامەیە بۆ کەسێك بیەوێت، زانیاری کۆبکاتەوە لەسەر کەسایەتی (حوزنی موکریانی)، زۆر گرنگ و بەسوودە. لەبەشێکی دەڵێ:(( دامـاو (حوزنی) سەعات سێی شەوی پێنج شەمەی ٢٢ی ربیع الاولی ١٣١١هـ. لەشاری سابلاخ (مەهاباد) ی دا لەگەڕەکی حاجی حسنی لەدایك بووە و هەر لەسابلاخی دا لەلای باوك و خاڵەکانی خۆی و لەقوتابخانەکان و بەتایبەتی چەند ساڵێکیشی لەڕوسیە و ئەستەنبۆڵی دا خوێندوویەتی لەمنداڵێتی دا بەزرنگی و وریایی و چوست وچالاکی وتوندو تۆڵی و ژیر و پڕ هۆشی ناوبانگی پەیداکردبوو)) (ژ:١، ل١٣).

هەروەها(گیوی موکریانی) کورتەیەکی لە ژیانی (ڕەفیق حیلمی) بڵاوکردۆتەوە بەناوی (بەسەرهاتی گەورەترین زاناو کورد پەروەر مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەگی خۆشی نەدیتوو). لە بەشێکی دەڵێ:((مامۆستا ڕەفیق حیلمی کوری صالح کوری عبدالله ئەفەندی یە و لەتیرەی هەمزەی مصرفن و لەبنچینەدا شارەزوورین. ناوی دایکیشی حەلاوەخان و خەڵکی سلێمانی بووە. مامۆستا ڕەفیق حیلمی دلسۆز لام وایە کە لە (١٨٩٠)م دا لەکەرکوك هاتۆتە ناو گێتی یەوە وە لەسەردەمی عوسمانیان لەسلێمانیدا قوتابخانەکانی ڕشدیەی سوپایی و واعدادی ملکی تەواوکردوە شەڕی گەورەی یەکەمی بەسەرداهات و لەوێڕا بۆ خوێندن چووە ئەستەمبووڵ و خۆی لە قوتابخانەی جەنگی دا تۆمارکرد، هێندەی پێنەچوولەبەردڵناسکێتی خۆی هاتەوە سلێمانی دووبارە سەودای خوێنــدن گەڕاندیــەوە ئەستەنبۆڵ ئەوجـار لە زانستـگەی ئەندزیاریدا شەهادەیەکی بەرزی وەرگرت....))(ژ:١٨٤،ل٤٠). ئەم گرنگی دانەشی بە ڕەفیق حیلمی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەسایەتیەکی ناسراو بووە لەبواری ڕۆشنبیری و سیاسی لەکوردستاندا.

---

* ژیننامەیەکی خودی بڵاوکراوەتەوە بەناوی کارەساتی بارزان چۆن دەستی پێکرد و چۆن کۆتایی هات، کە تیایدا مەلامستەفای بارزانی خۆی ژیاننامەی خۆی بۆ گۆڤاری (عێراق) ژمارە (١) ساڵی یەکەم باس دەکات، (مجید ئەحمەد ئاسنگەر) وەریگێڕاوە بۆ زمانی کوردی، گۆڤاری هەتاویش لە ژمارە(١٤٧-١٥٧ ) لەهەشت ژمارەدا لە(٢٨) لاپەڕە بڵاوی کردۆتەوە.

(ئەحمد فەهمی موکریانی)کورتەیەك لەژیانی کەسایەتیەکی کوردی بلاْوکردۆتەوە بەناوی(میرزادە عیشقی). لەبەشێکی دەڵێ:((ئەم بوێژە بەرزە کەداخەکەم بەشی زۆری برا کوردەکان تەنانەت ناویشی نازانن لە بنەماڵەیەکی خانەدانی سنەیی یە ناوی میر محمدە کوری حاجی سید ابو القاسمی کوردستانی (سنەیی)یە و ناوبانگی عیشقی لە ١٢جمادی الثانی ١٣١٢ ه بەرامبەر ١٨٩٣ لەشاری هەمەدانی هاتۆتە دونیاوە. لەمێژووی ١٢ی مانگی جۆزەردانداا لەساڵی ١٩٢٤ لە ماڵێدا کە لە گەرەکی دەروازەی دەولەت لەتاران شەهیدکرا))(ژ:١٦٨،ل ١٠).

جگەلەم نموونانە لەگۆڤاری هەتاودا نموونەی ترش هەن لەوانە: بەسەرهاتی ئەحمد کۆر (ژ:٣٥،ل١٠)، بێخود (ژ:٤٢،ل٩)، کانی (ژ٩٧:،ل٢١)، مصطفى پاشا یاملکی (ژ:٧٢،ل١٦)، مجرووم (ژ:٤٧،ل٨)، غرقی(ژ:١٦٩،ل١٨)، لە(ژ:١١١،ل١) بابەتێك بەناوی (بیکاسۆ) لەلایەن (وردی ١٩٢٣-١٩٧٥)[1]وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و بلاْوکراوەتەوە، بەکورتی هەندێ لایەنی ژیانی (بیکاسۆ)ی گێڕاوەتەوە، هەرچەندە (بیکاسۆ)* ئەو کاتە لەژیاندامابوو.

---

١ -وردی شاعیرو فۆلکلۆر ناس و ڕۆنامەوان،کاروان عوسمان، گۆڤاریK٢١، ژ (٨)،٢٠١٠،ل١٧٦.

* بیکاسۆ: هونەرمەندێکی شێوەکار و نیگارکێشی ئیسپانی یە (١٨٨١-١٩٧٣).

## تەوەری حەوتەم/

# پەخشـــانە شیعــر لــەگۆڤــاری هەتـــاودا

هەرچەندە لەسەر ئەم ژانرە ئەدەبییە لەنێو شارەزایانی ئەدەب بیروڕای جیاواز هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو گۆڤاری هەتاو (١٤) دەقمان بەرچاو دەکەوێت، کە لەشێوەی پەخشان نووسراون، بەڵام لەهەمان کاتیشدا(ڕیتم)یان تێدایە، (ڕیتم)یش لەڕەگەزە سەرەکی یەکانی شیعرە، بۆیە بەباش زانراوە ئەو دەقانە بخرێنەچوارچێوەی ئەم ژانرە ئەدەبییەی، کەلەلایەن هەندێك زاناو شارەزایانی بواری ئەدەب ناونرایە(پەخشانە شیعر). هەروەها بەم شێوەیەش پێناسەکراوە: ((نووسینێکە لەڕوالەتی پەخشاندا، بەڵام هەڵگری توخمە باوەکانی شیعرە))[١]. واتە ژانرێکە لەژانری پەخشان و ژانری شیعر پێکهاتووە، یان وا پێناسەکراوە((دەقێکی کورت وچڕە، گرژو ڕاچڵ کێنەرە، لەسۆزو ئەندێشەدا زۆر گەرمە))[٢]. هەروەها((ئەنیسکلۆپیدیای شیعر:زانکۆی پرنستۆن —ی ئەمەریکای) وای پێناسەکردووە:((پەخشانە شیعر داڕشتنێکە هەموو ئەدگارەکانی شیعری لیریکی تێدایە، جگە لەوەی وەکو پەخشان لەسەر پەڕە دەنووسرێت))[٣].

سەبارەت بەسەرهەڵدانی ئەم ژانرە ئەدەبییە ڕەخنەگران ومێژوونووسانی ئەدەب دەیگەڕێننەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لەئەوروپا بەگشتی و بەتایبەتی وڵاتی فەڕەنسا، پێیان وایە شاعیری فەرەنسی (ئارسەررامبۆ "١٨٥٤-"١٨٩١)، یەکەم کەس بووە، پەخشانە شیعری نووسیووە[٤].

لەبارەی ئەدەبی کوردیشدا، ئەوا لەگۆڤاری زاری کرمانجی لەساڵی (١٩٢٦) بۆ یەکەمین جار لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، ژانرێکی شیعری نوێ (پەخشانە شیعر) بڵاودەکرێتەوە، بەم شێوەیە شاعیرو نووسەرانی کورد، لەڕێگەی ئەم گۆڤارە ئاشنای ئەم ژانرە ئەدەبییە دەبن[٥].

---

١-فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی – بەرگی یەکەم، بەختیار سەجادی و محەمەد محموودی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١١٣.

٢- پەخشانە شیعری کوردی، محەمەد بەکر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس هەولێر، ٢٠٠٤،ل٣٣.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٣١.

٤- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل٢٠٣، فەرهەنگی ئەدەبی، د.موحسین ئەحمەد عومەر،ل٧٣.

٥-شیعــری نوێـــی کـــوردی(١٨٩٨-١٩٥٨)، فەرهـــاد پیربـــاڵ،ل٢٦، هونەرەکانی پەخشان لەگۆڤاری زاری کرمانجیدا،ل١٧٦ .

سەبارەت بەگۆڤاری هەتاو هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە گۆڤارەکە چەند دەقێکمان بەرچاو دەکەوێت، کەدەیانخوێنیتەوە هەست دەکەیت دەکەونە ناو چوارچێوەی پەخشانە شیعر، هەرچەند گۆڤارەکە ئاماژەی پێنەداوە، کە ئەمانە پەخشانە شیعرن.

(کەریم شارەزا) لەدەقێکدا بەناوی (نەورۆز) بەوەسفێکی جوان و سەرنج ڕاکێش وێنەی بەهارو نەورۆزمان بۆ دەکێشێت. لە بەشێکی دەڵێ:

(( چەرخی رۆژگار سوورا.ڕووداوە کۆنەکان لەبیرچوونەوە.
ساردی سەختی زستان بەسەرچوون و خەونەکانی پێشوو هاتنەدی رۆژی
پڕتین لەجەرگی ئاسمانەوە کەوتە پڕشنگدان پاشی بێ هێز بوونی لەژێر
هەوری توندو تاری زستاندا.
بەفرو سەهۆڵی سەر کێوان کەوتنە توانەوەو بوون بەئاوی
قەلبەزەو سەرچاوەی سازگار بەم دییو ئەو دیوی چیا سەربەرزە سەرکەشەکان
دێنە خوارو ئەدرەوشێنەوە بەپڕشنگە هەتاو. دواتر دەڵێ:
(( لەهەر لا ئاوازی مۆسیقای گەرووی مەلانە. سروەی شەماڵە وورشەی
گیای میرغوزارە....هاژە هاژی ڕووبارە، شپلە شەپۆلە قاسپە قاسپی
کەوە، چریکەی شەهێن و بولبولە، عەتری سوسن و سومبولە....
زەماوەندو ئاهەنگە....بەزم و شایی و شۆخ و شەنگە، سەیرانی
پیرو لاوانە. دونیا پر سیحری جوانیە. چەشنی بەهەشتە پڕخۆشیە..
پڕ کامەرانیە..کاتی ژیانە...جەژنی کوردانە ڕۆژێکی پیرۆزە .نەورۆز!))

(ژ:١٢٧،ل١٧).

(ج.پەرێشان)یش، لەدەقێکی پڕلەڕۆمانسیەت بەناوی(گیانە شیرینەکەم) ڕوو لەیارەکەی دەکات، دوای ئەوەی یارەکەی لێی دوورکەوتۆتەوە، پەرێشانی و خەمباری خۆی دەردەبڕێ، دیارە ئەم جۆرە دەربڕینانە هەتا لەشیعری دڵداریش لەم سەردەمەدا، لەلای شاعیرو نووسەران نوێبووە، کەبەشی زۆریان باس لەبێ وەفایی و دوورکەوتنەوەی یار دەکەن. لەبەشێکی دەڵێ:

((ئاخ گیانە شیرینەکەم بۆچ لێمدوورکەوتیتەوە؟
نازانی ئەم دوورکەوتنەوەیەت ڕیشەی دڵمی هەڵکەندو پچرانی؟ئاخ خۆزگە
ئەتزانی چەند پەرێشان و سوتاوی تۆم. خۆزگە ئەتزانی
چۆن ئاگری خۆشەویستیت ڕۆژ بەڕۆژ لەدڵما بڵێسە ئەسێنێ و هەرچەند
ئەکەم و ئەکۆشم بەهیچ شتێك سەبوریم نایەت کەتەنها بەبۆنی خۆشی
روخساری گوڵینی تۆ نەبێت)) (ژ:٣٦، ل١).

**پەخشانە شیعریەکانی تریش ئەمانەن:-**

**-وریابوومەتەوە، ف.ك.كاوە، ژ:٢٦، ل١١.**

**- خۆشەویستەکەم،عبدالحميد احمد، ژ:٢٩، ل١٣.**

**- وازم لێبێنە،ف.ك.كاوە، ژ:٧٧، ل٨**

**-خۆشهاتی یاری شەو، غەمگین، ژ:٨٠، ل١.**

**- ئەی شەو،(ر)، ژ:١٠٧، ل١٣.**

**-ئەی گوڵی باخچەی ژینم، مصطفى سليمان، ژ:٣٦، ل٣.**

**-من و نیشتمان، محمد شێخ ڕەشید،ژ:١٤٨، ل٨.**

**- ناوم مەبە،ڕەئووف بی گەرد، ژ:٩١، ل١٣.**

**- ژیان و دڵ،ساجد ئاوارە، ژ:١٢٨، ل١٣.**

**-ئاگری نیشتمانپەرستێتی بەهێز ترە،مەغدید، ژ:١٨٣، ل٢٢.**

**- من و کێلە شین، محەمەد شێخ ڕەشید، ژ:١٦٦، ل٨.**

**- من و کوردستان، یوسف سۆرانی، ژ:١٦٥، ل١٣.**

**تەوەری هەشتەم/**

## درامـــــــا لـەگۆڤـــاری هەتـــــاودا

ژانرێکی ئەدەبی کۆنە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی چوارەمی پێش زایینی سەردەمی شارستانیەتی گریکەکان ودواتر لەسەر دەستی ڕۆمانەکان گەشەی کردووە کە سەرەتا بە شێوازی شیعر دەنووسرا، بەڵام دواتر شێوەی نووسینی بوو بە پەخشان.

لە ئەدەبی کوردیش دا، شارەزایانی ئەم بوارە سەرهەڵدانی نووسینی دراما دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، بە تایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی. ئەویش لە ژێر کاریگەریی ڕۆشنبیری ئەوروپا و نووسەرەکانی ئەستەمبۆڵی تورکیا یەکەم دەقی شانۆی کوردی دێتە ناو ئەدەبی کوردی، ئەویش درامای (مەمی ئالان)ە لەلایەن نووسەری کوردستانی باکوور (عەبدولڕەحیم هەکاری ١٨٩٠-١٩٥٨) نووسراوە، لە ژ (١٥) گۆڤاری (ژین) ئاداریساڵی (١٩١٩) لە ئەستەمبۆڵ بڵاوکراوەتەوە[1].

لە گۆڤاری (هەتاو)دا دوو دەق بەناوی چیرۆکی شانۆیی بڵاوکراونەتەوە. (عوسمان عوزێری) دەقێکی کورتی بەناوی (شیربایی) بڵاوکردۆتەوە، باس لەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات، کەلەسەردەمی دەرچوونی گۆڤاری (هەتاو)ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان بوونی هەبووە، کەسێك بەناوی(حاجی مارف) کچەکەی بەناوی(گوڵبەهار) دەدات بەکەسێك بەناوی(سەلیم ئاغا)، بێ ئەوەی کچەکە ئاگای لێبێت، لەبەرامبەردا سەلیم ئاغا(٥٠٠) دیناری شیربایی دەدات بەباوکی کچەکە، لەکۆتایی دا دوای گواستنەوەی کچەکە لەلایەن(سەلیم ئاغا)، کچەکە کۆتایی بەژیانی خۆی دینێت(ژ:٩٨،ل٦،٧،٨).

(جەمال خەزنەدار)یش، چیرۆکێکی شانۆیی بەناوی (ڕێگەی گەڕانەوە) بڵاوکردۆتەوە، نووسەر ئامارژەی بەوە کردووە، کە بیر و باوەڕی ئەم چیرۆکەی وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی ئامارژە بە هیچ شتێکی تر بکات، ناوەڕۆکەکەشی باس لە کچێك و دایکێك دەکات. ئەوکچە ودایکەکەی لەناو خیوەتێك دەژین، بەگوێرەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە ئەوان خۆیان خەڵکی ناوچەیەکی شاخاوین، بەڵام بەهۆی جەنگەوە لەناو ئەو خێوەتە دەژین. کچەکە خەیاڵی فەنتازی دەبینێ بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا کچە نەخۆشی سیلی هەیە، بەڵام دایکی بێ هیوا دەبێ لە

---

١- دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، د.هیمدادی حوسێن، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٧ ، ل٢٢٤، مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٥٧ ، د. فەرهاد پیربال، ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل٧ .

چارەسەرکردنی. بۆیە دایکی لە ڕێگەی پزیشکەکەیەوە کچەکە دەرمان خوارد دەکات و کچە کۆتایی بە ژیانی دێت و دایکەکەش شێت دەبێت (ژ:٧٧، ل١٣-١٨).

لەلایەکی تر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (هەتاو) چەند دەقێکمان بەرچاو دەکەوێت لە شێوەی گفتوگۆی نێوان دوو کەس، کە لە بارەی بابەتێکی کۆمەلأیەتی یان ڕۆشنبیری یان سیاسـی دەدوێن، ئـەم هونەرەش((لە ئەدەبی کوردی تازەیەو بۆ گەشەکردنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەگەڕێتەوە))[1]. ئەم گفتوگۆیانەش زیاتر لە ژانری شانۆگەری نزیکن. گۆڤارەکە چەند گفتوگۆیەکی لەنێوان دووکەس بەناوی(باییز و مام باپیر) بلأوکردۆتەوە کە ژمارەیان(٩) گفتوگۆیە، لە پەنای ئەم گفتوگۆیانە چەند دیاردەیەکی ئەم سەردەمی خستۆتە ڕوو، بەشێوەی نوسینەکانیش دەردەکەوێ، لەلایەن (گیوی موکریانی)خۆی نووسراون، دیارە (گیوی موکریانی) ئەزموونی لەم بابەتەدا هەبووە، چونکە لەگۆڤاری(زاری کرمانجی)یش ئەم گفتوگۆیانە بلأوکراونەتەوە، لە گفتوگۆیەکدا گرنگی چاپخانەی کوردستان و مێژووەکەی بۆ خوێنەری گۆڤارەکە دەردەخات. لەبەشێکی دەڵێ:

((باییز:ئەرێ مام باپیر ئەم چاپخانەیە کەی و لەکوێ و لەلایەن کوێوە دامەزراوە؟

مام باپیر: چاپخانەی کوردستان لە ١٥ کانوونی ١٩١٥ دا لەشاری حەلەب لەلایەن مێژوونووسی کورد داماو(حسێن حزنی)موکریانیەوە بەتایبەتی بۆ پەرەی((خزمەتی))زمانی کوردی دامەزراوە.

باییز:ئەی کەی گەیشتە هەولێر؟

مام باپیر: ١٩٢٦دا هێنایانە ڕەواندزێ کەداماو﴿حزنی﴾ ١٩٤٧کۆچی دوایی کرد گیوی برای هێنایە هەولێرێ.

باییز:باشە ئەو چاپخانەیە تا ئێستا چ خزمەتێکی زمانی کوردی کردووە؟

مام باپیر: هەر کوردێك لە هەر شوێنێکی کوردستان و هاندەران دا فێری کوردی و نووسین و خوێندنەوە بووە لەسایەی ئەو چاپخانەیەوەیە)) (ژ:١٤٧،ل٢٣).

دیارە سینەما لەو سەردەمەدا شتێکی تازە بووە لە کوردستان دا، بۆیە خەڵك زۆر ڕوویان لە سینەما کردووە، ئەم دیاردەیە زۆر کێشەی کۆمەلأیەتی و ئابووری دروست کردووە و نووسەرانی کوردیش ئەم بابەتەیان خستۆتە ڕوو. لە گفتوگۆی سینەما لە نێوان (بایز و مام باپیر) لە بەشێکی دەڵێ:

---

١- هونەرەکانی پەخشان لەزاری کرمانجی دا، مستەفا سالًح مستەفا ، ل١٦٦.

((bاییز: بەخوا سینەما لە هەڵوا خۆشترە داخوا تۆ هەفتەی چەند جار دەچی؟

مام باپیر:من ڕۆژێ ٧ جاران دەچم : خوا ئەقڵێکت بداتێ پێی بژی .

باییز:دیارە تۆ کۆنەپەرستی بۆیە حەز لە شتی وا ناکەی شارێکی سینەمای تێدا نەبی وە ئاوەدانی ناچی چونکە هەم خەمڕەوێنە و هەم چاوی مرۆ دەکاتەوە .

مام باپیر : ئەگەر من کۆنەپەرست بم تۆش هەرزە و سووکی. سینەما بۆ نەتەوەیەکی خوێندەوار و هونەرمەند وپێشکەوتوو باشە نەك بۆ نەتەوەیەکی ڕەشو ڕووتی لە برسان مردوو و نەخوێندەوار و دواکەوتووی وەکو ئێمە ... لەلایەکی ترەوە ئەو منداڵە هەژارانەی کە ڕۆژێ چەند دراوێکی پەیدا دەکەن لە جیاتی وەی بیدەن بە خۆراك بۆ دایك و باب و برا و خوشکە گچکەکانیان لەبەر سینەما ناپەرژێتە سەر ئەوە))(ژ:١٠٥،ل٢٤).

گفتوگۆیەکانیش ئەمانەن:

– نەورۆز، ژ:٩١، ل١.

– هەتاو و دیوانی، ژ:٧١، ل١٩.

–زمانی تورکی لەعێراقدا چۆن پەیدابوو، ژ:١٤٤، ل٢٠.

–بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٤٢ ساڵی تەواو بەسەر چاپخانەی کوردستاندا، ژ:٨٥، ل١٨.

–چاپخانەی کوردستان ئیمڕۆکە ٤٤ ساڵی تەواوە دامەزراوە، ژ:١٤٧، ل١٩.

–جێژنی چواردەی گەلاوێژ، ژ:١٥٨،ل١.

– نەك هاوارێك سەد هەزار هاوار، ژ:١٣٠، ل١.

–سینەما، ژ: ١٠٥، ل٢٤.

–لەهۆی دواکەوتنی شاری هەولێردائایا بەلەدییە تاوانی هەیە؟، ژ:١٠٤،ل١٧.

هەروەها چەند دەقێکی تریشمان دەکەوێتە بەرچاو، لەلایەن چەند نووسەرێکەوە نووسراون، ئەوانیش بە هەمان شێوە بە شێوەی گفتوگۆ چەند دیاردەیەکیان خستۆتە ڕوو، کە ژمارەیان (١١)گفتوگۆیە:

– لە کانگای ژیانا، شوان مەخمووری، ژ:٧٥، ل١٣ .

– ژیان بۆ هەژار نیە، ج .خوسرەو، ژ:١٤٣، ل١٥ .

– فریشتەی ڕەش، عەبدولقادر قرگەیی(ع.قرگەیی)، ژ:٢٢،٢٣، ل٣،٥ .

– گفتوگۆی باوك و کوڕێك، عەبدولقادر قرگەیی(ع.قرگەیی)، ژ:٢٧، ل١.

–حەنزەو وەنزە، عەبدولقادر قرگەیی(ع.قرگەیی)، ژ:١٥١، ل١٤.

- من ونیشتیمان، محەمەد شێخ ڕەشید، ژ:١٤٨، ل٨.

- من و کێلە شین، محەمەد شێخ ڕەشید، ژ:١٦٦، ل٨.

- من و کوردستان، یوسف سۆرانی، ژ:١٦٥، ل١٣.

- شارستانی ودەشتــی، عەبدولقادر قرگەیـی (ع.قڕگەیی)، ژ:٣١، ل١٥- ژ:٣٢، ل١٤- ژ:٣٣، ل١ ژ:٣٤، ل١- ژ:٦٥،ل١٦- ژ:٦٦، ل٥.

- گفتوگۆی دوو عەسکەری زۆر بایی، عەبدولقادر قرگەیی(ع.قڕگەیی)، ژ:٢١ ، ل٢١.

- گفتوگۆی موچە خۆرێك و سەوزە فرۆشێك ، عەبدولقادر قرگەیی(ع.قڕگەیی)،ژ:١٠٢، ل٥.

لەو گفتوگۆیەی نێوان موچە خۆرێك و سەوزە فرۆشێکدا، دیاردەی خاوەن خانوو و کرێچی بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە دەخاتە ڕوو، باس لە بێ بەزەیی خاوەن خانوو دەکات بەرامبەر بە خەڵکی کرێچی، کە ئەم دیاردەیەش ئەم سەردەم و ئێستاشی لەگەڵ دابێت لە کۆمەڵگەی کوردەواری بەردەوامە. لە بەشێکی هاتووە:

((مووچە خۆر:ئەرێ حاجی وەیسی دوێنێ هاتمە دوکانەکەت بۆ ئەوەی حسێبەکەی مانگی ڕابردووت پێ بدەم و دەس بە حسێبی تازە بکەینەوە لە دوکان نەبویت چوو بویتە کوێ؟
حاجی سەوزەفرۆش:ئەی نازانی دوێنێ ڕۆژی مەعاش بوو چوو بوومە سەرا بۆ کرێ خانووەکانم.
مووچەخۆر:دیارە ماشاللە خانوت زۆرە و بە کرێی باشت داون.
حاجی:کوا هەمووی چوار خانووم هەیە یەکێکی خۆمی تێدام و سێشم بە کرێ داوە، دووی بە یازدە، یەکێکیشم داوە بە هەژدە دینار.
مووچەخۆر: وا دیارە ئەوی بە هەژدەت داوە خانووی زۆر گەورە و باشە؟
حاجی:ئەویان لە هەردووکیان گچکەترە و لە پێشان دابووم بە ١٢ دینار، لە پاشدا کابراکەی ناوی نەقل بوو و تەماشام کرد هەر چەن بڵێم بۆم ئەکات و یەکێکیان تازە بۆ ئێرە نەقل بوو بوو چاری ناچار بوو و بە هەژدەکە.
مووچە خۆر:کەواتا ئەگەر ئەوانی دیکەش چۆل بن هەر یەکەیان لە (٢٥) دینار کەمتر نادەیت؟
حاجی: ئەمجا دیارە وایە بەخوا ئەگەر بۆم بکرێ هەر یەکەی لە ٣٠ دیناران کەمتر نادەم.
مووچەخۆر:ئەی ماڵی حەجەکەت ئاوابی مامە حاجی خۆ ئێوە لای دین و ویژدانتان بە جارێك ناوە بەلاوە))(ژ:١٠٢،ل٥).

**تەوەری نۆیەم/**

## ئەدەبی منـــدالآن لـــەگۆڤـــاری هەتـــاودا

منداڵ سامانێکی بەنرخی هەموو نەتەوەیەکە، پەروەردەکردنی بەڕێگایەکی زانستیانە و ڕاست دواڕۆژێکی ڕوناك و گەش بۆ نەتەوە و کۆمەڵگا بنیات دەنێ. منداڵی لەگرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤە، ئەو قۆناغە لەهەموو قۆناغەکان زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر تەواوی ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤ، چونکە بناغە و سیمای کەسایەتی مرۆڤ لەم قۆناغەدا دروست دەبێت. بۆ ئەوەی منداڵ بەشێوەیەکی تەندروست پەروەردە بکرێت، لەدوا ڕۆژدا کەسێکی بەتوانا و بەسوودی بۆ کۆمەڵگە لێ دەربچێت. شاعیر و نووسەران بایەخیان بەمندالآن داوە، دەربارەی دونیای منالآن دەقی ئەدەبیان نوسیوە.

بەڵام ئەدەبی مندالآن لەجیهان ژانرێکی نوێیە، بەیەکێك لەژانرە ئەدەبییە نوێیەکانی ئەدەبی مرۆڤایەتی دادەنرێ[1]. ئەدەبی مندالآن((خاوەن تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی و جیاوازە لەگەل ئەدەبی گەورە، هەر چەندە هەردوو وێژەی مندالآن و گەوران لەڕووی هونەر و دیمەنەوە یەك دەگرنەوە، بەڵام جیاوازییان هەیە لەڕووی ناوەڕۆکەوە))[2]، زمانی ئەدەبی مندالآن ئاسان و ساکارە، بۆ ئەوەی لەتێگەیشتنی منداڵ نزیك بێت و بەشێوەیەکی ئاسان لە وشەی دەقەکان بگات، ناوەڕۆکی دەقەکانیش زیاتر پەروەردەیی یە.

شاعیر و نووسەرانی کورد تا ڕادەیەك گرنگیان بەم ژانرە ئەدەبی یە داوە، بەڵام لەئاستی پێویستی مندالآنی کورد نەبووە. لەلایەکی تر پێش ئەدەبی نووسراو لەناو ئەدەبی سەرزاری فۆلکلۆری کوردی زۆر بابەتی مندالآنمان بەرچاو دەکەوێ. لەناو ئەدەبی کوردیدا شاعیری ناسراوی کورد(ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٧) بەپێشەنگی شاعیرانی کورد دادەنرێ، کە بناغەی ئەدەبی منالآنی کوردی دامەزراندووە. فەرهەنگێکی تایبەتی (عەرەبی- کوردی) بەناوی (نوبهار) بۆ مندالآنی کورد داناوە، بۆ ئەوەی منداڵی کورد فێری زمانی عەرەبی بێت، بەم شێوەیە مەبەستی خۆی لەدانانی ئەم فەرهەنگە ڕوون دەکاتەوە:

((ڤێك ئێخستن ئەحمەدێ خانی

ناڤێ نوبهارا بچووکان لێ دانی

---

١- ادب الأطفال بين المنهجية والتطبيق، عبدالاله عبدالوهاب الرداوي، هاشمية حميد جعفر الحمداني، الطبعة الاولى، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٤، ص٧.

٢- وێژەی مندالآن، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، عەبدولستار تاهیر شریف ژ(١١٩)، ئەیلولی ١٩٨٨، ل٣١.

نەژبۆ صاحێب ڕەواجان

بەلکە ژ بو بچوکێت کرمانجان))[1]

هەر لەدوای (خانی)یەوە (شێخ مەعروف نۆدێ ١٧٥٢-١٨٣٧) دووەمین فەرهەنگی تایبەت بە منداڵانی کورد بەناوی (ئەحمەدی)[2] داناوە، ئەمەش بەناوی شێخ ئەحمەدی کوڕیەوە کردووە، کەناسراوە بە (کاك ئەحمەدی شێخ). ئەمەش بەهەمان شێوەی فەرهەنگەکەی (خانی) بۆمەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبیە بۆ منداڵانی کورد، هەروەها (مەلاعبدلکریمی مودەڕیس ١٩٠١-٢٠٠٥) (دوو ڕشتە)ی نووسیوە، کە هەمان مەبەستی ئەوانی پێشوو دەپێکێت. دواتر لەسەرەتای سەدەی بیستەم شاعیرانی کورد وەك (زێوەر ١٨٧٥-١٩٤٨، پیرەمێرد ١٨٦٧-١٩٥٠، گۆران ١٩٠٤-١٩٦٢، دڵدار١٩١٨-١٩٤٨.... هتد) هاتنە مەیدان و چەندین دەقی ئەدەبی جوانیان بۆ منداڵان نووسی.

گۆڤارە کوردیەکان تا ڕادەیەك ڕۆڵیان لەبڵاوکردنەوەی ئەدەبی منداڵاندا هەبووە، گۆڤاری تایبەت بەمناڵان تا ڕاپەرینی (١٩٩١) زۆر کەم بووە، یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە منداڵان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەشاری (مەهاباد) لەساڵی ١٩٤٦ بەناوی گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) بووە، تەنیا (٣) ژمارەی لێ دەرچووە[3].

لەناو لاپەڕەکانی گۆڤاری هەتاو (٢٠) پارچە شیعر بڵاوکراوەتەوە، کە نزیکن لەسروشت و دونیای منداڵان و بە زمانێکی سادە و ڕەسەنی کورد نووسراون. بەشێویەکی گشتی ناوەڕۆکی شیعرەکان ئامۆژگاری گشتین، مەبەستیان بووە نەتەوە و نیشتمان لای منداڵی کورد خۆشەویست بکەن، هانیان بدەن بۆ خوێندن و ڕاستگۆیی و دەستپاکی و خاوێنی و لەسەر ڕەوشتی بەرز ڕایان بێنن. دەربارەی خۆشەویستی نیشتمان و خوێندن و هەوڵ و تێکۆشان بۆ وڵات شاعیرێك بەناوی (چیا)، سرودێکی بەناوی (ئێمە منداڵین) بڵاوکردۆتەوە، ئەم سرودە بەزمانێکی سادە و پەتی کوردانە و بەکێشێکی ئاسان نووسراوە، کە لەگەڵ چێژ و هەستی منداڵ بگونجێ و دەڵێ:

((ئێمە منداڵی جوانین    ئاواتی نیشتمانین
کامران و شادمانین    کە نەوەی کوردستانین
ڕۆڵەی خاکی پیرۆزین    بۆیە هێندە بەسۆزین

---

١- نوبهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدێ خانی، خرڤەکردن و لدوی چوون و تویژاندنا سادق بەهائەدین ئامێدی، چاپخانا کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩، ل٢٩.

٢- لۆغەت نامەی ئەحمەدی، شێخ مەعروفی نۆدێ، چ: حەفتەم، انتشارات کردستان، سنە، ١٣٨٩.

٣- گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد و سەرەتای ڕۆژنامەنووسیی پەروەردەیی، هیمداد حوسێن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

شەو و ڕۆژ تیٚ ئەکۆشین بۆ ولاّت بە پەرۆشین
هەر ئەبیٚ بژین ئەژین ئەخویٚنین تا ئەتوانین
جلەوی ئەسپی زانین بائەدەین بەتاوو تین
ڕیٚگە بە گولّ ئەچنین لەبۆتان هەتا پیٚنجوین
وەکو پەپوولەی ڕەنگین عەودالی کوردان ئەبین ))(ژ:١٣٠،ل١٠)

کیٚشی شیعرەکە کیٚشی پەنجەی (٨) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(عەبدولقادر قرگەیی) شیعریٚکی بەناوی (بۆ پیٚڕەوی مندالاّن) بلاّوکردۆتەوە، لە شیعرەکە باس لە کوڕیٚك دەکات بەناوی (زیاد)، کە چۆن بەیانیان لەخەو هەلّدەستیٚ و لەگەل خوشکەکانی بەڕیٚکوپیٚکی خۆیان بۆ قوتابخانە ئامادە دەکەن و چۆن ئەچن بۆ قوتابخانە، لە قوتابخانەش بەچ شیٚوەیەکی باش و جوان هەلس و کەوت دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوە بوو، مندالاّن لاسایی ئەم کوڕە بکەنەوە. بەزمانیٚکی سادە و نزیك لە تیٚگەیشتنی مندالّ و بەکیٚشیٚکی سووك شیعرەکەی داناوە. دەلّیٚ:

((زیاد کوڕیٚکی جوانە خۆشەویستی خوشکانە
هەموو ڕۆژیٚك بەیانی لەگەلّ هەردوو خوشکانی
هەر کە لەخەو هەلّستان چاویان ئەشۆن هەرسیٚکیان
نانی بەیانی ئەخۆن دەم و دەستیان پاك ئەشۆن
ئەمجا ئەگۆڕن جلیان ڕیٚك ئەخەن سەرو ملیان
هەرسیٚك بەڕیٚکو پاکی ئەکەونە ڕیٚ بەچاکی
هەرکە گەیشتنە مەکتەب ئەچنە ژوور بیٚ قرە و قەپ
مامۆستایان هەر کەهات هەلّ ئەسنە پیٚ بەجەمات
گوٚیٚ ی لیٚ ئەگرن بەبیٚ دەنگ تا تیٚ ئەگەن زۆر بەڕەنگ
هەر کە دەرچوون بۆ مۆلە هەرجیٚ بیٚ تۆز و خۆلە
تیٚکڕا گەمەی لیٚ ئەکەن تاکو جەرەس لیٚ ئەدەن
ئەمجا بەڕیٚکو پاکی ئەچنەوە ژوور بەچاکی))(ژ:٥٢،ل١٣).

کیٚشی شیعرەکە کیٚشی پەنجەی (٨) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(شیٚخ هادی پژدەری)بەشیٚوەی (لای لایە) مندالّەکەی خۆی بەناوی (هیٚمن) دەلاویٚنیٚتەوە، داوای لیٚ دەکات، کە کورد پەروەر بیٚت و بچیٚ بۆ قوتابخانە و بەو هۆیەوە بگاتە ئاواتەکانی، خزمەتی کەس و کار و کۆمەلّگەو میللەتەکەی بکات، دەلّیٚ:

((ڕۆلّە لایلایە کۆرپەم لایلایە نازانم ئەمشەو بۆچ خەوت نایە
دەتلاویٚنمەوە بەزمانی کوردی گویٚم لیٚ ڕاگرە ڕۆلە بەوردی
ڕۆلّە تۆ کوردیت کوردیٚکی مەردبە لەسەر ئیشی خۆت تەواو نەبەرد بە

ڕۆڵە پێ بگە و بچۆرە مکتب یاخوا بەخوێندن بگەیتە مطلب
ڕۆڵە بخوێنە ووریابە ژیربە بەڕوو منداڵ و بەکردار پیربە
بۆ بەرزی هۆزت بکە تەقەلا ببە بە ئەستون لەناو کۆمەڵا))
(ژ:٦٣، ل١٠)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

(دڵتەنگ شارباژێری)* شیعرێکی بەناوی (لایلایەی ژنە کوردێك) بڵاوکردۆتەوە، لەسەر زمانی دایکە کوردێك شیعرەکە گوتراوە، داوا لە منداڵەکەی دەکات، کە گەورە بوو، ئەو ئەزیەت و ماندوو بونەی لەپێناوی گەورەکردنی ئەودا چەشتوویەتی بەبا نەدا. ببێت بەکەسێك مرۆڤایەتی و نەتەوە و نیشتمان سوودی لێ ببینن، نەك تووشی ئازار و ناخۆشیان بکات. لەبەشێکی دەڵێ:

((لایلایە ڕۆڵەم کوڕم لایلایە نەمری و نەمریی لەخوام داوایە
شەو تا بەیانی هەر ڕات ئەژێنم شیرت ئەدەمێ دڵت ناشکێنم
کەواتە ڕەنجم تۆمەدە بەباد کاتێ بویتە لاو گەل پێت بی شاد
نەوەکو بەد بی یاخۆ بی مەزیەت مرۆڤ لەکارت وەرگرێ ئەزیەت
ئەبی هەول بەیت بۆ گەل و هۆزت
بۆ خاکی پاکی جوان و پیرۆزت)) (ژ:١١٢، ل١١)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (١٠) بڕگەی و، سەرواکەشی جووت سەروایە.

هەروەها (ح. ر. نەورۆز) سرودێکی بەناوی (گۆرانی قوتابیان) بڵاوکردۆتەوە، کەتیایدا بەشێوەیەکی سادە و بێ گرێ، تۆی خۆشەویستی وڵات و گیانی کوردایەتی و شانازی کردن بە نیشتمان لەناو دڵ و دەروونی قوتابیان دەچێنێ. دەڵێ:

(( فەرزە هەول و تێکۆشان بۆ خاکەکەی کوردستان
ئەم خاکە بێشکەی منە بۆم جێماوە لەبابان
نیشتمانم پیرۆزە میللەتەکەم دلسۆزە
من خاوەنی شانازیم شانازم ئەبەم هۆزە
ئەم کوردستانە جوانە کە گوڵزاری ژیانە
خاکی وەك مەلحەم وایە بۆ سەری برینانە
خوایە پارێزگاری کە لەدوژمن رزگاری کە
ئەوی کە ناحەزمانە تووشی دەرد و باری کە)) (ژ:١٦٦، ل١٤)

کێشی شیعرەکە کێشی پەنجەی (٧) بڕگەی و، سەرواکەشی دووبەیتی یە.

---

*-عوسمان شارباژێرییە

سەبارەت بە چیرۆکی منداڵان (٣) چیرۆك لەگۆڤارەکە بەشێوەی پەخشان بڵاوکراوەتەوە، (زەکی ئەحمەد هەناری) لە (ژ١٠١، ل١٣) چیرۆکێکی بۆ منداڵان بەناوی (تاوس و کاوس) بڵاوکردۆتەوە، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باس لەمنداڵێك دەکـات ناوی(کاوس)ە، یارمەتی پیاوێك دەدات دواتر منداڵەکە گەورە دەبێت، پیاوەکە کچەکەی خۆی ناوی (تاوس)ە پێشکەشی بە (کاوس) دەکات. سەرچاوەی چیرۆکەکەش هەقایەتێکی میللییە. (دوو) چیرۆکەکەی تریش لەسەر زمانی ئاژەڵان بڵاوکراونەتەوە. بەم جۆرە چیرۆکە دەگوترێ( ڕاز یان فابل (fable) ). ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانە پەند و ئامۆژگاری و هوشیارکردنەوەیان تێدایە، ناسراوترین و کۆنترین جۆری ئەم ڕازانە لەڕۆژئاوا، ئەوانەن بە چیرۆکەکانی(ئێزۆپ)ناسراون لە سەدەی شەشەمی (پ.ز) یەکەمجار لە یۆنان کۆکراونەتەوە. لە ڕۆژهەڵاتیش ناسراوترینیان کۆمەڵە چیرۆکی(کلیلەودمنە)ی فەیلەسووفی هندی (بەیدەبا)یە. پاڵەوان لەم چیرۆکانە ئاژەڵ و باڵندە و ڕووەك و شتی بێ گیانن، بەشێوەی مرۆڤ دەدوێن، لەگەڵ سروشت و هەست و سۆزی منداڵ دەگونجێن، بۆیە دەکەونە خانەی چیرۆکی منداڵانیشەوە[1].

یەکێك لە چیرۆکەکان لەلایەن (حمە شکر خەلیفە)بەناوی (سەربەستی) بڵاوکراوەتەوە، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باس لە سەگێك دەکات، ڕۆژێك لەگەڵ خاوەنەکەی بۆ ڕاو دەچن بۆناو دارستان، دوای ئەوەی سەگەکە کەروێشکێك ڕاودەکات، لەخاوەنەکەی دادەبڕێت و بزر دەبێت، بەڕێکەوت گورگێك دەبینێت لەگەڵ گورگەکە دەکەونە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر، گورگەکە بەسەگەکە دەڵێ تۆ زۆر تێر و قەڵەو دیاری، سەگەکەش بەگورگەکە دەڵێ لەگەل من وەرە بۆ شار وەك من بژی، لەلایەن خاوەنەکەم باش خزمەت دەکرێم، هەمیشە ئاو و خواردنم بۆ دێنن بەدوای خواردن دا ناگەڕێم، هیچ ناکەم لەبەردەرگای ماڵی خاوەنەکەم و ڕائەکشێم، مانگێ جارێك یان دووجاران بچیتە ڕاو لەگەڵی ئەچم. هەموو کات خۆم لەژێر پێی پاڵ ئەخەم بەزمان پێڵاوەکانی ئەلێسمەوە، بەڵام بەئارەزووی خۆم ناتوانم بەسەربەستیی خۆم هاتوچۆ بکەم و ناتوانم ئەوەی ئەمەوێ بیکەم، بەڵام گورگەکە بەمە ڕازی نابێت ودەڵێ:((من سەربەستم کەس گەورەییم بەسەر داناکات خۆم گەورەی خۆمم وە بەکەیفی خۆم ئەژیم ئەتوانم خۆم بگرم لەبەر برسیەتی وئازار. مردنم پێ لەژێر چەپۆکی و پێڵاوی گەوران لێستنەوە پێ خۆشترە من بەم ژیانە خۆشحاڵم کە تیایام لەژێر سێبەری سەربەستیەتی لەهەموو شتێك پێ خۆشترە، مردن گەلێك خۆشترە لە ژیانی ژێر دەستی و دیلی)) (ژ:١٤٦، ل١٥).

---

١- ڕەنگدانەوەی ئەدەب لەگۆڤاری هاواردا، عبدالصمد اسلام طە، چ: یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٩٠، ١٢٨، فەرهەنگی ئەدەبی، د. موحسین ئەحمەد عومەر، ل١٣٤.

هەروەها لە گۆڤارەکە(٥) چیرۆکە شیعر بڵاوکراوەتەوە، کە پاڵەوانەکانیان ئاژەڵ و باڵندەن. (کەریم شارەزا) چیرۆکە شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی(لەخۆبایی بوون)، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باس لەخۆبایی بوونی کەروێشکێك دەکات، ڕۆژێك کیسەڵێك و کەروێشکێك بەیەك دەگەن پاش چاك و چۆنی کیسەڵەکە داوا لە کەروێشکەکە دەکات، کە پێکەوە پێشبڕکێیەك ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بزانن کامەیان خێراترن. کەروێشکەکەش دایە پێکەنین و گوتی من تیژڕەوم وتۆش خاو وخلیچ وتەمبەڵی زۆر شەرمە لەگەڵ تۆ ڕابکەم، دواتر شوێنێك دیاری دەکەن کە جۆگە ئاوێکە، کەروێشکەکە بە کیسەڵەکە دەڵێ لەپێش من ڕاکە، کیسەڵەکە ڕای کرد، کەروێشکەکە نووست پاش دەمێك کە کەروێشکەکە لەخەو هەستا کیسەڵەکە نزیك بووبووەوە لەشوێنی مەبەست، کەروێشکەکە خێرا ڕاپەڕی و ڕای کرد:

(( کە نواڕی کیسەڵ نزیك ئامانجە — مەرج ئەباتەوە و خاوەن قازانجە
خۆی ڕاوەشاند و خێرا دەرپەڕی — بەتاو و بەجۆش نیوەی ڕێی بڕی
ئەم ماندوو بوونە هیچ سوودی نەبوو — کیسەڵ سەرکەوتو گرەو بەسەرچوو
زۆری پێ نەچوو کەروێشکی ماندوو — گەیشتە جۆگا خێرا زوو بەزوو
کیسەڵ ڕووی تێکرد پێی وت برادەر — ئەتکەم نصیحت پڕ سود بێ زەڕ
ئەوەی مەغرور و ڕازی بی لەخۆ
ناگا بە ئامانج ئەبی ڕەنجەڕۆ)) (ژ:٩٩، ل١١).

لەبارەی بابەتی وەرگێڕدراو بۆ منداڵان، (ئەحمەد شکری) بابەتێکی بەناوی (جانەوەرانی بێشەلان بۆ قوتابیان و منداڵان) لەزمانی عەرەبی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە (ژ:٦٧،ل١١) بڵاوکراوەتەوە، کە هەریەکە لەئاژەڵی شێر وپڵنگ وگورگ ومامز باس لەخۆیان دەکەن، بەکوردیەکی پەتی وبەشێوەی شیعر بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە(ژ:١٠٠،ل١١)، (ژ:١٠١،ل١٢) (کاردۆخی) بابەتێکی بەناوی (ئامۆژگاری بۆ منداڵ) بڵاوکردۆتەوە، لەفارسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بابەتەکە بەشێوەی شیعرە لە کۆمەڵێك ئامۆژگاری پێکهاتووە.

نموونەی ئەم ئامۆژگاریانە:

{زوو هەڵسان}

بەیانیان زوو هەڵسە لەخەو — شەبەق ڕاپەڕە وەك کۆتر و کەو
تاگورج و گۆڵ بی بەهەوای بەیان — گیانت تێ بگا لەخۆشی ژیان

(دەم و چاو شۆرین)

کە هەڵسای بڕۆ بۆسەرچاوەی ئاو — بشۆ ڕومەت و دەستو پێت تەواو
بەخاولی تمیز بسڕە ڕوومەت — سەرت شانەکە و ڕێك خەهەیئەت

{مەکتەب و شێوەی ڕێگە}

لەناو مەکتەبا ڕووخۆش و ئارام        بەخوێندن و هەوڵ ئەگەیتە مەرام
گوێ بگرە بۆ دەرس بەدیقەت و هۆش        ئەرکی مەکتەب نەکەی فەرامۆش

سەبارەت بە ژانری وتار دەربارەی منداڵان، لەگۆڤارەکە چەند وتارێکی تایبەت بە منداڵان بڵاوکراوەتەوە و پەیوەندە بەچۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵان بەشێوەیەکی باش وتەندروست، چەند نموونەیەك لەم وتارانە لەلایەن (د.ع. جەباری)دەروێش عەبدوڵڵا جەباری نووسراون:

- ئەنجامی منداڵی نازدار لەخێزان و کۆمەڵا ، ژ:٦٢، ل١٣.
- بۆچ منداڵ حەز لەشت شکاندن و زیاندان دەکات؟، ژ:٥٢، ل٣.
- چۆن منداڵ فێری درۆ ئەبێ و چارەی چیە؟، ژ:٥٧، ل١٦.
-ئەنجامی منداڵە هەژارە بلیمەتەکان لەجیهاندا ، ژ:٧٠، ل١٥.

## تەوەری دەیەم/

## ئەدەبی سەرزارەکی فۆلکلۆر لــەگۆڤــاری هەتـــاودا

ئەدەبی سەرزارەکی بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە، فۆلکلۆریش بیروباوەڕو داب و نەریت و هونەرە میللیەکان و پیشە دەستیەکانی وەك (لێنانی چێشت، کڵاش چنین، جۆلایی، تەون کردن، جۆخین کوتان، دەستاڕ هاڕین، ساوار کوتان، جل و بەرگ، ڕازاندنەوەی ئافرەت) هەروەها داب و نەریتی وەك (شایی و هەڵپەڕکێ، ژن خواستن، منداڵبوون) ئەدەبی سەرزاریش وەك (پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، مەتەڵ، گاڵتە و گەپ (نوکتە)، گۆرانی هۆنراوەی میللی، داستان، ئەفسانە، هەقایەت) دەگرێتەوە. زاراوەی فۆلکلۆر بۆ یەکەم جار لێکۆڵەر و شوێنەوارناسی بەریتانی (ولیام جۆن تۆماس ١٨٨٥-١٨٠٣ز) زاراوەی فۆلکلۆری بۆ بابەتەکانی کەلەپور لەساڵی (١٨٤٦) بەکارهێناوە[1]. دواتر نەتەوەکانی تریش لەناویاندا (میللەتی کورد) ئەم زاراوەیان بەکارهێنا.

زمانی ئەدەبی سەرزاری ئاسایی و سادەیە، هەر ئەو شێوازی قسەکردنەیە ڕۆژانە خەڵك بەکاری دەهێنن، ئەدەبی سەرزاری کوردی بۆتە هۆی پاراستن و فراوانکردنی زمانی کوردی، هەروەها بەپێی گۆڕانی سەردەم و شوێن گۆڕانکاری بەسەرداديێت. فۆلکلۆر بەگشتی و ئەدەبی سەرزاری بەتایبەتی کەرەسەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوە و شارەزابوون لەشێوەی ژیان و ئاکار و نەریت و مێژووی، دەرخستنی بیرکردنەوە و لایەنی دەروونی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەی هەموو نەتەوە جیاوازەکان، هەروەها ئاشنابوون بەکەلتوور و ڕۆشنبیری میللەتان، بەهۆیەوە دەتواندرێ هەڵس و کەوت و چۆنیەتی مامەڵەکردن و تایبەتمەندی یەکانی میلەتان بزانرێ. ئەدەبی سەرزارەکی ئەرکێکی گرنگی پەروەردەیی دەبینێ، بەتایبەت بۆ منداڵان، هانی مرۆڤ دەدات کە بەردەوام بێت لە سەرئەنجامدانی کارە باشەکان و دوورکەوێتەوە لەوکارانەی زیان بە کۆمەڵگە و مرۆڤ دەگەینن، سەرەڕای ئەوەی ئەدەبی سەرزارەکی چێژێکی زۆری هەیە و دەبێتە هۆی فراوانبوونی ئەقلی مرۆڤ.

گەلی کورد بە فۆلکلۆر و بەتایبەتی ئەدەبی سەرزاری دەوڵەمەندە، ئەم ژانرە ئەدەبیە بەشێوەی سەرزاری پارێزراوە و لەفەوتان ڕزگاربووە، ڕەنگە بەشێکی زۆریش لەناوچووبێ. سەبارەت بەمێژووی کۆکردنەوە و تۆمارکردنی بابەتە فۆلکلۆریەکان لەناویاندا ئەدەبی سەرزاری،

---

١- بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩.

سەرەتا ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەم کارەیان کرد. کۆنترین سەرچاوە تا ئێستا هەبێ دەستنووسێکە لەساڵی (١٧١١ن)دا نووسراوەتەوە و لەئەرشیفی(ماتێنەداران) لە ئەرمەنستان پارێزراوە، نەزانراوە کێ ئەم دەستنووسەی نووسیوە، نزیکەی (٥١) قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی کوردی تێدایە[1]، بەیەکەم کۆکراوەی ئەدەبی سەرزاری فۆلکلۆری کوردی دادەنرێ. ڕۆشنبیر و زانایانی کورد لەسەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم لەژێر کاریگەری هەستی نەتەوایەتی درکیان بەگرنگی بابەتە فۆلکلۆریەکان کرد، دەستیان بەهەوڵەکانی خۆیان کرد بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بابەتە فۆلکلۆریەکان. هەرچەندە درەنگیش بوو، (ئیسماعیل حەقی شاوەیس ١٨٩٤-١٩٧٦) کتێبی (قسەی پێشینان گۆشتاو لۆبوون) لەساڵی (١٩٣٣) بڵاوکردەوە، (٦١٢) پەندی پێشینانی تیادا چاپکراوە[2].

ڕۆژنامەنووسی کوردیش لەپاراستن و تۆمارکردن و کۆکردنەوەی بەشێکی زۆری ئەدەبی سەرزاری ڕۆڵێکی باشی بینیوە، وەکو ژانرەکانی تری ئەدەب گرنگی بەم ژانرەش دراوە. گۆڤاری هەتاو بڵاوکراوەیەکی کوردییە لەسەردەمی خۆی، زۆر گرنگی بەم لایەنە نەداوە، هەرچەندە بەشێکی ئەدەبی سەرزاری لەسەر ڕووپەڕەکانی بەدی دەکرێت. لەوانە:

- <u>**هەقایەت:**</u> بەشێکی گرنگی ئەدەبی سەرزاری فۆلکلۆری کوردی پێك دێنێت، جیاوازی هەیە لەگەل چیرۆکی ئەفسانەدا، هەمووئەفسانەیەك هەقایەتە،بەلاّم هەمووهەقایەتێك ئەفسانە نییە یان چیرۆکی ئەفسانە((سیفەتێکی سەرەوەی سروشت (dsurnuturels)ی هەیە و هەقایەت مەرج نییە ئەم سیفەتەی هەبێ))[3]، لەم بارەیەوە د. عیزەدین مستەفا ڕەسولّ دەلّێ: ((بەرەو پێش چوونێکی مێژووی ئەفسانەیە و لەڕووی دارشتنەوە لەو دەچێت. هەر چەندە لەڕووی کەرەسە و ناوەڕۆکەوە هەندێ جیاوازیان هەیە))[4]. هەقایەتی ئەدەبی سەرزاری کوردی بابەتەکانی پەیوەندی بەژیانی واقیعی مرۆڤەوە هەیە. پالەوان و کەسایەتیەکان لەهەقایەتی سەرزاری کوردی، بەشی زۆری مرۆڤ خۆیەتی، هەندێ جاریش ئاژەلّ و باڵندە دەوری کەسایەتیەکان دەگێڕن، بەوەی کە گفتوگۆکان لەسەر زمانی ئەوان دەخرێتەڕوو.

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل١١، ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، د. شوکریە ڕەسوول، هەولێر، ١٩٩٧، ل٣٣.

٢- بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر،ل١٥.

٣- فەرهەنگی ئەدەبی، د. موحسین ئەحمەد عومەر، ل٢٨٣.

٤- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، د.عیزەدین مستەفا ڕەسولّ،دەزگای ئاراس، چاپی سێ یەم، هەولێر،٢٠١٠، ل٢٤.

له گۆڤاری (هەتاو)دا (٢٩) هەقایەتی کوردی بلاْوکراوەتەوە بەشی زۆریان (تایەر ئەحمەد حەوێزی ) و (عەبدولقاد رقرگەیی) بلاْویان کردونەتەوە. (مستەفا حاجی مەلا مارف) وتارێکی بەناوی (هاورێ) بلاْوکردۆتەوە، لەناو وتارەکەدا هەقایەتێکی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆی بە نموونە هێناوەتەوە.

هەقایەتەکە باس لەوە دەکات، لەسەردەمی پاشایەکدا وەزیرێك داوا لە کوڕەکەی خۆی دەکات، هاوڕێکانی خۆی تاقی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێ کە بەڕاستی لەگەڵی دڵسۆزن، بەکوڕەکەی دەڵێ ڕۆژێك کەچوون بۆ گەڕان و سووڕان لەدەشت، تۆخۆت دوا بخە بەبیانوی چوونە سەرئاو، بزانە کامیان لەسەرت ئەوەستن، کوڕەکە پێشنیارەکەی باوکی جێ بەجێ کرد، هیچیان لەسەری ڕانەوەستان. وەزیر بەکوڕەکەی گوت هاوڕێکانی تۆ دڵسۆز نینە، کوڕەکە بەباوکی بڕوانەکرد، دواتر وەزیرەکە بڕیاری دا ئەو بەرانە سەرببڕێ، کە پاشا لای دانابوو تاکو خزمەتی بکات، هەواڵەکە چوو بۆ پاشا، پاشا فەرمانی کرد بەدەست بەستراوی وەزیری بۆ بێنن. (کەچی سەری بەرانەکەی نەبڕیبوو) کاتێ وەزیریان بەرەو بەندیخانە برد، هاوڕێیەکی وەزیر چاوی بەوەزیر کەوت بەوەزیری گوت بۆچی دەست گیر کراوی؟ وەزیر ڕووداوەکەی بۆ باس کرد، تەنیا پێی گووت پشت بەخوا دەربازت دەبی و وەزیری بەجێهێشت، دواتر هاوڕێیەکی تری دیت. بەهەمان شێوە پرسی، وەزیریش بۆی گێڕایەوە، ئەم هاوڕێیەشی تەنیا بۆی بەداخ و پەژارە بوو، دواتر هاوڕێیەکی تری دیت، کە زۆر بەپەرۆشەوە گوتی بۆ دەستت بەستراوە، وەزیر بۆی گێڕایەوە، ئەم هاوڕێیەی وەزیر بەپاسەوانەکانی گوت من بەرانەکەم سەربڕیوە، وەزیر ئاگای لەم شتە نی یە، ئیتر هاوڕێیەکەی وەزیریان برد بۆ لای پاشا:((پاشا ئەمری کرد بیگرن و وەزیریش بەربدەن لەپاش ئەوە ڕووی کردە کوڕەکەی گوتی کوڕم ئەمەیە هاوڕێی دڵسۆز هاوڕێکانی تۆ هاوڕێی سفرەونانن، کوڕەکەی بەتەواوی تێ گەیشت زۆر سوپاسی باوکی کرد بەمە پاشا ووتی تێ ناگەم پێم بڵێن چیە؟ وەزیر هەمووی بۆ پاشا گێڕایەوە. ئینجا پاشا ئەمری کرد ئەو کابرایە بەربدەن و خەڵاتی کرد)) (ژ:٧٩، ل١٣).

ناوی هەندێ ئەو هەقایەتانەی لەگۆڤارەکە بلاْوکراونەتەوە:-

-ژیر ئەو کەسەیە دوربین بیت و پاشە ڕۆژ ڕەچاو بگریت، تاهیرئەحمەد حەوێزی، ژ: ١٦١، ل٩ ئەم هەقایەتە لەسەر زمانی ئاژەڵ دەگێڕدرێتەوە، پالەوانەکانی گیانلەبەری ئاژەڵن.

- بەعەقل نەك بەنەقل،عەبدولقادر قرگەیی، ژ:٢٦، ل١.

- چاوگەورەکەر زۆربوون ، ڕۆستەم حەوێزی، ژ:١٧٦، ل٧.

-هەر ئەندازە گرتن نەبێ، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، ژ:١٨٠، ل٦.

–ئەشكەنجە، تاهیر ئەحمەد حەوێزی،ژ:٨٤، ل٧ – ژ:٨٥، ل١.

– وشیاری و زیرەکی پاشای ڕەواندز، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، ژ:١٣٦، ل١٣.

–وا لەپاشای گەورە دەگێڕنەوە، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، ژ:١٢٤، ل١٣.

–شەوچەرە،عەبدولقادر قرگەیی، ژ:٤٧ –٦٠*.

–فیلەکەی تەیموور لەنگ، مستەفا نەریمان، ژ:٨٠، ل٨.

– پینەکردنی تەلاقی لەقی خاتە،ئەحمەد شوکری، ژ:١١١، ل١٥.

–هەزار ڕەحمەت لەکفن دز، عەبدولقادر قرگەیی، ژ:٢٨، ل ١– ژ:٢٩، ل٢ – ژ:٣٠، ل٦.

لە گۆڤارەکە چیرۆکێکی ئەفسانەی ناوچەی موکریان بەناوی (بەفرو ئالەکوك) بڵاوکراوەتەوە، چیرۆکەکە لەلایەن (ووردی) لەزمانی فارسی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باسی کچێك دەکات بە ناوی (ئالەکوك) شوێنی ڕووداوەکە چیای زاگرۆسە و پەیوەندی بەسروشتی کوردستانەوە هەیە. لەبەشێکی دەڵێ:((قژی ئالەکوك بەجۆرێ درێژ بوو کاتێ ئەکەوتە ڕێگا لەسەر زەوی ئەخشا بەچەشنی دووماری ڕەش وابوو بۆ ئەوە قوڕ و تۆز لێی نەنیشی کچە بچوکەکانی دێهات لەدووی ئەڕۆشتن وە بەدەستە ناسکەکانیان هەڵیان ئەگرت!)) (ژ:١٢٣،ل٣).

– **پەندی پێشینان:** بەشێکی تری ئەدەبی سەرزاری یە، پەند لەڕووداوێکەوە سەری هەڵداوە، ((پەندی پێشینان لەخۆیدا ئەنجامێکە کە ژیریی گەل لەسەر بناغەی دنیا دیدەیی و تەجروبەیەکی دەوڵەمەند گەیشتوویەتێ))[١]. ڕستەیەکی کورتە یان جاری واهەیە دوو بەیتە شیعرە** مانایەکی فراوانی هەیە، تێڕوانین و فەلسەفەی مرۆڤ بۆ دیاردەکانی دەوروبەری دەردەبڕێت.

ژمارەیەکی کەمی پەندی کوردی لەناو گۆڤارەکە بڵاوکراونەتەوە، کە(١٦) پەندە ئەم ژمارە کەمەش لە پەندەکان لەناو وتارەکان هاتوون یان بوونەتە ناونیشانی وتار و چیرۆك و شیعر. لەوانە (کامل شێردڵ) وتارێکی لە (ژ:١١٥، ل١٥) بڵاوکردۆتەوە، ناونیشانی وتارەکەی پەندێکی کوردیە (تۆبەی گورگ مەرگە)، هەروەها لە (ژ:١٠٨، ل٩) شاعیرێك پەندی (کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە) کردووە

---

١– لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل٨٦.

*شەو چەرە شەش حیکایەتە لەناو یەکتر بەشێوەی حیکایەتەکانی(کلیلە و دمنە) گێڕدراوەتەوە، لەلایەن عەبدولقادر قرگەیی لە(١٢ ) ژمارەی ناو گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە، چەند مشتومڕێکی ڕەخنەیی لەسەر ئەم بابەتە لەژمارە(٥٥،٥٧،٥٩،٦٠،٦١)لەگۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە.

**–هەتا گندۆر گندۆر بوو　　خزمێ مە گەلە زۆر بوو
گندۆر هاتە بڕانێ　　خزمیش هاتنە قڕانێ

بەناونیشانی شیعرێك، عوسمان ئەحمەد ڕۆستەم لە (ژ:٩٠، ل٣). پەندی (لەپاش باران کە پەنەك) کردووە بەناونیشانی چیرۆکێك.

ژمارەیەکی زۆر پەندی میللەتان و وتەی ناودارانی جیهان بە کوردیەکی پەتی و جوان وەرگێڕدراون بۆ زمانی کوردی، ئەمەش بۆ تێگەیشتن لەبیر و هزری میللەتانی دیکە. بەشی زۆری ئەم پەند و وتانە لەلایەن (تۆفیق ئامینیان) لەتارانی پایتەختی ئێران بۆ گۆڤاری هەتاو ناردراون، ژمارەیان (١٩٠) پەند و وتەیە.

نموونەی ئەم پەند و وتانە:

- بوختان و بەدناوکردن چەکی نامەردانە (فەڕەنسی)، (ژ:١٣٤،ل١٧).

- هەر بەدبەختیەکی کە بەمن گەیشتوە لەوەوە بووە کە بەهەموو دۆستێك خۆش باوەڕ بووم. (ڕۆسۆ)، (ژ:١٢١، ل٨)

- زۆرجاران خۆشی لەدوای خەم و پەرۆشی دێت هەروەکو ڕووناکی دوای شەو دێت. (ئینگلیز)، (ژ:١٢٨، ل٨)

- خۆشڕوویی نیشانەی ڕاستەقینەی پایە بڵندێتی و خانەدانێتی یە. (شکسپیر) (ژ:١٣٧، ل١٨)

- بۆ بازرگانان هیچ ماوەیەك دوور نی یە، بۆ زانا و تێگەیشتوان هیچ ولاتێك بێگانە نیە بۆ پیاوی ڕووخۆش زمان شیرین هیچ کەسێك دوژمن نیە. (چینی)، (ژ:١٣١،ل٥)

- **<u>گاڵتەو گەپ</u>:** ژانرێکی گرنگی ئەدەبی سەرزاریە. ((بەشێکی زۆری دەچێتە خانەی ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە، بەڵام کاتێك دێتەناو ڕۆژنامەوە وەك جۆرێکی خۆشی بەخشین تێکەڵ بەهونەرەکانی سەرگەرم کردن دەبێت))[1]. شێوەی داڕشتنیشی پەخشانێکی چیرۆك ئامێزی کورتە، لەچوارچێوەیەکی پێکەنیناوی گاڵتە ئامێزدا لەشێوەی نوکتە خۆی دەنوێنێ.[2] ئەو نوکتە و چیرۆکە کورتانە دەبنە ئاوێنەی سەردەمی خۆیان، ئەم جۆرە ئەدەبە بۆ ڕەخنەگرتن لەدیمەنە ناشیرین و دیاردە چەوتەکانی کۆمەڵگە و دەرخستنی هەموو ڕەفتارێکی خراپ پێشکەش دەکرێ، لەهەمان کاتیشدا دڵ و دەروون ئارام دەکاتەوە و چێژ و خۆشی بەمرۆڤ دەبەخشێ.

ڕۆژنامەنووسی کوردیش گرنگی بەم ژانرە ئەدەبیە داوە، گۆڤاری(هەتاو)یش تا ڕادەیەکی باش بایەخی بەم جۆرە ئەدەبە داوە، لە(ژ:٦٥-١٧٠) گۆشەیەکی تایبەتی هەبووە بەناوی (پێکەنین)، ئەم گۆشەیە پڕە لە نوکتە و بەسەرهاتی خۆش کە ژمارەیان دەگاتە (٤٩) بابەت.

---

١- ڕۆژنامەگەریی تەنز لەهەرێمی کوردستاندا، شاخەوان مەلا محمد، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل٥٩.

٢- ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبدا، هیمدادی حوسێن، ل١٥١.

چەندین دیاردەی کۆمەڵگە بەشێوەی هەقایەتی گاڵتەئامێز خراونەتەڕوو، بەشێکی زۆریان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، بەکوردیەکی پەتی و ڕەسەن نووسراون.

یەکێك لەو نوکتانەی لەلایەن مەلامەسعود (بێ بەش) بڵاوکراوەتەوە دەڵێ: ((هەژارێك لە دەوڵەمەندێکی دەپاڕێتەوە، دەڵێ سەرمامە قاپوتێك یا کەوایەکی کۆنەم بدەیە ئەویش کەوایەکی هەڵدڕاو کونکونی دەداتێ. هەژارەکە لەسەری دەنووسی (لا الله الا الله). دەوڵەمەندەکە لێی پرسی بۆچی تەواوی ناکەی؟ ئەویش گوتی ئاخر ئەم کەوایە لەپێش پێغەمبەری ئێمە دا دروست کراوە)) (ژ:٨١، ل١٦). ناوەڕۆکی ئەم نوکتەیە ڕەخنەگرتنە لەمرۆڤی دەوڵەمەند کە بەشێکی زۆری مرۆڤی دەوڵەمەند قرچۆك و دەست نەکراوەن بەرامبەر بەخەڵکی هەژار، ڕاستە هەژارەکە داوای شتێکی کۆنەی کردووە، بەڵام بەم شێوەش نا، قاپوتێکی پێبدات، کەڵکی بەکارهێنانی نەمابێ.

نوکتەیەکی تر بڵاوکراوەتەوە، دەڵێ:((لە سۆفیەکیان پرسی بۆچی بەرماڵەکەت نافرۆشی؟ گوتی ئەگەر ماسی گر تۆڕەکەی بفرۆشێ چۆن ڕاوی پێ دەکرێ؟))(ژ:٩٩، ل١٨)ئەم نوکتەیەش ڕەخنەگرتنە لە هەندێ کەس، کە لەژێر پەردەی دینداری دا پارەو پوول پەیدادەکەن. دیارە ئەم نوکتەیە ناوی (صۆفی) هێناوە، بەڵام مەرج نییە هەموو (صۆفیەك) ئەم کارە بکەن، ئەم دیاردەش لەهەموو سەردەمێکدا بوونی هەیە.

نوکتەیەك لەسەر زڕدایك (باوەژن) بڵاوکراوتەوە، چونکە زۆربەی زڕ دایکەکان لەگەڵ منداڵی پیاوەکانیان هەڵس و کەوتیان باش نییە، هەتا لەم سەردەمەش زۆرجار لەم بارەیەوە هەواڵی ناخۆشمان بەرگوێ دەکەوێ. نوکتەکە دەڵێ:((ژنێك زڕ کوڕەکەی خۆی هەمیشە لەقەلاندوش دەکرد خەلکی زۆریان پێ سەیر بوو لێ یان پرسی بەخوا سەیرە کەتۆ هێندە ئەو زڕ کوڕەت خۆش دەوێ و نایەڵی بەپێ یان بڕوا هەر لەقەلاندوشی دەکەی! ژنەکە گوتی بەخوای بۆیەی لەقەلاندوش دەکەم کە وە بەرچاوم نەکەوی چونکە بەدیتنی کوێراییم دادێ))(ژ:١٤٥، ل٢٤).

**– مەتەڵ (هەلهێن):** بابەتێکی تری ئەدەبی سەرزاری فۆلکلۆری کوردیە، کۆمەڵێك پرسیاری کورتبڕە، بەڕەمز باس لەشتێك دەکەن، دواتر دەپرسن ئەو شتە چییە؟ شێوەی داڕشتنیشی بەشێوەی هۆنراوە و پەخشان هەیە. ((مەتەڵ لەشکڵ و فۆڕمی هونەریدا لەقاڵبی شیعر و هەڵبەستی کوردیدا هاتووەتە گۆڕێ، بەزۆری سەروا (قافیە)ی هەیە، بۆ زاخاودانی مێشك و زەوق وسەلیقە ئەزموونکردن هونەرێکی لەبارە))[1]. هەروەها دکتۆر عیزەددین مستەفاش لەبارەی

---

١– جوانی زمانی کوردی، شوکر مستەفا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٣١.

مەتەڵەوە دەڵێ:((هەندێ جار بێ مەبەست بۆكات بردنەسەر و زاخاوی مێشك دانەوەیە، وە هەندێ جار مەبەستی تایبەتی ژیانی هەیە هەروەك گاڵتەو گەپ و بەشەكانی تری ئەدەبی فۆلكلۆری))[1]. لەلایەكی تر سودی مەتەڵ لەناو ڕۆژنامەگەری كوردی ئەوەبووە، زۆركەس بەهۆی ئەو مەتەڵانە ڕوویان كردوەتە خوێندنەوەی بابەتە ئەدەبییەكانی تری ناو گۆڤارەكان. سەبارەت بەگۆڤاری (هەتاو) ئەوا مەتەڵ (هەلهێن) بەشێوەی شیعر پێشكەش كراوە، دەبوو بە شیعریش وەڵام بدرێتەوە و بەكوردیەكی پەتیش بنووسرابان، (گیوی موكریانی) خاوەنی گۆڤارەكە لەبارەی مەتەڵ (هەلهێن) دەڵێ: ((هەلهێن لەچاپەمەنی كوردی دا وەبزانم پاڵ بەوانە دەنێ كەتوانا و سەلیقەی هەلبەستیان هەیە و هانیان دەدا كە ڕوبكەنە مەیدانی وێژە و مەشقی تێدا بكەن)) (ژ:١٧٥، ل٢١).

لەبارەی گرنگی مەتەڵ لەگۆڤاری هەتاو (مەحموود زامدار) دەڵێ: ((جێی ڕامانە كەئاماژە بۆ ئەو تاكتیكەی مامۆستا گیوی نەمر بكەم كەلەگۆڤارەكەدا بەكاری دەهێنا، ئەویش هەڵخستنی گۆشەی (مەتەڵ) بوو كە دەیوویست لەوكەلێنەوە گەنجانی شارەزا بەرەو كوردی نووسین ڕابكێشێ، بەڕاستیش توانی ئامانجەكەی بپێكێ و دەیان و بگرە سەدان كەسی لەدەوری گۆڤارەكەو كوردی نووسیندا كۆكردەوە..!))[2].

ژمارەی ئەو مەتەلانەی لەگۆڤارەكە بڵاوكراونەتەوە (٤٥) مەتەلە، خەلكێكی زۆر لە وەڵام دانەوەی مەتەلەكان بەشدارییان كردووە ، (قانع) مەتەڵێكی بڵاوكردۆتەوە دەڵێ:

((مەتەڵ پێنج پیتە وا بەدەستەوە — پڕشنگی زێڕی ئەدرەوشێتەوە
تیشكی بێ گەردی گەش و پڕ نوورە — دونیا بەبێ ئەو شەوی دەیجورە
سێ پیتی دوایی وەك تاوی باران — دا ئەڕژێتە سەر دەشت و كۆساران
یەك و دوو و پێنج لەگەڵ چوارەمین — بەبێ ئەو كەس ناژی لەسەر ڕووی زەمین
لەپێنج و تا دوو بەپێچەوانـــە — دەبێتە واتە واتەی زەمانە)) (ژ٥٥، ل١٢)

وەڵامەكەشی (هەتـــــاو)ە.

---

١ –لێكۆڵینەوە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ل١٧٢.

٢ –گفتوگۆ، چەند گفتوگۆیەكە لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندانی كورد، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،١٩٩٧،ل٣٤٧

# ئەنجام

١- گۆڤاری (هەتاو) وەکو دووەمین گۆڤاری ئەهلی ناو شاری هەولێر وەك پێویستییەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی هاتۆتە ناو دونیای ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، سەرباری کەم دەرامەتی و هاوکاری نەکردنی خاوەنەکەی، بەتێڕوانینێکی خێرای ئەم گۆڤارە بۆمان دەردەکەوێت کەئەرکێکی نیشتمانی ڕۆشنبیری گرنگی لە کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو سەردەمەی کوردستانی بەجێ گەیاندووە. بەتایبەتی لەوکاتەی کەهەناسەی سەربەستی و ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی نەتەوەی کورد لە ماوەی ١٩٥٤-١٩٥٨ بەتەواوی کپ کرابوو.

٢- گیوی موکریانی ڕۆشنبیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووەو زەمینەیەکی ڕۆشنبیری فراوانی هەبووە و شارەزایەکی گەورەی لەبابەتەکانی مێژوو و ئەدەب و زانست و ڕۆژنامەگەری هەبووە، هەر لەدوای وەستانی گۆڤاری ڕووناکی بیری لەدەرچوواندنی گۆڤارێکی تر لە شاری هەولێر کردۆتەوە.

٣- گۆڤارەکە لەشاری هەولێر دەرچووە، بەڵام لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان و چەند شارێکی دەرەوەی کوردستان نووسەرانی کورد بەنووسین بەشدارییان لەم گۆڤارە کردووە، گۆڤارەکە توانیویەتی کۆمەڵێ ڕۆشنبیری کورد لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو ببێتە پردێکیش لەپێگەیاندنی نەوەی نوێ و کۆن، ڕۆڵێکی بەرچاویشی لەپێگەیاندنی زۆر قەڵەمی تازەو هاندانی ئەو کەسانەی کەتازە لەناو کۆڕی نووسین و ئەدەبیات دا دەرکەوتبوون هەبووە.

٤-بابەتەکانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەوسای کوردستانی پێوە دیارەو مەبەستی گۆڤارەکەش خزمەتی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد بووە، هەوڵی داوە خەڵکی کوردستان لەڕووی ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی هۆشیارکاتەوە.

٥- زیاتر گرنگی بەشیعرداوە، ژمارەیەکی زۆری شیعری بڵاوکردۆتەوە، بەپلەی یەکەم شیعری تازەو بەپلەی دووەم شیعری کۆن، ئاوڕی لە وەرگێڕانی شیعریش داوەتەوە.

٦- ڕێژەی شیعری کێشی خۆماڵی (٥٣٠) شیعرە، کێشی عەرووز (٢٠٢) شیعرە، (٣) شیعریش بەکێشی ئازاد نووسراون.

٧- زۆربەی مەبەستەکانی شیعری تێدا بڵاوکراوەتەوە، (٣١٥) شیعری سیاسی، (١٩٥) شیعری بۆنە، (١٥٣) شیعری کۆمەڵایەتی، (١٤٠) شیعری وەسف، (٩٠) شیعری دڵداری، (٦٥) شیعری لاوانەوە، (٤٧) شیعری ستایش، (٤٣) نامەی شیعری، (٣٦) سروود، (٢١) چیرۆکە شیعر، (١٠)شیعری ئاینی،(٤٥) مەتەڵیش بەشیعر گوتراوە.

٨- لەچاو زۆری ژمارەی گۆڤارەکەو قۆناغی دەرچوونی گۆڤارەکە، کەبەسەردەمی بەرەو پێشچوونی چیرۆکی کوردی دادەندرێ، ژمارەیەکی کەمی چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە.

٩- دەربارەی ژانری وتار، ئەوا گرنگییەکی زۆری بە وتار داوە، هەرچەندە گۆڤارەکە سیاسی نەبووە، بەڵام دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ وتاری سیاسی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

١٠- ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووپەڕەکانی گۆڤارەکە تا ڕادەیەك گرنگی پێدراوە، بەڵام دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز ئەم بابەتە بەرەو نەمان چووە.

١١- ژانرە ئەدەبی یەکانی تریش وەکو (ئەدەبی سەرزاری، نامە، ئەدەبی منالان، ژیننامە، پەخشانە شیعر) گرنگی پێدراوە. ڕێژەی ژمارەی پەخشانەکان لەگۆڤارەکەدا (٦١٣) وتار، (٤٩) گاڵتەو گەپ، (٢٩) هەقایەت، (١٦) پەند، لەگەڵ (١٩٠) وتەو پەندی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی کوردی، ڕەخنەو لێکۆڵینەوە (٥٣) بابەت، (١٨) چیرۆکی خۆماڵی، (٣) چیرۆکی منالان، (١٣) چیرۆکی وەرگێڕدراو، (٤٦) نامە، (٢٥) ژیننامە، (١٤) پەخشانە شیعر، (٢٠) گفتوگۆ، (٢) دراما.

# سەرچاوەکان

## ١- بە زمانی کوردی:

### أ-کتێب:


١- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، د.شوکریە ڕەسول، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر ١٩٨٩.

٢- ئەنجوومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیزی بەگ، توێژینەوەی لێژنەی وێژەو کەلەپوور، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغداد، ١٩٨٣.

٣- ئەدەبی بەراوردکاری، عزیز گەردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ١٩٨٧.

٤- ئەدەبی کۆنی کوردی، د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢.

٥- ئەدەبی نامەنووسینی کوردی، کەمال ڕەئووف(بابی لالۆ)،جزمی (١)،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،بڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٤.

٦-ئەزموونی شیعری موکریان و شوێنی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا،د.عوسمان دەشتی، چاپخانەی حاجی هاشم،لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،٢٠١٣.

٧- باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر (١٩٣٥-١٩٥٨)، گۆران سۆران فەیزی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٨- بەراوردی ئەدەبی،د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠١٤.

٩- بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٧٧ دا، زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ساڵ ( ؟ ).

١٠-بیرەوەریەکانی ژیانم،مستەفا نەریمان،دار الحرية للطباعة،بغداد،١٩٩٤.

١١- بینای هونەری چیرۆکی کوردی – لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، پەرێز سابیر ، دەزگای سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠١.

١٢- بنیاتی هونەری لەشیعری ئەحمەد موختار بەگی جاف دا، سعد فاروق یوسف شێخ بزێنی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.

١٣- بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠٥.

١٤- بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی، نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی ، چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٤.

١٥- بەرکورتێکی ژیانم، ژیان و چەپکە شیعرێکی هەڵبژاردە، یەڤجینی یەڤتوشینکۆ، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە عەزیز گەردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٣.

١٦- بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥- ١٩٨٣)، حسین عارف، چاپخانەی ئەمینداریێتیی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان،١٩٨٧ .

١٧- پیرەمێرد و زەریا، ئێرنست هێمنگوای، وەرگێڕانی: لە عەرەبییەوە شێرکۆ بێ کەس، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ، ١٩٨٢ .

١٨- پەخشانی کوردی، عەزیز گەردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٩٩ .

١٩- پەخشانی کوردی، عبدولڕەزاق بیمار، دار الحرية للطباعة، بغداد،١٩٩٨.

٢٠- پەخشانە شیعری کوردی، محەمەد بەکر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢١- تیۆری ئەدەب، د. شکری عزیز الماضي، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٢- تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردی دا، کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا،١٩٧٨.

٢٣- جوانی زمانی کوردی، شوکر مستەفا، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.

٢٤- چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامە نووسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لەژیان و ژین دا، هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٧.

٢٥- چەپکێ خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێکی ئەدەبی، د. عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ، ٢٠١٣ .

٢٦-چەند باسێك لە بارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، د.فەرهاد پیربال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٧.

٢٧-ديواني ئەسيری، ئامادەكردن و پێشەكی دكتۆر كوردستان موكريانی، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٦.

٢٨- ديوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، كۆكردنەوەو ساغكردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ، ئومێد ئاشنا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢٩- ديلان شاعيرو ئازادی خواز، دڵشاد عەلی، چاپخانەی كۆڕی زانياری عێراق، بەغداد، ١٩٨١.

٣٠- ديوانی نالی، لێكۆڵينەوەو لێكدانەوەی مەلا عبدالكريمی مدريس و فاتح عبدالكريم، چاپی پێنجەم، بڵاوكردنەوەی كوردستان، سنە، ١٣٨٤هەتاوی.

٣١- دەروازەيەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبيی كوردی، د. هيمدادی حوسێن ، چاپخانەی خانی، دهۆك ، ٢٠٠٧ .

٣٢- دەقەكانی ئەدەبی كوردی، عەلائەدين سجادی، چاپخانەی مەعارف، بەغداد،١٩٨٧.

٣٣- ڕاگەياندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شيعری كوردی(١٩٧٥-١٩٩١)، ئەرسەلان بايز ئيسماعيل، چاپخانەو ئۆفسيتی ڕوون،سلێمانی، ٢٠٠١.

٣٤- ڕۆژنامەی برايی، برايەتی (١٩٦٧-١٩٧٤)، ڕۆڵی لە پێشخستنی ئەدەب و ڕۆشنبيريی كورديدا، ئاريان ئيبراهيم محەمەد، چاپی يەكەم، چاپخانەی: بەڕێوەبەرايەتيی چاپخانەی ڕۆشنبيری، هەولێر،٢٠٠٥.

٣٥- ڕابەری ڕۆژنامەگەری كوردی، جەمال خەزنەدار، دار الحرية للطباعة بەغداد، ١٩٧٣.

٣٦- ڕێگاكانی كاری مەيدانی فۆلكلۆری كوردی، د.شوكريە ڕەسول، هەولێر،١٩٩٧.

٣٧- ڕۆژنامەنووسيی كوردی سەردەمی كۆماری ديموكراتی كوردستان ، د. هيمداد حوسێن، دەزگار چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ،٢٠٠٢.

٣٨- ڕۆژگاری من(١٩٤٩-١٩٦٠)، د.مارف خەزنەدار، بەرگی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.

٣٩- ڕۆڵی كورد لەبزوتنەوەی ئاشتيخوازان لەعێراقدا(١٩٥٠ - ١٩٦٣)، د.مهدی محەمەد قادر، چاپخانەی موكريان، هەولێر، ٢٠١٥.

٤٠- ڕێبازە ئەدەبييەكان، د. ئازاد عبدالواحيد كريم، چاپخانەی ئافێستا، چاپی دووەم، كەركوك، ٢٠١٣ .

٤١- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د.هیمداد حسین، چاپی دووەم، چاپخانی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠١٠.

٤٢- ڕێبازە ئەدەبییەکان، د.فەرهاد پیربالْ، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤٣- ڕۆژنامەوانی و ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. هیمدادی حوسێن ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

٤٤- ڕۆژنامەگەریی تەنز لەهەرێمی کوردستاندا، شاخەوان مەلا محمد، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٤.

٤٥- ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا، عبدالصمد اسلام طە، ئاراس، هەولێر ، ٢٠٠٢ .

٤٦- ڕۆژنامەوانیی کوردی شاری هەولێر "١٩٣٥- ١٩٧٥"، عەبدوڵلا ئەنوەر (سمکۆ)، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ، ٢٠١٢.

٤٧- ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٤٦-١٩٧٠)، عەباس محەمەد قادر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی،٢٠١٠.

٤٨- ڕۆژنامەنووسی و بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەستەڵاتی سیاسی کورد دا لەمێژووی هاوچەرخدا(١٩٢٢-١٩٢٤)، محمد دلێر ئەمین میسری، چاپخانەی شارەوانی، سلێمانی،٢٠٠٤.

٤٩- ڕۆژنامەی هەولێر(١٩٥٠-١٩٥٣)، مەحموود زامدار، هەولێر،١٩٨٨.

٥٠- ڕۆژنامەگەری کوردی چەند سەرەقەلەمێك لەبارەی تەکنیك هونەرەکانی، نەژاد عزیز سورمێ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان،هەولێر، ٢٠٠٦.

٥١-ڕەخنەسازی مێژوو و پەیڕەوکردن، د.کامل حسن عزیز البصیر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد،١٩٨٣.

٥٢- زمان و ئەدەبی کوردی-پەخشان- و هونەرەکانی ئەدەب، د.شوکریە ڕەسول، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ١٩٨٧.

٥٣- شاری سلێمانی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨-١٧ی تەمووزی ١٩٦٨، هەوراز جەوهەر مەجید، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی ،٢٠١٢.

٥٤- شێواز لەکورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا، (١٩٩٠-٢٠٠٠)، د. سەلیم ڕەشید سالح، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.

٥٥- شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، حەمەنوری عومەر کاکی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی،٢٠٠٨.

٥٦-شیعری نوێی کوردی (١٨٩٨-١٩٨٥) د.فەرهاد پیربال، دەزگای(کوردستان)، هەولێر، ٢٠٠٥.

٥٧-شێخ ڕەزای تاڵەبانی، د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٥٨- قامووسی ناوە نەمرەکانی کوردستان، ئامادەکردن و سەرپەرشتی:مومتاز حەیدەری و هێرش سەنجاوی و کاروان قاسم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٤.

٥٩-کەشکۆڵی گیو، گیوی موکریانی، پێداچوونەوەو ئامادەکردنی:د.کوردستان موکریانی،بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٨.

٦٠- کرۆنۆلۆژیای هەولێر لەکۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨، د.فەرهاد پیربال، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠٠٨.

٦١- کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردیی کوردستانی عێراقدا (١٩٦١-١٩٧٠)، د. عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، ١٩٩٩ .

٦٢-گۆڤاری هەتاو (١٩٥٤-١٩٦٠)، ئامادەکردن: سدیق سالح،ڕەفیق سالح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەکی و لێکۆڵینەوە:د کوردستان موکریانی، چاپخانەی باز، پڕۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین و دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٠.

٦٣- گەشتێك لەنێو جیهانی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، مەحموود زامدار، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٨٨.

٦٤- گۆڤاری گڕوگاڵی مندالانی کوردو سەرەتای ڕۆژنامەنووسی پەروەردەیی، هیمداد حوسێن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٢.

٦٥-گەماڵ، خوسرەو جاف، چاپی دووەم،دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٦٦-گفتوگۆ، چەند گفتوگۆیەکە لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرو نووسەرو هونەرمەندانی کورد، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

٦٧- لاواندنــــەوە لــــە شـــيعری كـــوردی كرمـــانجی خـــوارووداّ، ئاشـــنا جـــەلال ڕەفيـــق، چاپخانەی:حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

٦٨- لــەبارەی ڕۆژنامەگــەريی كوردييــەوە، ئيــدريس عەبــدوڵڵا مســتەفا، چــاپخانەی خــانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

٦٩- لێكۆڵينــەوەی ئــەدەبی فۆلكلــۆری كــوردی، د. عيــزەدين مســتەفا ڕەســوڵ، دەزگــای ئاراس، چاپی سێ یەم، هەولێر،٢٠١٠.

٧٠- لێكدانــەوەو ســاغكردنەوەی بەشــێك لــەديوانی مــوخليس، د.ئيــبراهيم ئەحمــەد شوانی، هەولێر، چاپخانەی سپيرێز، دهۆك،٢٠١٠.

٧١- لێكۆڵينــــەوەو بيلۆگرافيـــای چـــيرۆكی كـــوردی(١٩٢٥-١٩٦٩)، عومـــەر مـــەعروف بەرزنجی، چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد، بەغداد، ١٩٧٨.

٧٢- لەيادی گيوی موكريانی دا، كەريم شارەزا، چاپخانەی كوردستان، هەولێر،١٩٧٨.

٧٣- لۆغــەت نامــەی ئەحمــەدی، شــێخ مــەعروفی نــۆدی، چــاپی حەفتــەم، انتشــارات كردستان، سنە،١٣٨٩.

٧٤-مــەزرای ئــاژەڵان، جــۆرج ئۆروێــڵ ، وەرگێڕانــی: لــە ئينگليــزی ئــەديب نــادر، چــاپی يەكەم، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

٧٥- مێــژووی شــانۆ لەئــەدەبياتی كورديــدا لەكۆنــەوە تــا ١٩٧٥، د.فــەرهاد پيربــاڵ، چــاپی يەكەم دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠١.

٧٦- مــەلا مــەحموودی بايەزيــدی(١٧٩٩-١٨٦٧) يەكــەمين چــيرۆك نــووس و پەخشــان نووسی كورد، د.فەرهاد پيرباڵ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٠.

٧٧- مێژوو، د.كەمال مەزهەر ئەحمەد، مطابع دار افاق العربية، بغداد، ١٩٨٣.

٧٨- مێـــژووی ئـــەدەبی كـــوردی، د. مـــارف خەزنـــەدار، بـــەرگی يەكـــەم، چـــاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر٢٠١٠.

٧٩- مێــژووی ئــەدەبی كــوردی، د. مــارف خەزنــەدار، بــەرگی ســێ يــەم، چــای دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر٢٠١٠.

٨٠- مێــژووی ئــەدەبی كــوردی، د. مــارف خەزنــەدار، بــەرگی شەشــەم، چــاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر٢٠١٠.

٨١- مێــژووی ئــەدەبی كــوردی، بــەرگی حەوتــەم، چــاپی دووەم، چــاپخانەی ئــاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٨٢- مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، عبدالجبار محمد جباری، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧٠.

٨٣-مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سجادی،بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٩١ی هەتاوی.

٨٤- نوبهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدێ خانی، خرڤەکردن و لدوی چوون و تویژاندنا سادق بەهائەدین ئامێدی، چاپخانا کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.

٨٥- نوێکردنەوە لەچیرۆکی هونەریی کوردستانی باشوور ١٩٩١-٢٠٠٣، سامان محمد علی، مطبعة الوقف الحديثة، بەغدا، ٢٠١٢.

٨٦- هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٣)، شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، ٢٠١٢ .

٨٧- هونەرەکانی پەخشان لەگۆڤاری زاری کرمانجی دا، مستەفا ساڵح مستەفا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.

٨٨- هەولێر لەنێو ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠، مەهدی محەمەد قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.

٨٩- هەولێر، تەحسین چیچۆ و شێرزاد قادر، ئەمانەتی ڕۆشنبیری و لاوان،هەولێر،١٩٨٥.

٩٠- یەکێتی نووسەران و دوو کۆڕ، عیزەدین فەیزی، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٨١.

## پ- نامەی ماستەر و دکتۆرا:

١- بزاڤی ڕۆشنبیریی لەشاری هەولێر (١٩٥٨-١٩٧٥) دا، هۆشەنگ ساڵح محەمەد شەریف، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١١.

٢- ڕۆمانسیزم لە شیعری (هێمن و محمد نوری) دا، ڕزگار عومەر فتاح، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.

٣- ڕێبازی ڕۆمانسیزم لەشیعری کوردیدا، ڕێزان محەمەد غەفور، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٥.

٤- ڕۆڵی زانایانی ئایینی لەژیانی سیاسی هەولێردا (١٩٤٥-١٩٧٥)، فاخر عالی عابکر، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠١٣.

٥- ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردی، محمد دلێر ئەمین، نامەی ماستەر کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،١٩٨٩.

٦- ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، هیمداد حوسێن بەکر، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ١٩٩٥ .

٧- سروودو گۆرانی نیشتمانی و بەرەنگاری کوردی لەکرمانجی خوارووداا (١٩٣٥-١٩٩١)، عبدالواحید ئیدریس شەریف، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی کۆیە،٢٠٠٨.

٨-نامەی شیعری لەئەدەبی کوردیدا لەسەرەتاوە تا ١٩٧٠، بەکر شاکر عبداللە، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ،٢٠٠٧.

٩- وتارناسی، سالار عوسمان حوسێن، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر ، ٢٠٠٩ .

١٠- هونەری ژیننامەی خودی لەئەدەبی کوردیدا، نعمە قەرەنی ئیسماعیل، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،٢٠١٠.

## ج- گۆڤارو ڕۆژنامەکان:

١- ئەدەبیاتی سەفەر یان سەفەر نامە، د.فەرهاد پیربال، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ،ژ (٥)، سلێمانی کانوونی دووەم، ١٩٨٨.

٢- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم، کەریم شارەزا ، گۆڤاری مێرگ ، چاپخانەی مێرگ ، ژ(٦٨)، ساڵی شەشەم، ٢٠١١ .

٣- بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر، مەحموود زامدار، گۆڤاری بەیان، ژ(١٤)، ١٩٧١.

٤- باری ئەدەبی و ڕووناکبیری پەنجایەکان لەهەولێر و کۆیە، مێژگەرد، گۆڤاری ڕامان، ژ(٤٠)، تشرینی یەکەم ١٩٩٩.

٥- چاو پێکەوتن لەگەڵ کوردۆ گیوی موکریانی، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٣)، ئایاری ١٩٩٨.

٦- چاو پێکەوتن لەگەڵ کوردستان موکریانی، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٦)، ئابی ١٩٩٨.

٧- چاپخانەی کوردستان و ٦٢ساڵ تەمەن، ڕۆژنامەی بیری نوێ، چاوپێکەوتن لەگەڵ گیوی موکریانی، ژ(٢٦٣)، نیسانی١٩٧٧.

٨- دەوری مامۆستایانی هەولێر لەکۆمەڵە و سەندیکای مامۆستایان بۆ پێشخستنی خوێندن بەزمانی کوردی ، کەریم شارەزا، گۆڤاری هەولێر، ژ(٧)، ساڵی ٢٠٠٠.

٩- دڵدار و شیعری ریالیزم، کەریم شارەزا، گۆڤاری نووسەری کورد، ژ(١٢) ، خولی دووەم، ١٩٨٣.

١٠- دەوری ڕۆژنامەگەری کوردی لە ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەلآیەتی گەلی کورددا، مەحموود زامدار، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ: (١١٢)، ئاداری ١٩٨٧.

١١- دیوانە دەوڵەمەندەکەی (جەوهەر غەمگین)ی شاعیر، مەسعود پەرێشان، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژ(٤٢)،٢٠٠٨.

١٢- دانیشتنێك لەگەل- گۆران- دا، چاوپێکەوتن، عبدالرزاق بیمار، گۆڤاری بەیان، ژ(٢)، شوباتی ١٩٧٠.

١٣- زمانی ڕۆژنامە نووسی کوردی، د.هیمداد حوسێن بەکر، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ساڵی دووەم ، ژ(٦-٧)،٢٠١٠.

١٤- سەرەتای چیرۆکی کوردی و جیاوازی نێوان یەکەم چیرۆك و دووەمیان، ڕەئووف حسن، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ (٦٩) ، ئابی ١٩٧٨.

١٥- شێخەشەل خاوەنی کتێبخانەی هەولێر، تاریق جامباز، گۆڤاری ڕامان ، ژ(٢٠)، شوباتی ١٩٩٨.

١٦-شیعری تازەی کوردی، د.عیزەدین مستەفا ڕەسول، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٠٥)،١٩٨٥.

١٧- کورتەیەك لەمێژووی پەخشان و چیرۆکی کوردی تا ناوەڕاستی حەفتاکان، جەمشید حەیدەری، گۆڤاری وان، ژ(١)، ١٩٩٢.

١٨- کەریم شارەزا، حاجی قادری کۆیی و شیعری نەتەوایەتی، گۆڤاری چیا، ژ(٢)، ١٩٧١.

١٩- گەشتێك بەنێو كتێبخانەكانی شاری هەولێردا، بەرهەم عەلی، گۆڤاری بارش ، ژ(٥)، ٢٠٠١.

٢٠- گەشەكردنی هونەری وتاری ڕۆژنامەگەریی كوردی لە زاری كرمانجی و پەیژەدا، كەریم شارەزا، گۆڤاری كاروان ، ژ (١٢٢)، ١٩٩٨.

٢١- گۆڤاری هیوا (١٩٧٥-١٩٦٣) بەشداری لەبزووتنەوەی ئەدەبی هاوچەرخدا ، محمد دلێر ئەمین محمد، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژ(١)، ١٩٩٩.

٢٢-مەجید ئاسەنگەر(١٩٣٢-٢٠١٢)، گۆڤاری K٢١، ژمارە(١٥)، هەولێر، ٢٠١٢.

٢٣- وێژەی منداڵان، عەبدولستار تاهیر شریف، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ(١١٩)، ئەیلولی ١٩٨٨.

٢٤- وردی شاعیرو فۆلكلۆرناس و ڕۆژنامەوان، كاروان عوسمان، گۆڤاری K٢١، ژمارە(٨)، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٥- هەفتەنامەی بەدرخان، د.جەمال نەبەز، خولی سێیەم، ژ(١٧٦-١٧٧)، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان، هەولێر ٢٠١٥/٥/٢٤.

## و- ئینسكلۆپیدیا وفەرهەنگ :

١- ئینسكلۆپیدیای هەولێر، لەبڵاوكراوەكانی دەزگای بەدرخان، بەرگی (٤،٦،٨،١٠)، چاپخانەی گرین گالۆری، بەیروت، لوبنان،٢٠٠٩.

٢- فەرهەنگی شیكارانەی زاراوەی ئەدەبی، بەختیار سەجادی و محەمەد محموودی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٣- فەرهەنگی ئەدەبی، د. موحسین ئەحمەد عومەر ، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.

٤- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١.

## ه- سایتی ئەنتەرنێت:

١- گیـوی موکریـانی و چـاپخانەی کوردسـتان، ئیسـماعیل بـەرزنجی، ماڵپـەڕی بـاس نیوز.

## و- موحـازەرە:

١- موحازەرەکـانی خوێنـدنی ماسـتەر، د.عەبـدوڵڵا ئـاگرین، بەشـی کـوردی ، کۆلێـژی زمان ، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر ٢٠١٣/٦/٤.

## ٢- بە زمانی عەرەبی:

## أ- کتێب:

١- النقد العربي الحديث في العراق، عباس توفيق، دار الحرية ، بغداد، ١٩٧٨.

٢- ادب الأطفـال بـين المنهجيـة والتطبيـق، عبدالالـه عبـدالوهاب الـرداوی، هاشميـة حميـد جعفر الحمدانی، الطبعة الاولی، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٤.

٣- الصـحافة الأدبيـة وجهـة جديـدة في الأدب المحاصـر وتاريخيـه، الـدكتور شـكری فيصـل، القاهرة، ١٩٦٠.

٤- القصــة القصــيرة في مجلــة الهــلال(١٨٩٢-١٩٨٠)، د.عــوني أحمــد صــالح تخــوج، دار جليس الزمان،عمان، الأردن،٢٠١٤.

٥- النقد الأدبي،احمد امين، دار الكتاب العربي، ط٤ ، بيروت ، ١٩٦٧ .

٦-الأدب ومذاهبة، د.محمد مندور، مطبعة دار النهضة، مصر،١٩٥٧.

٧- الواقعيـــة في الأدب الكـــردی، الـــدکتور عزالـــدين مصـــطفی رســـول، ط٢، دار ئـــاراس، اربيل، كردستان عراق ، ٢٠١٠ .

٨- جمـــال عبدالناصـــر و القضـــية الكرديـــة في العـــراق ١٩٥٢-١٩٧٠ ، عبـــدالجليل صـــالح موسی، مطبعة محافظة دهوك، دهوك، كوردستان،٢٠١٣.

٩- صحافة أربيل، نزار جرجيس علي، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٨.

١٠- في النقد الأدبي الحديث، منطلقات وتطبيقات، د.فائق مصطفى، د.عبدالرزاق علي، مطابع التعليم العالي، جامعة الموصل، ١٩٨٩.

١١- نظرية الأدب، رينية ويليك و اوستن وارين، ترجمة محيي الدين صبحي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان، بيروت، ١٩٨٧.

## ب- نامەی ماستەرو دکتۆرا:

١- الحركة الطلابية الكوردية في العراق ١٩٢٦ - ١٩٧٠ ، ماجد حسن على، رسالة ماجستير، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٨ .

٢- أربيل، دراسة تاريخية في دورها الفكري و السياسي (١٩٣٩-١٩٥٨)، أسماعيل شكر رسول، رسالة دكتوراه ، كلية ألاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل،١٩٩٩.

## ج- گۆڤار:

١-بين الأدب والصحافة، نزار جرجيس، گۆڤاری نووسەری نوێ، عدد(١١)، تشرين الثاني،١٩٩٩.

## ٣- بە زمانی ئینگلیزی:

**Shadow oF the Lion- Farhwd Pirbal- Translated by:the Kurdish Globe - Ed- Shahab-Sp.and published by Korek Tel- Erbil:٢٠١٢**

أقليم كوردستـان - العراق
وزارة التعليم العالي و البعث العلمى
جامعة صلاح الديـن -أربيـل

# الآجنـاس الأدبيـة في مجلـة هەتــــاو

رســالة

مقدمة الى مجلس كلية اللغات فى جامعة صلاح الدين – أربيل –

وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير فى الأدب الكوردي

من قبـــل

عبدالصمد قادر غفور بكالوريوس فى اللغة الكردية – جامعة صلاح الدين – أربيل– ٢٠٠٦م

بأشراف

پ.د.ابراهيم احمد شوان

خرمانان٢٧١٥الكوردية شوال١٤٣٦ الهجرية اب٢٠١٥ الميلادية

## ملخص الدراسة باللغة العربية

هذه الدراسة الموسومة بـ(الأجناس الأدبية في مجلة **هەتاو**)تهدف إلى تحليل وتقييم الأجناس الأدبية في مجلة **هەتاو** من ناحيتي الكم والكيف.

تنهض الدراسة على خطة تقوم على مقدمة وثلاثة فصول تقفوها نتائج الدراسة, تناول الباحث في الفصل الأول الظروف السياسية والثقافية لمدينة أربيل بعد الحرب العالمية الثانية حتى إغلاق المجلة في خمسة محاور, أولاً: الظروف السياسية لمدينة أربيل. ثانياً: الظروف الثقافية لمدينة أربيل. ثالثاً: **گيوى** موكريانى مثقفاً وصحفياً. رابعاً: ماكتب عن مجلة **هەتاو**. خامساً: العلاقة بين الأدب والصحافة. وخصص الفصل الثاني للجنس الشعري لهيمنته على الأجناس الأخرى, وقسم إلى مبحثين, أولاً: تصنيف القصائد حسب الأغراض ومضامينها(السياسي, الأجتماعي, الغزل, الوصف, الرثاء, المناسبات, المدح, الديني, النشيد). ثانياً: تصنيف القصائد حسب المذاهب الأدبية(كلاسيكية, رومانسية, رياليزمية), وركز الفصل الثالث على الأجناس الأدبية الأخرى وقسم الفصل إلى المحاور الأتية, أولاً: المقالة. ثانياً: الدراسات والنقد. ثالثاً: الرسائل الأدبية. رابعاً: القصة القصيرة مضامينها ولغتها وتقنياتها. خامساً: القصة الشعرية. سادساً: السيرة الأدبية. سابعاً: النثر الشعري. ثامناً: المسرح. تاسعاً: أدب الأطفال. عاشراً: الأدب الشفاهي. وانتهت الدراسة بأهم النتائج التي توصل إليها الباحث.

// Abstract

This research tagged (Literary Genresin in Hataw magazine), aims to analyze and evaluate the literary magazine Hatawgenre in terms of both quantity and quality.

To promote the study plan based on an introduction and three chapters followed by the results of the study, the researcher in the first chapter describes the political and cultural conditions for the city of Arbil after World War II until the closure of the magazine in five areas: First, the political conditions for the city of Erbil. Second: cultural conditions for the city of Erbil. Third: GiwiyMukrayani as an intellectual and journalist. Fourth: what has been written about Hatawmagazine. Fifth: the relationship between literature and journalism. The second chapter is devoted to gener poetic for dominance over other Genres, and was divided into two sections: first, classification of poems by purpose and content (political, social spinning, description, lamentation, events, praise, religious, Anthem). Second: Classification poems by literary doctrines (classic, romantic, Realism), and Chapter III focused on other genres and the Department of separation to the following themes: First, the article. Second: studies and criticism. Third, The moral messages.Fourth: the story contents, language and technology. Fifth:Ballad . Sixth: The Biography. Seventh: Poetry in Prose Eighth: the theater. Ninth: children's literature. Tenth: oral literature. The study concluded with the most important findings of the researcher.

Kurdistan Region - Iraq
Ministry Of Higher Education and Scientific Research
Salahaddin University - Erbil

# The Literary Genresin in Hataw Magazine

**A Thesis**

Submitted to the Council of The College of Language University Of Salahaddin – Erbil – in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Literature

**By**

**Abdulsamad Qadr Khafur** B.A. Kurdish Language- University of Salahaddin-Erbil-٢٠٠٦

**Supervised By**

**Prof. DR. Ibrahim Ahmad Shwan**

**August ٢٠١٥ A.D. Shawal ١٤٣٦ Al-H. Kharmanan ٢٧١٥**